زمان و زار

ساڵی چوارەم- ژمارە (٢١) (بانەمەڕ-٢٧٢٦) (بەهاری-٢٠٢٦)

گۆڤاڕێکی زمانناسیی وەرزییە

خاوەن ئیمتیاز:
د. تەها ڕەسوڵ

سەرنووسەر:
فەرەیدوون سامان

سەرنووسەری فەخری:
تۆفیق وەهبی بەگ

زمان و زار

لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە
بە سپۆنسەری دارایی بەڕێز
دکتۆر (تەها ڕەسوول) چاپ کراوە

بۆ پەیوەندی بە گۆڤاری زمان و زار
fereydunsaman61@gmail.com
00964 750 448 0493

راوێژکاری کارگێڕی:
ئەڤین ئەحمەد

دیزاین: ئومێد محەمەد
چاپ: ٢٠٢٦
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی پاندا

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاوەکرێنەوە:
گوزارشت لە راوبۆچوونی نووسەرەکەی دەکات

پێڕست

- له پەراوێزی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، زمانی کوردی له تەڵەزگەی مۆدێرنەدا.....فەرەیدوون سامان.....٧
- هەندێ لایەن له کەلتوور و شێوەزاری کاکەییدا.....پ.د. دارا حەمید محەمەد.....٢١
- گەشتێک بە گوڵزاری هەمبانەبۆرینەدا.....پ.د.ڕەئوف عوسمان.....٤٣
- کاریگەریی لێکۆڵینەوەی بەراورد لەسەر پڕۆسەی فێربوونی زمانی دووەم.....پ.د.تارا عبدالله سعید قادر..٦٩
- کاریگەریی ئاستی خوێندەواریی دایک لەسەر زمانی منداڵ.....د. ژینۆ بەختیار هاشم - شەوبۆ شاکر سااڵح.....٩١
- سووکەئاوڕێک له بنەماکان و کۆڵەکەکانی فەرهەنگنووسی.....پ.د.ئەحمەد ئەحمەدیان.....١٠٧
- وشەی لێکدراو له بنزاری دەشتەکییەکانی هەولێر.....عەباس نادر قادر.....١١٥
- کردەی وەرگێڕان، ئامادەبوونە له جیهاندا.....هەندرێن.....١٣٣
- زمانی لاریی و لارستانی: خزمە زمانێکی لای ئێمە کەم ناسراو.....شاسوار هەرشەمی.....١٤٥
- وەرگرتنی ئاوەڵناو له توخمەکردارییەکان و ڕۆڵی سینتاکسییان.....ئەحمەد هاشم.....١٥٣
- ئالنگارییەکانی بەردەم زمانی دایک له سەردەمی جیهانگەریدا.....ستار باقی کەریم.....١٥٩
- ڕوانینەوەیەکی باینەری بۆ سیستەمی کاتی ڕێزمانیی کوردی و داهاتوویەتی سیستەمەدا.... سامان کۆنەپۆشی.....١٧٣
- کۆدە پراگماتیکییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن.....بەرهەم جەزا عومەر.....٢٠٣
- لەپێناو ڕۆشنبیریی زمانەوانی، ڕێنووسی کوردی لەڕوانگەی زمانەوانییەوە.....پ.د.وریا عومەر ئەمین.....٢٣٥
- دیمانەی سایتی فراتاب لەگەڵ سەرنووسەری گۆڤاری «زمان و زار».....٢٣٩
- کۆچی دواییی نووسەری ناوداری کورد مامۆستا محەمەد ئەمین بۆزئارسلان..... فەرهاد شاکەلی.....٢٤٥
- یوسف ئەبکاروقیچ ئۆربێلی (١٨٨٧-١٩٦١).....د.ئامانج نازم بێجان - و/ فەرەیدوون سامان.....٢٥١
- گفتوگوی وێبسایت فراتاب سردبیر مجلەی «زمان و زار».....٢٧٩
- توهم فونتسازی یا فونتسازی توهمی: چالشها و ضرورتهای استانداردسازی زبان کوردی.....نامدار جابری – ایلام.....٢٨٥
- جمال نبز، برای زبان تک استاندارد کردی.....ایوب گازرانی.....٢٩١

- بررسی موردی: نوشتار فراگیران مبتدی کردزبان فارسی آموز شهرستان مهاباد.....د.احمد احمدیان.....۲۹۵

- اللغة الكردية، لغة العاصمة، التعددية الثقافية.....رئيس التحرير.....۳۱۵

- THE PROCESS OF KURDISH LANGUAGE STANDARDIZATION.....Prof. Dr. Ali Mahmood Jukil.....5

- Language as a nation- building tool.....Fereydun saman. - dr.Shallaw hamagharib.....39

- Zimanê Kurdî. zimanê paytextê. pir rengiya çandî..... Fereydun saman.....65

- Mela Abdullah Celîzade û Zimanê Dayikê (1834 -1908).....ziman u zar.....73

له پەراوێزی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا
زمانی کوردی له تەڵەزگەی دنیای مۆدێرنەدا

فەرەیدوون سامان

لە ڕۆژی ٢١ یەکی فیبریوەری هەموو ساڵێکدا، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، کە ڕێکخراوی یۆنسکۆ بەڕەسمی لە ساڵی ١٩٩٧ناساندوویەتی، گەلانی هەڕەشەلێکراو بەتایبەتیش نەتەوە بندەستە بێدەوڵەتەکان، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی مافی زمانی دایک ئەو بۆنەیە بە دەرفەت دەزانن و دەیکەنە کەرنەڤاڵێکی نیشتمانی وەک سازدانی فێستیڤاڵ و کۆنفرانس و دیداری زمانەوانی لە کیشەکانی زمانی خۆیان دەکۆڵنەوە. سەبارەت بە نەبوونی ئازادی و مافێکی دەستووری لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، کە مخابن هیشتا بە فەرمی دەرفەت بە کوردانی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نەدراوە ئەو بۆنەیە بقۆزنەوە بۆ سازدانی ئەو جەژنەوالّە نێونەتەوەییە، جگە لەو ماوە کەمەی ساڵانی دوایی دەسەڵاتی خۆڕێبەریی ڕۆژاوای کوردستان، کە دەرفەتێکیان بۆ خۆیان ڕەخساند و بوونە خاوەنی چەندان دەزگەی زمانەوانی و هەروەها بەشی کوردی لە زانکۆی ڕۆژاوا لە کۆبانێ.

لە باشووری کوردستان و بەتایبەت لە هەرێمی کوردستاندا ڕەوشەکە جیاوازترە، ڕاستە بە دەستووری کۆماری عێراق و بە یاسای مافی زمانەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، زمانی کوردی فەرمی و ئازادە، هاوکات خاوەنی چەندان دەزگەی ڕۆشنبیریی حکومی و ئەکادیمی و ناوەند و بنکەی کەلتوورین، بەڵام هەر لەو ڕۆژەی جیهانی زمانی دایکدا لەو بۆنە گرنگەدا کەمترین چالاکیی زمانەوانی تەنانەت لەسەر ئاستی بەشە کوردییەکانی زانکۆیەکانی کوردستانیش بەدی ناکرێن.

گەلی کورد بەر لە هەر شتێک لە ڕێگای زمانەکەیەوە لەسەر دەستی داگیرکەرانی وڵاتەکەی بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێ دووچاری جینۆسایدی کولتووری و ئاسیمیلاسیۆن بووەتەوە، توانەوەو سڕینەوە و داماڵینی نەتەوەیەک لە زمان و ناسنامە و کولتووری ڕەسەنی خۆی بە بەرنامە و پیلانێکی شۆڤینییانەی نەتەوەی سەردەست، یان دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر، واتە داماڵینی لە هەموو ماف و ناسنامە نەتەوایەتییەکانی، لە گشت ئەو چەمک و توخمی نەتەوایەتی، یان کولتوورییانەی کە لەناو زمان و پاشخانی ئەو نەتەوەیەدا هەن، ئەمە پێی دەڵێن ئاسیمیلاسیۆن، واتە توانەوە و داماڵینی فەرهەنگی، واتە نەتەوەی بندەست و ئەو نەتەوانەی کە لە ڕووی قەوارە و و دەسەڵاتی سیاسییەوە لە پەراوێزدان، بەڵام خاوەنی پاشخانێکی کولتووری و مێژوویین، لەسەر دەستی نەتەوەی سەردەستدا دەتوێنێتەوە و قڕ دەکرێن، ئەویش لە ئەنجامی سیاسەتێکی میلیتاری و دیکتاتۆریدا دەچەوسێنەوە لە ناسنامەی نەتەوایەتیی

خۆیان دادەماڵڕێن و نامۆ دەبن بە زمان و دابونەریتی ڕەسەنی خۆیان، بۆ نموونەش ئاسیمیلاسیۆنی زمان و کولتووری کوردی لە بەشەکانی کوردستانی تورکیا و ئێران و سووریا و عێراق.

باشە لەم ڕەوشەدا لە سایەی نەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆدا، بۆچی زمانێکی کوردیی ستاندارد پێویستە، لە کاتێکدا لە غیابی ئەو زمانی ستانداردەدا، لە پتر لە بەشێکی نیشتمانداا هێشتا زارەکان ڕۆڵی زمانی ستاندارد دەگێڕن، نموونەش زمانی کوردی- زاری سۆرانی لە باشوور و زاری کرمانجی لە ڕۆژاوای کوردستاندا، کەواتە پەرتەوازەیی زمانی کوردی لە نێوان ئەم زار و بنزار و دەڤۆکانە، ئەو ناوچە و ئەم دەڤەرە، هەم پێنەدانی پایەیەکی بەرزتر دەبێت بە زمانی کوردی، بە تایبەت لە هەلومەرجێکدا کە هەڕەشەکان نەک هەر لەسەر زمانن، بەڵکو کۆمەڵگە و نەتەوەکەمانی خستووەتە نێو ترس و دڵەڕاوکێیەکی نائومێدەوە، کە لەسەر خاکی نیشتمانی خۆیدا سەدان ساڵە نکۆڵی لە بوون و هەبوونی ناسنامەکەی دەکرێت و بە پلان و ئەجیندای تایبەت بۆ ناسنامەی کوردبوونمان ڕووبەڕووی جینۆسایدی کولتووری دەبێتەوە.

سااڵنێکە هەندێک دەنگی نامۆ و نەشاز هەیە، هەڵبەتە بە کاریگەریی بۆچوونی هەندێ لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە تۆڕینەوەیان لەسەر پێکهاتەکان و زارە کوردییەکان کردووە و بێ ئەوەی زانستانە لێیان کۆڵیبێتەوە، جەختیان لەسەر تێرمی زمانە کوردییەکان کردووە، هەندێک لەو زارە کوردییانەیان وەک زمان ناساندووە، بەڵام ئایا لە ڕاستیدا لە ڕووی زانستییەوە تێزێک هەیە بە ناوی زمانە کوردییەکان؟ لە کاتێکدا زمانی کوردی وەک زمانی هەر نەتەوەیەکی سەر ڕووی ئەو زەمینە لە چەندان زار و بنزار و دەڤۆک پێک هاتووە، لە کاتێکدا زمانی کوردی لە سنووری ترسناکی مان و نەماندا، یان ئەم سنوورەی بەرەو پانتاییەکانی ژیانی هەمیشەیی بەزاندووە و مەترسییە سەرەکییەکانی سەر ئەم زمانە لە سەردەمی ئێستاماندا کامانەن، باشە چۆن دەتوانین زمانی کوردی لەم مەترسییانە دوور بخەینەوە و هاوکاتیش بەرەو گەشەکردن و بەخشینی توانای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیەکانی سەردەمی ببەین، لە باری فۆرم و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندتری بکەین، چۆن دەتوانین تواناکانی ئەم زمانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە مودێرنەکاندا فراوانتر بکەین؟

زاری گۆران کە پرۆدکتوراکەی خاتوو زارا ئەلینۆڤایە باشترین وەڵامی زانستییانە و سەرچاوەیەکی زانستیی گرنگیشە بۆ تێزەکانی مینۆرسکی و مەکەنزی، کاتێک باس لەسەر پێکهاتەکانی هەورامی و زازاکی دەکەن و وەک زمان نەک (زارێکی کوردی) دەیانناسێنێن، ئەمانە لەو پرسیارە بنەڕەتییانەن، کە زمانناسانی کورد و بیانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، هاوکات لەگەڵ گەشە و پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا زمان تەنیا لە چوارچێوەی هۆکارەکانی پەیوەندی پێکەوەبووندا نەماوەتەوە و لە کۆنتێکستی جیاوازدا ڕۆڵ و ماهیەتی خۆی گۆڕیوە و کارەکتەری جۆراوجۆری تاقی کردووەتەوە، بۆ نموونە زمان لە تێڕوانینی یەکەمدا ڕۆڵێکی مەدەنییانە دەگێڕێت و پانتایی پێکگەیشتن، لێکتێگەیشتن و دروستکردنی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکانە، لەگەڵ گۆڕانکارییە مێژوویی و سیاسییەکاندا، لە دنیای مۆدێرندا زمان بەرگێکی سیاسییانە دەپۆشێت و دەبێتە مەیدانی جیاکردنەوەی سنوورەکانی دەوڵەت-نەتەوە و بەشداری لە کایە سیاسییەکان دەکات و ڕەوایەتی دەبەخشێت بە هاووڵاتیبوون لە فۆرمێکی ئیداری و سیاسیدا.

بایەخی زمان، پتر لە ژیانی ڕۆژانەدا دەردەکەوێت. چونکە زمان هۆیەکە لەو هۆیانەی مرۆڤ بە کۆمەڵگەوە دەبەستێ، هەموو مرۆڤێک، تەنیا بەهۆی زمانە نەتەوەییەکەیەوە، تێکەڵاوی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەکەیدا پەیدا دەکات و لە یەکدی دەگەن. هەر بە هۆی ئەو زمانەی پێشی دەدوێ، بە ئەندامێکی ئەو نەتەوەیە دادەنرێت. هەردوو بەشەکەی زمانی نەتەوەییش (ئاخافتن و نووسین)، یارمەتییەکی زۆری گۆڕان و گەشەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتیی نەتەوەکان دەدەن، گەر بە هۆی زمانەوە نەبووایە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان هۆشی مرۆڤ و هەموو ئاژەڵەکانی دیکەدا نەدەبوو. بۆیە زمان وەک وەرگێڕی هۆش و دەروون وایە، بیر و بۆچوونەکانی مرۆڤ وەردەگێڕێت.

جگە لە ئەوەی، هەموو نەتەوەیەک لە ئەم جیهانەدا، بە پلەی یەکەم تەنیا بەهۆی زمانەکەیەوە دەناسرێت. گەر هەر نەتەوەیەک، زمانی نەتەوەیی نەبوو، ئەوا ناو و ناونیشان، ژیان و بوون، قەوارە و ڕێزیشی نابێ!

بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢٣دا بە پێی ماڵپەڕی ویکشنەری ئینگلیزی، زمانی کوردی خاوەنی نزیکەی (٩١٨ هەزار و ١٢٣ وشە)یە لە دوای ئینگلیزی، فەڕەنسی، چینی، ڕووسی، یۆنانی، و ئەڵمانی پلەی هەشتەمی جیهان بووە، واتە زمانەکانی عەرەبی

و تورکی و فارسی تێپەڕاندووە، زمانی کوردی سەرباری هەموو کێشە سیاسی و دەستوورییەکانی لە دوای فینلاندی و کۆری لە پلەی سێیەمی جیهاندا بووە، بەپێی ماڵپەڕی ویکشنەری ئینگلیزی بۆ زمانەکان بەم شێوەیە زمانی کوردی خاوەنی هەموو پێکهاتەکانە بۆ ئەوەی کورد یەکێک لە زارە هەرە زۆر قسەکەرەکانی خۆی وەک زمانی یەککگرتووی خۆی هەڵبژێرێت.

بۆچوونێک هەیە دەڵێت: ئەگەر کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبووا وەک هەموو گەلانی سەر زەوی، لە ڕێگای دەزگە کەلتووری و زانستییەکانی و سەرباری دووستانداردی زمانەکەی، بە ڕاپرسی زۆرترین ئاخێوەرانی زارێکی خۆی و هەروەها باشترین ئەلفابێتای بۆ زمانەکەی هەڵدەبژارد، بۆ ئەوەی وەک زمانی پێوەر لە دەزگە فەرمییەکانی حکوومەت لە خوێندنگە و زانکۆکان و لە نووسین و بەرهەمهێنانی هزری خۆیدا بەکاری دەهێنا، بە نموونەی گەلانی ناوچەکە و جیهان، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەگەر ئێمە مامەڵە لەگەڵ بەربڵاوترین زارێکی کوردیدا بکەین کە زاری کرمانجی باکووڕە یان هەر زارێکی تر، بەهەمان شێوەی کە تورک و فارس مامەڵەی لەگەڵ زمانی خۆیاندا کردیان، واتە زاڕێکیان هەڵبژارد و کردییان بە زمانی پیوەری خۆیان، بە هەمان شێوەی گەلانی دیکە کە مامەڵەیان لەگەڵ بەربڵاوترین شێوەزارەکانی خۆیان کرد، ئیدی بۆمان دەردەکەوێت کە کوردیش خاوەنی هەموو پێکهاتەکانی زمانی کلاسیکی خۆیەتی و دەتوانێت بەو زمانە پێوەرە هەموو کوردەکانی دەوروبەری یەکبخات، ئەو بەربەستانەی لە ئێستاشدا ڕێگری لە زمانی کوردی دەکەن لە چەند ساڵێکی کەمدا وەلا دەنرێن و نامێنن، کە بەداخەوە بەربەستێکی سیاسین نەک زمانەوانی.

زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە؟!

لێرەوڵەوێ هەندێک کەس لە نەزانینی خۆیانەوە دەپرسن: بۆچی هەندێک خەڵکی ناوچە کوردییەکان بە زەحمەت لە زاری یەکتر تێدەگەن؟ هەندێکی تریش ئەم جیاوازییە دەکەنە بڕوبیانوو بۆ گومان خستنە سەر نەبوونی زمانی یەککگرتووی کوردی، بە مەبەستی نکۆڵیکردن لە بوونی نەتەوەی کورد، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زمان یەکێکە لە پایە هەرە گرنگەکانی نەتەوە، ئەگەر نکۆڵی لە بوونی ئەو زمانە بکەن، بەو هۆیەوە نکۆڵی لە بوونی نەتەوەش دەکەن! ئەم خەڵکە دەڵێن: کورد بە زۆر زمانان قسە دەکەن، نەک تەنها یەک زمان! بانگەشەی ئەوەش دەکەن کە یەک زمانی کوردی

نییە تا یەکیان بخات! بە دڵنیایی ئەمە بەڵگەی بێ ئاگایی ئەوانە لە زمانی کوردیدا، بەڵگەیەک بۆ ئەوەی کە جیاوازی لە نێوان زمان و زارێکدا ناکەن! وەڵامەکەی ئەوەیە: ئەگەر هەندێک کەس لە ناوچە کوردنشینەکان بە زەحمەت لە وشەسازیی و زاراوەی یەکتری تێبگەن، با بڵێین وەک خەڵکی هەولێر و ئامەد بۆ نموونە، یان لە نێوان کوردێکی لەکستان و کوردێکی ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری، یان هەر ناوچەیەکی دیکە، ئەوا ئەمە شتێکی زۆر سروشتییە و بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە کە کورد بە زمانێکی جیاواز قسە بکات و یەک زمانی هاوبەشیان نییە، ئەم دیاردەیە لای ئاخێوەرانی وڵاتێکی گەورە و پێشکەوتووی وەک ئەڵمانیا و بەریتانیاش هەیە، هەندێک لە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی تورک و عەرەب و فارس بانگەشەی بۆ دەکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی زمانی کوردی زمانێکی بەهێزە و دەوڵەمەندە بە وشەسازی، زۆر سروشتییە مرۆڤی کورد هەموو ئەو وشەسازییەی زمانی کوردی نەزانێت، کە لە هەموو ناوچە بەرفراوانەکانی کوردستان لە سوریا، عێراق، تورکیا، ئێران و ئەوانی تردا قسەی پێدەکرێت.

سەرەڕای ئەوەی کە کورد تا ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆی نییە، لێرەدا هێزی زمانی کوردی بەدەر دەکەوێت و خۆشبەختانە خاوەنی زەخیرەیەکی مەزنی فەرهەنگی وشە و زاراوەکانە، کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە بە شێوەزار و وشەسازی و ئەم بڕە زۆرە وشەسازییە بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بەشکراوە، کە دەکاتە نزیکەی ملیۆنێک وشە و ئەمانەش ئەو وشانەن کە تەنها لە زارەکانی کورمانجی و سۆرانی وەرگیراون و ئەو زاراوە زۆرانەی تری کوردی وەک لەک و لوڕ و هەورامی تێدا نییە. ئەمە فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ پاراستنی زمانی کوردی و هەموو شێوەزارەکانی و وشەکانی لە ونبوون و لەناوچوون، سەرەڕای ئەو شەڕە سەختانەی دەسەڵاتە داگیرکەرەکان، لە دژی زمانی کوردی و نەیانهێشتووە تاکی کورد فێری خوێندنەوە و نووسین بێت، بەڵام هێشتا زمانەکەی بەهێزترە لە زۆرێک لە زمانەکان کە لە ناوچەکە و جیهاندا هەن.

فرەزمانی، فرە کەلتووری

کۆمەڵگەی کوردستان بە حوکمی گۆڕانکارییە دیموگرافی و مێژوویییەکانی، کە تێکەڵەیەکە لە نەتەوەکانی غەیرەکوردی وەک عەرەب و تورک و فارس و ئەرمەن و

کلدان و ئاشووری، زمان و کەلتووری ئەم نەتەوانە کەم و زۆر کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەبووە، چۆن بە ناهەق جوگرافیای کوردستانی گەورە بەسەر دەوڵەت نەتەوەکانیان دابەشکراوە، بۆیە بە دەگمەن نەبێت تاکێکی کورد نابینین، جگە لە زمانی دایک کە زمانی کوردییە، لە وڵاتەکەی خۆیدا زمانی دووەم یان سێیەمی نەزانێت، هەر بۆ نموونە کوردەکانی باشووری کوردستان زۆرینەیان زمانی دووەم کە زمانی عەرەبی و زمانی فەرمی دەوڵەتی عێراقە دەیزانن، لە باکووری کوردستانیش هەروایە، بە دەگمەن نەبێت کوردێک نابینیت زمانی تورکی نەزانێت، تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەتایبەت لە ناوچەی موکریاندا زۆرینەیان وێڕای زمانی فەرمی دەوڵەت کە فارسییە، هاوکات بەحوکمی هاوشارییان لەگەڵ تورکە ئازەرییەکاندا زۆرینەیان زمانی تورکیش دەزانن، لەم ساڵانەی دواییش لە هەرێمی کوردستاندا بە حوکمی هەبوونی خوێندنگە ئەهلی و تایبەتەکان تا ڕادەیەک زمانی ئینگلیزیشی هاتەسەر، نەوەیەک دروست بووە بەتایبەت نەوەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ زۆرینەیان ئینگلیزی ئاخێوەرن.

با بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی مەبەست، زمانەکان کە پایەی سەرەکی میراتی مرۆڤایەتین، نوێنەرایەتی ناسنامەی مرۆڤەکان دەکەن و ئامرازێکی پێویستن بۆ دامەزراندنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگەکەیان، زمانناسان پێیانوایە زمان بنەمای بیرکردنەوە و دەربڕینی جەوهەری مرۆڤە، زمان وەک ئامرازێک بۆ دەرخستنی جیهانبینی خۆیان دەزانن و دواجار پێیانوایە کە گوزارشت لە ئاوەزی ئاڵۆز و ناسنامەی مرۆڤەکان دەکەن، لە ڕاستیشدا زمان یەکێکە لەو توانایانەی کە جۆری مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە و پەیوەندی بە تایبەتمەندییەکانی وەک زانین و ژیری و کۆمەڵایەتی و ناسنامەی کولتووری مرۆڤەوە هەیە.

مرۆڤ بە کەڵک وەرگرتن لە سیستەمێکی کۆد کە پێی دەوترێت «زمان»، چەمکە خوازراوەکانی خۆی دەگوازێتەوە بۆ کەسانی دیکە، پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەکات و بە ئاسانی باسی ڕووداو و خەون و ئارەزوو و هەستەکانی دەکات (ئۆرتیگا، ٢٠٠٩: ١).

بە بەکارهێنانی زمان دەخوێنێتەوە و دەنووسن؛ زانست بەدەست دەهێنن و دەیگوازنەوە بۆ کەسانی دیکە، بۆیە کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت هەوڵی پەیوەندی

کردن لەگەڵ دەوروبەریدا دەدات، سەرەتاش بە پشتبەستن بە ژینگەی ژیانی فیزی زمانێک دەبێت، کە زمانی دایک یان زگماکی خۆیەتی، ڕەنگە لە تەمەنی منداڵیدا یان لە تەمەنی گەورەییدا بە هۆی هەلومەرج و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، زمانێکی دیکە فێربێت، لێرەدا دیاردەی «دوو زمانی یان فرە زمانی» بەم شێوەیە ڕووەدات.

بۆ پێناسەکردنی فرەزمانی، لە یەکەم نیگادا، بە ئاسانی دەردەکەوێت، کاتێک هەوڵ دەدەین بگەینە پێناسەیەکی هەمەلایەنە و بێلایەن کە هەموو ڕەهەند و ئاستەکانی لەخۆ بگرێت و سنوورەکانی دیار بکات، تێدەگەین کە ئەمە ئاسان نییە و کێشەی تایبەتی خۆی هەیە.

لە دنیای ئەمڕۆدا فرەزمانی دیاردەیەکی باوە و لە زۆرێک لە ناوچەکانی جیهاندا بەرچاو دەکەوێت، و بەشێک بووە لە ژیانی ڕۆژانەی ئاخێوەران لە زۆرێک لە کولتوور و کۆمەڵگە و ناوچەکاندا، فرەزمانەکان ئەو کەسانەن کە توانای پەیوەندی کردنیان هەیە بە دوو زمان یان پتر، لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێت پەیوەندی نێوان فرەزمانی مرۆڤ و لێهاتوویی مەعریفی، لەوانەش ژیری و تێگەیشتن و داهێنان ڕوون بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەی ئەو توێژینەوەیە دەکرێت، کە لەم بوارەدا ئەنجام دەدرێن.

لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوانە، وەڵامی ئەو پرسیارە دەدرێتەوە: «ئایا فرەزمانی کارامەییەکانی وەک ژیری، تێگەیشتن و داهێنان زیاد دەکات؟»

فرەزمانی دیاردەیەکە کە هەرچەندە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەڵام ڕەوتی گەشەسەندنی لە سەدەی ڕابردوودا وای کردووە ئەم دیاردەیە ببێتە یەکێک لە ئاڵنگارییە سەرەکییەکانی سیاسەتی پەروەردەیی وڵاتان، زۆر کەس لە جیهاندا دوو زمانن یان فرەزمانن، جگە لە فێربوونی زمانی زگماکی خۆیان، ناچارن زمانی فەرمی وڵاتەکەیان یان زمانێکی نێودەوڵەتی فێربن، پرسی جیهانگیری پێویستیی ئەم دیاردەیەی زیاتر کردووە، ئەوەندە زۆرجار خۆیان بە پێویستی فێربوونی زمانی زیاتر دەزانن بۆ ئەوەی بتوانن لە پەیوەندی و خوێندن و بازرگانی و ژیانێکی باشتردا سەرکەوتوو بن.

پێناسەکانی فرەزمانی کە دراون لە چڕی و لاوازی و ئاستی دوو زمانیدا جیاوازن و پێیان دەوترێت «جیاواز». بۆ نموونە بە پێی فەرهەنگی وێبستەر (١٩٦١) کەسی دوو زمانە کەسێکە کە بتوانێت بە دوو زمان بەشێوەیەکی ڕەوان قسە بکات، وەک

ئاخێوەرێکی ڕەسەن، بەپێی ئەم پێناسەیە دوو زمانی یەکسانە بە توانای قسەکردن بە دوو زمان بە شێوەیەکی ڕەوان و تەواو.

پەیوەندی نێوان توانا مەعریفییەکان و دوو زمانی بە نموونە یەکێک بووە لە بابەتە سەرنجڕاکێش و مشتومڕاوییەکانی دوو زمانی و بیروباوەڕی پسپۆڕان و تەنانەت ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا جیاوازن.

دیاردەی دوو زمانی، یان فرەزمانی

زمانەکان پایەی سەرەکی میراتی مرۆڤایەتین، نوێنەرایەتی ناسنامەی مرۆڤ دەکەن و ئامرازێکی پێویستن بۆ دامەزراندنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، زمانناسان پێیان وایە زمان بنەمای بیرکردنەوە و دەربڕینی جەوهەری مرۆڤە، زمان وەک ئامرازێک بۆ دەرخستنی جیهان دەزانن و پێیان وایە کە گوزارشت لە ئاوەزی ئاڵۆز و ناسنامەی مرۆڤ دەکات، لە ڕاستیدا زمان یەکێکە لەو توانایانەی کە جۆری مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە و پەیوەندی بە تایبەتمەندییەکانی وەک زانین و ژیری و کۆمەڵایەتی و ناسنامەی کولتووری مرۆڤەوە هەیە.

دوو زمانی دیاردەیەکی باوە لە جیهانی ئەمڕۆدا لەناو گەلاندا و لە زۆر شوێنی جیهاندا بەدی دەکرێت، بەشێک بووە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە زۆرێک لە کولتوور و کۆمەڵگەکاندا، دوو زمانەکان ئەو کەسانەن کە توانای پەیوەندی کردنیان هەیە بە دوو زمان یان زیاتر، لەم نووسینەدا هەوڵ دەدرێت پەیوەندی نێوان دوو زمانی مرۆڤ و لێهاتوویی مەعریفی، لەوانەش ژیری و تێگەیشتن و داهێنان ڕوون بکرێتەوە، لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیانە، وەڵامی ئەو پرسیارە دەدرێتەوە: «ئایا دوو زمانی کارامەییەکانی وەک ژیری، تێگەیشتن و داهێنان زیاد دەکات؟»

مرۆڤ سیستەمێکی کۆدکراو بەکار دەهێنێت کە پێی دەگوترێت «زمان» بۆ گەیاندنی چەمکە مەبەستدارەکانی بە کەسانی دیکە و پەیوەندی کردن لەگەڵ کەسانی دیکە و بە ئاسانی باس لە ڕووداو و خەون و ئارەزوو و هەستەکانی دەکات (ئۆرتێگا، ٢٠٠٩: ١). بە کەڵک وەرگرتن لە زمان، دەخوێنێنەوە و دەنووسن؛ بە دەستهێنانی زانیاری و گواستنەوەی بۆ کەسانی تر.

دوو زمانی دیاردەیەکە کە هەرچەندە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەڵام ڕەوتی گەشەسەندنی لە سەدەی ڕابردوودا وای کردووە کە ببێتە یەکێک لە ئاڵنگارییە

سەرەکییەکانی سیاسەتی پەروەردەیی ولاتان، زۆر کەس لە جیهاندا دوو زمانە یان فرە زمانن و جگە لە فێربوونی زمانی زگماکی و ناوخۆیی خۆیان، ناچارن زمانی فەرمی ولاتەکەیان یان زمانێکی نێونەتەوەیی فێربن.

پرسی جیهانگیریی، پێویستیی ئەم دیاردەیەی زیاتر کردووە. ئەوەندە کە زۆرجار خۆیان بە پێویستی فێربوونی زمانی زیاتر دەزانن بۆ ئەوەی بتوانن لە پەیوەندی کردن و خوێندن و بازرگانی و ژیانێکی باشتردا سەرکەوتوو بن.

کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت هەوڵی پەیوەندی کردن دەدات، سەرەتا بە پشتبەستن بە ژینگەی ژیانی فێری زمانێک دەبێت کە زمانی زگماکی خۆیەتی. هەروەها ڕەنگە لە تافی منداڵیدا یان لە تەمەنی گەورەییدا بە هۆی هەلومەرج و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە زمان یان زمانێکی دیکە فێربێت و دیاردەی «دوو زمانی» بەم شێوەیە ڕوو دەدات.

پێناسەکردنی دووزمانی، لە یەکەم نیگادا، ئاسان دەردەکەوێت، بەڵام کاتێک هەوڵ دەدەین بگەینە پێناسەیەکی هەمەلایەنە و بێلایەن کە هەموو ڕەهەند و ئاستەکانی لەخۆ بگرێت و سنوور و سنوورەکانی دیار بکات، تێدەگەین کە ئەمە ئاسان نییە و کێشەی تایبەتی خۆی هەیە.

پێناسەکانی دوو زمانی کە دراون لە چڕی و لاوازی و ئاستی دوو زمانەوانیدا جیاوازن و پێیان دەگوترێت «جیاواز». بۆ نموونە بەپێی فەرهەنگی وێبستەر (١٩٦١)، کەسێکی دوو زمانە، کەسێکە کە بتوانێت بە دوو زمان بە شێوەیەکی ڕەوان قسە بکات، وەک قسەکەرێکی ڕەسەن، بەپێی ئەم پێناسەیە دوو زمانی یەکسانە بە توانای قسەکردن بە دوو زمان بە شێوەیەکی ڕەوان و تەواو.

دیاردەی دوو زمانی یان فرە زمان لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا بە زەقی بەدی دەکرێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستانیش وەک هەموو کۆمەڵگەکانی تری سەر زەوی، فرە ئیتنیک و فرە پێکهاتەی نەتەوەیی و کەلتوورییە، بۆنموونە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێراندا زمانی دووەمیان فارسییە، کە زمانی فەرمی دەوڵەتە، هاوکات دەبینین ئەو ناوچە کوردییانەی کە تێکەڵەیەکن لە تورکی ئازەری لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا، هەروەها ئەو کوردانەی خۆراسان فرەزمانن بە حوکمی تێکەڵبوونیان لەگەڵ گەلانی فارس و تورکە مەغۆڵەکان، تەنانەت لە هەندێ ناوچەی ئوستانی خوزستانیش ژمارەیەکی زۆر کورد عەرەبی زانن، ئەم دیاردەیە

لە باکووری کوردستان و تورکیاشدا بە ئاشکرا بەدی دەکرێت، تەنانەت لە ناوەندی شارە گەورەکاندا زۆرجار زمانی تورکی زمانی یەکەمەو زمانی کوردی بۆتە زمانی دووەم، لە باشوورو ڕۆژاوای کوردستاندا دەبینین چونکە زمانی فەرمی دەولەتی عێراق و سوریا عەرەبی بووە، هەر بۆیەش زۆر بەدەگمەن کورد هەیە جگە لە زمانی دایکی کە زمانی کوردییە، زمانی دووەم نەزانێت کە زمانی عەرەبییە. کەواتە پەیوەندی نێوان توانا مەعریفیەکان و دوو زمانی یەکێک بووە لە بابەتە سەرنجڕاکێش و مشتومڕاوییەکانی دوو زمانی و بیروباوەڕی پسپۆڕان و تەنانەت ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا جیاوازن.

داخۆ بۆ ناساندنی ناسنامەی بوونی نەتەوەیەک، زمانێکی ستاندارد پێویستە، یان مەرجە تۆ بە نەتەوە کورد بیت، بەڵام زمانەکەت کوردی نەبێت، ئەمەشیان دوو گرووپ دەگرێتەوە، یەکیان ئەو کوردانەن بە حوکمی توانەوەیان لە ناو کۆمەڵگەیەکی ناکوردیدان و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار زمانی زگماکیان لەدەستداوە، و بە زمانێکی تر دەدوێن، بۆ نموونە کوردانی تاراوگە، گرووپەکەیتر ئەوانەن کە دەڵێن ئێمە کوردین، بەڵام زمانەکەمان هەورامی یان زازاکی یان...تد.

زمانی ئێمە و زمانی ئەوان

ئایا دەزانن زانایانی کورد چەند کتێبیان نووسیوە و چەندە زانست و زانا و هونەروەریان هەبووە؟ داخۆ ئێمە بۆمان هەیە شانازی بە زانایانی وەک دەینەوەری و ئیبن خەلەکان و ئیبن ئادەم و ئیبن مستەوفی و شارەزووری و سۆروەردی و دەیان زانای دیکەی کورد بکەین؟ کەچی ئەم ناوە گەورانە لە جیهانی ئیسلامدا دەقێکیان بە زمانی کوردی بۆ بەجێ نەهێشتووین، باشە بۆچی ئێمەی کورد وەک زانایانی فارس نەمانتوانی بە هانای زمانەکەمان بێین و لە بە عەرەبکردنی ڕزگار بکەین؟

لە بیرمە لەسەرەتای هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕۆژنامەی (العراق)دا لە بەغدای پایتەختدا گۆشەیەک هەبوو بە ناونیشانی (العلماء الکورد الذین خدموا الاسلام) واتە ئەو زانا کوردانەی خزمەتیان بە ئیسلام کرد، کە بێگومان لە هەژمار نایەن و هەر لەو ڕێگایەش بە ناوی پیرۆزی ئیسلام پشتیان لە زمانی کوردی کرد و خزمەتی زیاتری زمانی عەرەبییان کرد، بەڵام بۆچی زانا ئایینییەکانی فارس وا نەبوون؟

وانەیەک بۆ فێربوون

شاهنامە، ئەو کتێبەی کە زمانی فارسی لە لێواری بە عەرەبکردن ڕزگار کرد، سەرەڕای ئەوەی ئێران لەلایەن دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامی بۆ ماوەی پتر لە دوو سەدە گەمارۆ درابوو، بەڵام فارسەکان ئەم هەموو دەسەڵات و زانستەیان لە کوێوە دەست کەوت؟

تاکە هۆکار ئەوە بوو کە ئەوان کە لە سیاسەتی ئاسمیلاسیۆنی زمان و بە عەرەبکردن ڕزگاریان بوو، کتێبە بەنرخەکەی شانامەی فیردەوسی بوو، کە لە ١٥ی گوڵانی هەموو ساڵێکدا، ئێرانییەکان جەژنەوالّەی ڕۆژی حەکیم و وەهاناهاتووی زمانی فارسی فیردۆسی تۆسی بە شانازییەوە ئەو کەرنەڤاڵە پیرۆز دەکەن و ئاهەنگی بۆ دەگێڕن.

فێردۆسیی زانا کێیە؟

لە ساڵی ٩٤٠ی زایینی لە نزیک شاری تووس لەدایکبووە، بە هۆی کتێبی شاهنامە(کتێبی شایەکان) کە دریژترین داستانی شیعری تاکە نووسەر و بەردی بناخەی ئەدەبیاتی فارسییە، بە شێوەیەکی گشتگیر بەرز دەنرخێنرێت. ئەم شاکارە ئەدەبییە کە دوای سێ دەیە لە کارکردن تەواو بووە، کاتێک زمانی عەرەبی هەڕەشەی جێگرتنەوەی زمانی فارسی وەک زمانی فێربوون و مەعریفەی دەکرد، ڕابردووی ئەفسانەیی و میژوویی ئێران لە نزیکەی ٥٠ هەزار بەیتی بڕگەداردا لە سەرانسەری ٦٢ چیرۆکدا بەڵگە دەکات.

شاهنامە بە سەر سێ سەردەمی میتۆلۆژی و قارەمانیی و میژوویی دابەش دەبێت و شیعر و میژوو و فۆلکلۆر و ناسنامەی کولتووری ئاوێتە دەکات و دریژەپێدانی نەریتێکی دەوڵەمەندە لە چیرۆکگێڕان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا، ئارامگەی فیردۆسی کە دەکەوێتە شاری تووس لە نزیک شاری مەشهەدی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیران، ساڵانە بە هەزاران گەشتیار و سەردانیکەرانی ئێرانی و بیانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، ئێرانییەکان ستایشی بەشداریپێکانی فیردۆسی دەکەن لە بەرەو پێشبردنی زمانی فارسی، هەر بۆیە لە ١٥ی گوڵانی هەموو ساڵێک ئەو یادەوەرییە نەتەوەییان پیرۆز کردووە، چرایەک بۆ ناسنامە و کولتووری ئێرانی، ئاهەنگگێڕان بە بەشداریپێکانی فیردۆسی، «حەکیم»، وەک فارسەکان پێیان خۆشە ناوی لێ بنێن، بۆ بەرەو

پێشبردنی زمانی فارسی، فیردۆسی بە فریادڕەسی زمانی فارسی دادەنرێت و میراتی فارسی لە ڕێگەی شاکارەکەی (شاهنامە)وە پاراستووە کە بە گێڕانەوەی ڕابردوویەکی شکۆمەندانە لە سەردەمی ئەدەبی عەرەبیدا یەکگرتوویی و ناسنامەی کولتووری فارسی دامەزراندووە، کاریگەریی ئەو لە ئەدەبدا تێدەپەڕێت و هونەر و شانۆ و فەلسەفە و مێژووی فارسی دەگرێتەوە، گڵکۆی فیردۆسی وەک هێمای شانازی نەتەوەیی دەمێنێتەوە و بەرهەمەکانی بەردەوامن لە سەرچاوەی سرووش و لێکۆڵینەوەی جیهانیدا، دڵنیا دەبن لەوەی کە شاهنامە دوای هەزار ساڵ وەک کڕۆکی ناسنامەی کولتووری فارسی دەمێنێتەوە.

باباتاهیری هەمەدان ناسراو بە عوریان کە یەکەم شاعیری کوردی-لەک نووسە تا ئێستا زۆر لە توێژەران و لێکۆڵەرانی کورد بە گومانەوە لە ناسنامەی کوردبوونی ئەو دەڕوانن، لە کاتێکدا ئەم شاعیرە مەزنە یەکێکە لە نۆبەرە شاعیران کە بەر لە هەزار ساڵ بە زمانی شیرینی کوردی شیعری عاریفانەی نووسیوە و بۆ خۆیشی ددان بە کوردبوونی خۆی دەنێت، بەڵام هێشتا نە دامەزراوەیەکی کەلتووری نە زانکۆیەک بەناوی ئەمەوە نییە، نە نە پارکێک تەنانەت شەقامێکیش.

بابا تاهیر ناسراو بە بابە تاهیری عوریان ناوی تاهیرە، هۆنراوەنووسێکی سەدەی ١١ بوو کە بە زمانی پاڵەوی (شێوازی فەهلەویات-پاڵەوییەکان) هۆنراوەی نووسیوە. ساڵی لەدایکبوونی بابا تاهیر ئاشکرا نییە، لە زۆر سەرچاوە باسکراوە، بەڵام بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان[١] لە ماوەی نێوان نیوەی دووەمی سەدەی دەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی یازدەمی زایینی ژیاوە. هەربۆیە لەدایکبوون و کۆچی دوایی بە ساڵانی (٩٣٥ زایینی - ١٠١٠ زایینی) دیاریکراوە. زۆربەی هۆنراوەکانی بابا تاهیر دوو بەیتە کە بریتییە لە چوار نیوە دێڕ، جگە لە هۆنراوەی دوو بەیتی نزیکەی ٥ هەزار (غەزەل) یشی هەیە. بڕێک لە هۆنراوەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر شێوەزاری سۆرانی، بۆ نموونە دڵزار یەکێک لە ئەو کەسانەیە کە بڕێک لە هەڵبەستەکانی بابە تاهیری وەرگێڕاندوەتە سەر سۆرانی.

سەرچاوەکان زمانی هەڵبەستەکانی بابا تاهیریان بە زمانی لوڕی نزیکتر زانیوە. [٢] بەڵام هەندێکی دیکە لە سەرچاوەکان پێیان وابووە کە هەڵبەستەکانی باباتاهیر بە زمانی راجی هۆندراونەتەوە.[٣] جگە لەمانە هەندێک کەسیش زمانی باباتاهیر بە کوردیی لەکی، یان شێوەیەک لە کوردیی باشووری زانیوە.

نموونەیەک لە دوو بەیتەکانی بابا تاهیر

مەگەر شێر و پڵنگی ئەی دڵ ئەی دڵ بەموو دایم بە جەنگی ئەی دڵ ئەی دڵ
ئەگەر دەستوم ڕەسەد خونت وەڕێژوم بوینم تا چ ڕەنگی ئەی دڵ ئەی دڵ

شیکردنەوەی: «دیارە تۆ وەکو شێر و پڵنگی ئەی دڵ، هەمیشە لەگەڵ من لە جەنگدای، ئەگەر بکەویتە بەر دەستم خوێنت دەڕێژم، بۆ ئەوەی ببینم ڕەنگت چۆنە!»

نموونەیەکی تر لە دوو بەیتەکانی:

مو ئان بەحروم کە دەر زەرف ئامەدەستوم مو ئان نوقتە کە دەر حەرف ئامەدەستوم
بە هەر ئەلفی ئەلف قەددی بەریو ئایو ئەلف قەدووم کە دەر ئەلف ئامەدەستوم.

سەرچاوەکان

- سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار
- مصطفوی دهکردی، سید اسدالله. دیوان باباطاهر عریان (عارف سوتەدل همدان)، با مقابله شانزده نسخه خطی قدیمی و نسخه چاپی خاورشناسی کلمان هوآر و براساس لهجەشناسی علمی به ضمیمه ادبیات راجی و ترجمه ارمنی، انگلیسی، فرانسه و آلمانی، تهران: حیدری، ۱۳۵۲.
- اللهجات الکوردیة الجنوبیة- الدکتور اسماعیل قمندار-بغداد-۲۰۰۷

هەندێ لایەن لە کەلتوور و شێوەزاری کاکەیی

پ.د. دارا حەمید محەمەد

پوختە

کوردستان مەڵبەندی فرەنەتەوەیی و ئایین و ئایینزا بووە، دیرۆکی کوردی ئەو ڕاستییە دەسەڵمێنێت، کە لە کوردستاندا شارستانییەتی گەورە و خاوەن دەسەڵات هەبوون، شارستانییەتەکانی کوردستان سیستەمی کارگێڕی و بیروباوەری ئایینی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە سیما دیارەکانییان بووە.

گروپێکی خاوەن مێژووی لێوانلێو لە بەرخودان و سەروەری و شانازی، لە کوردستاندا کاکەییەکانن، بەڵکو بەپێی سەرچاوەکان کۆنترین گروپێکی نیشتەجێی کوردستان کاکەییەکانن، کە نیشتەجێی چیا سەختەکانی زاگرۆس و شارەزوور بوون. مەڵبەندەکانی هەڵەبجە و ئەردەڵان و شاخەکانی شاهۆ، باڵامبۆ، شندرۆێ، شرام، هەوارەبەرزە، شەمیران و شارو گوندەکانی خورماڵ، سەرگەت، گوڵپە: گوڵپەت، بەڵخە، بیارە، تەوێڵە، نەوێ، هاوار، گریانە، هاوارە کۆن، دزڵی، شیان، کەڵاتی، سێ قاڵتان، وزیار، چادرگە، تەپی سەفا، سازان، مۆردین، پردێوەر، نەوسود، شێخان، دگاشێخان، داودان، دیواندەرە، دزاوەر، عەربەت، سەیسایق، باوەنور، خۆشێن، کفری (باوە شاسوار)، خانەقین و مەنەلی، گوندەکانی گەرمیان شارۆچکەکانی قەسری شیرین و کرماشان جێنشینی کاکەییەکان بوون، کاکەییەکان خاوەنی زمان و کەلتوورن، کە هەڵگری سیما و تایبەتمەندییەکانی ژیان و مێژوویانن، تا ئەمڕۆش پاراستوونیان و بە شانازییەوە بەکاریان دێنن و پێڕەویان دەکەن. لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (هەندێ لایەن لە کەلتوور و شێوەزاری کاکەیی)یە، تایبەتە بە زمان و کەلتووری کاکەییەکان، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە میتۆدی پەسنی مێژوویی پێڕەوکراوە.

کلیلە وشەکان: کاکەیی، زمان، کەلتوور، ئایین، کوردستان.

پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (هەندێ لایەن لە کەلتوور و شێوەزاری کاکەیی)ە، توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر زمان و کەلتووری پێکهاتەیەکی گرنگی کوردستان، کە کاکەییەکانن، کاکەییەکان بە کەمی لێیان دەکۆڵرێتەوە، دیارە ئەو حاڵەتە هۆکاری خۆی هەیە، کە توێژینەوەکەمان هەندێکیان دەخاتەڕوو، ئەوەش سەرباری ئەوەی کێشەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت لەهەمانکاتدا هۆکاری هەڵبژاردن و گرنگی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو. وەڵامی ئەم پرسیارانە ئامانجی توێژینەوەکەیە:

١-کاکەییەکان کێن؟

٢-میژوو و شوێنی کاکەییەکان کوێیە؟

٣-پوختەی ئایینی یارسانی چییە؟

٤-کەلتووری کاکەییەکان چین؟

٥-پێکهاتەی زمان لای کاکەییەکان چییە؟

توێژینەوەکە گرینمانەی ئەوە دەکات، کە کاکەییەکان پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردستانن، خاوەنی بیرو باوەڕ و ئایینێکی کۆنی کوردستانن، هەروەها توێژینەوە گرینمانەی ئەوە دەکات، کە سەرباری سەختییەکان و ئەو نەهامەتییانەی بە درێژایی میژوو ڕووبەڕوویان بووەتەوە، بەڵام کاکەییەکان زمان و کەلتوور ئایین و بیر و باوەڕی خۆیان پاراستووە.

بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج و ئەنجامەکان، توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر سێ تەوەردا بەمشیوەیە:

تەوەرەی یەکەم: سەرەتا چەمکە پێویستەکان ڕوون دەکرێنەوە و دواتر تیشک دەخرێتە سەر ناو و شوێن و بیروباوەڕ و میژووی کاکەییەکان.

تەوەرەی دووەم: تایبەتە بە کەلتووری کاکەییەکان

تەوەرەی سێیەم: لە هەندێ لایەن لە پێکهاتەی زمانی کاکەییەکان دەکۆڵێتەوە

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان خراونەتەڕوو، ئاماژەش بۆ سەرچاوەکان کراوە لەگەڵ خستنەڕووی پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

تەوەرەی یەکەم :چەمکەکان

١-چەمکی زمان

زمان ئاڵۆزترین بەرهەمهێنراوی ئاوەزە، بەپێی تازەترین لێکۆڵینەوەکان پانتاییەکی دیاری سیستەمی دەماری و پێکهاتەی مێشک چ وەک دەمار و چ وەک تۆڕکلی مێشک و لۆچی گۆشەیی هەرێمەکانی پێواژووی بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە زمان پێکدەهێنن، بەمەش هەر لە ئاوەزدا تەواوی مژارەکانی زمان چارەسەردەکرێن، لەسەرەتای پەیدابوونی مرۆڤی ژیر، هەتا ئەمڕۆ لە زمان ڕاماوە و لێکۆڵینەوەی هەمەچەشنی لەبارەوە دەکات بەمەبەستی گەیشتن بە نهێنییەکانی زمان، ئەو تێڕامان و هەوڵانەی مرۆڤ هەمبەر زمان، سەرچاوەی ئافراندنی دید و بۆچوونگەلێکی جیاوازن پەیوەست بە چەمکی زمان. وەک:

یەکەم: پەیوەندیکردن وەک یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی زمان، هەژمار دەکرێت، ئەرکەکانی پەیوەندیکردن و لێکتێگەیشتن لە نێوان کۆمەڵگەدا لە ڕێی دروستە و واتاوە بەجێدەهێنرێت. داهێنان لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی زمان بەپێی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان و ئەو دەوروبەرانە دەبێت، کە زمانی تێدا بەکاردەهێنرێت، هونەری بەکارهێنانی زمان و داهێنانیش لە گوزارشتکردندا لە بەکارهێنانی زماندا چێ دەبێت. هەڵبەت ئەم کردەیەش پشتبەستوو دەبێت بە فاکتەری مەعریفی قسەکەر و گوێگر.(محمد، دارا حەمید،٢٠٢٣: ٢٠١) زمان لەژێر هەژموون و دەسەڵاتی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکاندایە((زمان ئەو ئامرازەیە، کە تاکەکانی کۆمەڵگە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و پەیوەندییەکانیان ڕێکدەخات و لە ڕێگەی گوزارشتکردن و گواستنەوەی بیریان، لایەنی دەروونـی و کەسایەتی و هەست و سۆز و پێگەی کۆمەڵایەتی و لایەنی ڕۆشنبیریان...هتد ئاشکرا دەکات. هەر دەربڕاو یان ئاماژە یان نووسراوێک کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی تاکێک، ئەوە کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکان، کە بە مەبەستی بەردەوامبوون و پاراستنی پەیوەندییەکان و دوورکەوتنەوە لە گیروگرفت و سزا لەکاتی لادان لە یاساکان، بە چەندان جۆر لە یاسای کۆمەڵایەتی کۆتوبەندکراون))(محەمەد، پێشکەوت مەجید،٢٠٢٤:) زمانەوانی ئەوەی سەلماندووە هەر گۆڕانکارییەک لە کۆمەڵگەدا ڕووبدات دەبێتە سەرچاوەی گۆڕانکاری لە زماندا، ((گۆڕانکارییە زمانییەکان پەیوەستن بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بە واتە گۆڕانی مەرجەکانی ژیان

و فۆرمەکانی ژیان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، کە کاردەکەنە سەر زمان و زمانیش کاریان تێدەکات (کۆمەڵێک زمانەوان، ٢٠٠٩: ٩٠).

دووەم: پەیوەست بە چییەتی زمان و زمانەوانی و تیۆرییە زمانییەکان ئەوا چەندان پێناسە و چەمکی جیاواز بۆ زمان خراونەتەڕوو، کۆزمانەوانەکان پێیان وایە زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیایە هەریەکەیان بۆ باڕێکی تایبەتی دەستدەدات، کارول، پێیوایە زمان بریتییە لە چەند ڕەمزێکی لە خۆوەیی، کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ لەیەکتر گەیشتن و پۆلینکردنی شت و ڕووداوەکانی دەوروبەر، چۆمسکی دەڵێت: ((زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕێزمان دەریان دەکات))، باراک و تراکەر بۆچوونیان وایە کە زمان بریتییە لە چەند ڕەمزێکی لە خۆوەیی کە بە هۆیەوە کۆمەڵگە دەتوانێت هەرەوەزی بکات))(فەتاح، محەمەد مەعروف، ٢٠١١: ١١)

پەیوەست بە چەمکی زمان زۆر وتراوە، بەڵام ئەوەی مەبەستی توێژینەوەکە بێت زیاتر زمان و کۆمەڵە، چونکە ئەو لایەنەی زمان گرێدراوی ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەبێت، ئەگەرنا ئەوە زمان زۆر لەوە ئاڵۆزترە تەنها لە ڕووی کۆمەڵ و پەیوەندی بە کۆمەڵەوە لێی بکۆڵرێتەوە.

٢ _چەمکی کەلتوور:

لە زانستی کۆمەڵناسیدا کەلتور هەموو بابەت و بەرهەمە کەلتورییەکان، کرداری کەلتور و سەرهەڵدانی بواری کردەیی و ئاوەزی و ئاکارییەکانی کەلتور دەگرێتەوە، کەلتور ناوێکی گشتییە سەرجەم کردار و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییە بەدەستهێنراوەکان دەگرێتەوە کە لە ڕێی هێماکانەوە دەگوێزرێنەوە، چونکە کەلتوور ناوێکە بۆ هەموو دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ لە زمان، هونەر، زانست، یاسا و دەسەڵات و بەها و داب و نەریتەکان، بیروباوەڕ و ئایین، کارە دەستییەکان (الخلیل،٢٠١٦: ٧٩). بەپێی بۆچوونی رایموند ولیامز کە باسی کەلتوری بەریتانیا دەکات، کەلتوور تەنها ئەوە نییە، کە لە زانکۆکانی کامبرێدجدا دەخوێنرێت یان لە مۆزەکاندا نمایش دەکرێت، ئەو پێیوایە کەلتور لەوە فراوانترە و لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکیی و ئاوازە میللییەکانیش دەگرێتەوە، بەردەوام دەبێت و مەبەستی ئەوەیە بڵێت کەلتور هەموو شانازییەکانی میللەت و گۆرانییەکان و ژیانی لادێ و بەرهەمەکانی شکسپیریش دەگرێتەوە(https://www.jadaliyya.com/Details/٤٣٣٣٣). کەلتوور شێوازێکی

دیار و تایبەتی خاوەن گەلێک سیمایە، تایبەتە بە گروپێک یان کۆمەڵێک و هەژموونی بەسەر ژیانی ئەو گروپ و کۆمەڵانەوە هەیە، بە ڕادەیەک یەکە زمانییەکانی ئاستی گەیاندنی هزر بە گوێرەی بواری دیارکراوی کەلتور دەگۆڕێن و دەکەونە ژێربارى سیما کەلتورییەکانەوە، کەلتوور((بەهەموو ئەو پلانانە دەگوترێت کە بەشێوەیەکی ئاشکرا یان شاراوە چ ژیرەکی یان ناژیرەکی یان دژەژیرەکی وەک سەرمەشقی ڕێبەری کردنی ڕەوشتی خەڵک لە هەموو سەردەم و دەورانێکدا ئافرێنراون)) (سورخی،ڕەحیم،٢٠٠٦: ١١١).

کەلتور خاوەنی چەند ڕەگەزێکە، بۆ سەردەمی جیاوازی ژیانی میللەتان دەگەڕێنەوە، هەر نەتەوەیەک خاوەنی کەلتوری تایبەتە بەخۆی، کە سەرچاوەی ڕەخساندنی ژیانێکی هاوبەشی تاکەکانێتی و دواتر دامەزراندنی سیستەمێکی کەلتوری، کە لەڕێیەوە توانیویەتی بوونی خۆی بسەلمێنێت و خۆی لەوانیتر پێ جیا بکاتەوە(سابیر، ڕەفیق،٢٠٠٨: ١٨). کەلتور پاشخانی مەعریفی و دونیابینی و داب و نەریت و زمان و ئەدەبی میللەتانە، کەلتور تۆماری کار و چالاکی و داهێنانی کۆمەڵێک، میللەتێکە بە درێژایی مێژوو کۆێ کردوەتەوە، کەلتور ئاوێنەیەکە میللەتانی تێدا دەبینرێتەوە.

بەلای هدسنەوە کەلتوور دووبەشە، بەشێکی وەرگیراوە و تاک لە کۆمەڵەوە وەریدەگرێت و پانتایەکی یادگە دەگرێتەوە، بەشێکیتری لە ئەزموونی تاکەکەسییەوە سەرچاوە دەگرێت، (حەمەڕەشید، ئارام،٢٠١٣: ١٠٧) دەکرێت، دواتر بگشتێنرێت و لە ناو کۆمەڵدا جێگیربێت، وەک دەربڕراوە چەسپاوەکان لە پەند و ئیدیەم.

کەلتور کۆی زانیاری و دونیابینی و ئاوەزمەندی و مەعریفەی تاکەکانی کۆمەڵە کە بەدرێژایی ژیانیان کۆیان کردوەتەوە و بەکاریانهێناوە، سیماو خەسڵەتی تایبەتی کۆمەڵەکەی گرتووە و پێی ناسراونەتەوە و لەوانی دی جیایان دەکاتەوە.

١-٢- ناو و شوێن و بیروباوەڕ و مێژووی کاکەییەکان

کاکەییەکان پێکهاتەیەکی هەرە کۆنی کوردستانن، شوێنی کاکەییەکان سنورێکی جوگرافی فراوان لەخۆدەگرێت، قەڵەمڕەوی یارسانی یەک پارچەیی نییە و دابڕانی جوگرافی لە نێوانیاندا هەیە((هەڵگرانی ئەم ڕێوڕەچەیە لە هەرێمی ئەلێزابث پۆل، چەند ناوچەیەکی کەفکاس، تورکیا، سوریا، هەروەها لە ئێراق و ئێران دەژین))(ڕۆستەم، ئەیوب،٢٠١١: ١٩٣). جیاوازی سنوور و دابەشبوونی جوگرافی یارسانەکان هۆکارێک

بووە بۆ ئەوەی بکەونە ژێر هەژموونی ئەو ئایین و ئایینزایانەی لە جوگرافیا جیاوازەکانی یارسانەکاندا هەبوون و بااڵدەستبوون، ئەم پێکهاتەیە بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی میژوویان ناویان گۆڕاوە(ئەهلی حەق، یارسان، عەلەوی، کاکەیی) ئەم ناوەی ئێستایان واتە (کاکەیی) لە دەورەی سان سەهاکدا پەیدابووە، کاتێک((بەپەیدا بوونی شێخ عیسێ و موسێیی بەرزنجی لە کوردستاندا کە ئەو کات لە هەمەدانەوە هاتنە کوردستانی باشوورو ناوچەی کرمانجی شارباژێر لە شوێنێکدا کە زنجی لێدەڕوا هەواریان گرت و خەڵکانێ لە دەوریان کۆبوونەوە کە دوو زاتی خواناسی بێ وێنەی ئەو دەمەبوون، لەناو ئەو ماڵە خانەوادەیە زاتێک پەیدابوو بەناوی سان سەهاک /سوڵتان ئیسحاقی کوڕی شێخ عیسا (٧١٦ ک/١٣١٦ ز). خەڵکانی کاکەیی لە دەوری کۆبوونەوە کە هەر لێرەدا بەناوی کاکەیی (کا) ناونران.)) (کاکەیی. هاشم:٢٠٢٤: ١٧٩).

کاکەییەکان زیاتر بە یارسانی ناسراون، یارساندیش بە مانای شوێن و مەڵبەندی یاران، یارانیش مەبەست لە شوێنکەوتوانی ئایینی(ئەهلی حەق)، بەاڵی کاکەیەکانەوە ئایینەکەیان واتە یارسانی یان ئەهلی حەق کۆنترین ئایینی سەرڕووی زەوییە، بیروباوەڕی ئەم ئایینە لەسەر بنەمای (دۆنادۆن)گواستنەوەی گیان(روح) دامەزراوە تا هەزار جەستە و ئینجا دەگاتە قۆناغی جاویدان، واتە نەمریی. ((یاران مەبەست لەو کەسانەن پێڕەوی ئەهلی حەق دەکەن، ئەهلی حەق یەکێکە لە ئایینە ڕەسەنە کۆنەکانی کورد، پێڕەوانی ئەم مەزهەبە باوەڕیان بە گەڕانی گیان و دۆنادۆن هەیە، لەسەر ئەو باوەڕەن کە کردگار(خودا) حەوت جار لە گێتیدا دەردەکەوێت و خۆی دەنوێنێت، هەرجارەی چوار فریشتە(یارانی چار مەلەک)ی لەگەڵدایە، خودا لەگەڵ ئەواندا یەکیتییەکی تەواو بێکەموکوڕی دروستدەکات))(خەزنەدار،٢٠٠١: ٥٤).

کاکەییەکان خاوەنی کتێبێکی پیرۆزن بە ناوی(سەرئەنجام)، ئەم کتێبە شەش بەرگە و بەاڵی (ئەهلی حەق)ەوە سەرەنجام واتە: کەاڵمی خەزانە، کەاڵم، ئەم شەش بەرگە بریتین لە(بارگەبارگە، دەورەی هەفتەوانە، دەورەی چل تەن، گاڵێم وەکۆڵ، دەورەی عابدین، وردە سەرئەنجام) ئەو شەش بەرگەی سەرەنجام کۆی سروودەکانی سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی کە لەاڵیەن گەورە پیاوانی ئایینی یارسانییەوە نووسراونەتەوە لە خۆدەگرێت.

یارسانەکان بروایان بە گواستنەوەی ڕووح(دۆنادۆن)هەیە، بەپێی ئەم بۆچوونە، مرۆڤ دوای مردنی ڕووحی دەچێتە تەنی گیان لەبەرێکیترەوە و بەو جۆرە تا هەزار

جار دەگوێزرێتەوە، ئیتر لە هەزار و یەکەم جەستەدا دەچێتە قۆناغی جاویدانیی و نەمرییەوە. بۆنموونە:

من جە تەریقەت ئاوم بی زەڵاڵ
وەنام خۆشێن ئامام وەڕووی کار
دویست ساڵ نەی وەر نەدوون مەولام
ئامەم وەبیسات وە شیرین کەلام
وەرگیراوە لە (روستەم. ئەیوب،۲۰۱۱: ۲۰۳)

لەو دەقەدا باسی هاتنی شاخۆشێن دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێش ئەم هاتنەدنیاوەی بە دووسەدساڵ لە(دوونی= تەن) مەولادابووم.

کاکەییەکان بڕوایان وایە، کە لە سەرەتای دروستبوونی گیتییەوە تا کۆتایی ۷۲ بارگەی خودایی دابەزییوە، سروودەکانی لەلایەن پیرێک لە پیرەکانەوە هۆنراوەتەوە و هۆکار و شوێنی دابەزینی بارگەکە ڕوونکراوەتەوە.

ئەهلی حەق باوەڕیان وایە کە یەکێک لە دەورە هەرە گرنگەکانی ئایینەکەیان دەورەی هەفتەوانەیە، ئەم دەورە وەک سروود لەسەر کێشی هیجایی دە بڕگەیی نووسراون، ناوەرۆکی دەورەکە باس لە خولقاندن و ئافەرینەکردنی حەوت فریشتەکەی سان سەهاک دەکات((خاوەندگار لەسەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی، وەک زاتی بەشەری چووەتە تەنی(جەستەی) سان سەهاکەوە، بەشێک لە ڕەوانی خۆی جیاکردووەتەوە بە مەبەستی ئافەریدەکردنی ئەمان واتە(سان سەهاک) و بازنەکانیتر لە گەورە موریدانی، سروودەکانی ئەم دەورە لەلایەن ژمارەیەک لە ڕابەران و پیرانی یارسانەوە نووسراون لەوانە (سان سەهاکی بەرزنجی، خەلیفە عەزیزی سلێمانی خەلیفە داودی کۆسوار...تد))(ئەمینی، محەمەد رەشید،۲۰۱۹: ۱۲

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سەردەمی سان سەهاک سەردەمی بووژانەوەی کاکەییە لە فۆرم و بەرگێکی نوێدا، سان سەهاک کوڕی شێخ عیسێیە (عیسێ و مۆسێ) دوو پیاوچاکی موسوڵمان بوون لە هەمەدانەوە کۆچیان کردووە و لە بەرزنجە نیشتەجێ دەبن و خەڵکی لە دەوریان کۆدەبنەوە، ((دیارە پەیدابوونی ئەم زاتە (چاوەڕوان کراوە)(مەبەست لە سان سەهاکە) گەورەترین دەرگای خێرو خۆشی بۆ کاکەیی کردەوە، بە سەردەمی زێڕینی بوژانەوەو ژیانەوەی ئەو خەڵکانە لە قەڵەم دەدرێت کە بە درێژای مێژووی ناوچەکە لە بزاڤـ و سەرهەڵداندا بوون، سان

سەهاک ئەو ڕێبەرە گەورەیە توانی گۆڕانکاری بەسەر دەورەکانی پێش خۆی بهێنێت، کە بە ناوزی و شاخۆشین دەناسران، سان سەهاک ڕێڕەو و ڕێبازێکی سۆفیزمی گونجاوی خواپەرستانەی بناغە دانا لە شارۆچکەی (پردێوەر)ی نەسود. موریدانێ زۆری کەمەندکێش بوو لە شارەزورو هەردوو هەورامانی تەخت و لهۆن و بەو ناوچانەدا شۆڕبوەوە، لێرەدا کاکەییان ڕەنگو بۆی بیری موسڵمانێتیان لە خۆگرت، زیاتر بیرو باوەڕی دەرویشی و زاراوەکانی تەسەوف لەناو نووسراوەکانیاندا دەبینرێت، کەچی ٣٠٠ ساڵ پێش پەیدابوونی سان سەهاک تامو بۆنێکی تر لە نووسراوەکانی شاخۆشین لوڕستانی و بابانەوزی سەرگەرتی هەست پێدەکرێت، تا دەرکەوتنی بنەماڵەی ئەردەڵانییەکان، کە بابا ئەردەڵان بە دامەزرێنەری ئەم ئیماراتە دەژمێردرێت و زمانی ڕەسمی بەڕێوەبردن و دینی ئیماراتەکە (ماچۆی هەورامی _ گۆران) بوو، بابانەکانیش هەر لەمانەوە چەکەریان کردووە.))(کاکەیی، هاشم، ٢٠٢٤. لە ئایینی یارسانیدا چوار بۆنە وەک جەژن هەن، کە بریتیین لە :١-جەژنی نەورۆز ٢-جەژنی خاوەن کار ٣-جەژنی قەولتاس ٤-جەژنی ماڵ بالویل. هەر جەژنێک سەرەتای وەرزێکی ساڵە، واتە یارسانەکان بۆ سەرەتای هەر وەرزێک جەژنێکی تایبەتیان هەیە، لە بیروباوەڕی یارسانەکان پەیوەست بە جەژن پێیانوایە وەرزی بەهار تایبەتە بە پیرداوودی کەوسوار، لەو ڕۆژەدا پیرداود دەسەڵاتی وەرزی بەهار دەگرێتەدەست، وەرزی هاوینیش تایبەتە بە پیر بنیامین و وەرزی پایز تایبەتە بە پیر موسییە و وەرزی زستانیش تایبەتە بە پیر موستەفای دەودانییە، لەو جەژنانەدا یارسانەکان جەم دەگرن و پەرستشی بە کۆمەڵ دەکەن))(زەحمەتکێش، نیعمەت، دیدەنی، تاران).

ئایینی یارسانی کاکەیی سێ پلەیە.

١- باوەسەید کاراکتەری یەکەمە و کاروبارە فەرمی و بڕیارەکانی جەنگ و ئاشتی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و سروتە ئاینییەکان لە باوەوە وەردەگیرێن، پەیوەست بە سەید وەک تۆژێکی پێش باوە کە هەندێ لەسەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەوا لە دیدەنییەکانماندا لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی کاکەیی لە چینی باوە و عام جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە سەید هێنراوەتە ناو ئایینی یارسانییەوە و مێژوویەکی زۆر کۆنیشی نییە بەراورد بە مێژووی ئایینی یارسانی.(باوەحەمید،دیدەنی، کەلار،٢٠٢٥)

٢- مام کەسی دووەمی دوای باوەیە و هەڵسوڕینەری فەرمانەکانی باوەیە، واتە دەکرێت وەک خەلیفە سەیربکرێت

٣- عام ئەو کەسانەن کە زیاتر شوێنکەوتووی باوەن و خۆیان بە خزمەتکاری مالّی باوەن دەزانن. (ڕۆستەم، ئەیوب، ٢٠١١: ٢١٣).

هەر پەیوەست بە ئایینی کاکەیی(یارسانی) چینەکانی یارسانەکان لەسەر بنەمای ئایینی بەمشێوەیە دابەشکراون :

١- چینی یەکەم کە زیاتر ئەوانە دەگرێتەوە کە ڕوحی خوا(کردگار)یان تێچووە. لەوانە : بالوولی دانا، بابا سەرهەنگی دەودانی، شاخۆشێنی لوڕستانی....)

٢- پیر، ئەو کەسەیە کە سەرپێڕەسپێردرێت و پلەی دووەمە لە ئایینی یارسانیدا.

٣- دەلیل، ڕووناککەرەوە و ڕێپیشاندەری بەرنامەی ئاینییە بە شوێنکەوتووان تا بە پیریان دەسپێرێت.

٤- سەرجەم، دوعا خوێنە بەسەر ئەو شتانەی دەکرێن بە خێر و نەزر و قوربانی.

٥- خەلیفە، ڕێکخەر و دابەشکاری ئەوشتانەن کە دەکرێنە خێر و نەزر، پشکەکان وەک یەک بە گوێرەی ژمارەی خەڵک دابەشدەکرێن.(سەرچاوە پێشوو)

دووەم : ناوی کاکەیی:

کاکەیی وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد(یارسانی، ئەهلی حەق، کاکەیی، عەلیئیلاهیی)یان پێدەوترێت، هەر یەک لەو ناوانەش لە قۆناغ و سەردەمێکدا بووە، ئەمەش بەڵگەی کۆنی ئەم ئایین و تایفەیە((هۆز و تیرە و کۆمەڵانێ کە لەسەر ئایینی یارسانین ناوی جیاوازیان هەیە، وەکو دەردەکەوێ گونجاوترینیان (یارسان)ە بەڵام خۆیان بە خۆیان دەڵێن (ئەهلی حەق)کەچی هاوسێ موسوڵمانە سوننییەکانیان پێیان دەڵێن(عەلی ئیلاهی) ئەم ناوە بەهیچ جۆرێ لەگەڵ ڕاستی ناگونجێ، چونکە عەلی یەکێکە لەوانەی کە گیان چووەتە لەشی و بۆ چاککردنی باری ژیانی خەڵکی هاتووەتە سەر ڕووی زەوی))(خەزنەدار،٢٠٠١: ٥٥). لە ئێستادا زیاتر بە کاکەیی ناسراون و ئایینەکەیان یارسانییە، پەیوەست بە ناوی (کاکەیی) ئەوا بۆچوونی جیاواز هەیە، وشەی کاکە لە زمانی کوردیدا وەک نیشانەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ ڕێزلێنان لە برای گەورە بەکاردێت (خاڵ، ٢٠٠٥: ٣٥٤) وەک، (کاکەم وتی) واتە براگەورەکەم وتی، هەندێجاریش دیسانەوە بۆ ڕێزلێنان لەگەڵ

ناویکەدا بەکاردێت بە مەبەستی بانگکردن، وەک (کاک هیوا.....)، دروستەی وشەی (کاکە) دووبەشە (کاک+ ە) کاک سەرباری واتای بنەڕەتی کە برای گەورەیە وشەکە بە مانای بەفر، سەهۆڵ، سارد، دێت، هەروەها ناوی جۆرە شیرینییەکە لە کرماشان دروست دەکرێت(ڕۆحانی، ماجد مەردۆخ،١٣٩٧: ٢٠٦٧). مۆرفیمی(ە) فرە ئەرکە وەک مۆرفیمی ناسراوی، جێناوی کەسی دووەم لەگەڵ کرداری داخوازیدا، ئامرازی لێکدەر(گوڵەگەنم) لە وشەی٠کاکە)دا مۆرفی(ە) بۆ بانگکردن بەکاردێت. بەپێی دەوروبەریش واتای جیاواز دەگەیەنێت.

بۆچوونێکی تر پێی وایە وشەی کاکەیی لەسەردەمی سان سەهاکەوە سەریهەڵداوە، ئەوەش ڕووداوگەلووکی لە پشتەوەیە، کە تێیاندایە دەچێتە خانەی موعجیزە و کەراماتەوە، بۆنموونە لەیەکێک لە گێڕانەوەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە سان سەهاک لەگەڵ شێخ عیسێی باوکیدا خەریکی بنیاتنانی نزاگەیەک دەبن، لەکاتی داڕاکردنیدا یەکێک لە ڕایەڵەکان کورت دەبێت، سان سەهاک بە براگەورەکەی دەڵێت کاکە بیکێشە، وەک دەگێڕنەوە دارەکە دەکشێت و دەچێتە ئاستی ڕایەڵەکانیتر، ئیتر لەوکاتەوە ناوی کاکەیی بڵاودەبێتەوە بۆ زیاتر بڕوانە(هەورامانی، محەمەدئەمین(١٩٨٤: ٦٧)(ڕۆستەم،ئەیوب(٢٠١١: ١٩٦) هەروەها لە دیدەنییەکانیشدا ئەم گێڕانەوەیە پشتڕاستکراوەتەوە (باوە حەمید، دیدەنی). پەیوەست بە ناویی کاکەیی و سەرهەڵدانی لەسەردەمی سان سەهاک و بەتایبەتی کاتێک داوا لە حەوت کورەکەی دەکات، کە دەستگیری یەکتر ببن و ئەوانیش وادەکەن و یەکیان بەوتیر دەڵێ کاکە، ئیتر کاکەیی لەوکاتەوە دەردەکەوێت و لە چەند دەقێکی دەورەی حەوتەوانەدا وشەی(کاکا) هاتووە، بەتایبەتی لە دەستگیرکردنی(دەست یەکگرتنی) براکانی سان سەهاکدا ناوی کاک بەکاردەهێنن:

میرمەرەمۆ:
زاتمەن شیفا.....
کاکا نە ئەزەل زاتمەن شیفا
چا دیوان وەدەر ئەو شەرت و صەفا
دەستگیرۆ شەرتمەن، زات سەید مستەفا
سەید مستەفا مەرەمۆ:

زاتمەن بێهەد.....
کاک نە ئەزەڵ زاتمەن بێهەد
نەژێر ساجی نار، دیوان واحید
دەستگیرۆ شەرتمەن، زات سەید محەمەد (هەورامانی» ١٩٨٤: ٧٢).

بەو شێوەیە هەموویان بەردەوام دەبن و وتەکانیان بەدستگیرکردنی دووبارە دەکەنەوە، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی وشەی کاکەیی لەسەردەمی سان سەهاک و دابڕانی بەسەر ناوی پێڕەوانی ئەهلی حەق یان یارسانەکاندا لانی کەم لە کوردستاندا، چونکە جوگرافیای یارسانی زۆر فراوانە و پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد تەنها لە کوردستان کاکەییان پێدەوترێت و لە ناوچەکانیتر زیاتر ئەهلی حەقیان پێدەوترێت.

لەبارەی ناوی کاکەییەوە بۆچوونیتریش هەن، بۆنموونە، کاتێک فتوحاتی ئیسلام دەستپێدەکات سوپای موسوڵمانان دەگەنە کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە کورد بە دیل دەگرن، سەرنجیان دەدەن لە ئاخاوتنیاندا وشەی (کاکە) زۆر بەکاردێنن ئیتر هەر بە ناوی کاکە بانگیان دەکەن، کاتێکیش بەشێک لە کوردەکان ڕوودەکەنە لای شێخ عیسێ و موسێ هەر بە کاکەیی دەناسرێنەوە و ئیتر ناوەکەیان بەسەردا دەبڕێت (عەلی شکور کاکەیی، دیدەنی). بەڵام توێژینەوە ئەم بۆچوونە بەلاواز دادەنێت و پێناچێت دروست بێت، چونکە جیاوازی زەمەنی نێوان فتوحاتی ئیسلامی لە کوردستان و دەرکەوتنی ناوی (کاکەیی) زۆرە و نزیکەی ٦٠٠ ساڵ دەبێت. هەروەها عەباس ئەلعەزاوی ناوی کاکەیی بە ناوی(الاخوة)ی ئیسلامییەوە دەبەستێتەوە کە ناوی چەند ڕێکخراویک بوونە لە عێراق و تورکیا و ئێران دروستبوونە و ناوەکەش پاڵپشتە بە ئایەتێک کە دەفەرموێ(انما المؤمنون اخوة) واتە باوەڕداران برای یەکن وشەکە لە (الاخیة)وەرگێڕدراوە(هەورامانی،١٩٨٤: ٢٤). کە بە بۆچوونی زۆرێک لە سەرچاوەکان ئەمە بۆچوونێکی لاوازە.

لەڕووی زمانەوانییەوە (کاکەیی) ناوێکی داڕێژراوە، لە ناوی(کاک+ە+ یی) پێکهاتووە بۆ زیاتر بڕوانە(حاجی مارف، ئەوڕەحمان،١٩٧٩: ١١٥). بەڵام پێویستە بۆ زیاتر ڕوونکردنەی پێکهاتەی ناوەکە بگەڕێینەوە بۆ لایەنی ئیتمۆلۆجی وشەی(کاکە).

وشەی کاکە بەپێی هەندێ لێکدانەوەکان لە ئاڤێستادا هاتووە، بەڵام بە فۆرمی جیاواز ((لە ئاوێستادا وشەیەک بەم ڕووالەتە(واتە: گائاکە، گەئاکە،گائەکا) بۆ ناو و بۆ ئاوەڵناو

بۆ (نێر) بۆ (مێ) بەکارهاتووە، کە واتای (گەورە)، (مەزن)،(چاودێری کەر)،(سەرۆک) دەدا))(هەورامانی، محەمەد ئەمین،١٩٨٤: ٦٥). کەواتە فۆرمە جیاوازەکانی(گائاکە، گەئاکە،گائەکا) واتای گەورە و مەزنیان گەیاندووە، بە ڕەچاوکردنی گۆڕان لە زماندا کە دیاردەیەکی حەتمییە و هیچ هێزێک ناتوانێت ڕێگری لە ڕوودانی بکات،(محەمەد، دارا حەمید، ٢٠١٠: ٢٧) دەکرێت وشەی کاکە فۆرمی گۆڕاو و نوێی وشە ئاڤێستاییەکان بێت کە هەمان مەبەستی گەورە و مەزن و سەرکردە دەگەیەنێت. هەر بە بۆچوونی هەورامانی پاشگرەکانی(کا، کە) کە بە کۆتایی ناوەکانەوەن ئاماژەن بۆ ڕەگەزی ناوەکە و (کە) کۆتایی وشەکانی(گائاکە، گەئاکە) ئاماژە بۆ کاکە واتە ڕەگەزی نێر، بەڵام(کا)ی کۆتایی(گائەکا) ئاماژەیە بۆ دادە واتە ڕەگەزی مێ))(هەورامانی، محەمەد ئەمین،١٩٨٤: ٦٥). هەروەها دەکرێت وشەی کاکە لە ناوی(کەی) کە ناسناوی پاشایانی مادەکان بە مانای پاشا هاتووە وەرگیرابێت.

٢- کەلتوور و زمانی کاکەیی

٢-١- کەلتووری کاکەییەکان

پێشتر ئاماژەمان بۆئەوەکرد کە کەلتوور کۆی چالاکییە هەمەچەشنەکانی میللەتێک، گروپێک کۆمەڵێکە، کە دایانهێناوە یان وەریانگرتووە و پێوەی پابەندن و شانازیشی پێوەدەکەن، بەمشێوەیە کەلتووری کاکەیی کۆی زمان و ئەدەب و بیر و باوەڕ و دابونەریت و پیشە و خانوو، ماڵ...تد دەگرێتەوە. تایبەت بە زمان و ئەدەب لە پاری دووی بەشی دووەم بە وردی لەسەری دەوەستین لەمپارەشدا جەخت لەسەر هەندێ لایەنی کەلتووری کاکەییەکان دەکەینەوە، وەک :

١-پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کاکەیی: دابەشبوونی چینایەتی لەناو کاکەییدا لە پلە ئایینییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە پلە ئاینییەکانی وەک (باوە، مام، عام) هەمان چینی کۆمەڵایەتی کاکەیی پێکدەهێنن.(حەمید کاکەیی، دیدەنی، ٢٠٢٥)

٢-جەم، کەلتوورێکی کاکەییە و سیمای ئایینی هەیە، ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا هاتووە و واتای کۆڕ و کۆبوونەوەی گەیاندووە، پێدەچێت وشەی(جمع)ی عەرەبی لە وشەی(جەم)ی ئاڤێستاییەوە وەرگیرابێت، هەرچەندە هەندێ لە زمانەوانان پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە و وادادەنێن کە (جەم) لە (جمع)ی عەرەبییەوە هابتێت بەڵام بە بەڵگەی ئەوەی لە ئاڤێستادا هاتووە ئەو راستییە ساغ دەبێتەوە، کە وشەکە عەرەبی نییە.(هەورامانی،١٩٨٤: ١٢٠) وشەی جەم هەتا ئەمڕۆش لە چەند ناوچەیەکی

باشووری کوردستان وەک شـارەزوور، هـەورامـان، گەرمیان، بۆ هەمان واتای ئاڤێستایی بەکاردێت، بۆنموونە دەوترێت (کوڕگەل جەمبوون، یان دەوترێت گوڕگەل جەمۆبوون، هەڵبەت (جەمۆ) هەر فۆڕمی (جەم)ە بە هەندێ گۆڕانکاری فۆنۆلۆژییەوە، کە تایبەتمەندی فۆنۆتاکتیکی زار و شێوەزارەکانە، ئەوەش دیاردەیەکی سروشتییە لە زماندا، بەتایبەتی لە شێوەزاری گەرمیاندا پاشگری(ەوە) دەگۆڕدرێت بە پاشگری(ۆ) دەچێتە سەر چەندێ ناو یان ئاوەڵناو لە بەکارهێناندا، بۆنموونە (کەمەوە بوون- کەمۆبوون) (جوانەوە بوون _ جوانۆبوون)(پاکەوە بوون- پاکۆبوون). ئێمە پێمانوایە، پاشگری(ەوە)فۆڕمی گۆڕاوی پاشگری(ۆ)ی هەورامییە نەک بە پێچەوانەوە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی پاشگری(ۆ) لە تێکستە کۆنەکانی هەورامی و یارسانەکاندا هاتووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(حبیب الله، جەمال،٢٠٢٢: ٨٤- ١٧١).

جەمبوونی یارسانی سیمایەکی ئایینی هەیە و دوو واتا و مەبەست دەگەیەنێت (کۆبوونەوە) و(جەژن) جەژن دوای سێ ڕۆژ ڕۆژوو گرتن دەبێت و جەم دەبن و جەژن دەکەن و چێشتی جەژنیش تەنها کەڵەشێر و برنج و شیرینی و نانە((جەم لای یارسانەکان زۆر پیرۆزە و بۆ هەر مەبەست و ئەرکێکی دینی بێت(جەژن، نیازکردن، سەرسپاردن) جەم دەبەستن، جەمیش چ وەک ئەو جیگای تێیدا دەبەسترێت، چ وەک کۆبوونەوە لە هەموو تێکستە پیرۆزەکاندا بایەخیدراوەتێ و قسەی لەسەر کراوە، بۆنموونە بە پەناگە و جێگەی چاکان لە قەڵەمدراوە وەک لەم دووبەیتەدا هاتووە:

پەناگەش هەیبەت جەم ڕاسانەن
جەم مەکانی هەق ڕاگەی خاسانەن

جەمیش هەمان ئەو جەمەیە کە سان سەهاک لە پەردیوەردا بەستوویەتی، بڕواشیان وایە هەموو جەمێک نموونەی هەمان جەمی سان سەهاکە. (روستەم، ئەیوب، ٢٠١١: ٢٠٩).

جەم جۆرێکە لە پەرستن، کاکەییەکان یان یارسانەکان پیرەوی دەکەن((جەم واتە عیبادەتی بە کۆمەڵی یارسانەکان، ئەم پەرستنە لەلایەن ژنان و پیاوانەوە بە جیا ئەنجام دەدرێت، واتە ژنان و پیاوان پێکەوە ئەم پەرستشە ئەنجام نادەن، جەمێک بۆ پیاوان هەیە و جەمێکیش بۆ ژنان، هەروەها کاتەکانیشیان جیاوازە واتە جەمێک بۆ ژنان لە ڕۆژێکدا و ڕۆژێکەیتر جەمێک بۆ پیاوان دەبێت،))(زەحمەتکێش، نعمەت، دیدەنی، تاران).

جەم خاوەنی چەند سیما و تایبەتمەندییەکە، لەوانە:

یەکەم: جەم پەرستنێکە بە کۆمەڵ دەبێت و یارسانییەکان هەرگیز عیبادەتی تاکییان نییە.

دووەم: هەمیشە لە جەمدا خواردنی حەڵاڵ و ئامادەکراو واتە کوڵاو هەیە، ئەو خواردنانەش لە جەمەکاندا دابەشدەکرێت پێیدەڵێن، نەزری، لەکاتی دابەشکردنی نەزرەکاندا یارسانەکان سوپاسگوزاری خوای گەورە دەکەن بۆ فراوانکردنی ڕزق و ڕۆزی خۆی بە مرۆڤەکان.

سێیەم: لە زۆربەی جەمەکاندا تەمور بوونی هەیە، یارسانەکان لەکاتی عیبادەتەکانیاندا گوێ رادێری تەموردەبن. تەنها ئامێرێک کە ڕێگەپێدراوە ببرێتە ناو جەمەکانەوە تەموورە، لە جەمەکاندا دەژەنرێت. تەموور، ئامێرێکی میوزیکی کۆنی کوردییە، لە بەشێکی زۆری کەلتوور و نەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتی یارسانەکاندا بەشدارە،

چوارەم: کەسێکی شارەزا لە کاتی جەمەکاندا لەگەڵ تەمورژەنیندا، سروتە ئایینییەکان دەڵێتەوە، سروتەکانیش زیاتر ئامۆژگاری و پاڕانەوە و نزاکردن و ستایشی خوای گەورەیە و بەکۆمەڵ دەخوێندرێتەوە.

پێنجەم : جەمەکان زیاتر ئێوارانی پێنجشەممە دەبەسترێ، سروتە ئایینییەکانی یارسانەکان بە زاری گۆران دەخوێنرێن،.))(سەرچاوەی پێشوو) لەمڕووەوە توێژینەوە بۆچوونی جیاوازی هەیە و لە پاری دوودا خراوەتەڕوو.

٣-ژن و ژنخوازی، کەلتووریکی کۆنی مرۆڤایەتییە و لە هەموو کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا ئەنجام دەدرێت، بەڵکو سەرچاوەی سەرەکی مانەوەی مرۆڤە لەسەر زەوی، لەناو یارسانەکاندا تایبەتمەندییەکی هەیە ئەویش ئەوەیە ژن و ژنخوازی لە نێوان یەک چینی کۆمەڵایەتیدا دەبێت، پێشتریش ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە چینە کۆمەڵایەتییەکانی کاکەیی لە پلە ئایینییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە واتە(باوە، مام، عام)، پێدەچێت هەر ئەو پلە ئایینییە کۆسپی بەردەم ژن و ژنخوازی نێوان چینەکانی کاکەیی بێت، چونکە بۆنموونە باوە هەرگیز نە ژن لە چینی مام و عام دەخوازێت نە ژنیان پێدەدات، هەروەها چینەکانیتریش، ئەمەش زۆرجار سەرچاوە گرفتی کۆمەڵایەتییە وادەکات ژن خواستن و خێزان پێکەوەنان لە ناو کاکەییەکاندا ئاسان نەبێت.

٤-پیشە، سەرچاوەی ژیانی کۆمەڵی مرۆڤە، کاکەییەکان بە حوکمی دابەشبوونی جوگرافی فراوانیان بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا، خاوەنی پیشەی زۆرن، وەک

هەر کۆمەڵێک کاکەییەکان سەرەتا خەریکی ڕاو و شکار و ئینجا کشتوکاڵ کردنبوون، لەم ڕووەوە توێژەر خۆی سەردانی(داڵەهۆ)ی کردووە کە ناوەندو شوێنی سەرەکیی کاکەییەکانە، بەشێک لە ژیان و گوزەرانی کاکەییەکانی بەسەرکردووەتەوە پیشە کوردەواریەکانی وەک کشتوکاڵ، باخداری و ئاژەڵداری و چنین و دروماڵ وەک پیشەی ماڵەوە لای کاکەییەکان بەردەوامە.

ی-ئەفسانە: یارسانەکان خاوەنی گەنجینەیەکی پر بەهای ئەفسانە و دەقی ئەفسانەیین، تەنانەت بەشێکی بیروباوەڕەکانیان هەمبەر دروستبوونی گەردوون و خودا و....، دەچنە خانەی ئەفسانەوە(موکری،محەمەد»٢٠٠٨: ١١٧)، پەیوەست بە دروستبوونی گەردوون(کەون) یان لە هەندێ ئەفسانەیاندا بە (لەدایکبوون)ی ناودێنن، بەڵکو پێیان وایە کە ڕووداوە مێژووییەکان دەکرێت سەرچاوەی هەندێ ڕووداوی گەردوونی بن بەتایبەتی پلە و پایە و پەیوەندی و پەیمانی پەرییەکان لەگەڵ خودادا بەشێکی ئەفسانەکانیشیان لە جەمەکانیاندا دەخەنەڕوو. بۆ زیاتر بڕوانە (سەرچاوەی پێشوو:١١٨). بۆ نموونە وشەی(یا) وەک ناوێک بۆ پەروەردگار(خودا) بەکاردێن، لە ئەفسانەی دروستبوونی جیهانی ڕوحی و جیهانی و مادی (ماتریالی) یارسانەکان بڕوایان وایە کە خودا سەرەتا لە دوڕێکدا ژیاوە کە لەناو ئوقیانووسێکدا بوو کە خودا بۆخۆی دروستیکردبوو، دواتر لە شانامەی حەقیقەتدا هاتووە((لەو دەمەدا نە ئەرز هەبوو، نە ئاسمان،نە جیهان، نە حۆر(فریشتەکان)، نە ئەستێرەکان، نە خۆر، نە مانگ، تەنها جەوهەری پەرستراو واتە خودا کە تەنها وەک(یا)هەبوو. هەتا دەگاتە..لەم سەردەمە هیچ بوونەوەرێک جگە لە هەقیقەتی مەزن و باڵا بوونی نەبووە، جێگای ئەو لەناو دوڕێک بووە، جەوهەری ئەو شاردراوەبووە، دووڕەکە لەناو سەدەفیک بووە، سەدەفەکەش لەناو دەریابووە، شەپۆلەکانی دەریاش هەموو شتێکیان داپۆشیوە)) (سەرچاوەی پێشوو). ئەفسانەکانی یارسان زۆرجار لە بیروباوەڕ و کەلتووریانەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ نموونە لە ئەفسانەیەکی یارسانیدا بە ناونیشانی شەوی گاڤارە وەکۆڵ باسی بەشێک لە کەلتووری کارو پیشەو وەرز و جەم و جەمخانە) هاتوون: شەوی گاڤارە وەکۆڵ، سەرەتای بەهاری کوردی، گەرمیانیان لە ساڵانی زۆر کۆنی ڕابـردوو، کوردانی یارسانی تاکو ئێستاش دوایین ئێوارەی زستانی گەرمیانی، واتە شەوی سیهەمین ڕۆژی بەفرانبار بە پیرۆز دەزانن، وێڕای ڕێکخستنی جێژن و دابەشکردنی نەزر و نیاز و پێکهێنانی جەم لە جەمخانەکاندا دەستدەکەن

بە پەرستشێک بە زمانی کوردی بە نێو شوکر گوزاری لە خوای مەزن و فریشتەی بەهار، واتە داودی کەوسوار بۆ بەخشینی خێر و بەرەکەتی کشتوکاڵی بە خەڵک. گێڕانەوی زەحمەتکێش ٢٠٢٤

لە نموونەی (ئەفسانەی گاڤارە وەکوڵدا) دا کە چیرۆکێکی ئەفسانەییە، دەربڕینەکانی (گاڤارە وە کۆڵ، گەرمیانیان، کوردانی یارسان، زستان، جێژن، جەم، جەمخانە....تد) هەن کە بەشێکی بیروباوەڕ و کەلتووری کوردی و بەتایبەتی یارسانی پێکدەهێنن.

٢-٢-زمانی کاکەییەکان

زمانی یارسانەکان، زارێکی کوردی پاراوە، سیمای زمانی تێکستەکۆنەکانی یارسانیان پاراستووە، دەنگە کوردییە ڕەسەنەکانی وەک (ڤ، ژ،گ،) لە دەربڕینەکانیاندا بەکارهاتووە، ئامرازەکانی(ژ،جە= لە) بەکارهاتووە و وشەی کوردی ئاوێستایی ڕەسن لە زمانەکەیاندا ماوە و بەشێکی زۆری وشەوەرگیراوەکانی وەک فارسی و عەرەبی خراونەتە ژێر فۆنۆلۆژی کوردییەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(هەورامانی، محەمەد ئەمین»١٩٨٤/ ٢٧٦). زمانی کاکەییەکان ماچۆیە، وشەی ماچۆ واتە (ئەڵێن)، ماچۆزمانیش مەبەست لە هەورامییە، چونکە خودی ماچۆ بە هەورامییەکان دەڵێن. جیاواز لە گۆران، کە ئێستا بەو زارە دەوترێت کە بەلای هەندێ لە زمانەوانانەوە شێوەزارەکانی(هەورامی، بەختیاری، مامەسانی،) دەگرێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە(حەمەخورشید، فوئاد، ١٩٨٤: ٤٠) لە ڕاستیدا ئەو شێوەزارانە و شێوەزارەکانی باجەڵان، زەنگەنە، یارسانی، جەباری، شەبەک، هەموویان هەورامین، چونکە هەورامی زۆر لە گۆران کۆنترە، دەرکەوتنی گۆران نوێیە، بەڵام دەرکەوتنی هەورامی زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان((هەورامان ناوچەیەکە لەسەروکڵاوی ئەشکانییەکاندا ئەم ناوەی بەسەردا بڕاوە، خەڵکەکەی لەنەتەوەی مادن، زمانەکەشیان هەمان زمانی میدی کۆنە و پاشان ناوی زمانی ئاوێستایی هەڵگرتووە))(ڕۆستەم، ئەیوب،٢٠١١: ٢٤). بەڵگەی کۆنی هەورامان زۆرن، بۆ نموونە سێ قەوالّە دۆزراوەکە، وەک ((د. محەمەد عەلی سوڵتانی لە بەرگی یەکەمی(ایلات و طوایف کرمانشاهان) دا ئەوە دەخاتەڕوو، کە لە ساڵی ١٩١٠ لەلایەن کەسێک بە ناوی(سەید حسێن)ەوە سێ قەوالّە لە ئەشکەوتی(کێوی کۆسالان) نزیک هەورامان دۆزراوەتەوە، مێژووی دووانیان بۆ سەردەمی بەهمەنی یەکەم دەگەڕێتەوە، کە لەنێوان ساڵانی(٢٢-١٣)پ.ز.

نووسراون)) وەرگیراوە لە(سەرچاوەی پێشوو: ٢٧). بەشێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یەکێک لە قەوالّەکان بە زمانی کوردی شێوەزمانی هەورامی نووسراون و دوو قەوالّەکەی تر بە زمانی گریکی کۆن نووسراون، ئەوەی مەبەستی توێژینەوەکە بێت دەرکەوتنی کۆنی زاری هەورامییە بە بەراورد بە (گۆران) کە دەرکەوتنی لەسەدەی شازدەهەمەوە دەستپێدەکات.

زاری هەورامی هەڵگری کۆمەڵێک سیماو تایبەتمەندییە، کە لە شێوازی ئاخاوتنی یارسانەکاندا هەتا ئەمڕۆش ماوە، توێژەر بەدواداچوونی بۆ ئەو حاڵەتەکردووە و ڕاستی بوونی بەشێکی تایبەتمەندی و سیماکانی زاری هەورامی بەتایبەتی لە ئاستەکانی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجیدا لە شێواز و ئاخاوتنی یارسانەکان بە تایبەتی یارسانەکانی گەرمیاندا بەدیکردووە.

لە تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجییەکانی زاری هەورامی بوونی دەنگی(ێ) لە جێی دەنگە(وو) کە لە ئەمڕۆدا بەکاردێت، وەک: بوو ـــ بێ، ئەوەش دۆخێکی ڕێزمانییە بە تایبەتی لە چاوگی(بێیەی- هەبوون)دا دەردەکەوێت و بۆ ڕەگی کردارەکانی کرداری(هەبوون) دەگەڕێتەوە کە لە هەورامیدا سێ جۆرن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(هەورامانی، محەمەدئەمین،١٩٨٤: ١٩٧) بۆنموونە :

بێ+م = بووم دەربڕینەکەی = بیم خانوویەکەم بی

بێ + ت = بووت دەربڕینەکەی = بیت خانوییەکت بی

ئەگەر لەو کرداره وردبینەوە دەبینین لە سروتە ئاینییەکانی یارسانەکان و شیعری شاعیرانی یارسانیدا بە هەمان فۆرم هاتووە. بۆنموونە:

لە کەڵامی پەردیوەری لاپەڕە٢٢-٢٣ دا هاتووە:

داود دەست بەرد نە ژێر قاڵیجەی قودرەتی

مشتێ خاک شانا ئەو ڕووی قۆشە و چیچکی

سێ شەو و سێ ڕۆژ بی وە تاریکی

یۆیۆشان بڕی خارجی و تەمکی

تەمە ڕەماوە بی وە ڕۆشنایی

نیشان نە بای سێ ڕۆزە و دەعوەت پاشایی

وەرگیراوە لە(هەورامانی، محەمەد ئەمین١٩٨٤ :١٥٢)

هەروەها لە نموونەکانی:

- نانم بی= نانم بوو
- ئاویم بی = ئاوم بوو

کرداری (بی) دەکرێت لەگەڵ جێناوەکەسییەکاندا بەکاربێت، بۆ زیاتر بڕوانە(حبیب الله، جمال،٢٠٢٢:٣٢١). ئەو دەربڕینانەش بە ئاشکرا لە ئاخاوتنی یارسانەکاندا بەدی دەکرێن.

کرداری(بی) لەو دەقەی سەرەوەدا دوو دەرکەوتنی هەیە بە ماناکانی(بوو) هاتووە، لەمڕۆشدا ئەو دەرکەوتنە لە ئاخاوتنی یارسانەکاندا بەدی دەکرێت، بۆنمونە :

-ئالان بییە مامۆستا = ئالان بوو بە مامۆستا

-جێگۆڕکێی دەنگەکان یەکێکە لە سیماکانی زمانەوانی و لە هەموو زمانانداا ڕوودەدات. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە زمانی یارسانەکاندا بە بەراورد بە ئێستای زمانی کوردی سیمایەکی تایبەت هەیە لە بەشێک لە ناو و دەربڕینەکاندا بۆنموونە:

جیگۆڕکێی دەنگەکانی(ب – و)

واران= باران

دەوێ= دەبێ

وە زمان = بە زمان

هەروەها لە ڕێژەی کرداری ڕابردووی ڕاگەیاندنداا وەک:

باری = واری ئیسالّ وارانی فرە واری بۆ زیار بڕوانە(حیبی الله. جمال،٢٠٢٢: ١٩٢)

ئەم تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجییە لە شیعری کۆنی یارسانەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، بۆنموونە

بالوا زاتیوەن زات یەکانە

عامیان ماچان بالوول دێوانە

کێ دیوانە وەی تەور دانابۆ

مەگە و نە مەیدان گەردوون زانا بۆ وەرگیراوە لە ڕۆستەم، ئەیوب،٢٠١١: ٢٠٠).

هەندێ لە ئامرازەکان لە ئێستاشدا لە شێوەزاری یارسانەکاندا بەکاردێت وەک (چەنی)

-چەنی یاران = لەگەڵ هاوڕێیان(دۆستان) ئەم ئامرازە لە تیکستەکانی یارسانەکاندا هاتووە بۆ نموونە:

پیرە ڕەنگینە،.....
ئەز چەنی تۆما، پیرە ڕەنگینە
چەنی خالیق بێچوونتۆ پێوەنینە
ساتۆ بۆ گاوم وەگاو یارییوە بووینە
وەرگیراوە لە(هەورامانی» ١٩٨٤: ٢٧٧).

ئەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشتیینە ئەم ئەنجامانە:

١-کارکردن لەسەر ئایینی کاکەیی(یارسانی) ئاسان نییە، هۆکارەکەشی سیمای باتنی ئایینەکەیە، کە بەشێکی زۆری زانیارییەکان نهێنی و نەزانراون، تەنها بۆ پێڕەوکەرانی ئایینەکە ئازادە، ئەمەش توێژینەوە لە کاکەیی و ئایینەکەیان کۆت و بەند دەکات.

٢-کاکەییەکان وەک یەکێک لە کۆنترین گرووپەکانی کوردستان، خاوەنی کەلتوور و ئایینێکی تایبەتن، ئایینەکەیان بە هەژموونی دەسەڵاتی قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکانی هاوچەرخی کاکەییەکان، جۆرە خۆگونجاندنێکی پێوەدیارە، بەڵام تایبەتمەندییەکانی بیرو باوەڕ و زمان و کەلتووریان پاراستووە.

د-ئایینی یارسانی هەڵگری فەلسەفەیەکی قوڵە هەمبەر گەردوون و پەیدابوون و دروستبوونی گەردوون و پەروەردگار، زەوی و ئاسمان و دەریا، مرۆڤ، ژیان و مردن، کە سەلمێنەری کۆنی ئەم ئایینە و شارەزایی بیرمەندانی کاکەییەکانن.

ی-کەلتووری کاکەیی، فرەچەشن و فرەڕەنگە، بەشێکی زۆری کەلتووری کاکەیی سیمای ئایینی پێوەدیارە، هەندێ لە ڕێوڕەسمی کەلتووری و جەم و جەژن، مەرجەکانی گرانن، بەڵام کاکەییەکان شانازی پێوەدەکەن و بەتەواوی پێوەی پابەندن.

-زمانی کاکەیی ماچۆیە، واتە هەورامییە، سەرباری جوگرافیای فراوان و لێکدابڕاوی یارسانەکان، کە بێگومان کاریگەری لەسەر زمان دەبێت، بەڵام کرۆکی زاری ماچۆیان پاراستووە و لە ناو خۆیاندا بەکاریدەهێنن.

سەرچاوەکان

ن-ئەمینی، محەمەد ڕەشید(٢٠١٩) دیوانی شێخ مستەفای تەختەیی، لە چاپکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، سلێمانی.
د-حاجی مارف، ئەوڕەحمان(١٩٧٩) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم مۆرفۆلۆژی بەشی یەکەم (ناو) کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
٣-حبیب الله. جمال(٢٠٢٢)ڕێزمانی هۆرامی(١وگ- کردار)لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی ژیوای، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٤-حەمە ڕەشید،، ئارام عەبدولواحید(٢٠١٣)ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، سلێمانی.
٥-خاڵ، شێخ محەمەد(٢٠٠٥) فەرهەنگی خاڵ، دەزگای ئاراس بۆ بڵاوکردنەوە، هەولێر.
٦-خەزنەدار، مارف(٢٠٠١) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس بۆ بڵاوکردنەوەی کوردی، هەولێر.
٧-ڕۆحانی، ماج مەردۆخ(١٣٩٧) فەرهەنگی زانستگای کوردستان، پەخشانگای زانستگای کوردستان، سنە.
٨-ڕوستەم، ئەیوب(٢٠١١)هەورامان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کەلتوریبە، لەبڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، سلێمانی.
٩-سابیر، ڕەفیق(٢٠٠٨)کلتور و نسیۆنالیزم، مەڵبەندی کۆردۆلۆجی، سلێمانی
١٠-سورخی، ڕەحیم(٢٠٠٦) زمان هزرو کلتور، دەزگای بڵاوکردنەوە و توێژینەوەی موکریان، هەولێر.
١١-فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١١) زمانەوانی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
١٢-کاکەیی، هاشم(٢٠٢٤) ئینسایکلۆپیدیای گەرمیان، لەبڵاوکراوەکانی زانکۆی گەرمیان.
١٣-کۆمەڵێک زمانەوان (٢٠٠٩)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، وەرگێڕانی محەمەدی مەحوی، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
١٤-محەمەد، دارا حەمید(٢٠١٠) واتاسازی هەندێ لایەن لە سێمانتیک و پراگماتیکی کوردی، سلێمانی.
١٥-محەمەد، دارا حەمید(٢٠٢٣) بنیات و واتا لە زمانی کوردیدا، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
١٦-محەمەد، پێشکەوت مەجید(٢٠٢٤) زمان وەکو ئامرازێکی کاریگەری توندوتیژی زارەکی و تاوانە زمانییەکان(جنێو و هەڕەشەکردن بە نموونە) گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خوولی ١١ ژمارە(٢)
١٧-موکری، محەمەد(٢٠٠٨)لەدایکبوونی جیهان لەلای کوردانی ئەهلی حەق، و. لە فەرهنسییەوەد. موحسین ئەحمەد عومەر، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ژمارە ١، ساڵی ٢٠٠٨، سلێمانی.
١٨-هەورامانی، محەمەدئەمین(١٩٨١)زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا، دەزگای

ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.
غد-هەورامانی، محەمەد ئەمین(١٩٨٤)کاکەیی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.
سەرچاوە عەرەبییەکان:
١-الخليل، سمير(٢٠١٣) النقد الثقافي من النص الادبي الى الخطاب، دار الجواهري، بغداد.
٢-الغذامي، عبدالله(٢٠٠٥)الثقافة التلفزيونية، سقوط النخبة و بروز الشعبي، المركز الثقافي العربي، المغرب.
دیدەنییەکان:
١-مامۆستا علی شکور(کاکەیی)، کەلار، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١٠/١٨
٢-محەمەد ڕەشید ئەمینی، نووسەر و توێژەر، پاوە، (پەیوەندی تەلەفۆنی)ڕێکەوتی ٢٠٢٥ /١٠/٢٩
٣- باوە حەمید کاکەیی، کەلار، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١١/١٠
٢-نیعمەت زەحمەتکێش(کاکەیی) تاران، (پەیوەندی تەلەفۆنی)(٢٩/ ٢٠٢٥/١٠

* زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردە -بەشی زمانی کوردی.

گەشتێك بە گوڵزاری فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا

پ.د.ڕەئوف عوسمان

تائێستا نزیکەی پتر لە پەنجا فەرهەنگ و فەرهەنگۆک و لیست و پاشکۆی لیست لەلایەن زانایانی کورد و بێگانە و ڕۆژهەڵاتناسان لە شێوەی پەخشان و هۆنراوەدا بەچاپ گەیەنراون، دیارە ئەم فەرهەنگانە لە ڕووی چەندێتی وچۆنێتی و ئاست و پڕۆگرامە کانیانەوە چونیەک نین، سەرجەم هەوڵەکان لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاریی خۆیی و بابەتین و هەر یەکەشیان بایەخی تایبەتی خۆی هەیە چ بە گوێرەی ئەو کاتەی کە چاویان تێدا هەڵهێناوە و چ بەگوێرەی ئاست و بەهرەی خاوەنەکانیانەوە، توانیویانە کەم تا زۆر گوڕ بدەنە کاروانی فەرهەنگنووسی کوردی لە بەرەوژوور کەندولەندی ڕۆژگاری پڕ لە نەهامەتی میللەتەکەماندا(١). (نەوبەهاری) ئەحمەدی خانی دەستە چیلّەو پێشڕەوی ئەم کاروانە نەسرەوت و پڕ شکۆیە بوو، هەر بەدوای ئەم پێشەوا مەزن و بەهرەمەندەدا (هەدیەی حەمیدیە)ی یوسف زیائولدین خالدی پاشاو (ماوریزۆ گارزۆنی)ی ئیتالی و (ئەحمەدی) شێخ مارفی نودێ و (کرمانجی ژوروی) لێرخی ڕۆژهەڵاتناسی ڕوس و (فەرهەنگی کوردی فەڕەنسی) ژابا و فەرهەنگەکانی فارێزوف و چەرکەزی بەکۆو قەناتی کوردۆو میجرسون و ئاغا بوترس ئەلۆو جویس بلۆو توفیق وەهبی و نیکیتین و جەلادەت عالی بەدرخان و عەلائەدین سەجادی(٢) و عەبدوڵڵا زێوەر و گیوی موکریانی وشێخ موحەمەدی مەردۆخ و جگەرخوێن و شێخ موحەمەدی خاڵ و جەمال نەبەز و موسا عەنتەر و (م. ئەورەنگ) و عبدولکەریم مودەریس و عەبدوالقادر بەرزنجی و کەمال جەلال غریب و مەعروف قەرەداغی و زەبیحی و موحەمەدی سەیدیان، ئەمە جگە لەو هەوڵە بە بڕشتەی مامۆستا جەمال عەبدول لە بواری فەرهەنگی زانستیدا، هەروەها دەزگاکانی ڕۆشنبیری و دیراساتی کوردی و کۆڕی زانیاری کورد لەم بوارەدا خزمەتی گەورەیان کردوە.

ئەوەی شیاوی وتنە، تا ئێستا فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە) گەورەترین و فراوانترین قاموسی کوردییە و پتر لە (٥٥٠٠٠) پەنجاو پێنج هەزار وشەی گرتۆتە خۆو دەشێت بخرێتە ئاستی فەرهەنگە ناودارەکانی گەلانی ناوچەکە و جیهانەوە، وەک ڕوونە لای هەمووشمان کاری فەرهەنگ دانان لە وڵاتانی خواپێداودا دەخرێتە ئەستۆی دەزگایەک کە بریتییە لە چەندان پسپۆڕ و کارمەندو لیژنەی جۆربە جۆر، دیارە ڕاپەڕاندنی کارێکی قەبەو گەورەی وا لەلایەن خودی هەژارەوە بە تەنیا، بەڵگەی هەوڵی ئەفسانەیی و کەژێک ورەو قوربانیدانێکی بێ سنوور و دەریایەک زانیاری و مەوسوعیەتە، فەرهەنگ ئەو قەوالّە نەتەوەیی و شارستانیەیە کە مێژووی دروست بوون

و گەشەسەندن و گۆڕانی وشە تۆمار دەکات و لێکیان دەداتەوە، وشە ڕەنگدانەوەی بیرو هەڵس وکەوتی مرۆڤە بەدرێژایی چاخە مێژوویییەکان، دیارە ئەویش مرۆڤ ئاسا و قۆناخەکان، هەمیشە هەر لە گۆڕانکاری و گەشەسەندن و مەودا فراوان بوونداید و یاسایەکی تایبەتیش دەیگرێتە خۆی(٣).

وەک ڕوونـە هەموو قۆناغێکی مێژوویی، کۆمەڵێک ئامرازی بەرهەمهێنان و شمەک و کەرەسە و چەکی جەنگ و کەلوپەل و خواردەمەنی و ژیانی کۆچەرێتی و کشتوکاڵی و ناوەندی سوسیولۆژی و ئەتەکێت و دابو نەریتی خوی هەیە، کە ئەمانە سەرجەم دەست نیشانی ئاستی شارستانێتی ئەو قۆناخە دەکەن، هەر لەگەڵ گۆڕان و بەسەرچوونی ئەو قۆناخەدا ناوی ئەو ئامرازانەش وردە وردە لەبیر دەچنەوە و وەک گەڵای درەخت هەڵدەوەرن، دیارە فەرهەنگیش باوەشی میهربانیان بۆ دەکاتەوەو تۆماریان دەکات و بە نەمری دەیانهێڵێتەوە، هەر بۆیە وەک دەوترێت گەلی بێ فەرهەنگ دەکاتە گەلی بێ ڕابردوو بابردەڵە.

هەژار موکریانی هەر لە منداڵییەوە کەڵکەلەێ زمان و دنیا بەرینەکەی کەوتۆتە سەری و ئەوەتانێ دەڵێت(٤) (لەگەڵ زەبیحی دوو بەدوو زمانێکمان دروست کردبوو، کە تێکدەگەیشتین و کەس تێمان نەدەگەیشت، ڕۆژێک کە بەو زمانە قسەمان دەکرد، کابرایەک گوێی لێ بوو ڕووی کردە کابرایەکی دی و گوتی:

– ئاخر بۆچی زمان نییە؟ ئەم سەگبابانە بە زمانی جوولەکان قسە دەکەن، دەبڵێ لە کوێ فێربوون؟

عەبدولرەحمان زەبیحی زاناو فەرهەنگنووس و هاوڕێی تێکۆشان و منداڵی هەژار دەفەرموێت(٥) (لەگەڵ هەژاری دۆستم کە ئەو ساڵە فەقێ بوو، دەمانویست کە قسە دەکەین کەس تێمان نەگا... ئەوجار هەوای دانانی زمانێک!! کە هیچ کەس تێی نەگا یاری بە میشکمان دەکرد، ماوەیەکی زۆر خەریک بووین و تا ئەندازەیەکیش سەرکەوتین، ئەمەش ئێمەی خستە سەر ڕێگای بیرکردنەوە لە وشەکانی زمانی کوردی و چۆنێتی دروستبوونیان، بیرمان لەوە دەکردەوە کە بۆچی بە (بـەرد) گوتراوە (بـەرد) و نەبێژراوە (سان) یان شتێکی تر..؟

میشکی ناپوختەی ئێمە ئەوسا توانستی ئەوەی نەبوو وەڵامی پرسیاری ئاوا سەیر و سەخت بداتەوە، بەڵام ئەم گڕوگاڵە منداڵانەی زمانەوانی ئەوەندەی لەباردا نەبوو، کە بەرەبەرەو بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بمانخاتەسەر ڕچەی ڕاستی زمانەوانی

و چاومان بەم مەیدانە پان و بەرینە تۆناوتونە هەڵبێنێ و خۆمان ببینینەوە، کە بە ڕەوتی مێرووڵە خەریکین لە دەشتێکی کاکی بە کاکیدا پەل دەکوتین و لە دەریایەکی بێ بنی ئەوتۆدا مەلە دەکەین کە نەهەنگی تێدا دەخنکێ)، ئەوەی کە پاڵی بە هەژارەوە ناوە بۆ دانانی فەرهەنگ نە ختووکەی سۆز و نە هەوابازی کاتی بووە، بەڵکو ئەو هەستە پاک و دڵۆقانە نەتەوەییە بووە کە هەرگیز دانابڕێت لە ژیانە سەرسەختە شێلگیرەکەی کە بە پان و پۆڕی و قوواڵی دەریایەک هەوڵ و تەقەللاو کۆششی داوە، هەژار دەفەرموێت(٦) (گەڵا و پەلک و لک و پۆپ و چڵ و گوڵی ئەوداری بەڵگەی نەژادە، زمانە خۆماڵییە کەیە و چ بەرەی هەر نەژادێک زمانی خۆی پاراستبێ و بە دەوروبەریدا هاتبێ نیشانەی تەڕو تێراوی ڕەگ و بنچی داری مانی وەک نەتەوەیەکی زیندوو نیشان داوە، دیارە ئەو گەلە هەرماوە و هەر دەشمێنێ و بەخۆدا دێ و لک و پۆپ پتر دەردەکا و ڕەشەباو کڕێوە و باگەڕ ناتوانێ لە بنی بهێنێ).

نابێت نرخاندنی خودی قاموسەکە جیاکرێتەوە لەگەڵ سەردەمی دانانەکەیدا با ئەوەش نەبوێرم کە هەژار هەر بە هەمبانەبۆرینە بەرپەرچی دوژمنی نەدایەوە، بەڵکو هەزاران لاپەڕەی تریشی تۆمارکرد، ئەمە جگە لە وەرگێڕانی کتێبە بەناوبانگەکانی ئیبن سینا کە بە ددانپیانانی فارسەکان مەگەر تەنیاو تەنیا هەر لە هەژار هاتبێت، ئەو کتێبانەش بریتین لەمانە(٧):

١-فەرهەنگێکی فارسی- کوردی کە بەخەتی لاتینی باوی ئێرانی نووسراوەو تا ئێستا بە چاپ نەگەیشتووە.

٢-تاریخی سلێمانی لە عەرەبییەوە کردوێتیە فارسی و لە خزمەتی بیری نەتەوەیی کوردایە.

٣-تەحقیق و ڕاستکردنەوەیەکی نوێی مەم و زینی ئەحمەدی خانی بە مانا کردنەوەی وشەگرانەکان و ئیستلاحاتە موشکیلەکانیەوە.

٤-دیوانی جزیری بە شەرحەوە ٢٨٩١ لە تاران چاپ کراوە.

٥-تاریخی ئەردەلان لە فارسییەوە بۆ کوردی- هێشتا چاپ نەکراوە.

ئەم گشت بەرهەمە دوای ئەو شکستە نەتەوەییە تووشە، چاوی هەڵهێناوە! یادگاری ڕەشی ئەو ڕۆژانەمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت(٨): «لە ساڵی ٥٧٩١دا شۆڕشی ڕزگاریخوازمان بۆڕی خوارد و بەسەر شۆڕی بەرەو ئێران شۆڕ بووینەوە و بوومە

پەناهێندە پیرەی بێ جیرەی نان لەسەر خودا، بەرەو تاران هەڵیان داشتم، بۆ خۆم خاوەنی ورگ و دەم و منداڵی نانخۆریشم بوون، دەبوایە بۆ ژیانی ڕۆژانەم هەوڵێ بدەم ئالقەڕێزی گەلێک دەرگایانم کوتا کەس نەیگوت کێی...

بەڕێزینە ئەوە جوامێری نییە لە ژێربالّی ڕەشی ئەو شکستە و بە دڵ بریندارى و کەساسی و خەرمانی سووڕ سووتاویەوە بەتاق و تەنیا شان بدەیتە بەر کەژی بێستونی ئەو هەموو قامووس و سامانە نەتەوەییەوە و بینووسیتەوە؟!

حەز دەکەم لای خۆمەوە ئەوەشتان پێ بڵێم، ئەو حەمەڕەزا شایەی کە لە پشتەوە زۆر ناجوامێرانە خەنجەری ژەنگاوی ڕێکەوتنامەی جەزائیری لەپشت توند کردین، بە پان و پۆڕی ئەو ئێرانە گەورەیە دوو بست زەوی بۆ گۆڕەکەی پی نەبڕاو، تەنانەت لە وڵاتی میسریشدا خەڵکە بەشەرەفەکان داوایان لە ساداتی شەریکە تاوانی کرد، کە با گۆڕی ئەم قێزەونە، میسر پۆخڵ نەکا و وەدەرنرێت، هەر لەبەرامبەر ئەم حاڵەتە ڕیسواییەدا، گۆڕی هەژار لە مەهابادی لانکی نەبەزین و قوربانیدا ڕۆژانە چەندان کەس ئاموشۆی دەکاو بەرهەمە کانیشی چرای دڵی هەموو کوردێکی بەشەرفن، ئەمەیە حەتمیەتی مێژووی ڕاستەقینەی گەلانی ڕزگاریخواز.

مامۆستا ماجید ڕوحانی باسی هەوڵ و تەقەللا سەختەکەی هەژارمان بۆ دەکات و دەڵێت: «بەڕاستی کارێک کە مامۆستا هەژار لە بابەت ئەو کتێبەوە کردوویە - واتە هەمبانە بۆرینە - مەگەر ببێتە فیلم و بەچاو ببینی دەنا لە نووسین نایەت، شەوێک لەبەر کاری زۆرو شەکەتی و بێ خەوی حاڵی تێکچوو بوو لە بیمارستان چەند دکتۆر کە دیتیان گوتیان دەبێ قەت خۆی ماندوو نەکا و شەو و ڕۆژ لە شەش سەعات زیاتر نەنووسێت، بەڵام ئەگەر هاتەوە ماڵ زۆر شەوان تا بەیانی وەخەبەر دەبوو کاری دەکرد.. لەو چەند ساڵەدا کە مامۆستا شانی داوەتە بەرکاری فەرهەنگ لەم چەشنە خۆماندووکردن لەخەو و خواردن بوردن لەبەر کاری زۆر کەم نەبووە، بگرە زۆرتر هەروای کردووە).

با ئەوەشتان بیربخەمەوە، وەک چۆن لە سەردەمی ڕەش و تاریکی مەغۆلەکاندا ڕۆشنبیرانی عەرەب بە دانانی (الفیة ابن مالک) و موقەدیمەی ئیبن خەلدون و (لسان العرب)ی ئیبن منظور بەرپەرچی مەغۆلە داگیر کەرەکانیان دایەوە، هەژاریش لەجیاتی هەموو میللەتی کورد بە چەکی هەمبانە بۆرینە و ئەو چەندان کتێبە گرنگ و سەرتەڵانە بەرپەرچی شکست و ڕێکەوتنامەی شوومی جەزائیری دایەوە(٩).

جگە لەم تیشکە جودایانەی کە ئێستا خستمنە سەر هەمبانە بۆرینەو ئەو ناوەندە سوسیولۆژی و سیاسیەی کە چاوی تێدا هەڵهێناوە، دەمەوێت تیشکی سەرنج بهاوێژمە سەر چەند لایەنێکی تری هونەری و زانستی:

١-خـودی فەرهەنگی هەمبانە بۆرینـە، خـۆی لـە خـۆیدا پـرۆژەیـەکی هێدیی ناڕاستەوخۆیە بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی و ناساندنی شێوە کوردییەکان بە خوێنەران، لەنێوان ڕاڤەی وشەو خستنە سەر ڕستە و شیکردنەوەدا، جگە لەمەش بانگەوازێکە بۆ دوورکەوتنەوە لەبەرچاوتەسکی ناوچەگەری و زارخـوازی، کە لە ئەنجامدا دەبێتە درک لەژێر پێی ئاواتە نەتەوەییەکانماندا، هەروەها پەنجەرە خستنە سەر پشتیش بۆ ئەدیب و شاعیرو نووسەران کە دلۆقانترین وشە هەڵبژێرن بۆ ڕازاندنەنەوەی بەرهەمەکانیان، ئەوەتانی خودی هەژار دەڵێت(٠١): «فەرهەنگ هاناو کۆمەکی وێژەو نووسەرانە کە وشە هاوماناکانی شێوەکانی جودا جودای زمانەکەی لە فەرهەنگ بێنێتە دەرێ و بەرامبەر یەکیان دانێ و گشتیان لەبەر یەکتر رانێ کام وشە بۆ نووسینەکەی یا بۆ شیعر هۆنینەوەکەی لەبارە و لەسەر زار سووکە و لەبەر چاو قشت و خۆشکۆکەو لە گوێچەکەی گۆهدار ڕەوانە هەڵبژێرێ،» بۆ نموونە ئەگەر موکری و سۆرانی بەبێ ئاو ئێژن (وشکانی) بۆچی (بەژ) کە کرمانجییە جوانتر نییە؟

٢-ئەگەر بە وردی پەناو پەسێری هەمبانە بۆرینە بپشکنین دەبینین مامۆستا هەژار واتا و ڕاڤە و شیکردنەوەی گەلێ وشەی بواردوەو هەر وەک خۆی نووسیویەتەوە بەتایبەت ئەو وشانەی کە لە واتا و شێوەدا لە فارسییەوە نزیکن یان وەک یەکن، دیارە ئەوانەی لە فەرهەنگەکەدا بەدووی واتای وشەدا دەگەڕێن ئاستی حاڵی بوونی زمانزانیان چونیەک نین، فارس بن یان کورد، لەوانەیە ئەو کوردەی کە بەدوای واتای وشەیەکدا دەگەڕێت فارسی هەر نەزانێت، یان فارس بێت و کوردی نەزانێت، دیارە لەو حاڵەتەدا تووشی سەراسیمە بوون دەبێت:

هەر بۆ نموونە: سنجرێن = سنجران/ سنگەوباز = سنگەباز/ سلکین= سلیکان/ سالۆغ = سالۆخ/ ساقی= ساغیی= ساخیی/ ژیلەمۆ= زیلّەمۆ= زیلّەمۆ/ قوشقاپ= قوشقاپ/ لەیلوبەر= لولوبەر= نیلۆقەر/ لـەیـرەک= لەیرک= لەیرک/ ڕەهەندە= ڕەهەندەر= ڕەهەندەم دیارە ئەمە نموونەی خەرواریکە.

٣-وەک ڕوونە لەلامان واتای شێوە کوردییە جیاجیاکان هەندێک جار بەشێوەیەک لێک دوور دەکەونەوە بەتایبەت لە ناوی زاتدا ئەستەمە مرۆڤ بیانزانێت و زاڵ بێت

بەسەریاندا، بەڵام مامۆستا هەژار وەک هەر پسپۆرێکی فیلۆلۆژی، ئەسپی لە بواری زارەکانی موکریانی و لوڕی و هەورامی و کرمانجی و زازایی و لەکیدا بەجۆرێک تاوداوە کە جێگای سەرسڕمانە، هەر بۆ نموونە لە پیتی (ڤ)دا کە پتر لە ناوچەکانی باکور و شەمدینان و بادینانداا بەکاردێت، (٧٣٥) وشەی لەو شێوە ئاخافتنەدا هێناوە و ڕاڤەی کردوە و هاوتای (مرادف) بۆ دۆزیوەتەوە، ئەگەر یەکێک باب البابیشی لەوێ نەژیا بێت ئەستەمە ئاوەها شارەزا و هۆشیار بێت و ئەو وتانە بزانێت!

٤-لە هەمبانە بۆرینەدا ناوی هەموو ئەو دێیانە هاتووە کە بەعس لە کوردستاندا سووتاندوونی و کاوڵیی کردوون، دیارە ئەمەیش نەک بە تەنیا بەڵگەی شارەزایی و مەوسوعیەت و ژیانی پێشمەرگایەتی و هەرداو هەرد کردنی هەژارە، بەلکو دڵسووتان و گینگڵدان و خەمی قوڕس و گەورەی ئەو هەموو دێهاتەیە کە بە دڕندانەترین شێوە خاپوور کراون. جگە لەمەیش ناوی ئەو دێهاتانەشی نووسیوە کە لە کوردستاندا کیمیاباران کراون، ئەوەی کە دەبوو بکرایە یان بۆ چاپەکانی داهاتوو بکرێت – هەرچەندە سەخت و قوڕسیشە- نووسینی شوێن و ساڵی کاوڵ کردنەکەیە، چونکە تۆمارکردنی ئەو مێژووە بۆ نەوەکانی داهاتوومان گەلێک بە کەڵکە و ئاوێنەی ئەو کێشە دراماتیکیە خوێناویەیە لە نێوان کورد و داگیرکەرانی کوردستاندا.

٥-ئەگەر بەراورد بکرێت لە نێوان چەندێتی (کمیة) بەکارهێنانی شیعر لەگەڵ بەیتی فۆلکلۆر، یان پەندی پێشینان یان قسەی نەستەق دا دەبینین چەندێتی شیعر لە هەموویان زۆرترە، بە ڕای من قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و بەیتی فۆلکلۆر حازربەدەستی تر و ئالووەترن بەهەست و زەینی خوێنەران، میللەتی کوردیش خاوەنی خەرمانێکی گەورەی ئەم بابەتەیە، هەرچەندە دەبێت ئەوەش لەیاد نەکرێت، کە جۆرە تایبەتمەندی و دیوارسازییەک هەیە لەنێوان کەلەپورو قسەی نەستەق و پەندی پێشینانی زارەکاندا و هەریەک، جۆرە خسوسیەتێک و تام و چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە، لەوانەیە هەژار- ئەگەر وا بیری کردبێتەوە- لەسەر هەق بووبێت لە کەمتر بەکار هێنانی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و فۆلکلۆردا. با ئەوەش لەیاد نەکەم کە گوژم و گەرم گوڕیی بەکارهێنانی شیعر لە دوای نزیکەی ٣/١ قاموسە کە بەرەو کەم بوونەوە و چۆڕ بڕی ڕۆیشتووە، بە بڕوای من هۆکاری ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە هەژار تا شیعری لەبەر بووە بۆ بۆنە و ڕاڤە و ڕوونکردنەوەکان هێناوێتی و ئیتر لەدوایشدا نەیویستووە دیوانە شیعرییەکان بێنێ و هۆنراوەیان بەشایەد لێ وەدەرنێ،

چونکه ئیشەکە ئێجگار کەمە، وەک وتیشم ئەمە بەرپرسیارێتی دەزگایەکە نەک هەژاری تاک و تەنیا. با ئەوەش نەبوێرم کە مێژووی سەرهەڵدانی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و بەیتی فۆلکلۆر لە پێش ڕۆنانی شیعرەوەیە و ڕوونی و بێ گرێ و گۆڵی بەرچاوتری پێوە دیارە لە شیعر، هەر بۆیە دەبوو هەژار گرنگی زۆری بەم بابەتە بدایە و نموونەی پتری لەسەر بهێنایەتەوە، ئەگەر شیعر جۆرێک زۆر لەخۆکردن و سنعەتکاری تێدابێت، ئەوا پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ڕوون و بەرچاوترن و ئاشناترن بە مێشک و زەینی خوێنەر و زۆربەیان پەیوەستن بە ڕووداو و چیرۆک و بەسەرهاتی نێو کوردەوارییەوە.

٦-ڕامان و سەرنجدانی وردی ڕەخنەگرانەی هەمبانە بۆرینە ئەوە دەسەلمێنێ کە زمانی کوردی بە حوکمی فرەزاری و تەمەنی دوروودرێژی خەملاندن و بەخۆدا هاتنیا، گەلێک لە زمانی فارسی خاوەن دەسمایە و دەوڵەمەند تر‌ە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئێمەی کورد هەزاران هەزار ساڵە لە هەرچوار لاوە تا توانرابێت دەست نراوەتە بینمان و هەرجارەی بە شێوەیەک و لەژێر پەردەیەکدا چەوسێنراوینەتەوە، مامۆستا هەژار هەندێ جار بۆ واتای وشەیەکی کوردی چەند وشەیەکی هاو واتای (مرادف) ی کوردی بۆ هێناوە، بەڵام وشەی فارسی لەبەرامبەردا دەست نەکەوتووە، لەجیاتی ئەوە وشەی عەرەبی، یان عەرەبی بە فارسی (تفریس) کراوی بۆ هێناوە، واتا لە بنەڕەتدا وشەی فارسیی بۆ ئەو واتایە هەر نییەو فارسەکانیش ئەو وشە عەرەبیانە یان بۆ بەکار هێناوە کە ئەمە بەڵگەی دەست کورتی زمانی فارسییە لە ئاست زمانی کوردیدا، هەر بۆ نموونە:

کازێوە= فجر کاذب/ ئاڤرێ= منحرف / ئاشتەبا= موجودی/ پەڤژک= حباب/ ئەڤیندار= عاشق/ شیننامە= مرثیە/ ژاندار= مسلح/ پاک و بێ خەوش= خالص/ چۆڵە چرا= مشعل/ هەناو= احشاء/ سەیر= عجیب/ ڕەچۆکار= لجوج/ ئەسپوڵ= طحال/ ئولکە= منطقة..

ئەمانە و سەدەها وشەی لەم بابەتە لە هەمبانە بۆرینەدا بەرچاو دەکەون، ئەم دیاردەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕەگ و ڕیشەی ژیاری و فەرهەنگی و سۆسیولۆژی نەتەوەی کورد، هەزاران ساڵە بەم خاکەدا ڕۆچووەو (تکامل)ی فیلولۆژی و ئەتمولوژی و ڕێزمانی بەدەست هێناوە و ڕەسەنایەتی خۆی لەم بوارەدا سەلماندووە، کە ئەمەش کۆڵەکەیەکی قەف ئەستووری مەرجەکانی بوون بە نەتەوەیە، کە داگیرکەرانی

کوردستان نکولی لێ دەکەن و هەرجارەی دەیکەنە پاشکۆو دەسکەلای گەلێکی باڵادەست و فەرمانڕەوا. بۆ پشتگیری ئەم ڕایەم(١١) لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد کاری وردی نووسەری گەورە د. حسین علی محفوظ م لەبەردەمدایە کە ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی عەرەبی لە ئەدەبیاتی فارسیدا بە درێژایی یانزە سەدە، دەرهێناوە، کە لێرەدا هەندێکیان دەنووسم وەک نموونە:

دقیقی ٨٦٣ە ٥١٪ وشەی عەرەبی بەکارهێناوە/ خسرو والخدق(٤)ە ٩١٪ فردوسی ١١٤ە٢٪ / ناصر خسرو ١٨٤ە ٥١٪ / الخیام ٧٢٥ە ٨٪ النظام الگنجوی ٤١٦ە ٨٪ فرید الدین العطار ٧١٦ە ٨١٪ سعدی ٩١٦ە ٢١٪ الجامی ٨٩٨ە ٢٢٪ بێدڵ ٣٣١١ە ٤١٪.

لە ئەنجامی کۆی بەرهەمی ٥٠١ ئەدیب و شاعیری فارسی بە درێژایی ئەو یانزە سەدەیە، د. حسین علی محفوظ خشتەی ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی عەرەبی لە بەرهەمی ئەمانەدا بەم شێوەیە دەرهێناوە.

سەدە	ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی عەرەبی	چەندێتی وشەی بەکاربراو
سەدەی چوارەمین	٦١٪ هەتا ٩١٪	نزیکەی پێنج یەک
سەدەی پێنجەمین	٠٢٪ هەتا ١٢٪	پتر لە پێنج سەدەیەک
سەدەی شەشەمین	٪ هەتا ٢٥٪	پتر لە نیوە
سەدەی حەوتەمین	٨٪ هەتا ٩٢٪	پتر لە سێ یەک
سەدەی هەشتەمین	٥١٪ هەتا ٠٣٪	پتر لە سێ یەک
سەدەی نۆهەمین	٩١٪ هەتا ٤٢٪	پتر لە چوار یەک
سەدەی دەیەمین	٪ هەتا ٥٢٪	چوار یەک
سەدەی یانزەهەمین	٢١٪ هەتا ٦٢٪	پتر لە چوار یەک
سەدەی دوانزەهەمین	٢١٪ هەتا ٨١٪	پتر لە پێنج یەک
سەدەی سیانزەهەمین	٢١٪ هەتا ٤٣٪	پتر لە سێ یەک
سەدەی چواردەهەمین	٢١٪ هەتا ٢٢٪	نزیکەی چواریەک

با ئەوەش نەبوێرم کە هەمبانە بۆرینە ئەو بوارەی تێدا دەبینم، کە چەندان لێکۆڵینەوەی لەم بابەتەی لەمەڕ بکرێت و مەودایەکی فراوانی تێدایە بۆ ڕەخنەگرو لێکۆڵەرەوە کوردەکان.

٧-ئەو وشانەی کە لە هەمبانە بۆرینەدا خراونەتە ڕستەوە بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و ڕاڤە و تێگەیاندن، هەتا بڵێی کورت و نیشان پێکن، ئەوەی کە جێگای سەرنجە مامۆستا هەژار گەلێک لە ڕستەکانی پڕن لە ناوەڕۆکی نەتەوەیی و هاندان و حەقوێژیی و تەنانەت نوکتەسازیش، نابێت ئەوەش لەیاد بکرێت کە هەژار نەهاتووە وشەیەکی ناوەندی ژیانی کشاوەرزی یان ئاژەڵداری یان کۆچەری بخاتە سەر ڕستەیەکی باو و بەکاربراو لە نێوەندی شار و مەدەنیەتدا و نامۆ بێت بەو جیهانەدا، یان بە پێچەوانەوە، بە تەنیا، بەڵکو لە بواری بەلاغەت و زانیاری (المعارف)دا و ئەمەش بە هەندێک تاڵی باریک، بەندە بە تیوری (نظم)ی عەبدولقاهیری جورجانییەوە، چونکە عەبدولقاهیر دەڵێت گرنگی وشە بەندە بە سیاقەوە نەک بەخودی خۆیەوە وەک وشە، وردەکاری و ئەنجام و کرۆکی ئەم تیۆرە لەگەڵ بوونیاتگەرە عەرەبەکاندا پێکدەگەنەوە.

٨-لە فەرهەنگی هەمبانەبۆرینەدا نیشانە و ڕەمز بۆ (مشتقات)ی وشە دانەنراوە و بە نەزمێکی تایبەت و سفت وەگەڕنەخراوە، وەک ناوی بکەر، کراو، پێشگر، پاشگر، کرداری ڕابوردو- داهاتوو، تێپەڕ، تێنەپەڕ، چونکە بمانەوێ و نەماونەوێ تەنیا گرامەرە لەنگەری ڕستە ڕادەگرێ کە پێکهاتەکەی وشە و دەستەواژەکانێتی، زۆرجار لە واتای وشەیەکەوە بە ئیدیۆمە یان (مجاز) یان (کنایة) واتایەکی نوێ هاتۆتە گۆڕێ، دیارە ئەم جۆرە مەجازە فرە بەکاردەهێنرێت لە ژیانی ڕۆژانەدا، باشتر وابوو، ڕەمزی تایبەت بۆ هەریەک لەو حاڵەتانە دانرایە بۆ ئاسانکرنی بەکارهێنانی فەرهەنگەکە لەبەردەم خوێندەواراندا، ئەم بڕە مەجازەش نموونەیەکی بچووکی ئەو مەجازانەیە! دان سپی بوونەوە، دەست کورت، ڕوو هەڵماڵراو، تووک تاڵ، نانوحەڵوا، داوێن تەڕ، چاو قایم، ناوچاو ترش، ڕووسوور، ڕووزەرد، ناسک نارنجیی، ملخوس.. و دەیەهاو دەیەهای تر..

٩-هەژار زانستانە دەڕوانێتە زمان و نایەوێت بەرچاو تەسکانە بیر بکەینەوەو داوا دەکات کەوا ئەو وشە بێگانانەی کە لە دێرزەمانەوە ماونەتەوە لە زمانەکەماندا و بەدەم خوێندەوارو نەخوێندەواران بمێننەوە و ڕێگای بەکارهێنانیان لێ نەگیرێ، هەژار لەم داوایەیدا نەپێکاوە، چونکە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە لە خەڵکدا کارێکی خۆکردی عەفەوییە و بۆتە جۆرێک لە نەریت و فەرمان بۆ دەرکردنی ناوێ و ڕۆژگار و نەوەکان ئەو بەکارهێنانە ساغ دەکەنەوە، هەر بۆ نموونە شارەوانی سلێمانی چەند هەوڵیدا گەڕەکی خانووەقوڕەکان بکات بە گەڕەکی ئازادی بۆی نەکرا، بەڵام ڕۆژگار

و بەدوایەکداهاتنی نەوەکان، وردە وردە (گەڕەکی ئازادی) لەسەر زمان ئاسایی کردەوە، دوای ئەوە لە بەرامبەر ئەو وشانە، وشەی کوردی ڕەسەنمان کەمە، هەتا پشتی پێ ببەستین. چونکە ئەمە دیاردەیەکە لە دیاردەکانی هەر زمانێکی زیندووی ئەم جیهانە (٢١) (تەنانەت قورعانی پیرۆز کە لە پاکی و ڕەوانی دا مۆجیزاتە- دەیان وشەی نەژاد ڕۆمی، سانسکریتی، پەهلەوی- یۆنانی، کوردی و ئارامی کۆنی تێدایە و بە موو لە نرخی پیرۆزی قورعان و تەنانەت زمانی عەرەبیش کەم نەبۆتەوە، وشەکان (برهان، دین ملکوت، طوبی، رضوان، فردوس، أرائک، زرابی، نمارق، کافور، کأس، قوارير، زنجبيل، سندس، استبرق، مائده، رزق، زخرف، سراج، صراط، قسطاس، رهبان، دأب، کنز، سراویل، دراهم، بخس، أمد، أبد، صدقات، قطمير، اصنم، جناح، سخط، برزخ، جحيم، تنور، زبانیه، جهنم، زمهریر. صرصر. شواظ، شنار، قمطریر، غساق، کهل، کهف، دلو، یم، سراب).

٠١-مامۆستا هەژار بۆ ئاسان کردن و نزیک خستنەوەی واتای وشەکان لە زەینی خوێنەر، گەلێک هۆنراوەی شاعیرانی کوردی هێناوەتەوە، دیارە ئەم حاڵەتە کەم تازۆر خزمەتی چێژی خوێنەریش دەکات و هێندەی تر زمان و ئەدەبی کوردی پێکەوە گرێ دەدات، ئەوەی شیاوی وتنە هۆنراوەی فارسی بۆ ئەم مەبەستە ڕاڤەکردنە نەهێنراوەتەوە و لایەنی زمانی کوردی زاڵترە بەسەر زمانی فارسیدا و ئەمەش بەخاڵێکی ئیجابی لەقەڵەم دەدرێت، نموونە شیعرییەکانی هەمبانە بۆرینە تایبەت نین بەیەک زارەوە، بەڵکوو زۆربەی زارەکانی گرتۆتەوەو بریتین لەم شاعیرانە:

(نالی- ئەحمەدی خانی- مەولەوی- هەژار- خانای- قوبادی- سالم- مەلا غەفوری مەهابادی- شێخ ڕەزا- مەلای جزیری- مەحوی- وەفایی- ئەحمەد موختار- سەیدی هەورامی- کوردی- مەحوی- پیرەمێرد- حریق- تاهیر- بەگ- زێوەر).

ئەوەی جێگای سەرنجە هۆنراوەکانی نالی و مەولەوی لە هەموو شاعیرەکان جێگایان زۆرترە و ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە هەژار پتر ئالوودەی ئەم دوانەیە و لە زمانەکەیان ڕازییە، با ئەوەش نەبووێرم، هەژار هەجوەخۆشەکانی شێخ ڕەزاشی زۆر بەکاربردووە بۆ یارمەتیدانی چێژ و زەوقی خوێنەر، دیارە ئەمەش گیانی خۆش مەشرەبی و گاڵتەجاڕی و نوکتەجۆیی هەژار دەردەخات.

هەروەها گەلێک لە هۆنراوەکان بۆ ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی واتای وشەگەلێک بەکار براون کە قورسن و بەئاسانی ناناسرێنەوە، دیارە هۆنراوەکە پتر واتای وشەکە

ئاسان دەکات و لەهەست و هۆشی خوێنەری نزیک دەکاتەوە و دەبێتە پشت و قەوڵەیەکی بەهێز بۆ ڕاڤەو لێکدانەوە، هەرچەندە هەندێ جاریش واتای وشەی نێو هۆنراوەکە مەجازیە و لایداوە لە واتا فەرهەنگییە ئاساییەکە، هەر بۆ نموونەی ئەم حاڵەتەی سەرەوە ئەم چەند بەیتەی نێو هەمبانەبۆرینە وەدەردەنێین، هەژار بۆ وشەی (ئەروا) کە مەبەست گیانە (أرواح) ئەم بەیتەی مەولەوی هێناوەتەوە(٣١):

قاڵبم بێ ڕۆح ئەروام نەمەندەت
من دان حەیات زندگیم سەندەن

بۆ وشەی (فاق) نالی دەڵێت:

سۆفی لە فەقرو فاقە وەکو فاقە فاقی دا
تەزبیحی دام و دانەیە ریشی دوفاقیی فاق(٤١)

بۆ واتای وشەی لەترک، جزیری دەڵێت:

پەیوەستە ژ وەسڵی تە دمێنم کو سەراسەر(٥١)
بشکۆژو تەلیسم و وەرەق و نەترک و بازن

بۆ واتای وشەی (نەوی)، شێخ ڕەزا دەڵێت(٦١):

سەید فەتاحی مەیتەرم ڕۆژێ بە حوججەت لێی نەوی
کلکی دەرهێنا لەبن ئەنجا بە عاستەم گوێی بزوت

بۆ واتای وشەی (وەشەن)، مەولەوی دەڵێت:

هەر ساتێ سەد جا وەیتر وەو سەرکەش
زیندەگی و مەردەن ئامان وەشەن وەش.

حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە هەندێکی تر لەو هۆنراوانە هەر بۆ فانتازیا و جوانکاری بەکار هاتوون، چونکە لە ڕاڤە و ئاسانکردنی وشەیەکدا هاتوون، کەواتای وشەکە سووک و سانایە و بە مێشکی خوێنەر نامۆ نییە، هەر بۆ نموونە(٨١) بۆ ڕاڤەی وشەی قوڕ پێوان مەحوی هێناوەتەوە:

لەسەرخۆ چوونە شەیدابوونە قوڕ پێوانە سووتانە
هەتا مردن محبەت ئێشی زۆرە ڕێزی لێ دەگرم

بۆ وشەی (خاو)، حاجی قادر، دەڵێت:

لەکن وەنەوشەو خاو و هەڵاڵ و بەیبوونی
هەڵاڵی پێستەیی خاوەی بیرو موشکی خەتا(٩١)

بۆ وشەی (ئەستۆ) نالی دەڵێت:

دەستم کە لە سەد جێگە بەسەد وەعد شکاوە

جەبری نیە ئەم کەسرە هەتا نەیخەمە ئەستۆ(٠٢)

بۆ وشەی (ئایۆ) بابە تاهیر دەڵێت:

کە شەو گیرۆم خەیاڵی تەبە ئاغوش

سەهەر ئەزبوستەرم بۆیی گوڵ ئایۆ(١٢)

با ئەوەش لەیاد نەکەم کە ناوی گەلێ شاعیری کورد لە هەمبانە بۆرینەدا نابینرێت، لەوانەیە هەژار وەک شاعیرێک لەکاتی ڕاڤەدا شیعری ئەمانەی لەیاد نەبووبێت، یان هەر لە زمانی شیعری ئەمانەدا ڕاینەبینییێ، چونکە هەمان دیاردە لای زاناکانی عەرەب لە بواری ڕێزمانیدا وەدەردەکەوێت، چونکە بۆ (الشواهد النحوية) هەرگیز زانا فیلۆلۆژیەکانی عەرەب پشتیان نەبەستووە بە شاعیرانی دوای سەردەمی ئەمەوی، لەبەر تێکەڵ بوونیان بە غەیرە عەرەب و لاواز بوونی زمانەکەیان.

١١-مامۆستا هەژار لە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی وشەکانی بە زمانی کوردی، هەمان واتاو ڕاڤەی بە یەکسانی و (ترادف) بە فارسی هێناوەتەوە و خوێنەریش لەمەدا بە ئاسانی بە مەبەست دەگات، ئەمەش بەڵگەی وردبینی و لێزانی هەژارە، بەڵام لە هەندێک شوێنی تردا دەبینین ڕاڤەی وشە فارسییەکە هەندێک جیاوازی هەیە لەگەڵ وشە کوردییەکەدا، وەک دەریش دەکەوێت سەرەتا وا بڕیارِ بووە لەنێوان هەژار و دەزگای (سروش)دا کە فەرهەنگەکە کوردی بە کوردی بێت و دوایی فارسیشی کراوە بەسەردا!!

چونکە زۆربەی هەرەزۆری گرنگییەکە بە کوردییەکە دراوە، مامۆستا مەحەمەد ماجید ڕۆحانی: بە بەڵگەی پشت ئەستوورببوونی ڕایەکەم دەهێنمەوە کە دەڵێت:

لەسەر ئەو پێشنیارە دێڕی فارسیش لە فەرهەنگ زیاد کرا، بەڵام (ئەرێ فلان شت و فیسارە وشە بە فارسیی چی پێ دەڵێن؟ دەردێکی پێداین مەپرسە؟

هەر بۆ نموونە:

ئازاد(٢٢): ڕووبارێکە لە سنووری ئێران و ڕوسیا/ ف: رودارس

فەردەش(٣٢): کوت کوت کردنی سوڕی خەرمان. ف: خرمق درچند قسمت مساو توده کردن.

وێژەر(٤٢): زانا لە شیعر و نووسراوی پەخشانی دڵتەرانە. ف: ادیب.

چوڤاندن(٥٢): لیک نانی شت یان چاو ف: چوقان.
شیت(٦٢): دەنگی تیژ لەناو لێو دەرخستن، فیق، زرینگ، وریا ف: سوت، هشیار.
فانی (٧٢): لەرێی لەبەین چوندا (دنیای فانی)، نازناوی شاعیرێکی کوردە کە ناوی مەمەند بووە، ف: فانی، تخلص یکێ از شعرای کرد زبان.
ئەمانە و دەیان نموونەی لەو بابەتە.

٢١-لە هەمبانە بۆرینەدا زۆر جاران هێڵە سنووریەکانی نێوان فەرهەنگی فیلۆلۆژی و ئینسکلوپیدیا تێکەڵ دەبن و لێکیش دەترازێن، هەر بۆ نموونە ناوی هەزاران ئاوایی و دێهاتی هەر چوار پارچەکەی کوردستان تۆمار کراوە، نەک هەر ئەمەش بەڵکو ناوی گەلێ چیاو شاخ و چەم و روبارو زۆزان و دەریاچەو شاری مێژوویی و شارۆچکە و سەیرانگاو ناوی پاڵەوانی ئەفسانەیی بۆ تۆمار کردوین هەندێک لەمانە ناوی واتادار (اسم معنی)ن ئەمەیان وەک داب و دەستووری فەرهەنگسازی ئاساییە، بەڵام هەندێکی تریان ناوی واتادار نین و کەچی کەوتونەتە ناو فەرهەنگە کەی بەو هیوایەی لەچاپی دووەمدا چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت.

٣١-لە هەمبانەبۆرینەدا سەدان وشەی جۆربەجۆر بەرچاو دەکەون کەلە واتاو شێوەدا بەکوردی و فارسی یەکسانن، یان هەندێک جیاوازی فۆنەتیکی کەمیان هەیە، ئەم لێکچوونە ئەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە فارسەکان گەلێک وشەی کوردیان وەرگرتبێت و زەوتیان کردبێ، هەروەک لە عەرەبە کانیشیان وەرگرتوە، دیارە ئەم دەم ژەندنە نێو وشەی کوردییە و زۆرجاریش بە فارسی (تفریس) کرد نەی زیانە بۆ ئێمەو سوودە بۆ ئەوان، چونکە ئێمە پیادەی بێ دەوڵەت و ئەوان سوارەی خاوەن ئالان! هەرچەندە ئێمەی کورد لە فەرمان رەوایەتی دا بەش و مایە سووتاوین، ئەم بێ بەش بوونەش نەک بەتەنیا زیانی فەرهەنگی و و ئابووریی و شارستانی و سۆسیۆلۆژی لێی داوین، بەڵکو نەزیفێکی ئابووری خەست و خوڕیشی تووشی جەستەی شەکەت و دەرزی ئاژنی کوردستان کردوە، بەڵام لە ڕەسەنایەتی و قوواڵدا چوونی ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەییماندا لە هەموو گەلێکی ناوچەکە پتر بە زەوی ئەم خاک و وڵاتەدا رۆچووین و بە کۆنترین نەتەوەی بێ دەوڵەت و دەوڵەت داری! ناوچەکە دادەنرێین و دەوڵەمەندی زمانەکەش گەواهی ئەم رایەیە، ئەوەندەی کە دەوری مێژوو بکەینەوە دەبینین هەرجارەی وڵاتێکی دراوسێ حوکمی کردوین، جارێک لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئێرانەوە، جارێکی دی

لەلایەن ئاستانەوە بە هەردوو سەردەمی خەلافەت و کەمالیزم، جارێکی تر لەلایەن عەرەبەکانەوە، هەر لە قۆناغی ئومەویەوە تا ئێستا، دیارە نەتەوەی بالآدەست و زاڵ زمانەکەی خۆی کردۆتە زمانی حوکم و سەپاندوێتی، واتا ئێمە زمانی فەرمانگە و قوتابخانە و حوکم و ناوەندە ئیداری و زانستی و مەدەنییەکانمان لەدەست داوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم زمانی کوردییە وەک کەژی قەندیل بەرامبەر بە زریان و تۆف و کڕێوەی داگیرکەر وەستاونەتەوەو ئەم دیاردەی ئامبازبوونەوەیەش جێگای سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسە ناوداڕەکانی وەک نیکتین و ئەدمۆنزو لازاریف و سۆن و گەلێکی ترن.

ئەوەتانێ خودی هەژار مۆتەکەی ئەو لوولدانە نەتەوەییە (احتواو قومی) نیشتۆتە سەری و لە دوا جەلسەی ئەنستیتۆی کورد لە پاریسدا کە بەڕێوەبردنەکەی بەو سپێراوە دەفەرموێت(٨٢): «ئێمەی کورد لە هەموو لاوە پەلامار دراوین کە خەریکن توخم و تۆممان بیڕنەوەو بەدەردی سوور پێستەکانی ئەمەریکا بچین، ئەو هەموو حیزبە کە هەمووشی دژی یەکترە بۆ چییە؟ جاران دەمانگوت شێخ و ئاغا لێ ناگەڕێن ئازاد بین، ئێستا حیزبەکان لە شێخ و ئاغا خراپترن و زۆرتریشن، وەک خەڵکی قورەبەرازمان لێهاتووە، بە دوازدە ئاغا ڕەعیەتێکیان هەبوو! وەختە ناوی حیزبەکان لەهەموو کورد زیاتر بێت، بابە پیاوی چاک بن ئێمە بێکەس و ڕووت لە دەشتێک لەبەر باران و بەفر ماوین، جارێ با پەنایەک دروست کەین سەرما نەمان با، ئەوسا ڕەنگ کردنەکەی، سور بێ یان شین و زەرد بێ شەڕ دەکەین».

مامۆستا شێخ محمەدی خاڵیش لەگەڵ هەمان ڕای منداید کە زمانی کوردی بەپای پیلان کێشەی لێ دەکرێت ئەوەتانێ دەفەرموێت(٩٢) (ئەتوانم بڵێم ئەمە دوو هەزار ساڵە خەرمانی زمانەکەمان لەلایەن دراوسێکانمانەوە بە خەنجەری زۆرو ستەم گیرە کراوەو کوتراوەو شەن و کەو کراوەو بە بادراوە لە گەڵ ئەمیشە یەشتا لە زمانی فارسی دەوڵەمەند تر چ جای تورکی).

با ئەوەش لەیاد نەکەم کە ئامرازی پێکەوە لکاندن و ڕاناوو کردارو ئاوەڵ ناوو ئاوەڵ فرمانەکان پتر شەقڵی فارسیان پێوەیە نەک ناوی زاتەکان کە بە زەبری ئەو نێوەندە کردارییە لە ڕستەدا بەکار دەبرێت و شەقڵێکی زمانی فارسیی وەردەگرن.

دەبا سەرنج لەم وشە هاوبەشانە بدەین کە بەشێکی کەمن لەسەدان و سەدانی تریش:

یەکسان= بەرانبەر= (ف) یەکسان/ یەکەو ڕاست= یەکسەر= (ف) یکراست.
یەدەکی= یەدەک= (ف) یەدەک/ بۆنجە= (ف) بۆنجە/ یاڵ= (ف) یاڵ/
هەواڵ پرسین= (ف) هەواڵ پرسیی / هەمەڕەنگ= (ف) هەڵهاتن/ وەشاندن= (ف) وشاندن/
نەبینا= (ف) نابینا/ ناپەسەند= (ف) ناپسند/ مەردەماڵ= (ف) مرد مال/
ڕەهەندە= ڕەهەندە (ف) ڕەهەندە/ سالۆخ= (ف) سالۆخ.

٤١-ئەگەر سەرنجێک لە مێژووی فەرهەنگناسیی جیهانی و عەرەبی بدەین. هەست دەکەین جۆرەها فەرهەنگ هەیە ئەتمولۆجی، واتاسازی فیلۆلۆژی، زانستی، ئەنسکلۆپیدیا سیاسی، جوگرافیی، سروشتیی، فەلسەفی، دەروونی. هتد.

ئەم پۆلێنکردنە حاڵەتێکی ئیجابیەو ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی کۆمەڵ و تەکنەلۆژیا و شارستانیەتە، دیارە هەر فەرهەنگە و کۆمەڵێک خەسڵەت و داب و نەریتی خۆی هەیە و پەپێی کات و شوێنیش کەم تا زۆر گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، گرنگترین فەرهەنگی زمان ئەو فەرهەنگەیە کە لە داڕشتن و دروست بوون و پەیدابوون و گەشەسەندنی مێژووی وشە دەکۆڵێتەوەو ئەمەش ناسراوە بە فەرهەنگی (لیسکیکولوژی)، دیارە ئەم جۆرە فەرهەنگە لە وزەی تاکدا نییەو ئیشی دەزگایەکی سەربەخۆیە، من لەو بڕوایەدام ئەگەر هەژار لە ژێر باڵی فەرمانڕەوایەتی کورد دا، یان بە هاوکاری خەڵکانی لێهاتوو دەیتوانی بەئاسانی لەو جۆرە فەرهەنگەمان بۆ فەراهەم بهێنێت. هەرچەندە خەریکە سەردەمی ئەو مرۆڤە مەسوعییانە بەسەر دەچێت، بۆیە دەبێت ئەوانەی کە ئێستا فەرمانڕەوایەتی کورد دەکەن سوود لە دوو مەوسوعی گەورەی کورد لە بواری زمان و ئەدەب دا ببینن ئەوانەش زانای پایەبەرز (عەبدولکەریم مودەریس و مەسعود موحەمەد)ن کە ئەگەر هیمەت بکرێت دەتوانرێت تا لە ژیاندان سوودی گەورەیان لێ ببینرێت.

٥١- لە دوای هەندێک سەرنج و بەراورد لە نێوان هەمبانە بۆرینە و ئەو فەرهەنگانەی کە لەبەر دەستمدان، دەڵێم دەبوایە ڕەمز بۆ لەهجە کوردییەکان دابنرایە، هەروەک شێخ محمدی خاڵ کردوویەتی (هـ) بۆ هەورامی (با) بۆ بادینانی (زا) بۆ زازایی، چونکە ئەم حاڵەتە زیاتر خوێنەر دڵنیا دەکات و پەنجەرەی بەراورد کردنی نێوان شێوە جیاجیاکانی بۆ دەخاتە سەر پشت لەبەردەم نەک بەتەنیا خوێنەری ئاساییدا، بەڵکوو لەبەردەم توێژەرەو فیلۆلۆژییەکانی کوردیشدا، ئەوەی کە لێرەدا دەبێت بوترێت تا

ئێستا زانستی فەرهەنگ سازی وەک تیۆرو داب و نەریت و پڕۆگرام لەنێو کوردەواریدا هەنگاوی گورج و درێژی هەڵنەهێناوەو زیاتر هەر پراکتیکە، ئەم هەمبانە بۆرینە گرنگ و نەوازەیە دوای پتر لە پەنجا فەرهەنگ و فەرهەنگۆک و لیست چاوی هەڵهێناوەو توانیویەتی تاقیکردنەوەی قوواڵ و فراوان لەو بەرهەمانەی رابوردوو وەرگرێت و پێشیشیان بکەوێت بە چەند شەقاوێکی درێژ! دیارە بەو پێیە، دەبوایە ئاستەنگی کەمتر تیابوایە، بەڵام وەک لەسەرەتادا وتم هەژار لەناو ناخۆشترین دەرفەت و بەتاق و تەنیاو کەم دەرامەتییەکی فرەو ئەو شکستە نەتەوەییەی کە شۆڕشی ئەیلولی ڕزگاریخواز دووچاری بوو بوو ئیشی یەک دەزگاو چەندان پسپۆڕی کردوە و تووشی ئەزێت و مەینەتی کەمەرشکێن بووە بەدەستیەوە، کاک ماجدی ڕوحانی دەڵێت: «جارێک تەلەفۆنم لێ کرد قسەی جوان پێ نەدەکراو باش لە فەرمایشتەکانی نەدەگەیشتم، پرسیم قوربان نەخۆشییەکەت سەری هەڵداوەتەوە، فەرمووی دوو ڕۆژە نەنووستوم و تا ئەو بەشە لە کارەکە (کاری فەرهەنگ) تەواو نەکەم بۆتی نەنێرم خەوم لێ ناکەوێت» وەک دەریش دەکەوێت تەواو بوونی فەرهەنگەکەی زۆر مەبەست بووبێت و چارەسەری هەندێک شتی هەڵگرتبێت بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئەوەتانێ خۆیشی دەڵێت: «بە هومێدم ئەو کەسانەی لەدواڕۆژا فەرهەنگی کوردی بەکوردی و تەک و زۆرێک تر دەنووسن، لەم کارە نەبەکەی منیش کەم و بێشێک سوودو بەهرە هەڵگرێنن» ئەم وتەیەی هەژار سەرلێوە لە (تواضع)، کە ڕەوشتی هەموو زانایەکە!

٦١- سەبارەت بە زانستی فەرهەنگسازی کوردی کە هێمامان بۆ کرد، گەرەکە بنچینە ڕیشەییەکانی لەنێو جەرگەی خەسڵەتە تایبەتیەکانی زمانی کوردییەوە هەڵقوڵێت و سەرچاوە بگرێت، نەک کوت و مت لە تاقیکردنەوەی گەلانەوە بخوازرێت، چونکە ئێمەی کورد تا ئێستا زمانەکەمان مەحکومە بە کۆمەڵێک کێشەی جۆر بەجۆر، کێشەی زارە (لهجه) کوردییەکان، زمانی یەکگرتوو، شێوەی نووسین و هەندێک بابەتی فۆنەتیکیی و سینتاکی و (سماع) و (قیاس) و نەبوونی پیت بۆ هەندێک دەنگ.. هتد، واتە نابێت لاسایی کوت و متی هەندێک فەرهەنگ بکەینەوە، بێ گوێدانە تایبەتمەندێتی زمانی کوردی، هەر لەم بوارەدا و بۆ بنج بەستی ڕاکەم ئەوە دەڵێم گە گەلێ زانای ئەوروپی لەم دواییەدا مێملّی ئەوەیان بۆ دروست بووە کە گوایە ڕەوتی زمانەکەیان لەگەڵ ئەو گرامەرەی کە لەسەری دەڕۆن سەد دەرسەد بە هێڵی هاوتەریب دا نارۆن، چونکە یاسا ڕێزمانییە یۆنانییەکانیان خواستوە بۆ زمانە نەتەوەیەکانیان. بێ گوێدانە

تایبەتمەندێتی، دیارە من مەبەستم لەوە نییە کە پشت بکەینە زانیارییە فەرهەنگسازیە ڕەسەنەکان، بەڵکو گەرەکە تا دواچۆڕ سوودیان لێ ببینرێت و بەچاوی پڕ بایەخەوە بۆیان بڕوانرێت و زانستی فەرهەنگسازی کوردی پێ دەوڵەمەند بکرێت. لێرەدا نمونەیەک دەهێنمەوە کە لە هەندێک ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژدا بەیتە شیعرێک دانراوە و دوایی بە دەستووری زمانی عەرەبی ئیعراب کراوە، باش بوو زوو لابرا، چونکە ئیعراب بۆ زمانی کوردی نابێت.

٧١- هەمبانە بۆرینە شیاوی ئەوەیە کە چەندان لێکۆڵینەوەو دیراسات و سیمیناری بۆ بگیرێت، ئەگەر هەندێک هۆی هونەری و کات نەبوایە دەموبست لێکۆڵینەوەیەکی سوسیۆلۆژی لەسەر بنووسمەوە، چونکە ئەم فەرهەنگە هێند دەریایەکی پان و فراوان و چاو قرژاڵی ئەوتۆیە کە چەندان مرواری و گەوهەری لێ بەدەست دێت، تیشک خستنە سەر لایەنە جیاوازەکانی ئەم فەرهەنگە دەبێتە گەنجینەو دەسمایەیەک و بۆ چاپی دووەم سوودبەخش دەبێت، چونکە چاپی دووەم ئەرکێکی نەتەوەیی و دەستە جەمعیی هەموو ڕۆشنبیرێکی ئەم گەلەیە، من لەلای خۆمەوەو بەتەنیا تا ئێستا پتر لە (٠٥١) وشەی نوێم لە ئامێزی لاپەڕەکاندا نووسیوەتەوە، دیارە ئەم ژمارەیە و چەندان تێبینی تریش لە داهاتوودا هەر لە ڕسکاندایە، بەو هیوایەی کە ئەم سامانە نەتەوەییە پیرۆزو مەزنە بۆ چاپی داهاتوو بگاتە ئاستێکی خەملێوتر.

٨١- هەندێک وشە واتای بۆ دانەنراوە، یان لێک نەدراوەتەوە، لەوە دەچێت لای دانەر، وشەکە زۆر دیار و ئاسایی بێت، بەڵام مەرج نییە لای خوێنەر وا بکەوێتەوە و بیزانێت، چونکە فەرهەنگەکە زارگەلێکی فرەی گرتۆتەوە و خوێنەری کوردیش ئاشنا نییە بە هەمووی، بۆ نموونە چەند وشەیەک دەست نیشان دەکەم، بەڵام دیاردەکە ئێجگار زۆرترە.

دان ئاڵبونەوە = دان ئاڵبونەوە بۆ فارسییەکەش هەر دان ئاڵبوونەوە دانراوە/ دابلاخ = دابلاخ / داگیرسان = داگیرسان.

داشکاندن = داشکاو / داردەست = داردەس / شەماڵ = شەماڵ شێواز = شێواز / شەمامە = شەمام.

ئەم وشانە دەشێت بە مۆرفیم و بە پاشگر و پێشگرەکانیانەوە واتاگەلی نوێ دروست بکەن، بەڵام دانەر لە کورتیدا بڕیویەتەوە، وەک عومدە: بازرگانی زل: ئەم وشەیە واتای تریش هەڵدەگرێت، وەک سەرۆکی بەش، گەورە، لە هەر بواریکدا. بۆ وشەی کەنەکەوە نووسیویەتی: دوو گوندی کوردستان بەعسی کاولی کرد. لە ڕاستیدا

یەک دێیە نەک دوو، دەکەوێتە خۆرئاوای سلێمانییەوە. داشکاندن هەر داشکاوی بۆ داناوە. عەجەم ئێرانی بۆ داناوە. ئەم واتایە گشتگیرە، چونکە بەشێک لە کورد ئێرانییە، بەڵام عەجەم نییە. عەجەم: بە فارس و تورک دەوترێت، هەرچەندە ئەو واتایە سروشتێکی ڕەگەزپەرستانەی عەرەبی پێوەیە، چونکە اعجم بۆ حەیوانی نازمانە و عەرەبەکان هەر کەسێک عارەبی نەزانێت، پێی دەڵێن عەجەمی یان ئەعجەم، کە ئەمە سیفەتی حەیوانە و ئەو بەکارهێنانەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فتوحات.

٩١-لە هەنبانە بۆرینەدا زۆر وشە و دەستەواژە پەڕێنراون (تا ئێستا ٣ وشەنامەی سەربەخۆ لە قەبارەی پەرتوکی ٠٥١ و ٠٥٢ و ٠٠٧ لاپەڕەیی چاپ و بڵاو بوونەتەوە، لە بابەت ئەو وشانەی کە لە هەنبانە بۆرینەدا تۆمار نەکراون، یان جیا لەو مانایەی تۆمارکراون، حەسەن زادە و ناهید و گەردیلانی لەو بۆچوونانەدان. مەرج نییە زۆری موفرەداتی نێو فەرهەنگ بەڵگەی داهێنان و بەرهەمی فرە و تێروپڕ بێت، موفرەداتی زمانی فەڕەنسی وەک دەڵێن هەشت سەد هەزار وشەیە، بەڵام بەو زمانە فیکتۆر هۆگۆ و ڕۆسۆ و ڕۆلان بارت و ئاراگۆن و ئەو چەند پاداشتە نۆبڵەیان چێک کردووە. من لای خۆمەوە چەند وشەیەک دەست نیشان دەکەم: لە وشەی زاخ دا واتایەک نەوتراوە کە ئەویش جوان کردن و باق و بریق کردنی خشڵی ئاڵتون و زیوە، کورد دەڵێت: گەردانەکەم زاخاودا. لە واتای (زاپ) دا هێما بۆ ناوچەکەی نەکراوە کە قەندیلە.

لە وشەی (زاو) و واتا جۆر بە جۆرەکانیدا هیمانە کراوە بۆ زاوبەرە کە ئەو شوێنەیە لەسەر چۆمی سیروان لە ناوچەی نەورۆڵی کە دەکەوێتە خواروی ڕۆژئاوای هەڵەبجە، کە ئەحمەد موختار جافی تیا شەهید کرا، لە خاڵێک کە پێی دەوترێت (عەرەوسوار)، هەروەها وشەی زەنۆق چوون لەبیرکراوە کە بە مانا ترسانە. لە هەمان وشەی (زا) دا (زریاب) لەبیرکراوە. کە ناوی گۆرانیبێژێکی کوردی ناوداربووە لە موسڵ، هەروەها لە هەمان وشەدا (زمار) لە بیرکراوە، کە شارۆچکەی ئێزیدییانە لە مووسڵ. واتای وشەی گل نەوتراوە، کە بە واتای جار، یان کەرەت بەکاردەبرێت لە ناوچەی شارەزوور. واتای شینە بە بنزاری هەولێری نەوتراوە، کە لە دەشتی هەولێر بە واتای ئازا، لێهاتوو، جوامێر، بەرگریکەر دێت. وشەی شێوان، واتای پەرێشان بوونی بۆ داناوە، بەڵام بە واتای سەرەتای شەو یان هەر شەویش دێت، کورد دەڵێت:

لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سفیدەی باخی سێوان

بۆ شیعە نووسیویەتی (کۆمەڵێک لە موسوڵمانان)، چەندان کۆمەڵی موسوڵمان هەیە وەک سونە، ئەشعەری، سەلەفی، ماتریدی... هتد، دەبوو ڕوونی کردایەتەوە. بۆ شەهید نووسیویەتی شەهی – شهید بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک.

دەڕ: مێچکەبەراز، مالۆس دانراوە، ئەمە وەک ئەوە وایە بڵێی ماینی مێچکە، یان بەرانی نێر، یان ئەسپی نێر!، کە وتت دەڕ دەزانێت مێچکەیە. دانەر بۆ هەندێک وشە زۆری وتوە، بۆ هەندێکیش کەم. ڕۆژێک پیاوێکی کاکەیی و دووژنەکەی دەچنە خزمەت مەولەوی و داوای لێدەکەن کە دۆعای منداڵبوونیان بۆ بنووسێت، ئەویش دەفەرموێت ئەم کاغەزەی کە ئێستا بۆتان دەنووسم بیخەنە سەر مەزاری مەلا مستەفای بێسارانی، ئەوانیش نامەکە دەگەێننە جێی خۆی. لە نامەکەدا هاتووە:

بێساران ماوا یانەی بەحرو بەڕ
هاتنە جەیانەت یەکانە و دوو دەڕ
جە دەوری یانەت مەکەران هۆڵە
پێییان کەرم کە جفتێ پارکۆڵە

یەکانە پیاوەکەیە، دوو دەڕەکە هەردوو ژنەکەیەتی.

پارکۆڵە: منالەکەیە، کە هێشتا نەبووە، هۆڵە دەنگی بەرازە. ئەوە بۆ خوێنەری زیرەک جێ دەهێڵم، کە بۆچی مەولەوی ئەم ناوانەی بەکاربردووە. بۆ دەردی گران، بێماری داناوە، مەرج نییە هەموو بیمارێک دەردەکەی گران بێت، چونکە بێماریش پلەبەندە. بۆ واتای دەرزی، سوژنی داناوە. دەرزی بچووکترە، بۆ دروامانی کەل و پەلە، بەڵام سوژن گەورەترە و بۆ کۆپان و کورتان و گوێنی بەکاردێت، بۆ ڕێگە جیرەی قەڵەمی داناوە! زۆر لە دەنگەکان لە خودی دەنگە ڕاستەقینەکردگاریەکەوە وەرگیراوە. بۆ مار فیشکە، بۆ کۆتر گمە، بۆ شێر نەڕە، بۆ کەر زەڕین... ئەوەی جێگای سەرنجە هەمان دەنگی ئەو گیان لەبەرانە لە زمانی تردا وشە گەلێکیان بۆ دانراوە لەگەڵ وشە کوردییەکاندا نایەنەوە، بەتایبەت لە خودی دەنگەکاندا. هەر بۆ نمونە کورد بە دەنگی کۆتر دەڵێت گمە، بەڵام عەرەب پێی دەڵێت هەدیل، هەرچەندە لە واقیعدا یەک دەنگە. واتا کۆتری کورد لە کۆتری عەرەبدا لە خوێندندا جیاوازە!!. بۆ دەنگی گا و مانگا کورد دەڵێت هۆڵە بەڵام عەرەب دەڵێت خوار. وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارە زانستی (فقه اللغة) ئەیداتەوە.

لە واتای وشەی ڕێژاودا ئەوەی فەرامۆش کردوە کە ناوی ئاواییەکی کوردە لە ناوچەی دالاهۆ، مەولەوی وەک بەکاربردنی (تورية) پۆشین، کە هونەرێکی ڕوانبێژیە

فەرموویەتی:

دیەم ڕێژاوە، روخسارم زەردەن

ج داخی یاران پیرانم کەردەن

ڕێژاو، زەردە، یاران، پیران، چوار ئاوایی نزیک یەکن لە ناوچەی دالاهۆ، دیارە خوێنەری سادە لەوح واتایەکی تری بۆ دادەنێت، واتە لە شێوە ڕووکەشەکەیدا.

٠٢- سەبارەت بە دەنگی پیتی (ق) کە هەندێک پێیان وایە کوردی نیە و دەبێت لابببرێت! مامۆستا هەژار پتر لە ٠٠٠٣ وشەی هێناوە کە کورد بەکاریان دەهێنێ و وەک خۆی لە سەرەتاشەوە وتویەتی کە دەبێت دەست بە وشەکانمانەوە بگرین و نەڵێین فلان وشە عەرەبییە، یان فارسییە، یان تورکییە و دەبێت لابببرێت، چونکە نەتەوەکانی دەوروبەرمان بە پای پلان وشەی کوردی دەماشنەوە و دەیکەنە هی خۆیان. سەرنجی تایبەتیم لەسەر ئەو وشانەی کە بە پیتی (ق) دەست پێ دەکەن:

A- زۆربەیان – نەک هەموو – لە ناوچەی موکریان ناسراوو بەکارهاتووترن وەک لە ناوچەکانی تر.

B- بەخشێکی زۆر لە وشەکان سەر بە دنیای کشاوەرزی و ئاژەڵداری و کاری دەستین.

C- بەشێکی فرەیان لە ڕێی ئاوەڵناو یان مۆرفیم، یان پێشگر و پاشگر واتاکانیان تەواو دەبێت، یان واتای تر چێ دەکەن. ئەو سروشتی هەڵشێلان و پەرتکردنی وشەیە (اشتقاق)ی لە زوانی عەرەبیدا هەیە لە کوردیا نیە.

D- هەست بەوە دەکرێت کە ڕەنگدانەوەی واتا و وشەی تورکی تیا بەکار برابێت، دیارە بۆ ئەم مەبەستە گەرەکە توێژینەوەی مێژوویی چێ بکرێت، واتە دەست نیشان کردنی ئەو زەمین زەمانەی کە تورکی ئازە لەو ناوچانەدا بالادەستە و فەرمانڕەوا بوون، یان پەیوەندی بازرگانی و ژیاری زۆر لەگەڵیاندا هەبووبێت.

١٢. دانەر پتر لە ٠٢٤ وشە کە بە پیتی (ع) دەست پێ دەکات خستوێتیە وشەدانەکەوە، زۆربەی هەرە زۆری وشەکان یان ئاوەڵناوەکانیان یان مورفیمەکانیان یان هەر لە بنەڕەتدا عەرەبین، یان عەرەبین و کوردێنراون یان فارسێنراون و جارێکی دی بە ڕێگەی فارسییەکاندا کوردێنراونەتەوە، واتە بە هیچ جۆرێک ڕەسەنایەتی زوانی کوردییان پێوە نییە. هەر بۆ نموونە: عەمامە، عامامەی بۆ دانراوە. عەیام، أیامی عەرەبیە، عەمەلە لە عملەوە هاتووە. سەیری هەر وشەیەک لەوانە دەکەیت،

بنج و بنەوانەکەی عەرەبییە و لەگەڵ ڕەوت و گۆڕانی ڕۆژگاردا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، یان بە گۆڕینی پیت یان لابردنی بە پیتێکی تر یان بە پاش و پێشکردنی. ئەو زارانەی کە ڕەسەنن و لە دێرەوە بەکاربراون، هەمیشە بواری ئەوەیان تیایە کە لە ڕێگەی مۆرفیم و ئاوەڵناو و پێشگر و پاشگرەوە واتای فرە لە هەردوو بواری حەقیقەت و مەجازدا بەدەستبهێنن.

٢٢. دانەر بۆ ڕاڤەی ئەو وشانەی کە پیتی (غ)یان لە پێشەوەیە بە تەنیا ٤٦١ وشەی دەستکەوتووە و تێی هاویشتووە، لە وردکردنەوە و توێژینەوەدا، دەردەکەوێت کە ڕەسەنایەتی و بنج بەستویی ئەم پیتە لە وشەدا لە خاڵی مۆلەقەدایە و دەشێت جێ گۆڕکێ بکات لەگەڵ پیتی (خ)دا. غەملیو، دەبێتە خەملیو. غەیانەت دەبێتە خیانەت، غەلیف دەبێتە، خەریف. غورفی دەبێتە خەرفاو، غاراندن دەبێتە خاراندن. ئەم حاڵەتی وشە گۆڕکێیە، یان هاوبەشی کردنی دوو جۆر دەنگی نزیک لە یەک حاڵەتدا، لە ناوچەی هەولێر بەربڵاو بەکاردێت. محمد دەکرێتە مەعەمەد، رابیعە دەبێتە رابیحە، یان بە پێچەوانەوە. عبدالله دەبێتە حبدالله. یان علی دەبێتە حەلی... هتد.

٣٢-شیکار و وردبینی کردن لە موفرەداتی هەنبانەبۆرینە کە کارێکی سەخت و تاقەت بڕە، دەمانگەێنێتە ئەو ئەنجامەی کە زارو بن زار و موفرەداتی ناوچەکانی موکریان زاڵە بەسەر ناوچەکانی تری کوردستاندا، لە ڕووی چۆنێتی و چەندێتییەوە، چونکە:

١. زار و بنزاری ناوچەی موکریان زۆر دەوڵەمەندە و پاشخانێکی دوورودرێژی ژیانکردنی گرتۆتەخۆ و بۆ هەموو واتایەک وشەت دەست دەکەوێت.

٢. سوودبینینی ناڕاستەوخۆ لە زمانی فارسی و تورکی.

٣. فەرهەنگەکە هەژار نووسیویەتی کە سوارچاکی بواری زار و بن زاری کوردییە، بەتایبەت زاری موکریان، دەورکردنەوەی فەرهەنگەکە ئەو دەرگایەمان بۆ دەخاتە سەرپشت کە لێوەی بزانین کە هەژار لە زارە کوردیەکاندا شارەزاییەکی فرەی هەیە لەو بوارەدا. مامۆستا جەمال نەبەز زار و بنزارەکانی لەم چوارچێوەیەدا نەخشاندووە، کرمانجی ژووروو. ئەم شێوەزارانە دەگرێتە خۆی: بۆتانی، جزیرەیی، هەکاری، بادینانی، ئاشیتەیی، بایەزیدی. کرمانجی نێوەڕاست کە ئەم زاراوانە دەگرێتە خۆی: سنەیی، ئەردەڵانی، زاراوەکانی سلێمانی، کەرکووکی، گەرمیانی، هەولێری، سۆرانی، موکری، شارباژێڕی.

کرمانجی خواروو: زارەکانی: فەیلی، کرماشانی، لەکی، کەلهوڕی، خانەقینی، لوڕی.

مێجەرنوئێل لای وایە لێکدابڕاوی خێڵە کوردەکان و پەیدابوونی وێژەیەکی هاوبەشی و ئەو کارە گشتییەی کە کردوێتی، سەرەنجام بۆتە هۆی ئەوەی کە زمانی هاوچەرخی کورد ببێت بە چەند زارێکەوە، کە هەریەکەیان ڕێبازی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەختە بڵێین کە بە هەموویان یەک زمانی سەرچاوە پێکدێنن، بەڵام ئەم یەک زمانی سەرچاوەیە، لە هەل و مەرجی تایبەتی سیاسی و ڕۆشنبیریی لەباردا دێتە کایەوە، نەک لە خۆوە دەڕسکێت، چونکە دوورکەوتنەوەی زارەکان لە یەکدی، لەژێر هەژموونی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا هەمیشە لێکتێگەیشتن تارومار دەکات و لێکمان دوورەدەخاتەوە و بنزارەکانمان لێ دەکاتە زاری تەمام زار.

با ئەوەش لە یاد نەکەین، کە نەتەوەی سەردەست بە حوکمی دەسەڵاتە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیکەیەوە زمان و زاری خۆی لە بوارە فەرهەنگی و میدیایی و زانستیەکاندا ئەسەپێنێ و زمان و زاری گەلی بندەست ئەهارێت. لەگەڵ ئەو هەموو فشار و زۆربۆهێنانەدا، زمانی کوردی توانیوێتی بوونی خۆی بسەلمێنێت و دەستوری عێراقیش لە مادەی ژمارە چواردا دانی پیابنێت.

٤٢. لە دیوانەکانی مەولەوی و خانای قوبادی و نالی و سالم و کوردی و شێخ ڕەزاو مەحوی و خانی و جزیری... هتد. زۆر وشە و دەستەواژە لە دیوانی ئەمانەدا هەن کە نەخراونەتە هەنبانە بۆرینەوە. هەمیشە لە داب و نەرتیی لەچاپدانەوەی دووەم جاردا، دەنووسرێت، زیادکراو – پوختەکراو... خۆزگە لە چاپەکانی دواییدا، هەنبانە بۆرینە ئەو وشانەی بخستایەتە دووتوێی لاپەڕەکانیەوە، یان وەک پاشکۆیەک بە جیا بیخستایەتە تەک وشەدانەکەوە. دیارە ئەم ئەرکە زیاتر لە ئەستۆی کاک ماجدی ڕۆحانی و یاوەرانیەتی، چونکە ئەمانە وەک سەربازی نەناسراو لە پشت کارەکەوە بوون و عەسای دەستی هەژار بوون.

٥٢. مامۆستا هەژار بۆ چاوکردنەوە و زیاتر بەخشینی زانیاری، هەندێک جار بە دوورودرێژی باسی وشە و واتاجۆر بە جۆرەکانی حەقیقی و مەجازی بە گۆڕانکارییەکانیەوە بە پێشگر و پاشگر و مۆرفیمەوە باس دەکات و خوێنەر لەو بوارەدا بەهرەمەند دەبێت. باشتر وابوو جاروباریش ڕیشەی هەندێک وشەی باسکردایە وەک ئەتمولوجی زانێک، بەتایبەتی وشە نزیک یان ناوکۆییەکان لەگەڵ فارسیدا، چونکە ئەم دوو زمان و زارە لێک نزیکن، بەڵام لە ڕیشەدا زمانی کوردی

تەمەن درێژ و تایبەتمەندترە لە بواری ڕێزمان و ڕستەسازیدا. با ئەوەش نەبوێرم کە گەلێ وشەکە ڕۆژانە لە بواڕە جیاکاندا، بەتایبەت بن زارە جیاوازەکان بەکاردێن لە فەرهەنگەکەدا بەرچاو ناکەون. ئەگەر زمانێک یاسا و قاڵبی ڕێزمانی لە چوارچێوەی نەنێ و بە یاساگەلێکی لۆژیکی نەیخاتەگەڕ ئەو زمانە پێگەیەکی لاواز و بنبەستی دەبێت.

٦٢. لە خاڵی بیستەم دا باسی ئەوەم کردووە کە زار و بن زاری موکریان باڵیان کێشاوە بەسەر وشەدانەکەدا. بەراوردکردنی ئەم حاڵەت و دیاردەیە بە فەرهەنگی خاڵەوە ڕاستی ئەو بۆچوونەم دەسەلمێنێت، واتە ئەگەر خوالێخۆشبوو خاڵ لە ناوچەی موکریان بژیایە و هەژاریش لە سلێمانی بوایە، حاڵی هەردوو فەرهەنگەکە نزیک دەبوو لە ئێستا، دیارە بەدەر لە ئاستی زمانناسی هەردووکیان و بەدەر لە نەساچانی ئەو گریمانەیە، واتە وەک ئەگەرێکی ئەکادیمی هەروادەردەچوو، یان بە واتایەکی تر کاریگەری ناوچەو شوێن و دەرهاوێشتەکانی بە زەقی بەدەرەوە دەبوو. نابێت ئەوەش لەبەرچاو نەگرین کە درەنگ دروست بونی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو دەرهاویشتەی نێگێتیڤی لێ دەکەوێتەوە، وەک پەرت بوونی ژێرخانی ڕێزمانی کوردی.

٧٢. مامۆستا هەژار لە ئەهمیەت و گرنگی فەرهەنگدا دەڵێت:

مەکۆی وشان، تەنیا و تەنیا بۆ دوو مەبەستان بە کەڵکە:

١.بۆ دۆزینەوەی واتای ئەو وشانەی کە بەرگوێی مرۆڤ کەوتوون، بەڵام واتاکانیان نازانێت، فەرهەنگ دەستی دەگرێت و واتاکانی پیشان دەدات.

٢. هاناو کۆمەکی وێژەر و نووسەرانە کە وشە هاوماناکانی شێوەکانی جودا جودای زمانەکەی لە فەرهەنگی بێنێتە دەرێ و بەرانبەر بە یەکیان دانێ و گشتیان لەبەر یەکتر دانێ.

دیارە هەژار هەر ئەو دوو خاڵەی بە خەیاڵدا هاتووە، بەڵام لە ڕاستیدا خاڵەکانی سوودی فەرهەنگ لەوە زیاترن، هەربۆیە ئەم چەند خاڵە دەخەمە سەر ئەو دوو سوودەی کە هەژار نیشانەی کردووە:

٣. لەبەرئەوەی کە داگیرکەرانی کوردستان ئەم نەتەوەیەیان پەرت و بڵاوکردووە و دیواری قێزەونی سایکس بیکۆیان خستۆتە نێوان چوار پارچەکەی دڵیەوە، کۆمەڵێکی فرە زار و بنزار سەریان دەرهێناوە و لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگاریشدا ماونەتەوە و

بنجبەست بوون و کار گەشتۆتە ئەوەی پارچەکانی کوردستان لەیەک نەگەن لە هەندێک بواردا، کە ئەمە خاڵی ترس و بیمە. دیارە فەرهەنگ ئاخاوتنی ئەم بنزارانە لێک نزیک دەکاتەوە و دەبێتە هەنگاوێکی لەسەرخۆو هێدی بۆ چێ کردنی زمانی یەک گرتوو، بەمەرجێک کە فەرهەنگ ساز شارەزای وردی ئەو بن زارانە بێت و شیان بکاتەوە.

٤. لەوانەیە بەشێک لەو بنزارانە لەژێر کاریگەری و ململانێ و کێبڕکێی زارە سەرەکییە نزیکەکانیاندا بەرەو سستبوون بڕۆن، دیارە فەرهەنگ وشەکانیان دەپارێزێ لە فەوتان و نەمان و دەیخاتە لاپەڕەکانی، یان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و شکڵی تر دەگرنەخۆ.

٥. لەبەرئەوەی کە زمانی فارسی و کوردی جۆرە خزمایەتییەکیان هەیە لە ڕووی وشە و واتاگەراییەوە، ئەم فەرهەنگە زانیاری زمانناسی دەداتە خوێنەر و خاڵی هاوبەشی هەردوو زمانەکە لێک نزیک دەکاتەوە. بەڵام لە چوارچێوەی گرامەری جیاوازدا.

٦. لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگاردا زۆر وشە و دەستەواژە و مانا ون دەبن و هەڵدەوەرن، چونکە مرۆڤ پێویستی پێیان نامێنێ، دیارە فەرهەنگ ئەو وشانە دەپارێزێ و دەیخاتە نێو لاپەڕەکانیەوە.

٧. زۆری زار و بن زار یارمەتی شاعیرانی کورد دەدات بۆ جوانی و سەقامگیرکردنی کێش و قافیە.

٠٣. دانەر زۆرجاران وەک نموونە پەنا دەباتە بەر شیعری شاعیرەکان، بۆ بەرچاوڕوونی و زیاتر واتا دەربڕین و لێکدانەوە، بەشێک لە هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەژار خۆی شاعیرە و لەو بوارەدا شارەزایە. دەبوو لەگەڵ ئەوەدا قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و مەتەڵ و بەندی بهێنایەتەوە، چونکە مێژووی ئەمانە قوولْترە لە مێژووی بوونی شیعر، جگە لەوەش کورد لەو بوارەدا ئێجگار دەوڵەمەندە و بەرهەمی بە بڕشتی هەیە، نازانم بۆ هەژار سوودی زۆری لەم بوارە وەرنەگرتووە؟! بەپێچەوانەی ئەمەوە فەرهەنگنووسە عەرەبەکان بەرهەمێکی گەورە و گرانیان لەم بوارەدا جێهێشتووە.

پەراوێزەکان

١- بڕوانە زمانی کوردی ئەورەحمان حاجی مارف- بەغدا ٥٧٩١.
٢- تا ئێستا بە چاپ نەگەییوە.
٣- چێشتی مجێور- عبدالرحمن شرفکندی-
٤- چێشتی مجێور- عبدالرحمن شرفکندی/ ل٣٦
٥- قامووسی زمانی کوردی- بەرگی یەکەم/ ٧٧٩١- چاپی کۆڕ/ بەغدا/ ل٦.
٦- هەمبانە بۆرینە.
٧- چێشتی مجێور/ ل ٩٧٥.
٨- هەمبانە بۆرینە/ ل بیست و هەشت.
٩- هەمبانە بۆرینە
١٠- هەمبانە بۆرینە
١١- العناصر المشتركة في الاداب الشرقية/ جزو من فصل من دراسه ٥٨٩١. ندوه الادب مقارن- جامعه صلاح الدين.
٢١- هەمبانە بۆرینە/ ل بیست و چوار- هەژار ئەم وشانەی لە کتێبی (المعرب من الكلام الاعجمی علی حروف المعجم- ابی منصور الجواليقی).
٣١- هەمبانە بۆرینە/ ل١٢.
٤١- هەمبانە بۆرینە/ ل٥١٥.
٥١- هەمبانە بۆرینە/ ل٨٧٨.
٦١- هەمبانە بۆرینە/ ل٩٨٨.
٧١- هەمبانە بۆرینە/ ل٢٤٩
٨١- هەمبانە بۆرینە/ ل٢٦٥
٩١- هەمبانە بۆرینە/ ل٩٣٢.
٠٢- هەمبانە بۆرینە/ ل٣٢.
١٢- هەمبانە بۆرینە/ ل٧١٧.
٢٢- هەمبانە بۆرینە/ ل٢٢.
٣٢- هەمبانە بۆرینە/ ل٤٢٥.
٤٢- هەمبانە بۆرینە/ ل١٣٩.
٥٢- هەمبانە بۆرینە/ ل١١٢
٦٢- هەمبانە بۆرینە/ ل٦٩٤
٧٢- هەمبانە بۆرینە/ ل٦١٥
٨٢- چێشتی محێور/ ل١٨٥- عبدالرحمن شرفکندی (هەژار) پاریس ٧٩٩١ چاپی یەکەم.
٩٢- فەرهەنگی خاڵ/ ٩٢.

کاریگەریی لێکۆڵینەوەی بەراورد لەسەر پڕۆسەی فێربوونی زمانی دووەم

پ. د. تارا عبدالله سعید قادر

پێشەکی:

ئێمە لە جیهانێکی فرەزماندا دەژین، کە تێیدا پەیوەندییەکان لە سەروو هەموو شتێکەوەیە یان لە هەموو شتێک گرنگترە، جیهان تا دێت فراوانتر دەبێت و زانینی زمانی دووەم هەمیشە سوودێکی بێکۆتات پێدەبەخشێت.

سودەکانی فێربوونی زمانی دووەم:

١.یارمەتیدەر دەبێت لە پێشکەوتندا.

٢.یارمەتی بەهێزبوونی مێشک و سەرەنجدان دەدات.

٣.یارمەتی زیاترکردنی تێگەیشتنت دەدات لەو زمانانەی کە پێشتر قسەت پێکردووە.

٤.زمانی دووەم دەتوانێت بە شێوەیەکی بەهێز کارەکەت بگۆڕێت، ژیانکردن لە جیهانێکی پێکەوەبەستراودا واتای ئەوەیە کە کاری زیاتر دێنە ڕێگات کە ئەمەش وادەکات زانینی تەنها یەک زمان بەس نەبێت.

٥.لە کۆمپانیاکاندا زیاتر بازرگانی نێودەوڵەتی دەکرێت و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی تر دروست دەبێت، هەر بۆیە زۆربەی کات داوا لە کارمەندان دەکرێت بۆ کارکردن گەشت بکەن، بۆیە زانینی زمانی دووەم یاخود زیاتر لە زمانێک گرنگە.

٦. جگە لە هەبوونی دەرفەتی زیاتر بۆ بەدەستهێنانی کارێکی باش یان بەرەوپێشچوون لە پیشەکەتدا، فێربوونی زمانی دووەم دەتوانێت تێگەیشتنێکت بۆ کلتورەکانی تر پێبەخشێت.

٧. تۆ زیاتر ئامادە و دڵنیا دەبیت بۆ گەشتکردن بە جیهان و دۆزینەوەی ڕێگای ژیان.

٨. فێربوونی زمانی دووەم ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێت کە ببیتە بەشێک لە کۆمەڵگەیەک بە کلتورێکی جیاوازەوە، هەروەها فێربوونی زانیاری زیاتر لەبارەی جیهانی دەوروبەرمان.

٩. دەبێتە هۆی زیادبوونی چالاکی مێشک، فێربوونی زمانێکی نوێ هانی مێشکت دەدات بۆ ئاشنابوون بە ڕێزمانی نوێ و یاساکانی وشەدانان.

لەبەر گرنگی زمانی دووەم، زۆر لە زمانەوانەکان هەوڵیانداوە کە چەند میتۆدێکی جیاواز بهێننەکایەوە بەمەبەستی کارئاسانی بۆ هەموو تاکێک، هەتا بە دروستترین و زانستیترین و خێراترین ڕێگە، بتوانێت فێری زمانی دووەم ببێت. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە کە گرنگترین و زانستیترین دوو قوتابخانە بخرێنەڕوو و پاکترین بەراوردبکرێن و پەسندترینیان بخرێتەڕوو.

کلیلە وشەکان:
زمان، زمانی دووەم، میتۆد، فێربوون، سودەکان، ئینگلیزی و کوردی، عەرەبی.

دانانی کتێب بە زمانی یەکەم بۆ قسەکەرانی زمانی دووەم

لەو بابەتانەی ڕووبەڕووی پڕۆسەی دانانی کتێبی زمانی کوردی بۆ ئەوانەی کە قسەپێکەر(ئاخێوەر)ی نین دەبێتەوە، کە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا یان سەرەتای ئەوەیە کە ڕووبەڕووی ببێتەوە، بریتییە لە هەڵوێستی نووسەر یاخود مامۆستا لەبارەی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانەوە، واتە بەراوردکردنی زمانی دووەم بە زمانی کوردی - لەم حاڵەتەی ئێمەدا – بەزمانی بنەڕەتی خوێندکارەکە، بۆ مەبەستی دەستکەوتنی ئەنجامی کرداریی کە خزمەت بە گوتنەوەی زمانی کوردی بۆ بیانییەکان و دانانی کتێبەکانی بکات.

ئەم توێژینەوەی ئامانجی هەڵسەنگاندنی سێ بۆچوونە لەبارەی ئاستی سوودی پراکتیکی ئەو توێژینەوانە، بۆچوونێک کە سووڕە لەسەری، و بۆچوونێکیتر ڕەتی دەکاتەوە، و بۆچوونی سێیەم کە وەریدەگرێت پاش ئەوەی گۆڕانکاریی ڕیشەیی تێدا دەکات. هەرچەندە لەگەڵ بۆچوونی سێیەمدام، بەڵام هەوڵدەدەم ئەو بۆچوونانە بە شێوەیی بابەتیی چەندی بتوانم بخەمە ڕوو.

ئەم بابەتەم بۆیە هەڵبژاردووە کە لەبارەیەوە بنووسم، چونکە ئەمڕۆ گفتوگۆیەکی تۆندی وروژاندووە، لەکایەی گوتنەوەی زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانیدا، وەک زمانی دووەم. بەپێی ئەوەی کە من ئاگاداری ئەوە نیم، کە لە زمانەکانی تردا لەم بوارەدا نووسراوە، بۆیە بە کورتی تەنیا باس لەوە دەکەم کە لە زمانی کوردیدا نووسراوە.

١-سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان:-

هەرچەندە ڕیشەی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە (٢-٥) بەڵام سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوانە بە شێوازە نوێیەک هەمیشە بەراورد دەکرێت بە دەرکەوتنی کتێبی (ڕۆبێرت لادۆ، زمانەوانیی لەنێوان کەلتورەکاندا) کە وەختە ببێتە یەکەم هەوڵی بەرنامەدار، کە ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی و چۆنیەتیی ئەنجامدانی لەسەر بنەمای زانستیی ورد دیاردەکات. لادۆ و ئەوانەی لەگەڵیدان

پێیان وایە کە زمانی دایک کاریگەری هەیە لەسەر فێربوونی زمانە بە ئامانجکراوەکەدا بە شێوەیەک کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت یان ڕۆڵی لەبەرچاو نەگیرێت، خاڵی لێکچوون و جیاوازی نێوان ئەو دوو زمانە شوێنەکانی ئاسانی و گرانی فێربوونی زمانی بە ئامانجکراو دیار دەکات : ئەو ڕەگەزانەی لێکچوون لەگەڵ بەرامبەرەکانیان لە زمانی دایکدا لە فێربووندا ئاسان دەبن و ڕەگەزە جیاوزەکان قورسستر دەبن لەوانە (٢-٧).

بۆ گەیشتن بەم ئەنجامەش لادۆ پێشنیار دەکات بەراوردی درێژەدار لە دوو زمانەکەدا بکرێت لە هەموو ڕووە دەنگیی و ڕستەسازیی و وشەسازی و واتاییەکانەوە:

بە شیکردنەوەی زمانی دوەم دەست پێدەکەین و بەراوری دەکەین لە ڕووی پێکهاتەوە بە پێکهاتەی زمانە بیانیەکە. پێویستە لەبارەی هەر پێکهاتەیەکەوە ئەوە بزانین کە ئاخۆ پێکهاتەیەک هەیە لە زمانە بنەڕەتییەکەدا کە (١) بەهەمان شێوە هێما بکرێت، واتە بەهەمان شێوازی زمانیی گوزارشتی لێ بکرێت (٢) هەمان واتای هەبێت، (٣) بەشێوەیەکی هاوشێوە لە سیستیمی زمانەکەدا دابەش دەبێت (٦٦ -٧)

(لادۆ) مەبەستی لەوەیە کە لێکچوون و جیاوازی نێوان پێکهاتە یان ڕەگەزی زمانی و ئەوەی کە لە زمانی دایکدا بەرامبەریەتی شتێکی ڕەها نییە، بەڵکو دەکرێت لە سێ لایەنەوە لێیان بکۆڵرێتەوە :

١- شێوە بۆ نموونە سەرنج دەدەین کە دەنگی (٢) لە زمانی ئینگلیزیدا هاوشێوەی دەنگی (ر) ی زمانی کوردییە، بەڵام جیاوازن لە شێوەکەیاندا واتە لە شێوەی گۆکردنیاندا.

٢- واتا، واتە دەشێت پێکهاتە هاوشێوە بێت لەگەڵ ئەوەی بەرامبەریەتی لە شێوەدا، بەڵام لە واتا جیاواز بن. ڕستەی ((ssik a mih evag dlihc ehT هاوشێوەیە لەگەڵ ڕستەی (منااڵەکە ماچێکی دایە) لە شێوەکەیدا، بەڵام واتایەکی پێچەوانەی واتاکەی ئەو دەگەیەنێت.

٣- دابەشبوون، واتە دیارکردنی شوێنی هاتنی ڕەگەزە لە زمانەکەدا سەرباری ئاشنابوون بە شێوە واتاکەی، دەڵێن دەنگی ئینگلیزی (gn) ڕەنگە لە کۆتایی وشەدا دەربکەوێت نەک لە سەرەتاکەیەوە. هەروەها (ڵ) واتە لامی قەڵەوی بە عەجەمیکراو لە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا هەیە، بەڵام دابەشبوونی جیاوازی هەیە بە تایبەتمەندی هەریەک لە دوو زمانە دیار دەکرێت.

بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبەو کتێبیتر دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لە بواری گوتنەوەی زمانی ئینگلیزی و زمانی تریشدا وەک زمانی دووەم، و لێکۆڵەران دەستیاندایە

بەراوردی وردەکار لە هەموو بوارە دەنگیی و ڕستەسازیی و وشەسازییەکانەوە، ڕەنگە زیادڕۆییمان نەکردبێت، ئەگەر بڵێین زۆرینەی نامە زانکۆییەکانی بواری فێرکردنی زمانی ئینگلیزیی وەک زمانی دووەم کە بە تایبەت لە شەستەکاندا نووسرابوون ڕێگەی لێکۆڵینەوەی بەراوردکارییان هەڵبژاردبوو، چیتر خۆیان بە ڕەوایەتیدان بە هەڵبژاردنی ئەم ڕێگەیەوە ماندوو نەدەکرد، کە دانرابوو تەنانەت ئێستاش بەو شێوەیە دادەنرێت، هەرچەندە لە بوارێکی بچووکتردا بە سەلامەترین شێوازی پەرەپێدانی فێربوونی زمانی دووەم. (بەلتەزار) دەڵێت:

زانستی زمان جێبەجێکاریی وەهای نەخستۆتەڕوو کە وروژاندن و تانەلێدانی کەمتر بووبێت لە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان (٤٠٢-٩).

هەروەها (هاس) دەڵێت :

ڕەنگە ئەوەی پێویستە بریتی بێت لە ژمارەیەکی زۆری لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە تایبەتمەندەکان لە ئینگلیزی و بەنگالیی، ئینگلیزی و یابانیی، ئینگلیزی و هوسیی، هتد بۆ چارەسەرکردنی هەمو ئەم لایەنانە بە ژمارەیەک لێکۆڵینەوە: لە بواری دەنگی و ئاوازی و ئاماژە دەنگییەکان و پێکهاتەی وشەکان جۆرە سەرەکییەکانی گوزارشت و بەو شێوەیە دەتوانین بەم شێوەیەش دڵنیاییەوە زاڵ بین بەسەر ئەو بەربەستەدا. لە ئێستادا پەنا بۆ ئەوە دەبەین کە مامەڵە لەگەڵ خوێندکارەکانماندا بکەین بەو شێوەیەی پزیشکێک خۆی دەبینێتەوە لەبەردەم نەخۆشێکدا کە لەدەست ئازاری پشتی دەنالێنێت و یەکێکیتر بە دەست ئازاری قاچ و یەکێکی تر لەدەست ئازاری مل و ئەویش بەهەمان ڕاهێنانی چارەسەرییان پێدەدات (١٢٢-١)

لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری وەک ئەوەی هەتا ئێستا ئاشکرایە، بریتییە لە ڕێگەیەک یان شێوازێک کە پێویستی بە تیۆرییەک هەیە ڕێگەی بۆ ڕۆشن بکاتەوە و پشتی پێ ببەستێت لە شیکردنەوەی و ئەنجامگیری و پراکتیکی پەروەردەییدا. ئەم شێوازە لە قۆناغی یەکەمی لە شەستەکاندا ڕەنگی rammarG larutcurtS) تیۆری خستنەپاڵیەک(پێکهاتەیی) گرتبوو، کە ئەوکات بەربڵاوبوو، کە پشتی بە تیۆری پێکهاتەیی بەستبوو لە شیکردنەوەی زمانەوانیی و چارەسەری ئەو کێشانەدا کە لە جیاوازییەکانەوە سەریان هەڵدابوو، کە ئەم شێوازەش بەو تیۆرییەوە هاوپەیوەند کرابوو کە هەندێک کەس لەو باوەڕەدا بوو کە هەر بە ڕاستی چارەنووسی ئەو شێوازە بەستراوەتەوە بە چارەنووسی ئەو تیۆرییەوە.

دواتر قوتابخانەی گواستنەوەیی هات و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تانەی لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکاندا، بەڵام تانەکە سەبارەت بەم لێکۆڵینەوانە کوشندە نەبوو وەک ئەو کاریگەرییەی بەرامبەر خودی قوتابخانەی پێکهاتەیی هەیبوو. پاشەکشەی قوتابخانەی پێکهاتەیی بۆ ماوەیەک ئەم لێکۆڵینەوانەی وەک شێوازێک بەبێ تێۆر و جەستەیەک بەبێ سەر جێهێشت. کێشەی یەکەم کە سەریهەڵدا ئەوەبوو کە قوتابخانە نوێیە گواستنەوەییەکە بواری پێویستی بۆ نەڕەخسا بەتایبەت لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا کە هیچ لایەک بەکاتەوە بەلای جێبەجێکارییە پەروەردەییەکانی لە تێۆرییەکەیدا، هەر بۆیە باکی بە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان نەبوو، بەڵکو سەرنجی لەسەر ڕاڤەکردن و پەرەپێدانی لایەنی تێۆریی چەمکەکانی چڕکردووە لەو چەمکانەیدا کە ناسرابوون بەوەی زۆر ئاڵۆز و ئەبستراکت بوون. (چۆمسکی) کە پێشەنگی ئەم قوتابخانەیەیە لە سەرەتای وتەیەکیدا لە کۆنگرەی فێرکردنی زمانە دووەمەکان لە ئەمریکا لە ساڵی(٦٦٩١)دا دەڵێت:

دەمەوێت هەر لەسەرەتاوە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە من لەم کۆنگرەیەدا بەشداریی ناکەم وەک پسپۆڕی هیچ لایەنێک لە لایەکانی فێرکردنی زمانەکان، بەڵکو وەک کەسێک کە خەمی سەرەکی بریتییە لە پێکهاتەی زمان و بە شێوەیەکی فراوانتریش سروشتی ئەم کاری دەرکردنە، منیش بە ڕاشکاوی گومانم هەیە تا ڕادەیەک لە سوودی ئەم بەرهەم و لێکۆڵینەوانەی لە زانستی زمان و دەروونناسیدا کە لە بواری فێرکردنی زمانەکاندا هاتوونەتە ئاراوە. شتێکی پشڕاستکراوە کە باشترە بۆ مامۆستای زمان کە ئاگاداری پێشکەوتن و گفتوگۆیەکانی ئەم بوارانە بێت، هەوڵی زمانەوانەکان و زانایانی دەروونناسی بۆ چارەسەری کێشەکانی فێرکردنی زمان لە ڕوانگە بنەڕەتییەکەیەوە، شتێکی زۆر بایەخدارە لە ڕووی بیر و کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام سەرباری ئەمەش هێشتا شتێکی گرانە بڕوا بەوە بکرێت کە زانستی زمان و دەروونناسی گەشتبێتە ئاستێکی وەها لە تێگەشتنی تێۆری کە بتوانن سود بگەیەنن لە پەرەپێدانی فێرکردنی زماندا (٤٣٢-٤).

کێشەی دووەم بریتییە لەوەی کە قوتابخانەی گواستنەوەیی بەو ئارامییە نەگەیەشت کە قوتابخانەی پێکهاتەیی پێی گەشت لە پەنجاکاندا، کە لە قاڵبێکی ڕووندا ئارامی گرت کە بۆیان گەڵاڵە کرد هەریەک لە (فرێز، تەریگەر، سمس سلێد) و خەڵکانی تریش کە تـەواو کاریگەر بووبون بە ڕێبازی زمانەوانی ناسراو (بلومفیلد) کە

کتێبەکەی (زمان) لە ساڵی (۳۳۹۱)دا بە گرنگترین کتێبی زانستی زمانی ئینگلیزی لە سییەکاندا دادەنرێت. بەڵام قوتابخانە نوێیەکە ئەو کاتە دەستیپێکرد کە چۆمسکی یەکەم بۆمبی(پێکهاتە ڕستەسازییەکان)ی تەقانەوە لە ساڵی(۷۵۹۱)دا، واتە هەمان ئەو ساڵەی هەردوو کتێب لادۆ کە پێشتر باسکراو کتێبی (ڕەفتاری گوتراو)ی زانای دەروونیی سکینەر بڵاوکرایەوە کە تیایدا تیۆری پێکهاتەیی بەسەر دەروونداجێبەجێ کرد، کە چۆمسکی بە توندی هێرشی کردە سەری لە ساڵی ۹۵۹۱، دا بەهاوکاریی هەندێک لەو زمانەوانەی لە کتێبی (پێکهاتە ڕستەسازییەکان) ەوە دەستان پێکرد و بڵاوکراوە و کتێبیان نووسیی وەک (کانزا و فۆدۆر و پۆستاڵ)، چۆمسکی کتێبی ترسناکی دووەمی نووسی(چەند ڕووکارێکی تیۆری ڕستەسازی) لە ساڵی ٥٦۹۱ دا، بەمەش شێوازی دووەمی(قوتابخانەی گواستنەوەیی) دەست پێکرد، کە کردییە ئەوەی هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ دادەنرێت بە سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئەوەی لە زانستی زماندا پێش ئەو نووسراوە و ئەوەی دوای ئەو نووسراوە. شێوازی سێیەمی ڕستەسازیی گواستنەوەییش هاتە ئاراوە، کە ناونرا واتاسازیی بەرهەمهێنەریی کاتێک هەندێک لەوانەی بە نووسینەکانی چۆمسکی تێر بوو بوون لێی هەڵگەڕانەوە وەک (فیڵمۆر، مەکۆڵی،ولاکۆف، ورۆس)، کە سەردەمی زێڕیشدا لە سەرەتای حەفتاکاندا ژیان. جیاوازی ئەمان لەگەڵ چۆمسکیدا لە هەندێک بابەتدا بوو، گرنگترینیان پەیوەندیی نێوان واتا و ڕستەسازی بوو. ڕەنگە ئێستا کە ئێمە لەسەرەتای سەدەی (۱۲) داین – کات بە ئاڕاستەی قازانجی شێوازی دووەم بڕوات، واتە بە ئاڕاستەی نمونەی کتێبی (چەند ڕووکارێکی تیۆری ڕستەسازی)، و هیچ کەسیش ناتوانێت پێشبینی بکات ئاخۆ سەدەی (۱۲) چی دەهێنێتە پێشەوە. ئەوەی دەتوانین بیڵێین تەنیا ئەوەیە کە ڕستەسازیی گواستنەوەیی گەیشتۆتە ئاستێک لە لقوپۆپ دەرکردن و پۆلپۆلی بوون، کە وا ڕاستترە بە قوتابخانە گواستنەوەییەکان ناویان ببەین و چۆمسکی تەنها وەک یەکێک لە سەرکردەکانی ئەم جۆرە ڕستەسازییە ماوەتەوە.

لە کەشێکی گەرم داهاتووی وەهادا، لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری چیتر هەمان ئەو ڕۆڵەی نییە وەک ئەوەی لە ڕۆژگاریکدا دەیبینی، کە لە ئامێری قوتابخانەی پێکهاتەییدا بوو، سەرباری ئەوەش هەندێک هەوڵی شێلگیرانە دراوە و ئەمجارەش دەسپێشخەرییەکە لە ئەوروپاوە بووە، نەک ئەمریکا (۳-۵) و بو شێوەیەکی تایبەتیش بە کۆنگرەکانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی جیادەکرێتەوە، کە چەند ساڵێکە بە

شێوەیەکی وەرزیی لە بۆزان لە پۆڵەندا دەبەسرێن، کە تایبەتمەندیی شێوازی سێیەمی گواستنەوەیی بەسەریاندا زاڵە کە ئامانجی سەرەکی بابەتێکی پراکتیکی گۆڕیوە، کە لە پەرەپێداننی ڕێگەکانی گوتنەوەی زمانەوە بۆ کایەکی تیۆری، کە هەوڵ دەدات لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی بەکاربهێنێت بە (پلەی یەکەم) بۆ پەرەپێدانی توێژینەوە تیۆرییەکان و دۆزینەوەی گەردونییە زمانییەکان (slasrevinU eguagnaL) (٣-٥)

پێویستە ڕاستییەک هەیە بگوترێت، زمانە جیهانییەکان ئەویش شتێکی دادوەرانە نییە، کە لەم بوارەدا بەراوردی نێوان قوتابخانەی پێکهاتەیی و گواستنەوەی بکەین، لە نێوان قوتابخانەیەکی شیکارییدا کە ئاڕاستەیەکی لە جێبەجێکارییە پەروەردەییەکان کردۆتە ئامانجی سەرەکی خۆی، لەگەڵ قوتابخانەیەکی هەمەگیر و گشتگیر، کە بە پلەی یەکەم بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە چەمکی زمان و پەیوەندیی زانستی زمان بە زانستە هاوسێکانییەوە، دەدات وەک (دەروونناسی و فەلسەفە و ژیربێژی و تونێکاریی)، گوێ بەوە نادات، ئاخۆ ئەنجامەکانی هیچ جێبەجێکردنێکی پەروەردەیی دەبێت یان قوتابخانەی پێکهاتەیی تاوانبار دەکات بە تێکەڵکردن لە نێوان ڕستەسازی تیۆریی و ڕستەسازی پراکتیکیدا، بەوەی کە بە خەیاڵی بڕوای ئەوەی هەیە کە گوایە ڕستەسازی تیۆری سوودی نابێت و کاریگەر نابێت، تەنیا ئەو کاتە نەبێت، کە جێبەجێکردنی فێرکاریی ڕاستەوخۆی هەبێت. ئەوەندەی کارەکە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانەوە هەبێت، جیاوازی نێوان دوو قوتابخانەکە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە قوتابخانەی پێکهاتەیی سەرنجی چڕکردۆتەوە لەسەر جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو زمانەی کە دەمانەوێت بەیەکتر بەراوردیان بکەین بۆ دیارکردنی خاڵەکانی ئاسانی و گرانی لە فێربوونی زمانەکەی تردا. بۆ نموونە بەراوردکردنی زمانی عەرەبی بە ئینگلیزی ڕوونی دەکاتەوە کە دەنگی (م) ی کوردی ئاسانترە لە گۆکردندا بەلای فێرخوازی ئینگلیزییەوە وەک لە دەنگی (خ) بەهۆی بوونی ئەوەی کە لە یەکەمیان دەچێت لە ئینگلیزیدا و نەبوونی ئەوەی کە لە دووەمیان دەچێت لەو زمانەدا. هەروەها ئەو بەراوردکردنانە ڕوونی دەکاتەوە کە بەلای فێرخوازەوە کۆی دوانیی لە کوردیدا بۆ فێربوون گرانترە لە کۆی زیاتر لە دوان، کە وامان لێ دەکات پێشبینی بکەین کە ڕەنگە ئەو فێرخوازە بڵێت لە ژێر کاریگەریی زمانەکەیدا (من بینیم دوو پیاوان)، لەبری (من دووپیاوم بینی). واتە شتێک دەڵێت کە وەک ئەوە وەهایە کە لە شێوەزاری گشتی کوردیدا هەیە! لەم دوو نموونەیەوە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی

مامۆستا ڕادەسپێرێت بەوەی ڕاهێنانی زیاتر بدات بە فێرخواز لەبارەی گۆکردنی (خ) و بەکارهێنانی کۆی دوانییەوە. بەڵام قوتابخانەی گواستنەوەیی ئامانجی سەرەکیی بریتییە لە کارکردن لەسەرپێکهێنانی تیۆرییەکی هەمەگیر کە هەموو زمانەکان ڕێک بخات و ئەوەی پەیوەندیی بە زمانێکی دیارکراوەوە هەبێت وەک) egaugnaL cificepS)جیای بکاتەوە لەوەی تایبەتە بە هەموو زمانەکان بە شێوەیەکی گشتی. لەبەر ئەوە ئەم قوتابخانەیە سەرنجی لەسەر خاڵە لێکچووەکان چڕدەکاتەوە نەک جیاوازییەکانی نێوان زمانەکان بۆ دیارکردنی خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان وەک هەنگاوە نەستی (لاشعوری)ە درێژەدەرانەی کە پڕۆسەی پێکهێنان یان تێگەیشتن لە ڕستە پێیدا تێپەڕدەبێت، لە ئاوەزی مرۆڤدا، سێ پێکهێنەکەی ڕێزمانی هەر زمانێک: پێکهێنەری ڕستەسازی و پێکهێنی واتاسازی، پێکهێنەری دەنگی، ڕۆڵی هەر یەک لەو سێ پێکهێنەری لە بەرهەمهێنان یان پێکهێنانی ڕستە لە زماندا. چۆمسکی دەڵێت :

پێکهێنی دەنگیی ڕێزمان شێوەی دەنگیی ئەو ڕستەیە دیاردەکات، کە یاسا ڕستەسازییەکان بەرهەمی دەهێنن، واتە ئەو پێکهاتەیەی پێکهێنەری ڕستەسازی بەرهەمی هێناوە و دەیگەیەنێت بە هێمایەک کە بەشێوەی دەنگیی دەنوێنرێت، پێکهێنی واتاسازیش بڕیار لەسەر ڕاڤەی واتایی ڕستەکە دەدات، واتە ئەو پێکهاتەی پێکهێنەری ڕستەسازیی بەرهەمی هێناوە، دەیگەیەنێت بە ڕاڤەیەکی واتایی دیارکراو. کەواتە هەردوو پێکهێنی دەنگی و واتایی بە شێوەیەکی تەواو ڕاڤەکارانەن، ئەو زانیارییانە بەکاردەهێنێت کە پێکهێنەری ڕستەسازی بۆی ئامادە دەکات، سەبارەت بە ڕەگەزەکانی پێکهاتەکە و تایبەتمەندییە شاراوەکانی ئەو ڕەگەزانە و پەیوەندییان لەنێوان زۆریاندا لە ناو ڕستەیەکدا. لە ئەنجامی ئەمەدا، پێکهێنەری ڕستەسازی ڕێزمان پێویستە بۆ هەر ڕستەیەک پێکهاتەیەکی قوواڵ دیار بکات، کە بڕیار لەسەر ڕاڤە واتاییەکەی دەدات. لەگەڵ پێکهاتەیەکی ڕووکەش کە بڕیار لەسەر ڕاڤە دەنگییەکەی دەدات. پێکهاتەی یەکەم پێکهێنەری واتاسازی ڕاڤەی دەکات، و پێکهاتەی دووەم پێکهێنەری دەنگی ڕاڤەی دەکات (٦١-٣).

جیاوازیی بۆچوونیان سەرباری ئاڵۆزییەکەی لەنێوان چۆمسکی واتاسازە بەرهەمێنییەکاندا کورت دەبێتەوە، لەوەدا کە چۆمسکی پێی وایە کە هێزی بەرهەمهێنان – داینەمۆ - لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی ڕستە لە(کارگە)ی ڕێزماندا ئەو پێکهێنە ڕستەسازییە کە هەنگاوی یەکەمی بەرهەمهێنا. دەست پێدەکات. دوو

پێکهێنەکەی تریش – واتاسازی و دەنگی- ئەوەی پێویست بێت زیادی دەکەنە سەر ئەوەی کە پێکهێنی ڕستەسازی بەرهەمی دەهێنێت، بۆ ئەوەی لە پێکهاتەیەکی خاوەوە بیگوازنەوە سەر ڕستەیەک لەسەر شێوە کۆتاییەکەی یان ئاساییەکەی، بەڵام واتاسازە بەرهەمهێنەرییەکان پێیانوایە کە هێزی بەرهەمهێنان یان هێزی دینامیکی خۆی لە پێکهێنەری واتاسازیدا دەبینێتەوە، کە وەک خاڵی هەڵگیرسانی پریشکە ئاگرێک هەڵسوکەوت دەکات و دەست بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕستە دەکات لە ئاوەزی مرۆڤدا، دواتر هەردوو پێکهێنەری ڕاستەسازیی و دەنگی دەست بە جوواڵە دەکەن بۆ زیادگرتنی تایبەتمەندییە پێویستەکان بۆ ئەوەی ئەو پێکهاتە خاوەی کە پێکهێنەری واتایی دروستی کردووە بیگوازنەوە سەر ڕستەیەک بۆ شێوە کۆتاییەکەی.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕاجیایی نێوان کۆی گواستنەوەییەکان پێکەوە بەرامبەر پێکهاتەییەکان، دەبینین کە قوتابخانەی پێکهاتەیی ڕەگەزێکی زمانی دیارکراو یان پێکهاتەیەکی دیارکراو یان پێکهاتەیەکی دیارکراو هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی لە هەردوو زمانەکەدا بەراوردی بکات، بۆ نموونە وەک ئەوەی بۆ بەراوردکردنەکەی کوردی و ئینگلیزیدا ڕاناوی ئاماژە پێکردن هەڵدەبژێرێت وەک (siht، taht، eseht) و بەراوردی بکات بە (ئەمە، ئەوە، ئەمانە) لە ڕووی بەکارهێنان و واتا و داتاشین و دابەشبوونەوە. لەواتای قوتابخانەی پێکهاتەیی لە بەراوردکردنەکەیدا لە پێکهاتەیەکی دیارکراو یان بەشێوەیەکی زمانیی دیارکراو دەست پێدەکات و لەم شێوە بەردەستە لە هەردوو زمانەکەدا، یان ئەوەی کە گریمانە دەکرێت هەبێت لە هەردووکیاندا دەست بە کرداری بەراوردکردن دەکات. لە ڕاستیدا قوتابخانەی پێکهاتەیی بە کردار جێدەستی دیارە لە دیارکردنی جیاوازییەکان و پۆلێنکردنی ئەنجامەکان و بەخشتەکردنی خاڵە ئاسان و گرانەکاندا.

قوتابخانەی گواستنەوەیی ئەوە بە نەنگ و نەشیاو دەزانێت بەتایبەت لە شێوازی سێیەمییدا کە شێوازی زاڵ و باوە، ئێستا لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکەیدا کە پێکاتەییەکان زیاد لە پێویست داخراون بەسەر زماندا، پێکبەستنێکی دروستیان نییە لەنێوان تایبەتمەندییە زمانی و نازمانییەکاندا، نووسەری پۆڵەندی ماریا لیبینسکا دەڵێت:

پێشکەوتنی بیری گواستنەوەیی بەسەر بۆچوونی پێکهاتەییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێگەیەی کە زمانی پێ دەبەستێتەوە لەگەڵ ئەو دیاردانەی تر کە پەیوەندیان بە زمانەوە هەیە. پێکهاتەییەکان شیکاری زمانیان دەکرد وەک دیاردەیەکی ئەبستراکت

وەسفییەکە و شێوازەکانیان دەکرد بەبێ هیچ ئاماژەیەک بۆ هیچ ئاماژەیەک بۆ هیچ شتێکی دەرەوەی زمان. بەڵام تیۆری گواستنەوەیی نەک هەر جەخت دەکاتەوە لەسەر پەیوەندیی نێوان زمان و بیر و پەیوەندیی حەتمیی نێوان دەرکردنی مرۆیی زمان، بەڵکو وەک ئامانجێکی خۆی هەوڵیش دەدات ئەو پەیوەندییە بە ڕوونی و بابەتیی دیاربکات(٧٤-٨).

لەبەر ئەم هۆیە واتاسازە بەرهەمهێنەرییەکان لە بەراوردکردنیاندا لە پێکهاتە یان شێوەوە دەست پێناکەن، وەک ئەوەی کە پێکهاتەییەکان دەستیان پێ دەکرد، بەڵکو سوڕن لەسەر ئەوەی کە دەبێت واتا بنەمای بەراوردەکە بێت:

داواکراو ئەوەیە کە بەراورد لە نێوان ئەو ڕێگەیانەدا بکرێت کە بە هۆیانەوە گوزارشت لە هەمان واتا دەکەین بە زمانی جیاواز، و لێکچوون و جیاوازیی دەبینینەوە لەو پڕۆسەی داتاشینانەدا کە پێکهاتەو واتاییە گشتیەکان دەگوازنەوە بۆ پێکهاتە ڕووکەشییە جیاوازەکان. دەکرێت گوزارشت لە جیاوازی و لێکچوون بکەین بە دیارکردنی جۆرەکانی ئەو یاسایانەی پێویستن بۆ داتاشینی ڕستەکان و جۆرەکانی ئەو دیارکردنانەی بەسەر ئەو یاسایانەدا سەپێنراون (٧٤-٨)

(لیبینسکا) کورتەی جیاوازی نێوان ئەو دوو قوتابخانەیە لەم دوو شێوەیەدا دەخاتەڕوو کە من بە دەستکارییەوە وەرمگرتووە (١٥-٨) (تیرئاساکان ئاماژە بە یاساکانی دەخالەتکردن / تێهەڵکێشبوون دەدەن)

١-قوتابخانەی پێکهاتەیی:

ڕێزمانی زمانی دایک ڕێزمانی زمانی دووەم

تیرەکان ئاماژەن بۆ یاساکانی بەیەکداچوون).

٢-شێوازی واتاسازیی بەرهەمهێنەریی:

لێرەدا مەبەستە لە هێنانەدی(noitazilaeR و semirP citnameS)واتە بیری ئەبستراکت دەگوازرێتەوە سەر شێوەیەکی زمانیی، وتە دەگوازرێتەوە سەر ڕستە)

٢/ کەموکوڕییەکانی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان: لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان کێشەی هەیە بەدەست چەندان خاڵی لاوازەوە کە ڕێگری لە جووڵە و بەردەوامی دەکەن:

١/ زۆرینەی ئەو لێکۆڵینەوە بەراوردکارییانەی لە شەستەکان و حەفتاکاندا ئەنجام دراون بۆ بەراوردکردنی کوردی و ئینگلیزی چ وەک نامەی زانکۆیی یان وەک توێژینەوەی زانستی توێژەرانی پسپۆڕ بە زمانی ئینگلیزی ئەنجامیان داون، بە ئامانجی دیارکردنی خاڵە ئاسان و گرانەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بەلای قسەکەرانی زمانی کوردییەوە. یەکەم کێشە کە ئەم توێژەرانە دووچاری بوون ئەوەبوو کە بەشێک لەوان هەتا ئەو ئاستە لە زمانی کوردیی ئاشنا نەبوون، کە ڕێیان بدات ئەم جۆرە بەراوردکارییانە بکەن. لێرەدا نامەوێت لە کۆششی هاوڕێ پسپۆڕە ئینگلیزیەکانم کەم بکەمەوە کە منیش یەکێکم لەوان، بەڵام وادیارە کە بەراوردەکە باشتر دەبێت ئەگەر پسپۆڕێکی کورد و یەکێکی ئینگلیزی تیایدا هاوبەش بن. کێشەی دووەم ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەکان زیادەڕەوییان کردووە لە گرینمانەی ئەوەی کە دەکرێت بەراورد لەنێوان هەموو بوارەکاندا بکرێت و بەو شێوەیەش کە بە فیعلیی ئەنجام درابوون. زمانەوانی ئینگلیزی بەناوبانگ (پاڵمەر) دەڵێت :

من خۆم ئەوەم بەلاوە پەسەند نییە، وەک ئەوەی زۆر کەس وەها دەکەن، کە بەراورد لە نێوان ئینگلیزی و یەکێک لە زمانە ئەفریقییەکان یان ئاسیاییەکاندا بکرێت، چونکە وا دەردەکەوێت کە بۆ بەراوردکردن گونجاو نەبن (١٢٢-١)

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی پاڵمەر مەبەستیەتی، تێبینی دەکەین کە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانە پشتیان بە تیۆری پێکهاتەیی بەستووە کە بە پێی ئەوە لێکۆڵەر پێکهاتەیەک یان لایەنێکی دیارکراو لە زمانی ئینگلزی هەڵدەبژێرێت و بەراوردی دەکات بەوەی کە لە کوردیدا بەرامبەریەتی، یان بەوەی کە لێکۆڵەر پێی وایە بەرامبەریەتی. هەر بۆیە لە توێژینەوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ (tcejbO tceridnI) دا ڕەنگە توێژەر پێی وابێت، کە ئەو بەرامبەرە، یان دەتوانرێت وەربگێڕێت بە بەرکاری یەکەم بەبێ ئەوەی ئاگاداربێت کە ئەو دووانە هەمو کاتێک چوونیەک نین، هەروەها لە لێکۆڵینەوەی ئامڕازەکانی ناساندن و نەناس (eht، a) دا ڕەنگە توێژەر بەو ئەنجامە دەربچێت، کە لە کوردیدا ئامڕازی ناساندن (ەکە) هەیە کە چونیەک نییە لەگەڵ ehtدا کورد نیشانەی نەناس (تنکیر)ی تێدا نییە بە پاساوی ئەوەی کە گوایە شتێک نییە، کە بەرامبەر ئامڕازی (a) بێت لە کوردیدا

کتێبەکە	koob eht
کتێبێک	koob a

کە بێ ئاگایە لەوەی نیشانەکانی نەناس لە کوردیدا نییە، لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەری نییە، وەک دووبارەکردنەوەی پیت.

٢-پێشەنگەکانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری هەندێکجار زیادەڕەوی دەکەن لەوەدا کە پێیانوایە دەخالەتکردن/تێهەڵکێشبوونی زمانی دایک هۆکاری سەرەکی یان بنەڕەتین بۆ ئەو هەڵانەی لە فێربوونی زمانی دووەمدا ڕوودەدەن. (سمس) لەبارەی لێکۆڵینەوەیەکەوە کە ساڵی(٦٦٩١)ئەنجام درا بوو بۆ دیارکردنی دەخالەتکردن/تێهەڵکێشبوونی ئیسپانی بە ئینگلیزی دەڵێت: (دەخالەتکردن/تێهەڵکێشبوونی ئیسپانی هۆکارێکی سەرەکی نەبووە لەبەردەم فێرخوازدا بۆ پێکهێنانی ڕستە و بەکارهێنانی زمان لەلایەنیانەوە) (٤٠٢ – ٩).

لە ڕاستیدا چڕکردنەوەی سەرنج لەسەر هۆکاری دەخالەتکردن/تێهەڵکێشبوونی و بەرپرسیارکردنی بە شتێکی زیاتر لە کارەکەی خۆی، بۆتە هۆی ئەوەی پەروەردەکارن ئەو هۆکارانەی تر پشتگوێ بخەن کە ڕۆڵیان لە پەکخستنی فێربووندا کەمتر نییە لە ڕۆڵی دەخالەتکردن/تێهەڵکێشبوونی، نموونەی ئەوە بریتییە لەوەی کە فێرخوازی زمانی دووەەم هەندێکجار هەڵەی وەها دەکات کە هەڵەی بەربڵاو و باوە هەرچەندە تا ئاستێکی کەمتر لەلای قسەکەرانی ئەو زمانە خۆشیان.(ئافولین) نموونە بۆ ئەوە دەهێنێتەوە بە وشەکانی وەک (truh، ytrof، gnisu بۆ دەمی کاتی ڕابردوو) کە هەندێک منداڵی ئینگلیز لە نووسیندا ئەوە بەسەریاندا زاڵ دەبێت کە بنووسن (detruh، ytruof، gniesu) یەک لە دوای یەک (٢٢٢-١) کە ڕێ دەدات ناو ببڕێن بەو کێشە زمانییە گشتییانەی کە ڕووبەڕووی هەر فێرخوازێک دەبێتەوە بە چاوپۆشی لەوەی کە ئاخۆ سروشتی زمانە تایبەتەکەی چی بێت، کە ئەمەش ناکرێت بە یاسای دەخالەتکردن/تێهەڵکێشبونی زمانەکە ڕاڤە بکرێت. نموونەیەکی تری ئەم کێشانە بریتییە لە وشە هاوبەشەکانی نێوان زمانی بنەڕەتی و دووەم. دەنگی بزوێن لە وشەی(tuc) دا شتێکی نوێیە بەلای فێرخوازی کوردەوە، پاش ئەوەی مامۆستا سەرکەوتوو دەبێت لە ڕاهێنانی خوێندکارەکانی لەسەر گۆکردنی ئەو دەنگە بەشێوەیەکی ڕاست، دووبارە دەگەڕێنەوە سەر گۆکردنی بەشێوەیەکی هەڵە لە (tuc) ەوە دەچنە وشەی (sub) هۆکارەکەشی ئەوەیە کە وشەی(پاص) لە کوردیدا هەیە بەشێوەیەکی گۆکردنێکی دەنگیی جیاواز، بەم شێوەیەش بەلای فێرخوازی کوردەوە گرانترە لە وشەی (tuc) ئەمەش ئەوەیە کە بەراوردکردن ناتوانێت پێشبینی لەبارەیەوە بکات.

٣- ئەنجامی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بەگشتی ڕەهان یاخود تا ڕادەیەک وەستاون لەوەدا کە ڕەچاوی حاڵەتە تاکەکەسییەکان یان ڕاڤەکردن ڕیزپەڕەکان ناکات. ئەوان گریمانەی ئەوە دەکەن کە لایەنە لێکچووەکان هەمیشە ئاسانترن لەلایەنە جیاوازەکان، لە حاڵێکدا کە دەکرێت ئەوە ڕاست نەبێت. (بێرد) دەڵێت:

دەکرێت بڵێن دوو دەنگ لە زمانی دایک و زمانی بە ئامانجکراودا تەواو لێکچوون، دەنگێکی تر لە زمانی بە ئامانجکراودا هیچ هاوشێوەیەکی نییە لە زمانی دایکدا. ئەمە بەواتای ئەوە نایەت کە دەنگی یەکەم کە لە زمانی دایکدا هەیە هەر دەبێت ئاسان بێت بۆ فێربوون لە زمانی بە ئامانجکراودا و دەنگی دووەمیش هەر دەبێت گران بێت. زۆرجار دەنگێکی نامۆ ئاسانترە لە جیاکردنەوە و گۆکردندا لەو دەنگەی کە وەک ئاشنا دەردەکەوێت (١٣١-٢).

بۆ نموونە سەرنج دەدەین کە دەنگی (v) لە (yrev) هاوشێوەی نییە لە عەرەبیدا، جیاواز لە (r) وەک لە (moor) دا کە هاوشێوەی دەنگی (ر) یە، کەوا دەکات لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری پێشبینیەکی وەها بکات وەک ئەوەی کە لە ڕووی ژیرییەوە بۆ فێرخوازی عەرەب کە دەنگی (v) گرانتر بێت لە دەنگی (r) لە کاتێکدا کە واقیع پێچەوانەی ئەوەیە. ئەم جۆرە حاڵەتانە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پێویستە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری گرنگییەکی زیاتر بە دیارکردنی پلەبەندی بۆ لێکچوون و پلەبەندیی بۆ جیاوازییەکان لە بەراوردکردندا بدات.

٤-بەشێکی زۆر لە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان پێشتر زانراون لەلای مامۆستای بە ئەزموون، هەر پێش ئەنجامدانی بەراوردەکە. لە بواری بەراوردی ڕاناوە لکاوەکان لە عەرەبی و ئینگلیزیدا ڕەنگە ئەنجامگیریی ئەوە بکرێت mohW گرانتر بێت بۆ بەکارهێنان بەلای فێرخوازی کوردەوە وەک ohw و ڕەنگە دەخالەت کردنی زمانی کوردی وابکات کە بە هەڵە ئەوە زیاد بکرێت کە پێی دەڵێن بۆ گەڕانەوەی لکاو یان ڕاناو:

(ئەمە ئەو پیاوەیە کە من بینیم ئەو دوێنێ).

بەڵام ئەم ئەنجامگیرییە مامۆستای خاوەن ئەزمونی پێویست سەرسام ناکات کە ئاشنایە بەم جۆرە هەڵە بەربڵاو و باوانە لە ڕێی ئەزموونە کەسییەکەی خۆیەوە. بەڵام ئەمەش بە دڵنیاییەوە ئەوە ناگەیەنێت کە بەرهەمی ئەزمون جێی بەرهەمی توێژینەوەی زانستی ڕاست بگرێتەوە.

٥-خراپترین تانەلێدان کە ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان دەبێتەوە ئەوەیە کە خودی بنەما سەرەکییەکەی(کە خاڵەکانی لێکچوون و جیاوازیی دەبێتە دیارکەری ئاسانی و گرانی) ئێستا بووەتە جێی گومان و تاقیکردنەوەکان لەم بوارەدا وادەرناکەون، کە لە بەرژەوەندیی ئەم لایەنەدا بن! زمانەوانی پۆڵەندیی (کرزوسکی) دەڵێت :

چەند هەوڵێک درا بۆ بەستنەوەی ئاستی گرانی بە داتاکانی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانەوە تایبەت بە پلەی جیاوازی نێوان زمانەکان، تاقیکردنەوەکان بەخێرایی ئەوەیان سەلماند کە ڕێژەیەکی زۆری ئەو پێشبینیانە ناڕاست بوون. ئیتر لە بنەڕەتەوە گومان دروست بوو لەسەر سوودی لێکۆڵینەوەی بەراوردکارییەکان لە داڕشتنی پڕۆگرامەکانی فێرکردنی زمانی دووەم، ئەم گومانەش بەهێز بوو بە سەرنجدان لەوەی کە دەخالەتکردن (یان کاریگەریی نەرێنی) پەیوەندی هەمەکی نییە بە جیاوازییەکانی نێو زمانەکانەوە، ئەوەش کە دەکرێت ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان هەتا ئاستێکی زۆر سنوردار بەکاربهێنرێت بۆ پێشبینی کردنی هەڵەکان، کە وای لە توێژەران کرد لەو باوەڕەدابن کە شێوازی شیکردنەوەی هەڵەکان سەرچاوەیەکی باشتری زانیاری بێت لەبارەی گرانییەکانی فێربوونی زمانی دووەم، لێرەشەوە، هەر لە بنەڕەتەوە ئەوەی کە دەویسترا هۆکارێک بێت بۆ تاقیکردنەوەی پێشبینیەکانی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان و پەرەپێدانی ئەنجامی ئەو پێشبینیانە لە جێبەجێکارییە پەروەردەییەکانیدا، هەر ئەوە خۆی بوویە کایەیەکی تایبەت بەخۆی و لە نەخشەسازی پڕۆگرامەکانی و دانانی بابەتی وانەکانی فێرکردنی زمانیی دووەمدا سودی زیاتر بوو لە خودی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکاندا (٦-٦).

کەواتە ئێستا شێوازی بەرامبەر بریتییە لە شێوازی شیکردنەوەی هەڵەکان کە سەرلەنوێ سەری هەڵداوەتەوە لە حەفتاکاندا بۆ هەڵسەنگاندنی پێشبینیەکانی بەراوردکردن کە تاڕادەیەک لەو هەڵسەنگاندنەدا ئەنجامی نەرێنی هێناوەتە ئاراوە، کە بەمەش توانیویەتی لەسەر پێی خۆی بوەستێت، و بووەتە پانتاییەکی سەربەخۆ کە لە لێکۆڵینەوەی ئاماری هەڵەکان و لە شیکردنەوە و گێڕانەوەی بۆ هۆکارە زمانیی و نازمانییەکاندا قوڵ دەبێتەوە، کە هانی هەندێک لە نووسەرە نوێیەکانی داوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ شێوازی دانانی کتێبەکانی فێرکردنی زمانیی دووەم بۆ هەموو قسەکەرانی زمانەکانی تر. ئەمەش ئەرکی دانانی کتێبی تایبەت بە قسەکەرانی ئەم زمان و ئەو زمانی تری ئاسانتر کردووە.

٣/ ڕاستکردنەوە پێشنیارکراوەکانی لەسەر لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی: ئەوەی هەتا ئێستا خراوەتەڕوو لەبارەی خاڵە باشەکانی هەریەک لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان و (شیکردنەوەی هەڵەکان) ڕەنگە ئەو بۆچوونە دروست بکات، کە ئەمانە دوو بژاردەن کە هیچ پێکگەیشتنێک لە نێوانیاندا نییە. بەڵام خاڵە لاوازە زۆرەکانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم هەندێک توێژەردا لە تەنسیقی نێوان ئەم شێوازە و شێوازی شیکردنەوەی هەڵەکاندا، یان کارکردن لەسەر پەرەپێدانی ڕێشەیی لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکاندا. لەبری بەراوردی دوو زمان بە شێوەیەکی ڕەها، واتە بە چاوپۆشی لەو کەسانەی بە یەکێکیان دەدوێن و فێری دووەمیان دەبن، دەکرێت هەڵە زاڵ و باوەکان ڕیز بکرێت و هەوڵی ڕاڤەکردنیان بدرێت بە یاساکانی بەراوردکردن(١٥١-٠١). واتە بە لێکۆڵینەوە لە ئاستی زمان و دووەم دەست پێدەکەینن، بەو شێوەیەی کەسانێکی پەیوەندیدار گۆی دەکەن (ئەفۆلیان) لە باسی قسەکەران بە ئەوروپادا کە چۆن فێری ئینگلیزی دەبن، دەڵێت :

دەکرێت زمانی ئینگلیزی بکرێتە بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری و بەئاماژەکردن، بۆ چۆنیەتی و ئاستی لادانی لە ئینگلزیی، دەکرێت تایبەتمەندییەکانی ڕاڤەبکرێن بەپێی هەردوو سیستم و هەردوو پێکهاتەیی ئەوروپی و ئینگلیزی. لە ڕێی وەسفکردنێکی تەواوی ئینگلیزی ئەوروپییەوە دەتوانین ببینین کام هۆکارە نازمانییەکان تایبەتماندییەکانی دیاردەکات (٦٢٢-١).

ئەنجام:

ئاشکرایە ئەوەی (ئەفۆلیان) مەبەستیەتی بریتییە لە دەست پێکردن بە ڕیزکردنی ئاست و جۆری زمانە دووەمەکان لە چوارچێوەی بارودۆخێکی فێرکاری دیارکراودا ئینگلیزی وەک ئەوەی کە فێرخوازانی ئەوروپی گۆی دەکەن و دواتر شیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان ئەم ئینگلیزییە و ئینگلیزی ئاساییە و گەڕاندنەوەی جیاوازییەکان بۆ هۆکارە زمانییەکانی واتە دەخالەتکردنی ئەوروپی و نازمانییەکان وەک هۆکارە شارستانی و دەروونییەکان و سروشتی خودی زمانی ئینگلیزی.

لەو ڕاستکردنەوانەی تریش کە (کرزۆسکی) پێشنیاری دەکات، لە گەڵاڵەکردنی بۆچوونەکانی(نێمسێر و سکینەر و ویدۆسن)دا کە تیایدا دەکرێت پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم ببینین لەسەر شێوەی چەند قۆناغێک کە پلە بە پلە نزیک دەبنەوە

لە ئاستی قسەپێکەرانی ئەو زمانە، دەکرێت لێکۆڵینەوە لە هەر قۆناغێک بکرێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە زمانی دایک و زمانی بە ئامانجکراو و توانای دیارکردنی ژمارەیەک لەو هۆکارانە کە شێوەی ئەم قۆناغانە شی دەکەنەوە. ئەو هۆکارانەش بریتین لە :

أ-دەخاڵەتکردنی زمانیی.

ب-دەخالەتکردنی ڕەهێنان.

ت-ئامانجەکانی فێربوونی زمانی دووەم.

ث-ئامانجەکانی لێکتێگەیشتن بە زمانی دووەم.

ج-پێوانەکردنی هەڵە لەبابەتە زمانییەکەی زمانی دووەمدا.

(کرزۆسکی) ئەم شێوەیەی خوارەوە دادەنێت بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان هەر قۆناغێ٠ واتە ئەو قۆناغەی کەسێتیی کە فێرخواز پێیدا تێپەڕ دەبێت لە کاتێکی دیارکراودا) و نێوان ئەم هۆکارانە (١١-٦)

لە سۆنگەی شێوازی سێیەمی ڕستەسازی گواستنەوەییەوە، (کرزۆسکی) پێشنیاری ئەوە دەکات کە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی شێوەیەکی ستوونی وەربگرێت لەبری شێوە ئاسۆییە ئاشناکەی، بە مەرجێک کە لەسەر هەندێک بنەمای واتاسازی گشتی بونیاد بنرێت. لێکۆڵەر لێرەدا هەڵدەستێت بە بەراوردکردنی ئەو پڕۆسە یان گواستنەوەی پێویستن بۆ گواستنەوەی هەمان بیر بۆ دوو ڕستەی هاوتا لەهەردوو زمانەکەدا. بەمەش دەتوانرێت ئەوەی بە گرانییە گشتییەکان ناودەبرێت واتە ئەو گرانییانەی ڕووبەڕووی فێرخوازانی هەر زمانێکی دووەمی دەبێتەوە بە شێوەیەکی گشتی جیا بکرێتەوە لەو سەختیانەی لە سروشتی پێکهاتەی زمانە بە ئامانجکراوەکەوە دروست دەبن، واتە ئەو گرانییانەی کە کۆی فێرخوازانی ئەو زمانە ڕووبەڕووی دەبنەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی زمانە بنەڕەتییەکەیان، هەروەها ئەو گرانییانەی لەسروشتی زمانی دایکەوە پەیدا دەبن. واتە ئەو گرانییانەی کە فێرخواز ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە ئەنجامی تایبەتمەندییەکانی زمانی دایک. بەمەش بەراوردەکە پراکتیکیتر و وردەکارتر دەبێت لە چاو شێوازی بەراوردکردنی باو کە زیادەڕەوی دەکات لە ڕۆڵی دەخالەتکردنی زمانی دایکدا و لە بەراوردکردنی پێکهاتە یان شێوەیەکی دیارکراوەوە دەستپێدەکات، کە وای لێدەکات لە بەهای ڕاستەقینە هۆکارەکانی تر کەم بکاتەوە و لە باڕێکی هەرەمەکیی ناپێویستدا بتلێتەوە.

٤/پوختە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەو بنەما جۆراوجۆرانە کردووە کە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی پشتی پێ بەستون لە بواری فێرکردنی زمانی ئینگلیزیدا وەک زمانی دووەم هەر لە سەرهەڵدانیەوە بە شێوە نوێیەکەی لە کۆتایی پەنجاکانەوە هەتا ئێستا، بە دوای هۆکاری ئەو کێشانەدا گەڕاوە کە ئەو لێکۆڵینەوانە دەرگیربوون لەگەڵیدا هەر لەسەرەتای حەفتاکانەوە. ئەوەش کە ئێستا ئەو لێکۆڵینەوانە ڕووبەڕووی هەندێک کەموکوڕی و پاشەکشەبوون لە ئەمریکا بەشێوەیەکی تایبەت، بە واتای ئەوە نایەت کە چیتر ئەو لێکۆڵینەوانە سودبەخش نین، یان ئەوەی نەزۆک بووبن، هێندەی بە واتای ئەوە دێت کە پێویستە لەسەر ئەو لێکۆڵینەوانە کە هاوشان بڕوات لەگەڵ گۆڕانکارییە خێرایانەی لە بواری زانستی زماندا هاتنوونەتە ئاراوە، و لە ئامانج و شێوازەکانییدا خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا.

ئەنجام

ئەوەش کە تایبەت بێت بە بواری فێرکردنی زمانی کوردی بۆ ئەوانەی قسەی پێناکەن، ئەم لێکۆڵینەوەی ئێستا ئامانجی ئەوە نییە کە ڕاسپاردەیەکی دیارکراو یان پاکانەیەک بۆ هیچ یەکێک لەو سێ بۆچوونە بکات کە لە توێژینەوەکەدا باسکراون، بەڵام ئومێدەوارە توانیبێتی هانی پسپۆڕانی ئەو بوارە بدات کە ڕاوسەرنجی خۆیان بدەن لەبارەی ئەوەی ئاخۆ هەتا چ ئاستێک دەتوانرێت سوود لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان وەربگیرێت، لە بارەی ڕێگەکانی ئاڕاستەکردنیشی بەشێوەیەک کە یارمەتیدەرمان بێت لە ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەمان بە ئەزمونی زمانەکانی تر بەبێ ئەوەی دژ بوەستێتەوە لەگەڵ تایبەتمەندی زمانی خۆماندا، بۆ هاوشانبوونمان لەگەڵ پێشکەوتنە نوێیەکانی بواری زانستی زمان بەشێوەیەکی گشتیی.

سەرچاوەکان:

سەرچاوە ئینگلیزیەکان

1. Afolayan، A.، «Contrastive Linguistics and the Teaching of English as a Second Language»، June 1971.
2. Rivers، W. and Temperley، M.، «A Practical Guide to the Teaching of English as a Foreign Language»، New York: OUP، 1978.
3. Lado، R.، «Linguistics Across Cultures»، Ann Arbor: University of Michigan Press، 1964.
4. Lipinska، M.، «Contrastive Analysis and the Modern Theory of Language»، Paper and Studies in Contrastive Linguistics، Volume Six، Poznan.
5. Richards، J.، «Error Analysis»، London: Longman، 1974.
6. Chomsky، N.، «Aspects of the Theory of Syntax»، Massachusetts: The M.I.T. Press، 1965.
7. Chomsky، N.، «The Utility of Linguistic Theory to the Language Teacher»، 1966.
8. Baird، A.، «Contrastive Studies and the Language Teacher»، English Language Teaching، January 1967.
9. Fisiak، J. (ed)، «Contrastive Linguistics and the Language Teacher»، Amsterdam: John Benjamins، 1980.
10. Krzeszowski، T.، «Contrastive Analysis in a New Dimension»، Paper and Studies in Contrastive Linguistics، Volume Six، Poznan.

سەرچاوە کوردییەکان::

١ – زمانناسییا کوردی، میتۆدە تەقلیدییەکانی فێرکردنی زمانی دووەم، هیوا سەلام خالید. زانکۆی ئیندیانا، دیسیمبەر ١٢٠٢.
٢ – میتۆدە نوێیەکانی فیرکردنی زمانی دووەم و کاریگەرییان لەسەر زمانی کوردی، هیوا سەلام خالید، زانکۆی ئیندیانا،ئەپریل ٠٢٠٢.
٣ – ئاستەنگییە سینتاکسییەکانی فێربوونی زمانی دووەم لای ئاخێوەری کورد (زمانی فارسی بە نمونە)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، شادان حەمە ئەمین محەمەد و ناهیدە ڕەحمان خەلیل، خول ٧ ژمارە ٣، ٠٢٠٢.
٤ – فێربوونی زمان و ئاستەنگەکانی فێربوونی زمانی منداڵ، تاڤگە قادر ئیبراهیم، پڕۆژەی دەرچوون، زانکۆی سەلاحەدین، بەشی زمانی کوردی، ئایار ٠٢٠٢.

tcartsbA

erom won si noitacinummoc erehw ،dlrow laugnilitlum a ni evil eW dna dezilabolg ylgnisaercni gnimoceb si dlrow ehT .ɹeve naht tnatropmi .egatnavda riafnu na uoy evig syawla nac egaugnal dnoces a gniwonk :stifeneb elbignat sah msilaugniliB

;reerac ruoy ni uoy pleh nac tI

;noitcnuf niarb dna yromem ruoy evorpmi nac tI

ydaerla uoy segaugnal eht fo gnidnatsrednu ruoy esaercni pleh nac tI .kaeps

na ni gniviL .ɹeerac ruoy egnahc yllacitsard nac egaugnal dnoces A gnisitrevda era sboj erom dna erom taht snaem dlrow detcennocretni .laitnesse si egaugnal eno naht erom fo egdelwonk erehw snoitisop

htiw spihsnoitaler dliub dna yllanoitanretni edart seinapmoc erom sA ecnahne ،krow rof levart ot deksa netfo era seeyolpme ،seirtnuoc rehto .saesrevo etacoler ro ،spihsnoitaler eseht

gnicnavda ro boj doog a gnidnal fo ecnahc retteb a gnivah ot noitidda nI otni thgisni uoy evig nac egaugnal dnoces a gninrael ،reerac ruoy ni eht levart ot tnedifnoc dna deraperp erom eb lliw uoY .serutluc rehto .selytsefil s‹elpoep rehto erolpxe dna dlrow

siht yltsoM .seirtnuoc tsom rof melborp laer a si noitargetni fo kcaL pu dne seirtnuoc rieht edistuo elpoeP .ɹeirrab egaugnal eht ot eud si seitinummoc ralimis morf elpoep htiw ylno tuo gnignah ،detalosi gnieb .nekops si egaugnal rieht erehw

a fo trap eb ot seitinutroppo pu snepo egaugnal dnoces a gninraeL dlrow eht tuoba erom nrael ot dna ،erutluc tnereffid a htiw ytinummoc .su dnuora

nwo ruoy retsam uoy pleh nac laugnilib gnieb taht wonk uoy diD stoor ralimis htiw egaugnal wen a gninrael ،elpmaxe roF ?egaugnal dna nailatI ،hsinapS ekaT .llew sa segaugnal rehto nrael uoy pleh nac !txen eht ot remmus eno morf hcnerF

ملخص

لماذا من المهم معرفة أكثر من لغة واحدة؟

نحن نعيش في عالم متعدد اللغات، حيث أصبح التواصل الآن أكثر أهمية من أي وقت مضى. لقد أصبح العالم معولما بشكل متزايد، ومعرفة لغة ثانية يمكن أن تمنحك دائما ميزة غير عادلة.

ثنائية اللغة لها فوائد ملموسة:

يمكن أن تساعدك في حياتك المهنية؛

يمكنه تحسين الذاكرة ووظيفة الدماغ.

يمكن أن يساعد في زيادة فهمك للغات التي تتحدثها بالفعل.

يمكن للغة الثانية أن تغير حياتك المهنية بشكل جذري. إن العيش في عالم مترابط يعني أن المزيد والمزيد من الوظائف هي وظائف إعلانية حيث تكون معرفة أكثر من لغة واحدة أمرا ضروريا.

مع قيام المزيد من الشركات بالتجارة دوليا وبناء علاقات مع بلدان أخرى، غالبا ما يطلب من الموظفين السفر للعمل أو تعزيز هذه العلاقات أو الانتقال إلى الخارج.

بالإضافة إلى حصولك على فرصة أفضل للحصول على وظيفة جيدة أو التقدم في حياتك المهنية، فإن تعلم لغة ثانية يمكن أن يمنحك نظرة ثاقبة على الثقافات الأخرى. ستكون أكثر استعدادا وثقة للسفر حول العالم واستكشاف أنماط حياة الآخرين.

ويشكل الافتقار إلى التكامل مشكلة حقيقية بالنسبة لمعظم البلدان. في الغالب هذا يرجع إلى حاجز اللغة. ينتهي الأمر بالأشخاص خارج بلدانهم إلى العزلة، حيث لا يتسكعون إلا مع أشخاص من مجتمعات مماثلة حيث يتم التحدث بلغتهم.

إن تعلم لغة ثانية يفتح لك الفرص لتكون جزءا من مجتمع ذي ثقافة مختلفة، ولتعلم المزيد عن العالم من حولنا.

هل تعلم أن كونك ثنائي اللغة يمكن أن يساعدك على إتقان لغتك الخاصة؟ على سبيل المثال، تعلم لغة جديدة ذات جذور مماثلة يمكن أن يساعدك على تعلم لغات أخرى أيضا. خذ الإسبانية والإيطالية والفرنسية من صيف إلى آخر!

کاریگەریی ئاستی خوێندەواریی دایك لەسەر زمانی منداڵ

پزیشك و مامۆستا بە نموونە

د. ژینۆ بەختیار هاشم - شەوبۆ شاکر سالّح

پێشەکی:

ناونیشانی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کاریگەری ئاستی خوێندەواری دایک لەسەر زمانی منداڵ، پزیشک، مامۆستا بە نموونە)یە، دەرخستنی کاریگەری و ڕۆڵی ئاستی خوێندەواری و پیشەی دایکانە لەسەر زمانی منداڵ، لەچوارچێوەی زمانی یەکەم و دووەمدا.

سنوری توێژینەوەکە: لە چوارچێوەی زمانی منداڵدا کار دەکات، تەنها ئەو منداڵانە وەرگیراون، کەوا دایکیان پزیشک یان مامۆستایە، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ هەر پیشەیەک (٤٠)چل منداڵ وەرگیراون، لە تەمەنی (٤)چوار ساڵی، تاکو جیاوازی کاریگەرییەکە و ڕەنگدانەوەیان لەوەی کام لە منداڵان زمانی کوردییان بەهێزترە، وەربگرین.

ڕێبازی توێژینەوەکە: ڕێبازی وەسفی شیکارییە، لەبەرئەوەی لایەنی کارەکی پێویست بوو، سوود لە کاری مەیدانی وەرگیراوە، بۆ ئەم مەبەستەش دوو باخچەی ساوایان، کە ئەوانیش باخچەی ساوایانی (پیرزین و دواڕۆژ)ن، لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵی دیکەش، بە پیشاندانی(١٨) هەژدە وێنەی ڕوانگە جیاواز بەپێی تەمەنی خۆیان، تاوەکو بە ئەنجامی پرسیاری توێژینەوەکە بگەین.

بایەخی توێژینەوەکە: دەرخستنی کاردانەوەی پەیوەندییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی زمانی دایکە، بەپێی پیشەکەی لەسەر بایەخدان بە فێربوونی زمانی کوردی و زمانی دووەم لەلایەک و لەلایەکی ترەوە، هۆکار و چارەسەرییەکانی ڕووندەکاتەوە.

پرسیاری توێژینەوەکە: ئایا ئاستی خوێندەواری و پیشەی دایک کاریگەری لەسەر باڵادەستی زمانی دایک هەیە؟ کام لەم دایکانە زیاتر گرنگی بەزمانی کوردی دەدەن؟

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: جگە لە پێشەکی و ئەنجامەکان لە دوو بەش پێکهاتووە؛ بەشی یەکەم: لایەنە تیۆرییەکەیە و لەژێر ناونیشانی (وەرگرتن و گەشەی زمان لای منداڵ)دایە. دوو تەوەر لەخۆدەگرێت، کە تەوەری یەکەم لە چەند بابەتێکی سەرەکی پێکدێن وەک/ پێناسەی منداڵ، زمانی منداڵ، وەگرتنی زمان لای منداڵ. تەوەری دووەم بابەتەکانی/ قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان لای منداڵ، ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر گەشەکردنی زمانی منداڵ، ڕۆڵی دایک لە چارەسەرکردنی دواکەوتنی زمانی منداڵ تاوتوێ دەکات، بەشی دووەم: بەشی کارەکی توێژینەوەکەیە، بە ناونیشانی

(کاریگەری ئاستی خوێندەواری دایک لەسەر زمانی منداڵ، پزیشک و مامۆستا بە نموونە، هۆکارەکانی جیاوازی کاریگەری ئاستی خوێندەواری منداڵانی پزیشک و مامۆستا)، ئەم بابەتانە دەگرێتەخۆ: دایک و ئاستی خوێندەواری دایک، کاریگەرییەکانی ئاستی خوێندەواری دایک، هۆکاری جیاوازییەکان، چارەسەرکردنیان. لە کۆتاییشدا سەرچاوەکان و پوختە بە زمانی عەرەبی خراونەتەڕوو.

بەشی یەکەم/ وەرگرتن و گەشەی زمان لای منداڵ
تەوەری یەکەم/

١. ١. پێناسەی منداڵ: منداڵ ئەو کەسەیە، کە لە بچوکترین و یەکەمین ساتەوەختی لە دایکبوونییەوە تەمەنەکەی دەستپێ دەکات، تا ئەو ساتەی بەرەو فێربوون و ئەرکداری هەنگاو دەنێت. منداڵ لە هەر شوێنێکی جیهاندا بن مافی چاودێری کردن و ڕەچاوکردنی پێداویستیەکانی ژیانیان هەیە. (منداڵ لەدوای لەدایکبوونی لاوازترین و بێدەسەڵاتترین بونەوەرە، ژیان و مانەوەی پەیوەستە بە خزمەتگوزاری کەسانی چواردەوری، چونکە ناتوانێت پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات، لە مەترسی و هەڕەشەکانی ژیان خۆی بپارێزێت، بە پێچەوانەی زۆر لە بێچووی باڵندە و ئاژەڵ و بونەوەرەکانی تر، کە هەر لەدوای لەدایکبوون بە ماوەیەکی کەم لە توانایاندا هەیە، کە خۆیان لەگەڵ دەوروبەرەکەیان بسازێنن). ((قەرەچەتانی:٢٠٠٩: ١٤)) یەکێ لە پێویستییە سەرەکییەکانی منداڵ بریتییە لە زمان، زمانیش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دایکەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە هاوکاری قۆناغ بە قۆناغ هەیە. (قۆناغی منداڵی مرۆڤ، ئەگەر بەراورد بکرێت بە قۆناغی منداڵی بوونەوەرەکانی تر، ئەوا درێژترین قۆناغە، لەم قۆناغەدا پێویستی بە هاوکاری کەسانی تر هەیە و دەبێت فێری زۆر ڕەوشت و خوو دابونەریت و پیشە و چالاکی بکرێت. لەبەرئەوە دەبێت بە وردی لەم قۆناغە بکۆڵدرێتەوە پێداویستی و گرفت و گۆڕانکارییەکانی دیاربکرێت). ((هەمان سەرچاوە:١٥))

١. ٢. زمانی منداڵ: ئەو دەربڕینە پەرچەکردارەیە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئاخاوتنی دەوروبەرییەوە، بەتایبەت خێزانەکەی. (قۆناغی منداڵی بەتایبەتی بەر لە شەش ساڵی خێراترین قۆناغی گەشەی زمانە لای منداڵ، چونکە نەک هەر لەڕووی گەشەی زمانیی، بەڵکو لەگشت قۆناغەکانی تری گەشەی (هەستی-جوڵەیی-ئەندامیی...) بەخێرایی گەشە دەکات، تەنانەت داهاتی زمانی منداڵ لە کۆتایی ئەم

قۆناغەی شەش سالّی دەگاتە نزیکەی ٢٥٠٠ وشە، کاتێ دەگاتە ئەم قۆناغە، دەربڕینی زمانی منداڵ بەرەو ئەوە دەڕوات بە ڕوونیی دەربکەوێت، هەروەها وردی لە واتا و تێگەیشتن و بەکارهێنانی ڕستەی گونجاو بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی دەردەکەوێت. ((فرحان القافات و الترتوری: ٢٠٠٦: ٩٣)). کەواتە منداڵ تا دەگاتە شەش سالّی گەشەی زمانی زۆر خێرایە و ڕەنگدانەوەکانیش لەم تەمەنەدا دەگاتە پڕکردنەوەی پێویستییەکانی. زارۆک ب چاڤ لێکرنێ فێری زمانێ دایک و باڤێ دبیت، تاکو ئەم دشێین بێژیت کوو زمانێ زاروکێ زمانێ دایک و باڤێن وی یە، ئەڤ جار ئەگەر دایک و بابێن وی د قسە خۆش و زمان شیرین بن، زارۆکێ وان دێبتە نمونەکێ ڕاست و دروست بو وان و قسەو ئاخافتنێن وی زارۆکی ئەوێ دایکا وی باپیربێژ و بابێ وی نەزان، ئەو زارۆک د فێربونا زمانیدا دێتوشی گەلەک کێماسییێن ئاخافتنێ بیت، یا دیارە کو زارۆک دقۆناغا زارۆکێنی و تاکو د چیتە قوتابخانێ فێری زمانێ دایک و بابێن خو دبیت، ئەڤ فێربونە سامانەکێ کێم نینە((سعدالله: ٢٠١١: ٢٢)).

١. ٣. وەرگرتنی زمان لای منداڵ: وەرگرتن لای منداڵ لە زماندا، لە ئەنجامی بیستنەوە هەنگاودەنێت، تاوکو بیستن زیاتر بێت وەرگرتن زیاتر دەبیت، هاوتەریبانە دەڕوات، لەگەڵ هەبوونی مەرجی تەندروستی بەشەکانی ئاخاوتن. ئەم قۆناغە لە سەرەتای تەمەنەوە، واتە هەر لە گریان و هاواریەوە لەگەڵ دایک دەستپێدەکات، کە ئاماژەن بۆ فێربوونی زمان، (لێکۆڵینەوە لە وەرگرتنی زمان لای منداڵ بریتییە لە دیارکردنی ئەو قۆناغەی پێیدا دەڕوات، ئەم قۆناغانەش بە لە دایکبوونی منداڵ دەستپێدەکات تاوەکو ئەو کاتەی ئەو تەمەنەی، کە دەتوانێت بە زمانی ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی قسە بکات) ((محەممەد: ٢٠٠٨: ٤١-٤٢)). دووبارەکردنەوە و کورتکردنەوەی وشەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە وەرگرتندا، چونکە هەم ئاسانی بۆ منداڵەکە دروستدەکات و هەمیش لە دووبارەکردنەوەدا پرۆسەی لەبیرچوونەوەی منداڵ کەم دەکاتەوە.

(چۆمسکی پێیوایە پرۆسەی وەرگرتنی زمان لای منداڵ پرۆسەیەکی فێربوونە، لەناو تیۆری فێربووندا جێی دەبێتەوە، کە ئەمەش توانای تاکەکەسی خۆیەتییە، تیۆری ڕەوشتکاری ڕەتکردەوە، کە پێیان وابوو زمان کۆمەڵە ئەرکێکی دەنگییە، تیۆرەکەی خۆی لەسەر بنەمای زانست دامەزراند، کە پشت بە شرۆڤە ی لۆجیکی و یاساخوازی دەبەستێت) ((خۆشناو: ٢٠٠٣: ١٩٣-١٩٦)) واتە تاوەکو هەوڵی فێربوونی زمان لای منداڵ زیاتربێت، وەرگرتنی زمان لای منداڵ بەرەوپێشتر دەچێت.

تەوەرەی دووەم:

١. ٤. قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان لای منداڵ: ئەو قۆناغەیە، کە منداڵ لە لەدایکبوونیەوە دەست پێدەکات، واتە لە گریان و هاوارەوە بۆ کاردانەوەکان دەستپێدەکات، وردەوردە تا بەتەواوی فێری دەبێت، کە هەموو منداڵێکیش پێیدا تێدەپەڕێت، بەڵام لە ژینگەیەک بۆ ژینگەیەکیتر جیاوازە. (ئەو دەنگەی یەکەمی منداڵ، کە گوێمان لێدەبێت سەرەتای گەشەی زمانە، کە منداڵ لە سێ مانگی تا شەش مانگی دەست بە کغە کغ دەکات، دواتر گوێی لە قسەکردنی دەوروبەری دەبێت. هەوڵدەدات وەڵامی هەبێت بۆ دەربڕینەکانی دەوروبەری، وردەوردە فێری قسەکردن دەبێت، کە ئەمەش بەڵگەیە بۆ پەیداکردنی عەقڵی، بەڵام ڕۆشنبیری و شارستانی ژینگەیەک بۆ ژینگەیەکی تر لێک جیاوازە، کەواتە قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانیش لە هەموو تەمەنێکدا جیاوازە.)((کەلهوری:٢٠١٠: ١٣١-١٣٢)) هەمیشە یەکەم هەنگاوی دەربڕینی منداڵ نە نەخشێکی خودایی هەژمار دەکرێت، ئەویش بە بەڵگەی یەکەم گریان، بەڵام قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی منداڵ لە دوای ئەم قۆناغە جیاوازە لە منداڵێکی تر بەپێی ئەو کۆمەڵگە و ژینگەیەی تیایدا دەژی. بۆیە لێرەوە قۆناغیکی تر دروست دەبیت بە جیاوازییەوە. (زمانەوان فێرث قۆناغەکانی گەشەی زمانی لای منداڵ بەم شێوەیە دەخاتەڕوو: ١.قۆناغی لەدایکبوون. ٢. قۆناغی دانیشتن. ٣. قۆناغی بە سک ڕۆیشتن. ٤. قۆناغی ڕۆیشتن بە یارمەتیدان. ٥. قۆناغی ڕۆیشتن. ٦. قۆناغی چوونەدەرەوە لەماڵەوە. ٧. قۆناغی چوونە قوتابخانە)((محەمەد: ٢٠٠٨: ٥٣)). هەریەک لەم قۆناغانەی گەشی منداڵ گەشەیەکی زمانی جیاواز دروست دەکات، کە دایک و خانەوادەکەی بەپێی گەشەکە چاوەڕێی دەکەن. بۆ نموونە هەموو دایکێک ئەوە دەزانێت، کە منداڵ بەدەستەوە کەوتە سەرپێ دەبێت وشەی دوو دەنگی یان یەک برگەیی بزانێت. قۆناغی ڕۆیشتن، وشە و قۆناغی چوونە دەرەوە، بە داوای یەکداهاتنی وشە، واتە ڕستەی ڕێزمان ناڕێک فێردەبێت. لە قۆناغی قوتابخانە بە تەواوتر هەنگاو دەنێت.

١. ٥. ئەو هۆکارانەی کار لە گەشەکردنی زمانی منداڵ دەکەن: ئەو هۆکارانەی کار لە گەشەکردنی زمانی منداڵ دەکەن زۆرن، هەر یەکە و بەپێی تایبەتمەندیی بواری خۆی هۆکارە وردەکان دەستنیشان دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم هۆکارانە دیارکراون:

(١. **ڕێژەی زیرەکی**: کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە، چونکە منداڵی زیرەک بەهرەدارە و زووتر فێری قسە دەبێت.

٢. **گەیین**: کە مەبەستی ئەو ئەندامانەیە، کە پەیوەندیدارە بە قسەکردن، واتە ئەو کاتە قسەدەکات، کە ئەو ئەندامانە پێگەیین.

٣. **باری تەندروستی منداڵ**: بە تایبەت لەسااڵی یەکەمی تەمەنیدا، ئەگەر تووشی نەخۆشی ببێت دەبێتە هۆی کەمی چاالکی و تێکەاڵووبوونی لەگەڵ خەڵک، ئەمەش هۆکارێکە.

٤. بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی و ئامرازی بەستنەوە درەنگ بەکاردەهێنن.

٥. **ڕەگەزی منداڵ**: کچان زووتر گەشەی زمانیان پێدەگات لە کوڕان، چونکە ئەندامەکانیان زووتر پێدەگات.

٦. **ڕیزبەندی منداڵ لەناو خێزانەکەیدا**: منداڵی یەکەم زیاتر و زووتر زمانی گەشەدەکات، چونکە دایک و باوکی و باپیری زۆرتر بایەخی پێدەدەن بە بەراود لەگەڵ منداڵەکانی تردا) ((کەلهوری، ٢٠١٠، ١٣١-١٣٢)) هەریەک لەم هۆکارانە و چەندان هۆکاری تر، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر زمانی منداڵ هەیە. لەاڵیەکی ترەوە، ئەم هۆکارانە، گەر گشگیرتر بکەین دەتوانین بەم شێوازە کۆیان بکەینەوە:

١. هۆی بایۆلۆجی ئەندامیی.

٢. هۆی ژینگەیی.

هەر یەک لەم هۆکارانە بە ڕادەیەک لە ڕاددەکان کاریگەری خۆی هەیە و جیاوازە لەوەی تریان، لە هەمان کاتیشدا مەرج نییە هۆکارەکان لای هەموو منداڵێک وەک یەک ڕەنگدانەوەی هەبێت، بەڵکو لە منداڵێکەوە بۆ منداڵیکی تر لەیەکتر جیاوازن. دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین، کەوا جگە لە هۆکاری تەندروستی و بۆماوەیی، هەموو هۆکارەکانی تری ژینگەیی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ڕۆڵی دایکەوە بە پلەی یەکەم، خێزان و دەوروبەریش پلەی دووەمیان هەیە، بۆیەش (خێزان یەکەمین ناوەندی کۆمەاڵیەتییە، کە مرۆڤ تیایدا فێری زۆربەی ئەو زانیارییە گشتییانە دەبیت، کە لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە واتە لە هەر یەک لە زمان، ئایین، دابونەریت، ڕێسا کۆمەاڵیەتییەکان و ...هتد((صمد: ٢٠٢٥: ١٣))

١. ٦. ڕۆڵی دایک لە چارەسەرکردنی دواکەوتنی زمانی منداڵدا:

دایک سەرچاوەی سەرەکی فێربوونی زمانە لای منداڵ، ژینگەی چواردەوری منداڵ و ماڵ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دایکەوە، بەوپێیەی کەوا منداڵ بە دەست و باوەشی دایکەوە گەورە دەبێت، پێویستییەکانی هەردوولا ئەم ئەرکە ئاڵۆگۆڕ دەکات. دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین، منداڵان پێویستییان بە چاودێری چڕوپڕ هەیە هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیانەوە تا قۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەنیان و بگرە زیاتریش، بۆیە دەبێت دایک و باوکان پێکەوە ئاگاداری هەنگاوەکانی پژانی زمانی منداڵەکانیان بن، کە لەم تەمەنە کەسایەتییان دروستدەبێت، زمانیش بەشێکە لە کەسایەتی منداڵ. دایک چەند ڕێگایەک دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی فێربوون و وەرگرتنی زمان لای منداڵ لەکات و ساتی دروستی خۆیدا پەرەبسێنێت، بەڵام هەندێکجار دواکەوتنی زمانیی لای منداڵ ڕوودەدات و ڕۆڵی دایک وەک نزیکترین کەس بۆ چارەسەرکردن لێرەوە زیاتر و بەهێزتر دەبێت. چەند ڕێگەیەکی سەرەکی هەیە دایکان پێویستیان پێ دەبێت، تاوەکو لەم بوارەدا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، کە کات تەرخانکردن و ئاخاوتنی زیاتری دایکان لەگەڵیاندا ئەم ڕێگایانە بۆ باشترکردنی ڕۆڵیان پتەوتر و خێراتر دەکات. دەتوانین ئەم ڕێگایانەش لە چەند خاڵێکدا دەستنیشان بکەین، ئەوانیش بریتین لە:

١. جەختکردن لە دووبارەکردنەوەی وشە دابڕاوەکان بە منداڵان و گفتوگۆکردنی بەردەوام لەگەڵیاندا، تەنانەت لە تەمەنی ساواییەوە پێویستە قسە بۆ منداڵ بکرێت، چونکە منداڵ پێش ئەوەی زمانی بپژێت لە دەوروبەری تێدەگات و هەوڵدەدات لاسایی دەوروبەری بکاتەوە.

٢. پێویستە دایکان، لەگەڵ منداڵەکانیان بەو زارەی کە خۆی پێی دەدوێ بەو زارەش لەگەڵ منداڵەکەی بدوێ و شانازی بە زارەکەیەوە بکات، منداڵ دواتر خۆی فێری زمانی فەرمی دەبێت.

٣. خوێندنەوەی ناوبەناوی کورتەچیرۆک لەلایەن دایکانی خوێندەوار بۆ منداڵەکانیان.

٤. ڕێگەدان بە منداڵ بە پرسیارکردنی بەردەوام، گوزارشتکردن لەوەی لەناخیدا پەنگی خواردوەتەوە و وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکان، وەکوخۆی، خۆبەدوورگرتن لە وەڵامدانەوە بە بەڵێ و نەخێر بەتەنیا.

٥. پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ منداڵ بکرێت بە زمانی کەسانی پێگەیشتوو، نەک منداڵانە.
٦. قسە پێنەبڕینی منداڵ و سەرکوتنەکردنی بەتایبەت لەپێش چاوی کەسانیتر.
٧. دانەنانی منداڵ بۆ ماوەیەکی زۆر بە دیار تەلەفزیۆن و ئایپاد و موبایلەوە، چونکە سستی دەکات لە بەکارهێنانی زمان))(یاسین: ٢٠١٩: ٣))
٨. گوێپێنەدانی هەڵە وشەییەکانیان و ڕاستکردنەوە بۆیان.
٩. تێکەڵکردنیان بە منداڵانی قسەزان و تەمەن نزیک، تاکو ئارەزوی قسەکردنیان زیادبکات.
١٠. چەپڵە و پاداشت لەگەڵ دەربڕینی هەر وشەیەکی نوێدا بۆ هاندان.
١١. دروستکردنی ژینگەیەکی ئارام، چونکە هەستی ئاسایش و خۆشەویستی نێوانیان وا لە منداڵ دەکات بە ئازادی قسەبکات.

ئەمانە و چەندان لایەنی تر ڕۆڵی دایک پیشاندەدات لە چارەسەرکردنی دواکەوتنی زماندا، هەر ئەمەش وای کردووە زمانی هەر نەتەوەیەک بە زمانی دایک ناوزەد بکرێت. یەکەم دەنگ و وشە لە دایکەوە دەبیستێت، بەمەش جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە لای دایک کاریگەرییەکەی جیاواز و ڕۆڵی بەرچاوتری دەبێت لە چارەسەرکردنی دواکەوتنی زمانی منداڵدا.

بەشی دووەم: (کاریگەریی ئاستی خوێندەواریی دایک لەسەر زمانی منداڵ، پزیشک و مامۆستا بە نموونە)

٢. ١. دایک و ئاستی خوێندەواریی دایک:

دایک نزیکترین کەسی منداڵە، بەوپێیەی کەوا بەشێکە لە جەستەی، هەر لە سکی دایکیدا توانای بیستنی لەلا دروست دەبێت و دەتوانێت گوێی لە دەنگی ببێت. دوای بوونیشی هۆگری ئەو دەنگەیە و لەگەڵیدا ڕاهاتووە، پێی ژیر دەبێتەوە، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکییە، کە وایکردووە ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر زمانی منداڵەکەیەوە هەیە، ئەمە لەلایەک، لە لایەکی ترەوە توانا و هەوڵ و کۆششی ئەو دایکە، لەگەڵ زمانڕەوانی و ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاری و دەوڵەمەندی فەرهەنگی وشە و خۆشەویستی بۆ زمانی نەتەوە هاندانە بۆ زوو پێگەیاندنی زمانی منداڵ. دەبێت ئەوە لەیاد نەکەین دایکان لە هەر ئاستێکی خوێندەواری و ڕۆشنبیریدا بن، لە توانایاندا هەیە جڵەوی گەشەی زمانی منداڵەکانیان بکەن، هەریەکەیان بەپێی ڕەنگدانەوەی بۆچوونی

خۆیان کاریگەریی دروستدەکەن. بوارەکانی ژیان و ژینگەی دەوروبەر و پەستانە دەروونییەکان لەدایکدا کۆدەبنەوە و دەرهاویشتەی زمانی لای منداڵ جیاواز دەکەن. ئاستی خوێندەواری دایکان وەک بواریک لە بوارەکانی ژیان پیشەی دایکان جیاواز دەکەن و کاریگەری لەسەر ژینگەیان و جیاوازی پەستانە دەروونییەکان و کات بۆ تەرخانکردنیان لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر دەگۆڕن. ئیمەش لێرەدا دوو ئاستی خویندەواری دایکانمان خستنە بەر باس، کە ڕاستەوخۆ پیشەکانیان جیاواز دەکەن، ئەوانیش پزیشک و مامۆستان. دەمانەوێت بزانین تا چەند ئاستی خوێندەواری دایک کاریگەری لەسەر فێربوونی زمانی منداڵ و فێربوونی زمانی دووەم هەیە؟ بۆ نموونە: پزیشک کاتێک لە پیشە و خوێندنەکەیدا زمانی ئینگلیزی بەسەریدا زاڵە لەگەڵ ئەوەشدا کە زمانی دووەمیەتی چ ڕەنگدانەوەیەک لای منداڵەکانی دروستدەکات؟ مامۆستاکان بەپێی تایبەتمەندییان بەبەراوردکردنیان چۆن بەرامبەریان دەوەستن؟ ئایا ئاستی خوێندن و پیشە حەزی دایکان بەرەو کوێ دەبات؟ پێویستی زمانییان دەگۆڕێنێت؟ ئەمانە و چەندین لایەنی تر کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان لە زمانی منداڵدا دەردەخات. قسەکردن لەگەڵ منداڵکانیان لە ڕێگەی پیشاندانی چەند وێنەیەکی بوارجیاواز کاردانەوەکان و کاریگەرییەکان بۆ ئێمە ڕوونتر دەردەخات، بۆیە لە ڕێگەی ڕاپرسی ئەم پرسانەمان خستنەڕوو بۆ دەرخستنی وەڵامەکان و بەئەنجام گەیشتنمان.

٢. ٢. کاریگەریی ئاستی خوێندەواریی دایک لەسەر زمانی منداڵ، پزیشک و مامۆستا بە نموونە:

ئاستی خوێندەواریی دایک پیشەکان جیاواز دەکات، بەمەش کات و ژینگەی تەرخانکراو بۆ منداڵ دەگۆڕێت، لەلایەکی تر هۆشیاری و وردی و بیرفراوانی لای دایکان دەگۆڕێنێت. لە بواری زمانی منداڵدا ئاستی خویندەواری هاوکیشەکان جیاوازدەکات، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەرزی ئاستی خوێندەواری ڕەنگدانەوە و کاردانەوەکان بەرزتر و بەهێزتر دەکات، بەڵام لە بواری زماندا ئەم هاوکیشەیە بۆ زمانی کوردی وەک زمانی دایک و زمانی یەکەم لە کوردستاندا و زمانی ئینگلیزی وەک زمانی دووەم مەرج نییە هاوتەریب هەنگاوبنێت.

دوو باخچەی ساوایان بۆ ڕاپرسی منداڵان وەرگیراون ئەوانیش باخچەی ساوایانی (پیرزین و دواڕۆژ)ن، هەروەها بۆ پڕکردنەوەی ژمارەی پێویست کۆمەڵێک منداڵی دیکەی هاوتەمەنیش خراونەتەپاڵیان.

پرسیاری سەرەکی بۆ وێنەکان بەم شێوەیە ئاراستەی منداڵان کراون.

یەکەم: ئایا ئەم ڕەنگانە چ ڕەنگێکن؟

وێنەی ژمارە (١)

بەپێی وەڵامی منداڵەکان، لەکۆی (٤٠) منداڵ، کە دایکیان پزیشکە بە ڕێژەی ١٠٠٪ بە زمانی ئینگلیزی وەڵامیان داوەتەوە، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر مەترسیدارە بۆ زمانی کوردی، چونکە دەیسەلمێنێت، کە ئاسانترین بواری زمان کە ڕەنگەکانە و سەرەتای فێربوونە لای منداڵ و یەکەم هەنگاوەکانە، لای منداڵان بە زمانی دووەم بەرنامەڕێژکراوە. بەرامبەر بەمان منداڵانی مامۆستا بە تایبەتمەندی جیاواز وەرگیراون هێڵی ڕێژەکە دەگۆڕن و بەڕێژەی ٨٧ ٪ بەزمانی کوردی وەڵامیان داینەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە یەکێک لە ڕەنگەکان ڕێژەکەی بەتەواوی بۆمان جیاوازکرد، ئەویش ڕەنگی سوور بوو، کە بەشێک لە منداڵان بە زمانی دووەم وەڵامیان داینەوە، واتە بە زمانی ئینگلیزی و ڕەنگەکانی تریش بە زمانی کوردی، ئەمەش بۆ ئاسانی وشەکە دەگەڕێتەوە لەچاو وشەکانی تردا.

دووەم: ئایا ئام ئاژەڵانە دەناسیتەوە؟ ناوەکانیانم پێ بڵێ چین؟

وێنەی ژمارە (٢)

وەڵامەکانی منداڵان بۆ ئاژەڵەکان بە دڵخۆشییەوە بوو، حەزیان بۆ ئاژەڵان هەبوو، منداڵانی پزیشک بەڕێژەی٨٣ ٪ زمانی ئینگلیزییان هەڵبژارد بۆ وەڵامەکانیان، بەڵام منداڵانی مامۆستا گۆڕانکارییەکیان خستە بەردەممان، ئەویش بریتیبوو لەوەی ٩١٪ بە زمانی کوررردی و ٤٪یان بە زمانی عەرەبی و ٥٪ بە زمانی ئینگلیزی وەڵامیان داینەوە،

بەمەش بۆمان دەرکەوت، کەوا هەندێک لە دایکانی مامۆستا گرنگی بە زمانی عەرەبی دەدەن، بۆیە دوای بەدواداچوون زانیمان بەشێک لەو منداڵانە دایکیان مامۆستای عەرەبین و بەشێکی تریان دایکیان لە منداڵی پرۆگرامی خویندنیان عەرەبی بووە.

سێیەم: دەزانی ئەم وێنانە چین، تاوەکو ناوەکانیانم پێ بڵێیت؟

وێنەی ژمارە (٣)

ئەستیرە ڕێژەی ١٠٠٪ ی بەدەستهێنا لای منداڵانی پزیشک، هەمووان بە زمانی ئینگلیزی وەڵامیان دایەوە. وێنەکانی تر ڕێژەکەیان گۆڕا و ٨٦٪ ی منداڵان بە زمانی ئینگلیزی و ئەوانی تریش بە زمانی کوردی وەڵامیان دایەوە. منداڵانی مامۆستا ٩٣٪ یان بەتەواوی بە زمانی کوردی ناوی وێنەکانیان هێنان، ئەوانی تریش تەنها هەڵەی تێچوونی دەنگییان دەکرد لە وشەی ئەستێرە و دەیانکردە ستێرە، ئەمەش ئەنجامێکی زۆر باشی بە ئێمە بەخشی بۆ زمانی کوردی.

چوارەم: ئەتوانی ئەم ژمارانە بژمێریت؟

وێنەی ژمارە (٤)

سەرنجڕاکێشترین لایەن ئەوەبوو، منداڵانی دایکانی پزیشک و دایکانی مامۆستاش ژمارەکانیان بە زمانی ئینگلیزی دەزانی، بەڵام کاتێک بە کوردی لێمان داواکردن منداڵانی مامۆستا لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێژەی

٩٧٪ بە زمانی کوردیش ژمارەکانیان دەزانی، کەچی منداڵانی پزیشک کێشەیان لە ناسینەوەی نوسینی ژمارە کوردییەکان هەبوو، واتە دەبوایە بە نوسینی ئنگلیزیش وێنەی ژمارەکانیان نیشان بدەین، بەتایبەت بۆ تێکەڵنەکردنی ژمارە پێنجی کوردی و سفری ئینگلیزی، بەم شێوەیە دوای ڕوونکردنەوە منداڵانی پزیشک بەڕێژەی ٧٧٪ ژمارەکانیان بە کوردی دەزانی.

پێنجەم: ئەم میوانە دەخۆیت؟ ناوی ئەم میوانە چین؟

وێنەی ژمارە (٥)

منداڵانی دایکانی مامۆستا هەردوو میوەکانی پرتەقاڵ و سێویان بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی ئەزانی، لەگەڵ ئەمەشدا میوەی مۆز منداڵانی مامۆستا و منداڵانی دایکانی پزیشکیش هەمووان بە کوردی ناویان دەزانی. دوو میوەکەی تر لای منداڵانی پزیشک بەڕێژەی ٧٤٪ بە زمانی ئینگلیزی دەیانزانی و ئەوانی تریش بە هەردوو زمان.

شەشەم: ناوی ئەمانە ئەزانیت؟

وێنەی ژمارە (٦)

بە بینینی ئەم وێنانە زۆربەی منداڵەکان دەستبەجێ داوای ئاویان دەکرد، ئێمەش

لەم ڕێگەیەوە ڕاستەوخۆ وەڵامەکەمان وەردەگرت. هاوکێشەکە لای منداڵانی پزیشک لە وشەی درەخت بەتەواوی جیاوازبوو، چونکە هەمووان بە زمانی ئینگلیزی ناویان هێنا، بەڵام گوڵ و ئاو بەڕێژەی ٦٨٪ بە ئینگلیزی و ئەوانی تر بە زمانی کوردی دەیانگوت. منداڵانی مامۆستا هەرسێ وێنەکەیان بە زمانی کوردی دەزانی بە ڕێژەی ١٠٠٪، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان بە زمانی ئینگلیزیش دیانزانی.

٢. ٣. هۆکارەکانی جیاوازی کاریگەریی ئاستی خوێندەواریی منداڵانی پزیشک و مامۆستا:

هۆکاری کاریگەرییەکان بەپێی ئەو ڕاپرسییەی ئەنجاممانداو و هەروەها لای دایکانی منداڵەکان بینیمان و دواندمانن، بۆمان دەرکەوت بۆ چەند لایەنێکی جیاواز دەگەڕێتەوە، کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ و هەندێکی تریان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییەکە دروستدەکەن، کە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا بیانخەینەڕوو:

١. ئاستی خوێندەواری هەردووکییان ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی پیشەی هەردولا هەیە.

٢. زۆربەی دایکانی پزیشک هاوسەرەکانیشیان پزیشکن و ئینگلیزی دەزانن و ڕۆژانە قسەی پێدەکەن، بەتایبەت بۆ وشە زانستییەکان زیاتر بەکاری دەهێنن، یان بە مەبەستی باسکردنی بابەتی نەخۆشێکیان بۆ شاردنەوەی وردەکارییەکان، ناڕاستەوخۆ کاریگەرییەکە دروستدەکەن. مامۆستایان هاوسەرەکانیان هاوپیشەی خۆیان یان نزیک لە پیشەکەیانە و مەرج نییە هەردوکییان ئینگلیزی بزانن.

٣. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە میوانە هاوڕێکانیان زیاتر پزیشکن و بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن. بە پێچەوانەی مامۆستاوە تێکەڵی زۆربەی ئاستەکان دەکەن.

٤. منداڵانی پزیشک چیرۆکی شەوانەیان بە زمانی ئینگلیزییە، لەکاتێکدا مامۆستایان، گەر تایبەتمەندیشیان ئینگلیزی بێت گرنگی بەم لایەنە نادەن.

٥. مامۆستایان بەهۆی پیشەکەیانەوە کاتێکی زۆرتریان بۆ منداڵەکانیان هەیە، بەمەش ئەتوانن گرنگی بە هەردوو زمان بدەن.

٦. خولیا و ئارەزووی دایکانی پزیشک بۆ فێربوونی زمانی دووم زیاترە وەک لە ئارەزووی دایکانی مامۆستا.

٧. منداڵانی دایکانی پزیشک بە بەراورد لەگەڵ منداڵانی دایکانی مامۆستا کەمتر تێکەڵی منداڵانی دەوروبەریان دەبن.

ئەنجامەکان:

١. منداڵانی دایکانی پزیشک زمانی ئینگلیزییان بەسەر زمانی کوردیدا زاڵە، بەتایبەت ڕەنگەکان بە زمانی ئینگلیزی دەزانن نەک بە زمانی کوردی.

٢. دایکانی مامۆستا، تەنها بەپێی کات گرنگی بە زمانی دووەم دەدەن و ناڕاستەوخۆش هیچ کاریگەرییەکیان دروست نەکردووە، بەپێچەوانەی دایکانی پزیشک، کە بەهۆی قسەکردنیانەوە لەماڵەوە ناڕاستەوخۆ کاریگەری جێدەهێڵن.

٣. لایەنی کۆمەڵایەتی منداڵانی دایکانی پزیشک سنوورداوە لەچاو منداڵانی مامۆستا.

٤. دایکانی پزیشک پێیانوایە، گەر منداڵەکانیان زمانی ئینگلیزی فێربن، زمانی یەکەم بەئاسانی لەناو کۆمەڵدا فێردەبن.

٥. دایکانی پزیشک بە سادەیی وەریدەگرن، کە منداڵەکانیان پێویستە زمانی ئینگلیزی بزانن، چونکە گەر وا نەبن لەناو منداڵانی هاوپێشەکانیان نامۆ دەردەکەون.

٦. دایکانی مامۆستا زیاتر لەگەڵ منداڵەکانیان دەدوێن.

لیستی سەرچاوەکان:

(کوردی)

١. خۆشناو- نەریمان عەبدوللا،٢٠١٦ ،ئاراستەکانی زمانەوانی نوێ (لە سۆسێرەوە تا چومسکی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢. سەعدولا ،نیهاد،٢٠١١ ، دێ چەوا زمانێ زاروکێ پێش ئێخین.

٣. فتاح- محمد معروف، ٢٠١١، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤. قەرەچەتانی-کەریم شەریف، ٢٠١٥، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی چوارەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

٥. قەرەچەتانی-کەریم شەریف،٢٠٠٩ ، سایکۆلۆژیای گەشە (منداڵ و هەرزەکار)، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

٦. کەلهور ،نەوزاد ،٢٠١٠،گەشەکردنی منداڵ، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک.

نامە:

١. محەممەد-دانا تەحسین، ٢٠٠٨، نەخۆشی زمانگرتن لەنێو منداڵانی کورددا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدیین، هەولێر.

٢. عەبدولوهاب- عەدنان عەبدوللا، ٢٠١٥، وەرگرتنی زمان لای منداڵ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

گۆڤار:

١. ئاورەحمان، حسن- ئالان محمد، فەرهاد تۆفیق، ٢٠٢٢، هەندێک لە گرفتەکانی فێربوونی زمان لای منداڵ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی ٩، ژمارە٤، گەرمیان.

٢. صمد- مریوان اسعد، ٢٠٢٥، ڕۆڵ و کاریگەری خێزان لەسەر پرۆسەی وەرگرتنی زمان لای منداڵ، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی ١٠، ژ ٤، هەولێر.

ڕۆژنامە:

یاسین- ئاریان، ٢٠١٩، ڕۆڵی دایک لە گەشەی زمانی منداڵدا، ڕۆژنامەی زەمەن، ژمارە ٤٧.

(عەرەبی)

١. القاضاة، محمد فرحان، الترتوری،محمد عوض،٢٠٠٦، تنمية مهارات اللغة و الاستعداد القرائي عند طفل الروضة، دار حامد للنشر و التوزيع، الطبعة الاولى.

ناوی بەشێک لە بەژداربووان:

لیناز ئازاد علی	ژەنیار هەژار امین	عیسا ئیبراهیم وەلی	هێژا هۆشمەند باقی
لانە توانا تۆفیق	دانا جەوهەر رسول	دڵناز محمد عزیز	تنۆک سیپان سمایل
محمد سالار حسن	یارا یاسین	هیوا نەبەز	لاوێژ محمد
لینا توانا	ناز فەرهاد	نوور سابیر	لەند خالید
تریێ هاوکار	هیوا قادر	تارا جنگی	دنیا سلام
مینا ڕۆژگار	گوڵان ایوب	بێری محمد	هالە جوامێر

سووکەئاوڕێك لە بنەماکان و کۆڵەکەکانی فەرهەنگنووسی؛ بە ئاوڕدانەوە لە فەرهەنگە کوردییەکان

د. ئەحمەد ئەحمەدیان

بنەما و کۆڵەکەکانی فەرهەنگنووسی، بە کورتی و بە گوشراوی و هەر وەک سووکەئاوڕێک، لەم چەند ئێپیزۆدانەی خوارەوەدا هاتوونەتە بەر باس و لێدوان:

۱.کەڵکوەرگرتنی فەرهەنگنووس لە «جەستەی زمانی»(=Linguistic corpus):

جەستەی زمانی بریتییە لە سەرجەم ئەم نووسراوانەی لە مەودای زەمەنیی لانیکەم ۲۰۰ ساڵی ڕابردوو لە پانتایی زمانی کوردیدا هاتووەنەتە بەرهەم و لەڕێی کەمپێوتێرەوە وەک دێیتابەیسێک کەڵەکە کراون و وەک سەرچاوەیەکی جێمتمانە بەهرەی شیاو و پێویستی لێ وەردەگیرێ؛ بەتایبەت لە فەرهەنگنووسیدا کە بۆ هەڵێنجانی سەروشەکان و ماناکانیان، نموونە و وێنە و شاهید، زۆرترین کەڵکی لێوەردەگیرێ. چون مێژووی پەخشان نووسیی کوردی ئەوپەڕەکەی دووسەدەیە، بۆیە دەڵێین ۲۰۰ ساڵ؛ هەرچەند جەستەی زمانی، دەکرێ لە دەقی شێعریش پێکبێ، بەڵام سەرەتی بە پەخشانە. هەروەها جەستەی زمانی دەکرێ لەخۆگری دەقی بەرهەمی زارەکیش بێ، بەڵام ئەم دەقە زارەکییانەی کە نووسراونەتەوە و بە چەشنی نووسراوە بڵاوکراونەتەوە. هەڵبەت بۆ نووسینی «فەرهەنگی زارەکی»، دەکرێ لە وێنە و نموونەی دەقی زارەکیی تۆمارکراوی دەنگیش کەڵک وەرگیرێ، هەر ئەم جۆرەی کە کاک سەلاح پایانیانی بۆ نووسینی «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» کەڵکی لەم دەقە تۆمارکراوە دەنگییانە وەرگرتووە.

۲. کەڵکوەرگرتنی فەرهەنگنووس لە ئیشی بەردەوامی ڕاوێژکارانە و مەیدانی:

ئیشی مەیدانی و ڕاوێژکارانە، بریتییە لەوەی کە دانەری فەرهەنگ، زۆربەی هەرە زۆری باژێڕ و ناوچە و دەڤەر و شارۆچکە و گوند و دێهات و، تەنانەت کوێستان و هەواری سەر بەم لق و بەشەی کە فەرهەنگەکەی تێدا دادەنێ، تەقاندبێتەوە و تەگبیر و ڕاوێژ و گوتوبێژ و هەڵسوکەوت و دەمەتەقەی تایبەتیی زمانەوانانەی دەگەڵ چین و توێژ و پیشە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگا، وەک: ڕەنگڕێژ، خمگەر، هەورگەر، تەونگەر، بگێڕ، لێفەدروو، زینەدروو، کورتانەدروو، سەڕاج، ئاسنگەر، جۆلا، کەڵاشکەر، نالبەند، باغەوان، وەرزێر، ئاژەڵدار، عەللاف، خەڕاج، هەللاج، چێودار، شایەر، حەکایەتخوان، شوان، سەپان، گاوان، شۆفێر، میرزا، تاجر، قوتابی، خوێندکار، مەلا، دەروێش، کووتاڵفرۆش، کووتاڵدروو، وەستا، بەننا، مێعمار، ئەندازیار، پزیشک،

سیاسەتوان، نووسەر، وەرگێڕ، پێداچوونەوە، بەڕێوەبەر، کابان، ئاشپەز، پەرەستار، فیتەر، دەرمانساز، ددانساز و....کردبێ.

ئەمە خۆی لەخۆیدا ڕادە و ڕێژەی«سوودبەخش بوون و وڵامدەربوون»(=practicality& efficiency) و «بەوەجبوون»(=validity) و «جێمتمانەبوون»(=reliability) و «یەکترگرتنەوە»(=relevance)ی ئەم بەرهەمانە تا ئاستێکی ئێجگار زۆر، بەرز دەکاتەوە و بەڵگەمەندیان دەکا. فەرهەنگی زارەکیی موکریان و فەرهەنگی ڕەنگەکانی پازار شیاوترین کەڵکیان لە کاری مەیدانی وەرگرتووە.

٣. ڕاپەڕاندنی پڕۆژەی فەرهەنگنووسی بە چەشنێکی پێشکەوتووانەی «گرووپی-دابەشکارانە»:

فەرهەنگنووسی لە دونیای پێشکەوتوو و مۆدێڕندا، بەبێ ئەملاولا و هەڵاواردن، وەک «ئیشێکی گرووپی» کە بەپێی «دابەشکاری پسپۆڕانە» دێتە بەرهەم، سەیر دەکرێ. تێکڕای پڕۆژەکانی فەرهەنگنووسی لە سەردەمی مۆدێڕندا، هەر لە سەرەتا و دەستپێکەوە تا دوایین قۆناغی کۆتایی‌پێهاتنی پڕۆژەکە، وەک ئیشێکی گرووپی و تاقمی و دابەشکارانە دەستنیشان دەکرێ.

بەپێچەوانەوە، گەر بە چاوێکی وردبینانەوە سەیری ئەم پڕۆژە فەرهەنگنووسی‌یانە بکەین کە بەرهەمی ئیشی تاکەکەسین، تێکڕای ئەم ئاسەوارانە، بەدڵنیایەوە، کەڵێن و کەلەبەر و کەم و کووڕی بەرچاویان تێدا دەبیندرێ؛ کە زۆربەی هەرە زۆری ئەم کەم و کووڕی و کەڵێن و کەلەبەرانە، دەرکەوتەی ملنەدان و خۆبواردنی فەرهەنگنووسەکانە بە «ئیشی گرووپی» و « دابەشکاریی پسپۆڕی».

بۆ وێنە بەشی ئاوانووسی و فۆنێتیکی فەرهەنگ دەبێ وە ئەستۆی کەسێکی پسپۆڕی ئەم بوارە خرێ، هەروەها بەشی «ڕێزمان» و « نووسینی چەشنی مۆرفۆلۆژیکیی سەروشەکان» دەبێ لە لایەن کەسێکی پسپۆڕی ئەم بوارەوە بنووسرێ؛ هەروەتر مانانووسی و لێکدانەوەی مانای سەروشەکان دەبێ لە لایەن کەسی شارەزا و لێهاتووی ئەم بوارە جێ بەجێ بکرێ؛ هەر بەم شێوازە، دۆزینەوە و دانان و نووسینی نموونە و وێنە و شاهید، لە پەخشان و شێعری کوردی(یان هەر زمانێکی دی کە فەرهەنگەکەی تێدا دەنووسرێ)، لە لایەن کەسی تایبەت و شارەزاوە ڕاپەڕێندرێ و هتد.

لێرەدا وێنەی پڕۆژەیەکی سەرکەوتووی بواری فەرهەنگنووسیی کوردی باس دەکەم، کە هەرچەند لەسەرەتادا پڕۆژەیەکی تاقەکسی بوو، ناچار کاتێک پتر لە یەک لە سێی پڕۆژەکە ڕاپەڕیبوو، فەرهەنگنووس، پەنای بردە لای مامۆستایەکی زمانزان و زمانناس و ڕێزمانزان، تا یارمەتی بدات و ئەم کەلێن و کەلەبەرەی بۆ پڕ بکاتەوە؛ ئەم پڕۆژە سەرکەوتوویە، پڕۆژەی «فەرهەنگی زارەکیی موکریان»ـە لە نووسینی ڕێزدار کاک سەلاح پایانیانی.

کاک سەلاح پایانیانی، دانەری ئەم بەرهەمە گەورە و بەپێز و سەرکەوتوویە، لە بەرگی ١ هەتا بەرگی ٦، خۆی بە تاقی تەنیا، ئەم ئیشە تاقەت پڕووکێنەی ڕاپەڕاند، بەڵام لە بەرگی حەوتەم هەتا بەرگی پانزدەی ئەم فەرهەنگە کە دواییین بەرگی ئەم پڕۆژە گەورەیەیە، دەستی یارمەتی بۆ مامۆستای زمانزان و زمانناس و ڕێزمانناس، مامۆستا عەزیز ئالی درێژ کرد هەتا بەشی مانالێدانەوە و بەشی ڕێزمانی سەروشەکان و بەشی ڕەچەڵەکناسیی ئەم سەروشانەی پێویستییان بە لێکدانەوەی ڕەچەڵەکناسییانە هەیە، هەروەها بەشی« بەکارهێنانی کردەیی» (=practical usage) لەم فەرهەنگەدا وەستۆ گرێ. هەر بەپێی ئەم داواکارییە، مامۆستا عەزیز ئالی نووسین و لێکدانەوەی تێکڕای ئەم بەشانەی لە بەرگی ٧ هەتا بەرگی کۆتایی، واتە بەرگی ١٥ وەئەستۆ گرت و ئەم چەند بەرگە بە چەشنی « ئیشی گرووپی» و «دابەشکاریی پسپۆڕانە» هاتەبەرهەم و چاپ و بڵاوبووەوە. هەر ئێستا بەرگەکانی ١تا ٦ی ئەم فەرهەنگەش، لە لایەن مامۆستا عەزیز ئالی یەوە، سەرلەنوێ و زۆر بە ڕێکوپێکی و بە چڕوپڕی و بە چەشنێکی شێوازمەند پێداچوونەوەی زانستیی گۆرینی بۆ کراوە؛ لەم ٦ بەرگە، تا ئەو کاتوساتە، بەرگی ١ و ٢ سەرلەنوێ چاپ بووەتەوە و بەرگی ٣ تا ٦، هەر بەم زووانە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە. بەمجۆرە فەرهەنگی زارەکیی موکریان، وەک ئاسەوارێکی زۆر بەپێز و بەهێز و وڵامدەر و کارا و دەوڵەمەندی زمانەوانی، کە بەرهەمی ئیشی گرووپی و دابەشکاریی پسپۆڕانەیە، لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی دا، وەک ئاسەوارێکی شێوازمەند، سەرکەوتوو، پێشکەوتوو و سەردەمیانە بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە.

٤. کەڵک وەرگرتن لە ڕاوێژکاری پسپۆڕ لە بواری تایبەتیی «فەرهەنگنووسی»(=Lexicography)، لە دەسپێک/جەنگەی پرۆژەی فەرهەنگنووسیدا هەتا کۆتایی پرۆژەکە:

فەرهەنگنووسی، وەک فیلّد و بواریّکی ئاکادیمیک، لە دونیای سەردەم دا سەیر دەکرێ و پسپۆڕی تایبەتیی ئەم بوارە دەتوانێ گەلێک ڕێچارە بۆ فەرهەنگنووس بدۆزێتەوە بۆ ئەم گرێ و گرێپووچکانەی وا لە مەودا و ڕێبازی دوورودرێژی فەرهەنگنووسیدا تووشی دەبێ؛ هەر وەها دەتوانێ گەلێک ڕێنومایی کردەیی ڕواڵەتی و فۆرمێک یان کاکڵەوەر و نێوەرۆکی نیشانی فەرهەنگنووس بدا کە گەلێک بەکەڵک و پێویست و سوودبەخشن بۆ دانانی فەرهەنگێکی سەردەمیانە، کارا، وڵامدەر، سەرکەوتوو و بەوەج.

لێرەدا بۆ نموونە تەنیا یەک وێنە و نموونەی کردەیی تایبەت باس دەکەم کە خۆم وەک پسپۆڕێکی تایبەتیی بواری فەرهەنگنووسی، لە مەودای نووسینی فەرهەنگێکدا، یارمەتیدەر و ڕاوێژکاری فەرهەنگنووس بووم و لە دەرەنجامدا بەرهەمەکە وەک نموونەی فەرهەنگێکی شێوازمەند، دەرکەوتووە و وەک ئاسەوارێکی سەرکەوتوو و سەردەمیانە، نرخێندراوە: «فەرهەنگی ڕەنگەکانی پازار»، لە نووسینی خاتوو سەحەر موعیزی کە ٩ بەرگی گەورەیە و وەک هەوەڵ فەرهەنگی ڕەنگەکانە لە زمانی کوردیدا لە ئەژمار دێ؛ لە جەنگەی نووسینی ئەم فەرهەنگەدا، نووسەری فەرهەنگ داوای ئەوەی لە من کرد کە وەک پسپۆڕی بواری فەرهەنگنووسی، ڕاوێژکاریی ئەم پرۆژەیە وەئەستۆ بگرم. کاتێک داوای فایلی ئامادەکراو و نووسراوی فەرهەنگەکەم کرد، تا سەرنجی بدەمێ و بزانم ئاخۆ جێگەوپێگەی ئەم پرۆژەیە لەم ئاستەدا هەیە کە خۆی پێوە ماندوو بکردرێ تا لە داهاتوودا دوای ڕاوێژکاریی زانستی و پێداچوونەوەی پسپۆڕی تایبەتی بواری فەرهەنگنووسی، لە سەرچەشنی «فەرهەنگ» زۆر نزیک ببێتەوە. دوای سەرنجدا بە فایلی ئامادەکراوی فەرهەنگی گۆرین، دیتم ئەم توانستە حاشاردراوە لەو بەرهەمەدا هەیە و دەکرێ دوای ڕاوێژی زانستی و پێداچوونەوە، وەک «فەرهەنگ» سەیر بکردرێ و کەڵکی شیاوی لێ وەرگیرێ؛ هەر بەم پێیە، ماوەی چەندسالّ و بە دەیان کاتژمێر، ڕاوێژکاریی زانستی و شێوازناسانەی پسپۆڕانەم پێشکەشی

ئەم پرۆژەیە و نووسەری ئەم بەرهەمە کرد، لە بابەت: دەنگنووسی، واتانووسی، پۆلێنبەندی زانیارییەکان و زۆر بوار و ڕەهەندی گەورە و بچووکی تر. دوای ئەم هاریکاری و ڕاوێژکارییەم، هەوەڵ سەرکەوتن کە بۆ ئەم پرۆژە گەورە ٩ بەرگییە بە خەڵات هات، مزگێنیی چاپی ئەم فەرهەنگە لە لایەن ئاکادێمیای کوردستان لە هەولێر بوو؛ بۆچی چاپی ئەم فەرهەنگە لە لایەن ئاکادێمیا، بە سەرکەوتنێکی گەورە لە ئەژمار دێ بۆ ئەم فەرهەنگە؟ وڵامەکەی ئەمەیە کە ئەم فەرهەنگە، بەم قەوارە گەورەیەوە کە هەیەتی و ٩ بەرگی گەورە و زەبەلاحە، هیچ چاپەمەنییەکی کەرتی تایبەت(=بەشی ناحوکوومی و خوسووسی) ئامادەی چاپی ئەم بەرهەمە نەبوو و نەیاندەوێرا ڕووبەڕووی ئەم ڕیسکە گەورەیە ببنەوە و تێچوویەکی ئاوا زۆر و زەوەند لەم پرۆژەیەدا بخەوێنن! هەر بۆیە چاپ و بڵاوبوونەوەکەی تەنیا و تەنیا ئیشی دەزگایەکی کەرتی گشتی و حوکوومی وەک ئاکادێمیای کوردستان بوو، کە بە خۆشییەوە، لە لایەن لێژنەی پسپۆڕی بواری فەرهەنگنووسیی ئاکادێمیا پەسەند کرا و چاپکرا و هەر زۆر زوو هەر هەموو بەرگەکانی ئەم فەرهەنگە تەواو بوو و نایاب بوو و بڕیار وایە سەرلەنوێ و بەزوویی چاپ بکرێتەوە.

٥. دیاریکردنی بەکارهێنەرانی مەبەست، بۆ فەرهەنگ:

دەبێ فەرهەنگنووس ڕوونی بکاتەوە کە ئاخۆ بەکارهێنەرانی مەبەست بۆ فەرهەنگ کێن؟ ئاخۆ فەرهەنگەکە بۆ منداڵان نووسراوە یان بۆ مێرمنداڵان یان بۆ گەورەسااڵن؟ ئاخۆ بۆ کەسێک نووسراوە کە زمانی سەرەکیی فەرهەنگ و سەروشەکانی، زمانی زگماکیی ئەوە یان زمانی بیانیی ئەو؟ ئاخۆ بۆ مەبەستی پەروەردەیی و فێرکاری نووسراوە یان بۆ مەبەستی زانستی و لێکۆڵینەوەیی؟ ئاخۆ فەرهەنگەکە زانیاریی زمانی ئاخافتن و زارەکی دەدا بە بەردەنگ یان زمانی نووسیاری؟ ئاخۆ ئەم فەرهەنگە بابەتی خوێندکاری قوتابخانە و خوێندەواری مامناوەندییە یان بابەتی زانا و پسپۆڕی بواڕێکی زانستییە؟ نووسینی هەرکام لەم فەرهەنگانە شێواز و ڕێکار و مێتۆدی تایبەتیی خۆی گەرەکە. دوای ڕوونکردنەوەی بەکارهێنەرانی مەبەست، ئیشی پسپۆڕانەی زمانناسی ڕاوێژکاری پسپۆڕی بواری فەرهەنگنووسی دەست پێدەکا.

٦. هەڵەچنیی زمانی و پێداچوونەوەی زمانەوانی و ڕاستکردنەوەی زانستی و لێزیادکردنی زانیارییە نوێ و لەبیرچووەکان:

یەکێک لە بنەماکان و کۆڵەکەکانی فەرهەنگنووسی، هەڵەچنیی زمانی و پێداچوونەوەی زمانەوانی و ڕاستکردنەوەی زانستی و لێزیادکردنی زانیارییە نوێ و لەبیرچووەکانە؛ واتە فەرهەنگنووس یان ئەو دەزگا و بنکە و چاپەمەنییەی وا فەرهەنگەکە چاپ دەکا، دەبێ کەسێکی لێزان و پسپۆڕ دابین بکا بۆ ئیشی هەڵەچنی(نمونەخوانی/ proof reading) و هەڵەگری و بژارکاریی لە بواری زمانی و ڕوالەتی پێتچنینی فەرهەنگەکە کە لەم باروبوارەدا خاوەن ئەزموون و سەردەرچوو و وردبین بێت. هەروەها دەبێ پێداچوونەوە(editing)ی زمانەوانی و ڕاستکردنەوە و ساغکردنەوەی باری زمانەوانی و ڕێنووس و ڕێزمان و خاڵبەندی فەرهەنگەکە و هەروەها پێداچوونە و ڕاستکردنەوە و ساغکردنەوە و تەتەڵەکردنی بەشی تاریفنووسی(definition writing) و مانالێدانەوەی سەروشەکان، بە کەسێکی زمانزان و زمانەوان و کارامە و لێهاتوو کە سەیدا و مامۆستای ڕێنووس و ڕێزمان و خاڵبەندی و زمانەوانی بێت و هەروەها پێداچۆرەوەیەکی پسپۆڕ و پڕۆفێشناڵ بێت، بسپێرێ. ئەم پێواژۆ ئاماژەپێکراوە، لە هەل و مەرجێکی ئیستانداڕد و ئیدئاڵدا، دەبێ هەر لە سەرەتای دانانی فەرهەنگەکە و تەنانەت پێش دەسپێکی کاری فەرهەنگنووسی گەاڵەی بۆ داڕێژرێ بە مشوورخۆری و پەیجۆری و خەمخۆری، پێشبینیی تایبەت بۆ دابینکردنی کەس/ کەسانێکی خاوەنئەزموون و ئۆگر و شارەزا و پسپۆڕی بۆ بکردرێ. بەاڵم زۆر جار بەشی زۆری ئەم پێواژۆیە و ئەرک و ئیشە ئاماژەپێکراوە پێوەندیدارەکانی، وەپاش دەخرێ بۆ کاتی چاپی دووهەم و وەشاندنی سەرلەنوێی فەرهەنگەکە. هەروەها دەبێ دوای چاپی یەکەمی فەرهەنگەکە، فەرهەنگنووس خۆی وەک بەرپرسی سەرەکی و دانەری سەرەکیی فەرهەنگەکە، زانیارییە نوێ و لەبیرچووەکانی پێوەندیدار بە فەرهەنگەکە، تۆمارکات و پێوەی بلکێنێ و لێی زیاد بکات؛ تەنانەت زۆر جار ڕادە و ڕێژەی ئەم زانیارییە نوێ و لەبیرچوویانە هێندە زۆرن کە بەرگێکی گەورە لە فەرهەنگەکە زیاد دەکرێ کە لەخۆگری ئەم زانیارییە نوێ و لەیرجوویانەیە و ئەم بەشە ناوی لێدەنرێ«ذیل[ِ فرهنگِ...]»، واتە «پاشەرۆک[ی فەرهەنگی....]»؛ هەروەک «ذیل» فەرهەنگی «سخن»، کە خۆی ٨ بەرگە و بەرگێکیش کە بەرگی ٩ لە ئەژمار دێ، «ذیل[ِ فرهنگ سخن]»ی پێ دەوترێ.

لە فەرهەنگە کوردییەکان دوو فەرهەنگ ئەم ئیش و کار و ئەرکانەی بۆ کراوە/دەکرێ: ١. فەرهەنگی زارەکیی موکریان، کە پێداچوونەوەی زانستی و بەشی ڕەچەلەکناسییەکی بە مامۆستا عەزیز ئالی سپێردراوە، کە بە بڕوای من شیاوترین کەسایەتییە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئیش و ئەرکە هەستیار و تاقەتپڕووکێن و زانستییە. هەروەها بەشی هەڵەچنیی ئەم فەرهەنگە سپێردراوە بە کاک کامڕان جەوهەری، کە ئەویش کەسایەتییەکی شیاوی ئەم ئیش و ئەرکە پڕگرێوگۆڵەیە. هەروەها لێزیادکردنی زانیارییە نوێ و لەبیرچووەکان کەوتووەتە ئەستۆی خودی فەرهەنگنووس، وەک نووسەر و دانەری سەرەکیی فەرهەنگەکە؛ سەرجەم ئەم ئیش و ئەرکانە لە بابەت ١١بەرگ لەم ١٥ بەرگە بە ئەنجام و ئاکام گەیوە و، بڕیارە لە بابەت ٤ بەرگەکەی دیکەی ئەم پڕۆژەیەش، بەم زووانە، چێ بکرێ و سەرلەنوێ ئەم ٤ بەرگەش چاپ و بڵاو بکرێتەوە. ٢. فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردی؛ چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم فەرهەنگە لە قەبارى ٦ بەرگدا، ساڵی ٢٠٢٢ کۆتایی پێهات و ڕێک دوابەدوای ئەم ڕێکەوتە، دانەری ئەم فەرهەنگە، مامۆستا عەلی نانەوازادە، بەبێوچان و بەبێپسانەوە، خۆی بە تەنیا سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی سەرجەم ئیش و ئەرکەکانی پێوەندیدار بە هەڵەچنیی زمانی و پێداچوونەوەی زانستی و ڕاستکردنەوە و ساغکردنەوەی زمانەوانی و لێزیادکردنی زانیارییە نوێ و لەبیرچووەکانی ئەم فەرهەنگە تەکووز و تۆکمەیەیە و بڕیار وایە بەم زووانە و تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٦، تێکڕای ئەم ٦ بەرگە، سەرلەنوێ و بە دیزاین و پیتچنینی نوێ و بە هەڵەچنی و بژارکاری و پێداچوونە و ڕاستکردنەوەی هەڵە و پەڵەکان، چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

*** زمانناس و نووسەر و لێکۆڵەر**

وشەی لێکدراو لە بنزاری دەشتەکییەکانی هەولێر

عەباس نادر قادر

وشەی لێکدراو بریتییە لە پێکەوە بەستنی دوو وشە بەیەکەوە، تا واتایەکی نوێ ببەخشیت، یان واتەکەی دەوڵەمەندتر بکات، ئەوجا ئەو دوو وشە ناو بن یان هاوەڵناو، یان هاوەڵکار یان ڕەگی کاری یان قەدی تێدابێت، جار هەیە یەکبەستنەوەی ئەو دوو وشەیە، بە ناوبەندێک دەبێت و جاریش هەیە بە بێ ناوبەندە. لێرەدا جۆرەکانی وشەی لێکدراو دیار دەکەین، کە لەناوچەی دەشتەکییەکانی هەولێر باوە، تیاشیدایە لە بنزار و شێوەزارەکانی دیکەش هەر دەگوترێت، وەک:

ئەلف: لە زمانی کوردیدا هەندێ وشەی لێکدراومان هەیە، ئەگەر بە تەنیابن هیچ واتایەکی لە زمانی ئەو سەردەمە نییە، بەڵام بە لێکدراوی و دووبارەیی واتایەک دەبەخشن. وەک:

١- **دوکەدوک** : بە واتای مشت و مڕ و شەڕە دەم بە قسە دێت.

دوکە هیچ واتای بەرچاوی نییە لە زمانی ئیستای کوردی، بەڵام گەر بووە دووبارە دوکەدوک واتایەک دەبەخشێت. زیاتر بەمەبەستی مشت و مڕ دێت بەشێوەی سووککردن، (ئەو دوو ژنە جیرانە هەر دوکەدوکیانە لەگەر یەک).

٢- **بەردەق بەردەق**: هەمان واتای دوکەدوکی هەیە، واتا شەڕ کردن بە دەم یان هەمیشە لەگەڵ کەسێک بە قسەکردن ناڕەزایی خۆت دەربڕی و لەگەڵی پێک نەیەیت. (زۆرم بەردەق بەردەق لەگەر کرد بێ سوود بوو).

٣- **کێشمەکێش**: واتا ناکۆکی بەس بەشێوەی لەسەرخۆ و هێمن. (ئەو بابەتە کێشمەکێشمی زۆر دەوێت).

٤- **قەوچە قەوچ**: واتا زۆر گۆتنەکی بێ واتا، مشت و مڕێکی بێ واتا. (دە هەندە قەوچەقەوچی مەکە).

٥- **لەوچەلەوچ** : واتا زۆر قسەکردن و زۆرگۆتن لەسەر قسەکی بێ واتا. (دە لەوچەلەوچ، با لە دوڕ دەوت نەدەم).

٦- **حێلەحێل**: دەنگەدەنگ بە بەرزی، شەڕەقسە بە دەنگی بەرز، ناڕازی بوون بەدەنگی بەرز، زیاتر بۆ ژنان دەگوترێت. (فاتم هەر حێلە حێلیتی لەگەر خەسووی).

٧- **چەقەچەق**: دەمەدەمی بێواتا، مشتومڕی بێئەنجام. (ئەو چەقەچەقەت لەچییە؟).

٨- **گۆتەگۆت**: مشت و مڕ، زۆر گۆتن و لەسەر ڕۆیشتن لە بابەتێک.

٩-**گارەگار**: دەنگەدەنگ و مشت و مڕ بەدەنگی بەرز.

١٠-**دەنگەدەنگ**: مشت و مڕ.

١١- فشەفش: خۆ پێاهەڵدان بەدرۆ، یان هەڕەشەی بە درۆ.
١٢- بۆرەبۆر: بۆڵەبۆڵ، پرتەوبۆڵە.
١٣- مڕەمڕ: بۆڵەبۆڵی بە تووڕەیی و لە پێشەخۆ.
١٤- فسکەفسک: قسەکردن بە نەرمی لەبن گوێی یەک، بۆ ئەوەی دەوروپشت تێت نەگەن.
١٥- پندەپند: پرتەو بۆلیی ناڕازی لە پێشەخۆ.

بێ: لە زمانی کوردی هەندێ وشەی لێکدراویش هەیە بەیەکەوە واتایەک دەبەخشن، ئەگەر بە تەنێش بن واتایەکی تریان هەیە وەک:

١- حەفت و هەشت : واتا مشت ومڕ (مناقەشەی بی ئەنجام) لێرەدا وشەی حەفت بەتەنیا ژمارەیە و هەشتیش هەر ژمارەیەکی دیکەیە، بەڵام پێکەوە مانایەکی دیکە دەبەخشن.(برام ئەوەندە حەفت و هەشتی لەگەر مارو مندارت مەکە).

٢- مشت و مڕ: هەر بە واتای مناقەشە و مجادەلەی عەرەبی دێت، مشت بە تەنیا واتای مست یان چەنگ دێت (مشت لە هەولێرێ بە مانای پڕیش دێت)، مڕ بە واتای بەتووڕەیی تەماشاکردن دێت یان بە ناڕەزایی نیشاندان بە شێوەیەک ڕوخسارت گرژبێت. (مشت ومڕەکی زۆرمان کرد بەس هەر لۆی نەسەلماندم).

٣- بینەوبەردە: گفتوگۆی نێوان دوو دژەیەک، بینە واتا بێنە، بەردە واتای بەری بدە. (ئەوەندە بینەو بەردەی ناوێ، هەڕوو تورمبێلەکەی بکڕە و با درت داکەوێت).

٤- دەوەدەو: دەودەوانێ، بەواتای مشت و مڕ دێت، بەڵام دەو واتە دەم بەتەنیا واتایەکی هەیە کە ئەندامێکی لەشە. (خوشکم ئەتوو دەوەدەوی زۆر لەگەر مێردت دەکەی).

جیم: لە زمانی کوردی زۆرجار دوو وشە بەیەکەوە پەیوەست دەبن واتایەک دەگەیەنن.

١-وەک دوو ناو بەیەکەوە یەک واتا دەگەیەنن وەک:

هێسک وپڕووسک، کەس وکار، زەبرو زەنگ، گێل و وێل. پەناوپەسیو، تەخت و تاراج، هوردوهەڕا. لێرەدا وشەی یەکەم بەتەنیاش بی هەر واتای وشە لێکدراوەکەیە، بەڵام وشەی دووەم بێ وشەی یەکەم هیچ واتای نییە.

هەشە وشەی یەکەم واتای نییە، بەڵام وشەی دووەم بەتەنیا واتای وشە لێکدراوەکە دەگەیەنێت، بەڵام هەردوو وشەکە پێکەوە واتایەکی جوان سازی هەیە و پێکەوە بەکاردێن وەک: کت و کۆر، چڕوچاو، خوت و خۆڕا

٢- هەندێ جار دوو کردار بەیەکەوە دووبارە دەبنەوە، دەربڕی دەنگن وەک: قرچەقرچ، مرچەمرچ، قیژەقیژ، مشەمش، بۆرەبۆر، حەپەحەپ، قەوچەقەوچ. فیتەفیت، تەپەتەپ، گارەگار، تەقەتەق، پرتەپرت، فینگەفینگ، قیژەقیژ، منجە منج.

٣- هەندی جار دووناو بەیەکەوە پێکەوە واتایەک دەدەن هەریەکە و بەتەنیاش واتایەکی دیکە دەدەن وەک:

دۆو دۆشاو، دەم و چاو، شان و مل، جەم و دەم.

٣- هەندێ جار دوو وشەکە دووبارە دەبنەوە بەشێوەی ژمارە دێت وەک: یەک یەکە، دوو دوو. قل قلە، تاک تاک.

٤-هەندێکییان لە بنەڕەتدا دوو چاوگی دژ بەیەکن : وەک: هاتووچۆ، بینەو بەردە، بگرە و بەردە.

٥- هەندێ دوو وشە هەن گەر بەیەکەوە بن واتایەک دەدەن، ئەگەر لێک جودابن هەریەکە و واتایەکی هەیە وەک: شڕو وڕ، لاروپت، لەت و پەت، گێژو وێژ.

٦- هەندێ جار دوو وشە بەیەکەوە واتایەک دەگەیەنن، گەر بەتەنیاش بن دوو وشەی پێچەوانەی یەکن وەک: سەراوبن، شەو و ڕۆژ، ئاسمان و ڕێسمان، ترش و شیرن.

٧- دوو وشە بەیەکەوە واتایەک دەگەیەنن جووتە ئاوەڵفرمانن: وەک: سەرانسەر، پشتاوپشت.

٨- دوو وشە بەیەکەوە واتایەک دەگەیەنن وەک جووتە ئاوەڵناو : جوان جوان، نەرم نەرم، هێدی هێدی، هوردە هوردە. قیج قیچە، بڕەبڕە، زووزوو، دەستە دەستە، کەم کەمە، جار جارە.

٩-هەشە هەردووکیان ئاوەڵناون، بەڵام دوو وشەی جودان لەگەڵ یەک، پێکەوە واتایەک دەدەن وەک: گرژومۆن، لەڕولاواز، مرچ و مۆن، ڕەش و پش،، تفت و تار.

١٠-هەندێ جار دوو وشەی هاوواتان وەک: ئاخ و داخ، کۆت و زنجیر، دەشت و دەر.

١١- هەندێ جار دوو وشە لەگەل یەک دووبارە دەبنەوە و بڕگەی (ئانێ)ی لە دواوە بۆ سەربار دەکەی. وەک: غارغارانێ، تۆپ تۆپانێ، سەرسەرانێ.

١٢-هەندێ جار دوو وشە لەگەل یەک دووبارە دەبنەوە و بڕگەی (ۆکێ)ی لە دواوە بۆ سەربار دەکەی. وەک: پازپازۆکێ، گان گانۆکێ.

١٢- هەندێ جار دوو وشە بەیەکەوە دەگوترێن، وشەی یەکەم بەتەنها هەر ئەو واتایە دەگەیەنێ کە لەگەل وشەیەکی دیکەیە وەک: ئارۆز و پارۆز، تێکەر و پێکەر، کوڕوکار، کیژوکار، شێت و وێت.

١٣- دوو وشە هەن بەیەکەوە واتەیەک دەدەن یەکییان ناوە و یەکییان ئاوەڵناوە، وەک: منداڕەهورتکە.

١٤- دوو وشە لێکدراون یەکییان عەرەبیە و یەکیان کوردییە، بەڵام پێکەوە بەکاردێن، وەک : بەولی میز، چەلبەی سەیانی، قات و قڕی، خێر و بێر.

١٥- دوو وشە لێکدراون یەکیان کوردییە و یەکییان عەرەبیە و هەردوو وشەکەش یەک واتایان هەیە، بەڵام لەگەڵ یەکدی دەگوترێت، وەک: ڕێز و ئیحترام، کورت و موختەسەر، پێ و قەدەم، نووجدید. گەورە و تەمام.

١٦- دوو وشە بەیەکەوە بەکاردێن هەردووکییان لە بنەڕەتدا عەرەبین یان کوردێندراون، پێکەوە واتایەک دەبەخشن، وەک: بەبەقاو متمانە، ڕەدەل و بەدەل، عەیب و عار.

وشەی لێکدراو لە ئەندامی جەستەی مرۆڤ

وشەی سەر

سەر ئەندامی سەرەکی جەستەی مرۆڤە کۆمەڵێک ئەندامی تێدایە وەک مێشک و چاو و گوێ و دەم و زمان. من لێرەدا ئەو وشە لێکدراوانە دەنووسمەوە کە پەیوەستن بە سەر واتای جیاواز جیاواز دەبەخشن لە بنزاری دەشتەکییەکانی هەولێر، لەوانەیە زارو بنزارەکانی دیکەی کوردیش، هەمان وشەی لێکدراو هەمان واتا دەبەخشیت، بەس من لێرەدا تایبەتم کردووە تەنها بە بنزاری دەشتەکییەکانی هەولێر، وەک:

١-سەرگەورە: سەری مرۆڤ کە گەورەبێت، بە گەورەی ماڵیش دەگوترێت، سەری گەورە.

٢- سەرپان: کەسێک سەری پان بێت.

٣- سەرخڕ: کەسێک سەری خڕبێت زیاتر بە منداڵ دەگوترێت.

٤- سەرتیژ: یەکێک سەری باریک بێت.

٥-سەردار: گەورەی هۆز گەورەی ماڵ، ژن بەمێردیشی دەڵێت سەردار.

٦- سەربار: سەرەڕا، زیادە (اضافة).

٧- سەرکار: بەو کەسە دەگوترا کە سەرپەرشتی ئیشی ئاغای دەکرد لە گوند.
٨-سەرشۆڕ: کەسێک سەری شۆڕبێت و شەرمەزارییەکی تووش ببێت.
٩- سەربرند(سەربڵند): کەسێک ئازایەتی و پیاوەتی هەبێت لەناو کۆمەڵگەدا.
١٠- سەرەخۆرە: بەو منداڵەی دەگوترێت کە لە دوای لەدایکبوونی نەگبەتی و مردن لەناو خێزانەکەی پەیدابێت، یان ئەو بووکەی، لەدوای گواستنەوەی مردن لەناو ماڵە خەزووری پەیدابێت.
١١- سەربە قوڕ: زیاتر ژن بەیەک دەڵێن بۆ هەواڵی ناخۆش یان بە ژنی نەزان دەگوترێت.
١٢- سەربەهەش: هەمان واتای سەر بەقوڕ دەگەیەنێت.
١٣- سەرشین: سەربەشین: سەر بە قوڕ.
١٣- سەراو: سەرئاو، دەست گەیاند بەئاو میز کردن.
١٤- سەرپێی : ئیشی بێ وردەکار و هەڕەمەکی.
١٥- سەرگران: کەسێک بە ئیشێک یان قسەیەک نارەزامەند بێت.
١٦- سەری سووکە: کەسێک باری قورس نەبێت.
١٧-سەرسەری: بێ ڕەوشت و خوێڕی.
١٨- سەرمۆر: کەل و پەلێکی دەست لێ نەدراو، بەکارنەهێندراو.
١٩- سەرشێت: شێت.
٢٠- سەرەڕۆ: لاسار.
٢١- سەربەگۆنگرە: شەر بەکێشە
٢٢-سەربەهەوێ: کچێک شوو بکات بە پیاوێکی خێزاندار.
٢٣-سەربان: ڕووی سەرەوەی خانوو(ماڵ).
٢٤- سەرڕەحەت: ئاسوودە.

مل

مل ئەندامێکی دیکەی لەشە، سەر و سینگ و پشت پێکەوە دەبەستێت.
١-مل باریک: بەکەسی لاوازی مل باریک دەگوترێت.
٢-ملەستوور: مل ئەستوور، بەکەسی زاڵم و گوێ پێنەدەر دەگوترێت.
٣-ملپان: کەسێک ملی پان بێت، بۆ توانجیش بەو کەسانە دەگوترێت کە ناموسی خیان ناپارێزن.

٤-مل بامیە: بەکەسی مل باریک دەگوترێت.
٥-مل شۆڕ: بەکەسی شەرمەزار دەگوترێت.
٦-ملوڕ: ملهوڕ، گوێپێنەدەر، عیناد.
٧-ململانێ: بەربەرەکانێ

وشەی چاو

چاو بەشێکی زیندووی جەستەی مرۆڤە بەلکاندنی بە وشەیەکی دیکە واتای تایبەتی وەک:

یەکەم: ڕەنگی چاو

چاوڕەش، چاوشین، چاوکەسک، چاوقاوەیی، چاوزەرد. هەندێک لەو وشە لێکدراوانە وەک ناو بۆ مرۆڤ بەکارهاتووە.

دووەم: وەسفی چاو بۆ جوانی و پێ هەڵدان

چاوجوان، چاوگەش، چاوبەرەک، چاوکارمامزی بەڕیایێ، چاو بن پیارە، چاوقلەترێ. چاوبەکل، چاو بەدەرمان.

سێیەم: نەخۆشی چاو

چاوکز، چاوخێل و خوار، چاوبەتانە، چاوبەسۆ، چاوکتوکۆر.

چوارەم: وەسفی چاو بە نەرێنی

١-چاوپشیلە: مەبەست لێ چاوشینە، وەک باویشە چاوشین (بە کەسی بەد و دمۆر لەکۆمەڵگا دێتە ناسین.)

٢-چاوکونەشووژن: واتە چاو بچووک.

٣-چاوزەق: چاو گەورەو دەرپەڕیو.

٤-چاوبرسی: واتە کەسێک قەت تێر نەبی و رەزیل.

٥-چاوپیس ئەوکەسانەی ئیرەیی بەخەڵک دەبەن، یان کەسەکەی بەرانبەری زیانێکی پێ دەگات لە نێوچەوانی ئەو دەزانی.

٦-چاوحیز: بەوکەسانە دەگوترێت کە بەچاوی خراپ تەماشای ڕەگەزی بەرانبەری بکات و چ پیاو و کوڕ تەماشای کچ و ژن بکەن چ بە پێچەوانەوە.

٧-چاومۆن: بەکەسێک دەگوترێت کارێکی شەرمەزاری کردبێت.

۸-چاوشۆڕ: شەرمەزار بەلایەنی خراپە.
۹-چاوبەراژێر: شەرمەزاری کەسێک بی.
۱۰-چاوچنۆک: بەتەماع.
۱۱-چاوپان: بە کەسێک دەگوترێ کاری ناشیاوی کردبێ.
۱۲-چاولەدەر: بەو کەسانە دەگوترێت کە زۆر تەماشای ڕەگەزی بەرانبەری بکات و بەدوای بگەڕێ بۆ کاری سێکسی.
۱۳-چاوقایم : کەسی بێ شەرم.
١٤-چاولێکەر: چاولەخەڵک کردن لە ڕەفتار و کاردا.
١٥-چاووزار: چاوپیس، ئێرەیی پێبردن.
پێنجەم: وەسفی چاو بە ئەرێنی:
١-چاوکراوە: بە واتای زیرەک زیندوو دێت.
٢-چاوتێژ: کەسی بە دڵ و دەروون فراوان. پێچەوانەی چاو برسییە.
٣-چاوتیژ: چاوی بەهێز بۆ بینیین.
شەشەم: بە گوێرەی کار (فعل)
١-چاونووسان: کەسێک شتێک وەک بەرتیل وەربگری چاو لە هەقێک یان ئەرکێکی خۆی بپۆشی.
٢-چاوسۆرکردن: هەڕەشەکردن
٣-چاووڕاو: بە ئەنقەست هەڕەشەکردن
٤-چاوترسێن: ترساندن
٥-چاولەدوو: کەسێک هەر بەتەمای گەیشتن بی بەشتێ کە لە دڵەوە مەبەستیەتی.
٦-چاووڕوو: هەبوونی ڕوو
٧-چاوهەرنەهاتی: کەسێک کەیفی بەئیشی باشی کەسیکی دیکە هەڵنێت.
٨-چاوبەرایی : کەیفی بە ئیشی باش و دەستکەوتی کەسی بەرانبەری نێت.
٩-چاوچاوانێ: چاوگێڕانی گەنجان بۆ ڕەگەزی بەرانبەری
١٠-چاولەدەست: کەسێک هەرچاوی لە ماڵ و پارەی کەسی نزیکی خۆی بی و خۆی کارنەکات و بژێوی خۆی بەکەسانی دیکە دابین بکات.

وشەی دەو (دەم)

دەو واتە دەم ئەندامێکی دیکەی جەستەیە بۆ قسەکردن و خواردن و خواردنەوە بەکاردێ، زۆر واتا دەبەخشێ بەگوێرەی کاری ناو ڕستە، یان ئەو زاراوانەی لێی پەیدادەبێت. من لێرە وشەی (دەم) تەنها بەگوێرەی بنزاراوەی دەشتی هەولێر ئاماژە پێدەدەم.

١-دەوەدەو : مشتومڕ.
٢-دەوگەورە: دەم فراوان.
٣-دەوقۆر: دەوقووڵ
٤-دەوڕاست : زمان حاڵ، براگەورە، قسەکەر بەناوی کۆمەڵێک کەس.
٥-دەو بە پێکەنین: دەم بە خەندە.
٦-دەوئاو: دەوجۆگە.
٧-دەوزێ: دەوڕووبار.
٨-دەوگوند یان دەوشار: ڕۆخ گوندی یان شار.
٩-دەوپەل : زمان شڕ.
١٠-دەوکراوە: دەم فراوان.
١٠- دەوبەخین: دەم بەخوێن.
١١-دەوپیس: دەم پیس.
١٢-دەوخوار: دەم خوار.
١٣-دەوئەشکەفت: دەم گەورە.
١٤-دەوبەگوو: دەم پیس.
١٥-دەوبەڕیخ: دەم بە ڕیخ، دەم پیس.

در(دڵ)

دڵ ئەندامێکی شێوە ماسولکەیی لەناو جەستەیە، کاری وەک تڕومپایە، خوێنی پیسی بۆ دەگەڕێتەوە و خوێنی خاوێن ڕەوانەی بەشەکانی جەستە دەکات.

١-درگەورە: دڵ گەورە و فراوان.
٢-درپیس: دڵ پیس، گومانکردن لەهەموو جولەیەکی ئافرەتی ماڵەکەی.
٣-درناسک: دڵ ناسک، بەو کەسانە دەگوترێت زۆر هەستیارن.

وشەی دەست

دەست ئەندامێکی لەشە سەر بە باڵە لەمرۆڤدا لە خوار مەچەک دەگرێتەوە لەگەڵ پێنج پەنجە کە ناولەپ و پشتەلەپیشی لەگەڵ دایە. چونکە ئەندامێکی سەرەکی کارکردن و جوولەیە دەبینیین زۆرترین وشە و دەستەواژەی لێ دروست بووە، من لێرەدا چونکە پڕۆژەیەکی فراوانم لەبەر دەستە لەسەر بنزاری دەشتەکییەکانی هەولێر بۆیە زیاتر ئەو وشانەم نووسیوە کە لە ناوچەی دەشتەکییەکانی هەولێر بەکاردێت، کە زۆریش لەوانە لەناوچەکانی دیکەش هاوشێوەن.

١- دەست: ئەندامێکی لەشە بۆ جولەو هەست بەکاردێت.

٢- دەستاو: بە تامی خواردنی چێشت دەگوترێت (داکم دەستاوی خۆش بوو)

٣- دەستاڕ: ئامرازێکە بۆ هاڕینی گەنم بەکاردەهات بۆ بوونە ساوار و گەنمەکوتاو.

٤- دەستاودەست: گۆڕینەوە و پێدانی دەسەڵات لە نێوان دوو کەس یان دوولایەن.

٥- دەسستبڕ: (دەزبڕ) قۆڵ بڕ، بەکەسانی فێڵباز و تەڵەکەباز دەگوترێ کە لە مامەڵەی بازرگانی ڕاستگۆنەبن.

٦- دەست بەتار: بێ ئیش و کار.

٧- دەست بەسەر: لەژێرچاودێری، بارمتەکراو، ڕاگیراو لەزیندان.

٨- دەست بەسەرداگیراو: داگیرکراو.

٩- دەست بەربوون: ئازادبوون لەکارێک، بێ ئومێدبوون لە کارێک یان لە هەر شتێک. مایەپووچ بوون لە مامەڵەیەک.

١٠- دەستبار: هاوکاریکردن، هەڵگرتنی شتێکی قورس لەگەڵ کەسێکی دیکە.

١١- دەست بەستە: دەست و پێ سپی.

١٢- دەست لەسەر سنگ: وەستان لەخزمەتکردنی کەسێک.

١٣-دەستبێن: دەستەوانە یان ئەو پەتە دڕێژەی شوان سەرەکی لەدەستی خۆی دەبەستی و سەرەکی دیکەی لەملی ئەو بەرانە مریاحەی ناو مێگەل دەبەستی لەکاتی خەوێ.

١٤- دەستبەجێ: یەکسەر، دەلحاز.

١٥- دەستبەردار: وازهێنان.

١٦- دەست بەئاو گەیاندن: خۆ بەتاڵکردن، چوونە پێشاو، چوونە سەر ئاودەست.

١٧-دەستوبرد: چاڵاک.

١٨- دەست پانکردنەوە: پاڕانەوە، داواکردنی یارە و یارمەتی بە نووزانەوە و زەلیلی.

١٩- دەستپێچ دەستەوانە، ئەو پەنجەوانەی لەکاتی کارکردن لە دەست دەکرێ، یان ئەو پارچە قوماشەی لە دەست و پەنجە دەئاڵێندرێ بۆ کارکردن و هەڵگرتنی شتێک.

٢٠- دەستپەڕ: خۆ بەتاڵکردنەوە لە وەرگرتنی چێژی سێکسی لە لایەن ڕەگەزی نێر یان مێ بە هۆی دەست و پەنجەی.

٢١-دەستبردن: دەست بۆ بردنی شتێک.

٢٢- دەستەخوشک: هاوڕێتی نێوان ڕەگەزی مێ.

٢٣- دەستەبرا: هاوڕێتی نێوان ڕەگەزی نێر.

٢٤-دەستسووک: ئەو کەسەی لەکاتی کارکردن ئازاری بەرانبەرەکەی نادات بەتایبەت بۆ دەرزی لێدان زۆر بەکاردێت.

٢٥- دەستگران: ئەو کەسەی دەرزی لە کەسێک بدات ئازاری پێ بگەیەنێت یان مست بوەشێنێ ئازاری زۆر بە کەسەکەی بەرانبەر بگەیەنێت.

٢٦- دەستەوانە: پەنجەوانە

٢٧- دەستکورت: کەسی هەژار و نەبوو.

٢٨- دەستگیران: کچ و کوڕ کە لە قۆناغی سەرەتا کە تەنها مارەییان کردبێ هێشا ژیانی هاوسەریان پێک نەهێنابێ.

٢٩- دەست وەکەری: زوو دەست وەشاندن.

٣٠- دەستگر (دەزگر): ئەو پارچە قوماشەی ئافرەت بۆ وەدەست گرتنی چێشتی گەرم بەکاری دجەهێنێت، عادەتەن لە دوو پارچە قوماشی ئەستوور و پان بەقەد ناو لەپی دەست دەبێت کە بە قوماشێکی باریک و درێژ پێکەوە دەبەسترێن.

٣١- دەستکرد: شتێک بە دەستی مرۆڤ دروەست بکرێ.

٣٢-دەستکێش: کەسێک چاوساغی بکات بۆ کارێکی وەک دزی و کوشتن.

٣٣- دەستکوژ: ئەو ئاژەڵەی بە دەست دەکوژرێتەوە و سەر دەبڕدرێ، نەک بەگولە و تیر.

٣٤- دەست کەلا: پێشتر بە کەلا(هەڵماتێن)ی باش دەگوترا بەس بۆ کنایە بەکەسێک دەگوترێت لەجیاتی کەسێکی دەسترۆیشتوو ئیشی ناڕێک بکات.

٣٥- دەست کێشانەوە: وازهێنان لە کارێک.

٣٦- دەست پیس: دزیکردن لەپارە و شتی گرانبەها لە کەسێکی هاوکار و شەریک یان لەماڵ.

٣٧- دەست پاک: پێچەوانەی دەست پیسە، کەسێک لەمامەڵەی لەگەڵ نزیک و هاوبەشەکانی خۆی سەرڕاست و ڕاستگۆبێت.

٣٨-دەست دریژی: کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک دەسەڵاتیان زۆربی.

٣٩-دەست بادان: دەست سوڕاندن.

٤٠-دەستبازی : گەمە بەدەستکردنی یەک، زیاتر بۆ گەمەی دەستی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دێت.

٤١- دەست لەڕوونان: ڕوو تێکردن لەکەسیک بۆ یارمەتی وەرگرتن.

٤٢- دەستنووس: نووسینەک بە قەڵەم و بە دەستی نووسرابێت. هێشتا چاپ نەکرابێت.

٤٣- دەست خەت: شێوازی نووسینی کەسی نووسەر.

٤٤- دەست چێن: چاندنی تۆوی بەروبووم ڕووەک بە دەستی واتە زیاتر بۆ دەستوەشاندن بەکاردێت.

٤٥-دەست سارد: کەسێک کاری بەقورسی لەبەر دجەست بڕوات.

٤٦- دەست گەرم: کەسێک کاری بە ئاسانی و بە لێوەشاوەیی لەبەر دەست بڕوات.

٤٧-دەست و پێ سپی: کەسێک کارنەزان بێ و ئیشی پێ نەکرێت.

٤٨-دەستکراوە: دەست والا.

٤٩- دەست وەشاندن: لێدان.

٥٠-دەستمایە: سەرمایە، ئەو پارەیەی لەبەردەست و لەکارکردن دابێت.

٥١-دەست و مست: هەر دەستە واتە دەست بە پێنج پەنجە نووشتانەوە کە لە شتێک بدەی.

٥٢-دەست نیشانکردن: دیاریکردن.

٥٣-دەست وارا: دەست والا، دەستکراوە.

٥٤-دەستنوێژ: هەڵگرتن و شووشتنی دەست و پێ و دەم و چاو وەک ئایین دیاریکردووە.

٥٥-دەست پێوەگرتن: ئاگاداربوون لە پارە خەرجکردن بە شێوەیەکی ئابووری.

٥٦- دەسەڵاتدار : حوکمگێڕ.

٥٧- دەستخورێن: گەزگەسک، ڕووەکێکی گیاییە بەهاران دەڕوێ دەست یان پێستت بە گەڵاکانی بکەوێت تووشی خوران و هەستیاریت دەکات.
٥٨- دەستەندوو: ئەو دارەی لە بەرایی هەوجارەوەیە، جۆتیار دەستی پێوەدەگری.
٥٩- دەستەمستە: لای سەرەوەی دەستەندووە کە جۆتیار توند دەیخاتە ناو مستی.
٦٠ دەستەمۆ: کەوی.
٦١- دەستەوەستان: ناچار.
٦٢- دەستەگور: دەستەگوڵ چەپکێک لە گوڵ.
٦٣- دەسک: چەپک.
٦٤- دەستە: مرۆڤی جوان و دیار زیاتر بۆ شۆخ و شەنگی ئافرەت دەگوترێت.
٦٥- دەستە: دەرزەن.
٦٦-دەستەملان: دەست لەملان دووکەس دەست لەملی یەک بکەن.
٦٧- دەستکاری: دەست لێدان لە شتێکی دروستکراو.
٦٨-دەست کوتان: پشتە دەست نەخشاندن بەشیرو دەرزی.
٦٩- دەستقوچاو: دەست توند گرتن بە پارە، ڕەزیل.
٧٠-دەستەستڕ: پارچە قوماشێک بوو چوارگۆشە و نەخشێندراو بوو مرۆڤ بۆ پاک و خاوێنی لەگیرفانی دەنا.
٧١- دەستڕێژ: گوللە پێوەنان بەشێوەیەکی کۆمەڵ و لەسەریەک.
٧٢-دەستکەنە: کۆکردنەوەی بەرهەمی ڕووەکی بەروبووم بە دەستی لەباتی داس و دەڕاسە، چونکە ڕووەکەکە کورتە بالّایە.
٧٣- دەستەوەستان: بێ توانابوون لەبەرانبەر کارێک.
٧٤- دەست لێک بەردان: جودابوونەوەی دووکەس لەیەک.
٧٥- دەست لە زێڕ: زۆر کارامایە لە ئیش و کار.
٧٦-دەستگێڕ: فرۆشتنی وردەواڵە لەناو سندوقێک یان کارتونێک وەگەڕان بۆ فرۆشتنەکە.
٧٧- دەستخۆش: هەربژی
٧٨- دەست ڕەنگین: کەسی کاراما و لێزان لە ئیش و کار.
٧٩- دەست ڕەش: کەتنکەر.
٨٠- دەست شین: پیاوکوژ

۸۱- دەست ڕۆیشتی: دەستڕۆیشتوو دەسەڵاتدار و خاوەن سەرمایە
۸۲- دەست براو: (بڵاو): کەسێک پارەی زۆر لا گرنگ نەبێ و زۆر بداتە خەڵک
۸۳- دەستشۆر: ئامرازێک بوو وەک تەشتێکی ناو قۆڵ بوو بۆ دەست شووشتن بەکار دەهات.
۸٤- دەست غەرەت: (غەڵەت): فرێودان
۸۵- دەست درێژی: تەحەداکردن
۸٦- -دەستەویەخە: ڕووبەڕوو، شەڕی بەرانبەر و نزیک لەیەک و بەوەشاندنی شت لەیەک واتە یان بەمست لێکدان یان بەدار و ئاسن لێکدان.
۸۷- دەستەوایی: پێکەوە ژین (شین و شایی، دەستەوایی.
۸۸- دەسترازە: ئەو پەتەی یان قوماشە باریکەی کە منداڵ لەناو لانک پێ دەبەستڕێتەوە.
۸۹- دەست گەورە: بەکەسێک دەگوترێ کە دەست بڵاو بێ و تواناربێ.
۹۰-دەسترۆک : ئەو قوماشەی ژن لەسەری دەنێن زیاتر هەوریە.
۹۱- دەست لەپشتدان: هاندان.
۹۲-دەست هەرێنج : بەو بیرە دەگوترێ ئاوی نزیک بێ لە سەرزەوی و بەدەستی هەڵهێنجانی بۆ بکەن.
۹۳-دەست گۆجە: کەسێک دەستی کەم وکورتی هەبێ لەبوونەوە، کەسێک نەزانی ئیشی هونەری بکات لەکاری بەردەستی، دەڵێن دەرێی دەستی گۆجەیە.
۹٤- دەست شکای: دەست شکاو، کەسێک دەستی شکستی هێنابێ، کەسێک نەزانی کارەکەی بەباشی بکات.

گێ و بەشەکانی دەرەوەی گێ.

گێ: گوێ.

۱-پەلکە گێ: ئەو کڕکڕاکەی لێواری گوێیە.
۲-قڕقڕۆک: بەکڕکڕاگەکانی ناو گوێی دەرەوە دەگوترێ.
۳-چیچیلە : بەو گۆشتە نەرمەی خوارەوەی گوێ دەگوترێ.
٤-بناگێ: بە لای خوارەوەی کەللەی سەری بن چیلچیلەی گوێ دەگوترێ.
۵-پەڕەی گێ: بەو بەشەی سەرەوەی گوێ دەگوترێ کە پەلکەگێ دەوری داوە.
٦-کونی گێ: کونی چوونە ناوەوەی دەنگ بۆ ناو گوێ.

پەیکەری ئێسکی لەش

١-ڕێسەی مل: بەو حەفت بڕبڕەی مل دەگوترێت کە لە نێوان پشت و سەری مرۆڤ دایە.

٢-شەپکەی پیل: ئەو ئێسکە پانەی بازوو و پشتی پێکەوە بەستووە.

٣-کاریتەی پشت: تۆقەرەی پشت،تیغەی پشت، تیغەرەی پشت،لە ١٢ ئێسک پێک دێت کە پەراسوویان پێوە بەندە.

٤-ناوقەد: کەمەرە: بڕبڕەی کەمەرە پێنج بڕبڕەیە لەخوار کاریتەی پشتە.

٥-سێبەندە: پێنج بڕبڕەیەی پێش کۆتاییە فەس یەکییان گرتووە وەک یەک ئێسک بەدەردەکەون.

٦-کلێچکە: کلێچکە، چوار برگەی کۆتایین، وەک یەک پارچە ئێسک بەدەردەکەون.

٧-قوونەجۆرە: قونەجۆڵە، سمتە جۆرە؛ لە پێنج پارچە ئێسک پێک دێت.

٨-کڵاوەی چۆک: کڵاوەی ئەژنۆ، سابوونەی چۆک.

٩-ڕەفیسکە: پێکهاتەی کۆلاجینیین، ماسولکە بەئێسکی بن ئەژنۆ بەیەکەوە دەبەستێت

١٠-بەندۆک:پێکهاتەی کۆلاجینیین،ئێسک بە ئێسکەوە دەبەستێت.

١١-قومپانی:قونپانی، پاژنەپێ، ئێسکی دواوەی پێ.

١٢-قولەپێ: جومگەی نێوان لاق و پێ.

وشەی هیشک (وشک)

وشەیەکە ئاوەڵناوە، واتاکەی زانراوە، زۆرترین وشەی لێکدراوی لێ پێک دێت بەهۆی ئامرازی (ە) لەگەڵ ناوێکی سادە، وەک هیشکە سار

هیشکە : بەتەنهاش واتای تایبەتی خۆی دەدات وەک:

١- هیشکە: واتای پارەی نەختی (بەکاغەز و ئاسنی) کە لەماڵ دانراوە، یان لەبەردەستە.

٢- هیشکە: واتای ئاژەڵێک شیر بدات بێ ئەوەی زابێت(بێچووی ببێت)

بەڵام هیشک+ە+ ناوی سادە = وشەیەکی لێکدراوی پڕ واتا دەدات وەک:

١- هیشکەسار: وشکەسااڵ: ساڵێک باران نەبارێ یان کەم ببارێ لە زستان و بەهار بەشی شینبوەونی رووەکی پێویست نەکات.

٢- هیشکەڕێ: وشکە ڕێگا، ڕێگایەکی سەخت و دژوار و بەردەڵان.
٣- هیشکەشاوار: چێشتی ساوار گەر ڕۆنی تێ نەکرابێت.
٤- هیشکەبیرۆ : جۆرە نەخۆشییەکی پێستە.
٥- هیشکەبار: میوەی وشکی هەڵگیراو و بارکراو، وەک مێوژ و بادەم (باوی) و گوێز و هەنجیری و تووی وشککراو.
٦- هیشکەمز : هیشک+ە+مز= هیشکەمز: کرێی نەختی کارکردن.
٧- هیشکەکەرەک: وشکەکەڵەک: دانانی بەرد لەسەر یەک بۆ دیوار و پەرژین بێ ئەوەی قوڕ و گەچ لەنێوان بەردەکانی سەریەک دابنێی.
٨- هیشکەشایی: شاییەک بەس کوڕ (نێرینە) بیکەن بێ ئەوەی کچ و ژنی تێدابێت.
٩- هیشکەسۆفی: بەکەسی خواپەرست دەگوترێت کە خۆشی دونیا لەخۆی حەرام بکات.
١٠- هێشکەڕن: ڕنین و لێکردنەوەی موو و خوری ئاژەڵ بێ ئەوەی مقەسی لێ بدرێت.
١١- هیشکەڕۆ: گۆمێک لە هاوینان وشک بکات
١٢- هیشکەڕۆ: بە ئاژەڵی بارهەڵگری وەک جوانە ماین و هەسپ و کەر دەگوترێ، کە هێشتا فێرە ڕۆیشتن نەبێ
١٤- هیشکەسەرما: وشکەسەرما. سەرمایەکی بێ باران و بەفر، کەشێکی سارد بێ، بێ ئەوەی باران ببارێت. تەنها بای سارد بێت.
١٥- هیشکەهەرقەنە: بەو زەویە دەگوترێ کە وشکە و هەڵقەناندنی زەحمەتە.
١٦- هیشکاوز: هیشکەوەرز: چاندنی دانەوێڵە لەوەرزی وشک، واتە پێش باران بارین.

وشەی تەڕە:

تەڕە لای دەشتەکییەکانی هەولێر بە واتای میوە دێت، بەڵام وشەی تەڕ مانای ئاودار یان شێدار، وشەیەکی ئاوەڵناوە، بەهۆی ئامرازی (ە) لەگەڵ ناوێکی سادە یان ڕەگی کار یان ئاوەڵناوێکی دیکە وشەیەکی لێکدراو پێک دەهێنن، واتە ناوێکی لێکدراو. وشەی تەڕ بەهۆی ئامرازی (ە) لەگەڵ ناوێکی سادە ئەو ناوە لێکدراوانە دەدەن:
١- تەڕەپیاز: پیازی سەوز ی شینبوو بەقەد و گەڵاکانەوە.

٢- تەڕەماش: فەریکە ماش (زۆر جار بۆ سووککردنی قسە و کەس بەکاردێت)
٣- تەڕەماست: سەرتوێژی شیر و ماست و کەرە.
٤- تەڕەتوولە: تەڕەتیزە: ڕووەکێکی سەوزەواتییە لەگەڵ خۆراک دەخورێت.
٥- تەڕەحەلوا: خواردنێکە لەئارد و شەکر و خوێ و ڕۆن و ئاو دروست دەکرێ، دەدرێتە ژنی تازەزا (تازەمنداڵ بوو)
٦- تەڕەفرۆش: میوەفرۆش، لێرەدا فرۆش ناو نییە بەڵکو ڕەگی کاری فرۆشتنە.
٧- تەڕەساز: خواردنێکە وەک تورشیاتە، ژنانی کورد لەماڵەوە دروستییان دەکرد، پێک دەهات لە گەنمەکوتاو و سەلک و قەدی شێلم، و خوێ و هەویر و ئاو. پاش پێگەیشتن وەک تورشیات دەیانخوارد.
٨- تەڕەسار: تەڕەسااڵ: ساڵی بەباران، پێچەوانە هیشکە ساڵە.
جار هەیە وشەی تەڕ بەیارمەتی پیت بزوێنی درێژ (ا) لەگەڵ وشەکی دیکە دەبن.
١- تەڕاوز: تەرەوەرز: چاندنی گەنم و جۆ لەدوای باران، یان لەزەوییەک شێداری هەبێ.
٢-تەڕاتی:تەڕوشێدار
جاریش هەیە وشەی تەڕ + و + ئاوەڵناو وەک:
١- تەڕوبڕ: ناسک، ژنێکی تەڕو بڕە.
٢- تەڕوتووشی: کەشێکی تەڕ ساردی لەگەڵ بی
بەبێ ئامرازی لێکدەر وشەی تەڕ+ناو، وەک:
١٣-تەڕپیر: پیرێک دڵ و هەستی گەنجانە بێ.
وشەی برا لە زمانی کوردی بە وشەی لێکدراو
برا : دوو ڕەگەزی نێر لە دایک و باوکێک بن.
١-باب برا: واتە دوو کەس لە باب برانە بەڵام دایکیان جودایە
٢-زڕبرا: باب برا، واتە لەبابیان یەکن بەس دایکییان جودایە.
٣-داک برا: واتە دوو کەس لە داکیان بران بەس بابیان جودایە.
٤-شیربرا: واتە دوو کەس بە منداڵی شیری یەک ژنیان (دایکی یەکێکیانە)خواردووە.
٥-پایزەبرا: بەو برا و هاوڕێیانە دەگوترێ کە درەنگ سەردانی برا یان هاوڕێکەیان بکەن، پێشتر ساڵێ جارێک لەکاتی پایزان سەردانی برایان دەکرد کە ماست و پێویستی ژیانیان نەمابووایە.

٦-برابەش: ئەو زاراوەیە لەکاتی میرات بەشکردنێ دەگوترێت، کە دوو برا یان چەند برا مالّ و مولّکی بابیان بەش بکەن.

۷- دووبرا: دوو کەس برابن.

۸- تاقەبرا: چەند خوشکێک یەک برایان هەبی.

سەرچاوە:

۱-نووسینێکی کاک دیاکۆ هاشمی لە مالّپەڕی فێرگەی زمانی کوردی.

۲- مالّپەڕی زمانی کوردی.

کردەی وەرگێڕان،
ئامادەبوونە لە جیهاندا

هەندرێن

ئەمڕۆ بە هەڕمێن بوونی دیاردەی وەرگێڕان، هەم وەک بەشێک لە پێداویستییەکی ڕۆشنبیریی و هەمیش وەک کاسبییەک، لە لایەکەوە، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە نووسەر و خوێنەری کوردیی پێویستیان بە ئەزموونی ڕۆشنبیریی زمانەکانی دیکەوە هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە، پەیوەندی بە مەیل و هەوەسێکی چەپێڕاوی نووسەری کورد بۆ دەوڵەمەندبوون هەیە. لێرەوە کردنی بەهای وەرگێڕان بە مۆدەیەک لە تاڵانکردنی ئەزموونی ڕۆشنبیریی بیانیی و سەرچاوەی ئابووری کوردستان، بە دوور نییە لە کۆی ئەو دۆخە گەندەڵێڕاوەی کە وەک مێردەزمەیەک بوونی کوردی دەعەجان کردووە.

لێ وێڕای بە هەڕمێن بوونی دیاردەی کاسبیکردن بە وەرگێڕانەوە، کەچی هەمیشە دەبیسین کە ئەو دیاردەی وەرگێڕانەی کە لە ئارادایە، لە ئاستێکی خراپدایە. چونکە زۆرینەی ئەو دەقە وەرگێڕدراوانە جێگەی متمانە نین و وەرگێڕەکانیش شارەزاییەکی باشیان نە لە زمانی دایک نە لەو زمانانەی کە لێیوە وەریدەگێڕن نییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەری کورد دەستکورتە لە بەرهەمهێنانی ئەو ڕۆشنبیرییەی کە هاوزمانەکەی گەرەکییەتی، بۆیە ئەمڕۆ ئێمە نازانین، ئاخۆ وەرگێڕەکان توانیوویانە بەشێک لەو داخوازییە ڕۆشنبیرییەی کە لە زمانی کوردییدا هەیە مەیسەر بکەن، یان ئەو داخوازییەی ئاڵۆز و دەردەدار کردووە؟

دیارە بە گوێرەی ئەو نووسین و بە تایبەتیش ئەو ئاخاوتنانەی کە نووسەرانی کورد لە پشت میز و لەناو مەحشەرەکانیاندا دەریدەبڕن، وێدەچێ ئەو چەشنە وەرگێڕانەی کە لە ئارادایە، لە بری ئەوەی وەڵامی بەشێک لە داخوازییە ڕۆشنبیرییەکانی خوێنەری دابێتەوە، کەچی لە ئاراستە بێ ئامانجەکانیدا سەرگەردانی کردبێ.

لەوەش بترازێین، بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە گواستنەوەی ئەزموونی ڕۆشنبیریی ئەوانیتر، چتۆ کاریگەرییەک لەسەر بابەتی وەرگێڕان دروست دەکات، خودی وەرگێڕان دەبێتە بابەتێکی سەرنجڕاکێش. کەواتە پێویستە بپرسین: ئایا کاتێک وەرگێڕی کوردیی دەقێکی بیانی دەکوردێنێ، چەند ئاگایانە ڕەهەندە جیاوازەکانی کولتووریی ئەو زمانە بیانییە ڕەچاو دەکات؟ ئایا بە هەند وەرگرتنی ڕەهەندی کولتووریی لە وەرگێڕاندا، مانای گونجاندنە لەگەڵ کولتووری ئەویتر یان مانای ڕەتکردنەوەی جیاوازییەکانە؟

مەبەستمان لەو پرسیارانە ئەوەیە تاکوو بێژین، کە ئەمڕۆ نووسەری کورد لە ڕۆژگارێکدا دەژی دەبێ کاری وەرگێڕان وەک کردەیەک لە پێناو ئامادەبوونی لە جیهاندا تێبگا.

لێ لێرەدا ئەم نووسینە نیازی نییە کۆی ئەو پرسیارانەی کە دەکرێ ئاراستە بکرێن و ڕەهەندگەلی خودی هونەری وەرگێڕانیش ڕاڤە بکات، بەڵکوو ئەرکی ئەم نووسینە تەنیا نمایشکردنی بیرۆکەگەلێکی جیاوازە لەمەڕ ڕەهەندی وەرگێڕانەوە، کە دواجاریش خوێنەر یان نووسەر دەتوانێ لە ڕوانگەی جیاوازەوە گفتوگۆ و ڕاڤەی خۆی لەسەریان بکات. سەرەتا دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە، سەیرکردنی کاری وەرگێڕان واتا و ڕەهەندگەلی جیاوازی هەیە. بەڵام وێدەچێ تا ئەمڕۆش نووسەری کورد لە تاکە ڕەهەندێکەوە سەیری وەرگێڕانی کردبێت. ئەوەندەی ئێمە بیزانین، نووسەری کورد لای وایە زمانەکەی خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی هەژارە، بۆیە دەبێ پەنا بۆ وەرگێڕان ببات. لێرەوە ڕیشەی ئەو تێگەیتشتنە، بە جۆرێک لە جۆرەکان، بۆ هەستی وابەستەبوونی نووسەری کورد بە ڕۆشنبیریی ئەویتر، وەک توێژێک لە جڤاکی بندەستی کوردیی، دەگەڕێتەوە. بەڵام بە پێچەوانەی ئەوە، پێویستە نووسەری کورد کاری وەرگێڕان وەک پردێک لە نێوان جیهانی خۆیی و جیهانەکانی دیکە، خود بەرهەمهێنان و ئامادەبوون لە جیهاندا سەیر بکات. وەرگێڕان لە هەموو زمانەکاندا، نەک هەر لە ئاستی ڕۆشنبیریدا، بەڵکوو لە ئاستی جڤاکییشدا پێویستییەکی ڕۆژانەیە. ڕۆژانە مرۆڤە ئاساییەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، نوێنەرە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکانی وڵاتان لە سەردان و دانووساندنی بەردەوامدان، ئەو پێداویستییانەی مرۆڤەکانیش بە یەکتر، بایەخی ئەرکی وەرگێڕ و وەرگێڕان جەختدەکەنەوە.

لەو ڕوانگەیەوە وەرگێڕان هەمیشە چەشنە تێگەیتشتنێک، گۆڕانێک، گومانێک، جوولەیەک و... تاد لە بیرکردنەوەی مرۆڤ دەسازێنێ. کەواتە ئەگەر ئەفراندن بریتی بێت لە دۆزینەوەی جیهانێکی نادیار یان گۆڕانێک لە ئەزموونی مرۆڤ، ئەوە وەرگێڕان خۆی لە خۆیدا جۆرە داهێنانێکی تڕە لەو زمانەی کە وەرگێڕ دەیگوازێتەوە. هاوکاتیش وەرگێڕان جۆرە تێگەیتشتنێک لەوانیتر بە ئێمە دەبەخشێت. بۆیە ڕاستییەکەی وەرگێڕانێکی کت و مت بوونی نییە. ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە وەرگێڕ بە کەیفی خۆی دەقێک وەربگێڕێت. وەرگێڕێکی باش ئەوەندەی لە توانایدا بێت، هەوڵدەدا بە

جوانی دەقێک بگوازێتەوە سەر زمانەکەی. لێ وێڕای ئەمەش، ڕوونی لە وەرگێڕاندا یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانی وەرگێڕ.

جێگەی سەرنجە، سەبارەت بە بەهای وەرگێڕان لە زمانی سوێدیدا، شاعیر و وەرگێڕی سوێدی، خاتوو بیرگیتە ترۆتزیگ دەڵێ: "دەقە وەرگێڕدراوەکان نیوەی ئەدەبی نیتشتمانیمان پێکدەهێنن." (بەشی کولتووری ڕۆژنامەی ئیکسپریسن، ٩٧,٧,٢٢، ستۆکهۆلم).

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، کە لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، دەقگەلێکی وەک ڕۆمانی "دایک"ی مەکسیم گۆرکی، ڕۆمانی "حەمەدۆک"، "کاریتە" و... تاد، یەشار کەمال، "داغستانی من"ی ڕەسوڵ هەمزاتۆف، شیعرگەلی لۆرکا، نیرۆدا، مایاکۆفسکی، یان "ماتریالیزمی دیالێکتیک" و... تاد، زۆرترین کاریگەرییان لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی خوێنەری کورددا هەبوو. ئێمەی خوێنەر ئەوکات و ئێستاش بە هۆی ئەو بەرهەمانەوە شوکور مستەفا، عەزیز گەردی و ئەوانیتر دەناسینەوە و خۆشمان دەوێن. چونکە ئەوانە بوون، وێڕای جیاوازی بیرکردنەوەی ئێستاشمان لەگەڵ ئەو ڕۆژگارەوە، ئاشنای ئەو ئەزموونە ڕۆشنبیرییە بیانیانەیان کردین، کە بۆ ئەوکات بۆ ئێمە نائاشنا بوون. دیارە هێندەی ڕۆمانی "دایک" و پەخشانە دڵبزوێنەکەی "داغستانی من" گەنجی حەفتاکانی کوردی بۆ نیتشتمانپەروەریی و پێشمەرگایەتی جۆشدەدا، ڕەنگە ئەوەندە بەرهەمە ئەدەبییەکانی کوردیی ئەو کاریگەرییەیان نەبوو.

هەروەک ئاشکرایە، بۆ نموونە، هەر لە نەوەدەکانەوە تا ئێستا، ئەوەندەی شیعرە وەرگێڕدراوەکانی سوهراب سپێهریی، فڕوغ فەروخزاد و ئەدۆنیس کاریگەری لەسەر شیعری ئێستای کوردییدا داناوە، هێندە شیعری شاعیرێکی کورد نەیتوانیوە ئەو کاریگەرییەی هەبێت. هەر بۆیە خەریکە ئەمڕۆ زۆرینەی شیعری کوردیی دەبێە زمانێک لە سوهراب و فڕوغ!

وێڕای ئەمەش، وێدەچێ ئێمە بە وردی بیر لەوە ناکەینەوە کە وەرگێڕان ڕۆڵێکی چەند گرنگی لە گۆڕین و سازاندنی کولتووری ئێمەدا هەیە. ئەگەر لە ئاستێکی جیهانیدا ئاوڕێک لە مێژووی وەرگێڕان بدەینەوە، بۆ نموونە، دەبینین دوای ئاوابوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیی و سەرەتای ڕێنسانسدا گەڕانەوە بۆ میراتی کولتووریی و فەلسەفەیی گرێکی کۆن، بە تایبەتی لە ناوەندە ئەکادیمیی و ڕۆشنبیرییەکانی ئیتالیی

و فەرەنسیی و بە گشتیش ڕۆژئاوادا، دەبێتە سەرەکیترین پرسی ڕۆشنبیریی. لەوێدا وەرگێڕان و تێبینییەکانی فیلەسووفی عەرەب، ئیبن ڕوشد لە بەرهەمەکانی ئەرستۆ، دەبێتە گرنگترین سەرچاوە بۆ گەڕانەوە و زیندووکردنەوەی فەلسەفەی گرێکیی. ئەمەش لە بواری بۆ لە دایکبوونی ڕەوتێکی نوێی فەلسەفیی، ناسنامەی نەتەوایەتیی و گۆڕانی ئەو سیستەمە نەریتییەی پادشا و کلێسەدا؛ وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە جیهانبینی و هزری ڕۆژئاواییەکاندا دەسازێنێ.

هەروەک لە ئاستی ڕۆشنبیری کوردیدا ئاشنابوونی نووسەرانی کورد لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و بیستدا بە دەقە وەرگێڕدراوەکانی ڕۆژئاوا بە هۆی زمانەکانی عەرەبیی و فارسیی تورکییەوە، بزاڤێکی ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی نوێی کارا لە دایک بوون. هەروەک لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا، کۆی بزاڤە ئەدەبیی و سیاسییەکانی کوردیی، لەوانە شیعری نوێی کوردیی و بزاڤە جڤاکیی و سیاسییەکان، لە ژێر کاریگەریی وەرگێڕانەوە لە دایک بوون.

لەو ڕوانگەیەوە، کردەی وەرگێڕان نەک هەر جیهانبینی خودی وەرگێڕ دەگۆڕێت، بەڵکوو شێوازی تێگەیتشتنی کۆخوێنەریش سەبارەت بە خودی خۆی دەگۆڕێت. لێرەوە وەرگێڕان دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی مرۆ زیاتر خۆی و ئەوانیتر، ئەزموونی ژیان و کولتوورەکانی ئەوانیتریش وردتر و قوواڵتر بناسێت. بەمجۆرە ئەرکی وەرگێڕان ئەوەیە ئەو ئەزموونی ژیان ڕۆشنبیریانەی ئەوانیتر، کە ئێمە ئاشنایان نین، تێبگات و بیانگوازێتەوە بۆ سەر زمانەکەی. ئەڵبەتە ڕۆژئاواییەکان هەر لە دوای سەدەی چواردەوە تا ئەمڕۆش بە ڕێگای وەرگێڕانەوە توانیویانە نەتەوە و کولتوورە نامۆکان بدۆزنەوە. بۆیە ئێمە دەبێ ئەوەمان لە یاد بێت، هەمیشە ئەزموونگەلێکی نامۆ بە ئێمە لە دەرەوەی زمانی کوردییی و سنووورەکانی کوردستاندا هەیە، کە ئەرکی وەرگێڕەکانی کوردە ئەو ئەزموونگەلە نەناسراوانە بە خوێنەر، مرۆی کورد بناسێنن.

بەمجۆرە هەموو چەشنە بیرکردنەوەیەکی ئازادانەی ئێمە، پەیوەندی بە ڕسکان و باڵاکردنی زمانەکەمانەوە هەیە. بۆیە زمانی کوردییی، بێ کاریگەریی زمانەکانی دیکەوە، ناتوانێ بفراژێت. لێرەوە وەرگێڕان ڕۆڵێکی سەرەکی لە گەشەکردن و دەوڵەمەندبوونی زمان یان وزەیەک بۆ خەمەڵاندنی زمانی یەکگرتووی کوردیی، بیرکردنەوە، کولتوورەکەمان دەبێنێ.

ئەڵبەتە بە هەڕمێنبوونی کاری وەرگێڕان لە کوردستاندا، وەک گوتمان، وێڕای بوونی بە بەشێک لە کاسبییکردن و پارە هەڵلووشین نەک خەمی ڕۆشنبیری، بە تایبەتیش دوای نەمانی رژێمی بەعس و قووتبوونەوەی ڕێکخراو، چاپخانە و دەزگای بەناو وەرگێڕان، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە خوێنەر و نووسەریی کورد پێویستیان بە ئەدەب و ڕۆشنبیری ئەوانیترەوە هەیە. لێ بە کاسبیکردنی وەرگێڕان، مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئاستی ڕۆشنبیری کورد دەخوازێ بەشدار بێ لە گفتوگۆکردن و ئامادە بوون لە ئەدەب و ڕۆشنبیریەکانی جیهانیدا. هاوکاتیش بە هۆی فشاری ئەو ڕۆشنبیریە جیهانیانەوە، وێدەچێ نووسەر و خوێنەری کورد هەست بە هەژاریی ڕۆشنبیری کوردییەکەیان بکەن، بۆیە پێویستیان بە تێگەیتشتن لەو ڕۆشنبیریە دەرەکییانەوە هەیە. لێ ئاخۆ ئامانجی ئەو وەرگێڕانە، مەیسەرکردنی ئەو پێویستییە ڕۆشنبیریانەن کە لە زمانی کوردییدا هەن چاوەشەکردن و بە بازرگانیکردنە بەو داخوازییە ڕۆشنبیریەیانەی خوێنەر؟

وێڕای ئەو وەرگێڕانەی کە لە کوردستاندا لە ئارادایە، لێ بە هۆی لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری ئاگایی خودی نووسەر و خوێنەران لە ڕێبازە ئەدەبیی، هزریی، فەلسەفەیی و ڕەخنەییەکانەوە، وێدەچێ ئەو چەشنە وەرگێڕانە نەیتوانی بێ ئاسۆیەک بۆ کوزانین و فەلسەفیی بۆ خوێنەر و نووسەری کورد ئاوەڵا بکات کە بتوانن ئاگایانە لە فشارەکانی ئەو ڕۆشنبیریە دەرکییانە تێبگەن؛ لە بری سەرگێژ بوون و وابەستەبوونی خوێنەر و نووسەری کورد بەو فشارانەوە، بیکەن بواریک بۆ بەشداربوون و خۆناسین. لە ئاکامی ئەمەشدا، ئەو وەرگێڕانە نەیتوانیووە دابڕانێکی بنەمایی لەو جیهانبینیە نەریتگرانەی کە ئێستا لە ئاستی بیرکردنەوەی کوردییدا کاران ساز بکات.

لێرەوە پەنا بردنی نووسەر و وەرگێڕی کورد بۆ پاساوگەلێک، کە گوایە زمانی کوردیی لاوازە یان هێتشتا زمانێکی گوندیی، شارستانی نییە، بۆیە ناتوانێ دەقگەلی فەلسەفیی و تیۆریی، چەمکگەلی فەلسەفیی و زانستیی بگوازێتەوە، تێگەیتشتنێکە ئەوەندەی مانای کلۆڵی زمان و ئاستی ڕۆشنبیری ئەوانە دەگەیەنێ، هێندە مانای تێگەیتشتن لە خەمی وەرگێڕان ناگەیەنێ. چونکە، ئێمە گوتمان، ئەوە کایەی وەرگێڕانە کە بە ئەزموونی کولتوورییەکانی دیکەمان ئاشنا دەکا کە لە

بیرکردنەوەی ئێمەدا نائاشنان، هاوکاتیش هەر خودی وەرگێڕانە کە زمانەکەمان دەرسکێنێ و دەوڵەمەندی دەکا. بۆیە بێ گفتوگۆکردن و تێکەڵبوونی زمانی کوردیی لەگەڵ ئەزموونی زمانەکانی دیکەدا، ناتوانێ لەو ئاستە لاوازییەوە بەرەو باڵاکردن گەشە بکات.

لێرەوە رەنگە بە هۆی ئەو تێگەیتشتنە باڵادەستەی وەرگێڕ و نووسەری کوردەوە بێ کە هێتشتا وەرگێڕان لە زمانی کوردییدا نەبووبێ بنەمای ئەو هێزە ڕۆشنبیریەی کە بتوانێت خوێنەر یان مرۆی کورد لەو سەرگەردانیی و دڕدۆنگییەی کە لە ژێر کایەی ئەو ڕۆشنبیریە جیهانیانەوە تووشی بووە رزگار بکات و بەرەو ئامانجی تێگەیتشتن و ئامادەبوونی لەو ڕۆشنبیریە جیهانییەدا ئاراستەی بکات. چونکە ئەگەر وەرگێڕان لە پێناو گۆڕینی تێگەیتشتنی جڤاکیی و گەڕان بە دوای ژیانێکی بەختەوەر سەیر بکەین؛ هەوڵێکی ئاگایانە بێ بۆ تێگەیتشتن و گوازتنەوەی ئەزموونە ڕۆشنبیریەکانی ئەوانیتر، کەچی ئاستی وەرگێڕانی کوردیی، هێتشتا نەیتوانیووە ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێ. چونکە ئەو چەشنە وەرگێڕان و کاریگەرییەگەرییەکانی ئەوەندەی بۆتە کاسبیی و بڕەودان بە نەریتە کۆنخواز و چەواشەکردنی ئەزموونە ڕۆشنبیریەکانی ئەویتر، هێندە نەبۆتە ئاسۆیەکی نوێی بیکردنەوە، دۆزینەوەی زمانێک بۆ گۆڕانی بیرکردنەوەی خوێنەر و نووسەری کورد.

لەوەش زیاتر، بە تایبەتی بە هەڕمێنبوونی وەرگێڕان و گواستنەوەی ئەو ئەزموونە تیۆریی و فەلسەفییە ڕۆژئاواییانە لە لایەن نووسەر و وەرگێڕی کوردییەوە، بێ بوونی بنەمایەکی هزریی و هاوئاهەنگییەک لە نێوان ئەو تیۆریی و هزرە جیاوازانە و خواستەکانی جڤاکی کوردیی؛ بێ بوونی سیاسەتێکی ڕۆشنبیری تۆکمە و هاوئاهەنگ؛ بێ بوونی ڕێککەوتنێکی هاوبەش لە نێوان کۆی وەرگێڕ و دەزگاکان لەسەر داڕشتنی پرۆژەیەکی و ئاگایانەی ڕۆشنبیری، هەم ئەو تیۆریی و هزرە ڕۆژئاواییانەی چەواشەکردووە و هەمیش بواری بۆ تویژێک لە نووسەر و سیاسیی ڕەخساندووە کە بتوانن بە لینگاوقووچکردنەوەی ئەو تیۆریی و هزرە بیانیانەوە، ڕەوایەتی بە جیهانبینە باوەکانیان بدەن. بەمجۆرە نووسەرگەل و ساسییگەلی کورد بە زارقەڵەباڵغیکردن لەو چەمک و تیۆرییانەی کە لە ئاستێکی دەق نەک ناوکۆییدا گوازراوەنەتەوە، هەوڵدەدەن جیهانبینە نەریتیی و کۆنخوازەکانیان بشارنەوە یان بە بەرگی نوێوە پەرەیان پێبدەن.

وێڕای ئەمەش، خودی هونەری وەگێڕان بابەتێکی سەرنجکێشە، تاکوو هەوڵبدەین لەوە تێبگەین کە ئەو دیاردەیە لە زمانی کوردییدا چ کاریگەرییەک لەسەر خودی هونەری وەرگێڕاندا دادەنێ.

ئێمە لە دەستپێکدا لە دووتوێی پرسیارێکدا ئاماژەمان بەوە کرد، کاتێک وەرگێڕی کوردیی دەقێک لە زمانێکی بیانیی بۆ زمانی دایکی دەگوازێتەوە، دەبێ چەند ئاگایانە ڕەهەندی گونجانی کولتووریی، بونیات و پاشخان و پەیوەندییە مێژوویی، سیاسیی و کولتوورییەکانی ئەو دەقە و کاریگەرییەکانیان لەسەر یەکتردا، لە زەین بگری. مەبەستمان لەوەدا ئەوەبوو، ئەمڕۆ نووسەری کورد لە ڕۆژگارێکدا دەژی، ناچارە بە خۆیی و زمانەکەی لە جیهانی ئەمڕۆدا ئامادە بێ. چونکە نەمانی سنوورە داخراوەکان لە نێوان جیاوازی کولتووری نەتەوەکان، مرۆی کوردیش ناچار دەکا پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیتردا هەبێ. بە واتایەکی دیکە، ئەمڕۆ وەرگێڕان ڕەهەندێکی گرنگی بە جیهانیبوونە.

لێرەدا ئەم نووسینە مەبەستی نییە لە ڕەهەندی بە جیهانیبوون لە بێ شوێنی مرۆڤ؛ ڕەهەندی پۆستمۆدێرنیزم لە سازاندنی بێبنەمایی و ڕەوایەتیدان بە سازاندنی کۆمەڵێک ڕاستیی و بێباکبوونی مرۆ لە هەمبەر بەهایە ئێتیکییەکان، بدوێ، بەڵکوو مەبەستی ئەم نووسینە تەنیا ئاوەڵاکردنەوەی ڕەهەندە گرنگەکانی وەرگێڕانە لەم ڕۆژگارەدا.

بەمجۆرە پێویستە وەرگێڕی کورد، تەنیا لە تاکە ڕەهەندێکەوە سەیری ڕوانگەی وەرگێڕان نەکا، بەڵکوو دەبێ بە جۆرێک سەیری بکات، کە ڕۆڵی ئەو لەو کارەدا چالاکییەکە بۆ کۆکردنەوەی کۆی ئەزموونی کولتووریی جیهانی لە یەکێتیەکیی هاوبەشدا، تاکوو خۆیی و زمانەکەی تێیدا ئامادە بکات. بە واتایەکی دیکە: نووسەر و وەرگێڕی کورد پێویستە واز لەوە بێنێ، کە چونکە کورد ڕۆشنبیریەکی هەژاری هەیە بۆیە زمانەکانی تر، ڕۆشنبیری ئەوانیتر، پێویستیان بە ئەزموونی ڕۆشنبیری ئێمەوە نییە، بەڵکوو لە بری ئەوە پێویستە بەهای ئەزموونی ڕۆشنبیری جیهانیی وەک یەکێتییەک لە کۆی ئەزموونە هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی سەیر بکەن. بەمجۆرە دەکرێ جیاوازییە ڕۆشنبیریەکان، تا ئەو ئاستەی دەشێ، لێک نزیک بکرێنەوە، لێکبترنجێنرێن. ئەمەش بە مانای ئەوە نییە ئێمە ئاست وپێداویستییە ڕۆشنبیرییەکان و جیاوازی مێژوو و ژیانی جڤاکی کوردیی و ئەوانیتر فەرامۆشبکەین. بە دیوێکی دیکەشەوە،

دەکرێ وەرگێڕی کورد ئەزموونە جیاوازە ڕۆشنبیریەکان وەک ناوکۆییەک لە زمانە جیاوازەکان و هاندانێک بۆ ئاوەڵاکردنەوەی بیرکردنەوە فامبکات.

بەمجۆرە هەر کاتێک وەرگێڕی کوردیی توانی لەو ئاستەدا لە ڕەهەندی وەرگێڕان بهزرێ، ئەوکاتە دەتشتوانێ لەو ئاستە وابەستەییەدا رزگار بێ و خەملێووتر مامەڵە لەگەڵ دەق و ئەزموونە ڕۆشنبیریە جیاوازەکانی جیهان بکات. یەکێک لە ئاستەنگەکانی و نووسەری کورد ئەوەیە، وێڕای ئەوەی هەموو سەرچاوە ڕۆشنبیریەکانی لە ڕۆشنبیری ئەویدیکەوە وەردەگـرێ، کەچی بە هۆی ئەو هەستی وابەستەییەوە، نەیتوانیووە بە سوودە ورگرتن لەو سەرچاوانە، ناسنامەی خودی خۆی و زمانەکەشی بخەملێنێ و لە جیهاندا ئامادەی بکات.

دیارە زۆرێک لە ئێمە بە شێوەی جوودا بڕوامان وایە، کە هەر وڵاتە و ئەزموونی ڕۆشنبیریەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆیە ڕەنگە زۆرێک لە ئەزموونە ڕۆشنبیریەکانی ئەوانیتر لەگەڵ ڕۆشنبیری و خواستەکانی ئێمەدا نەگونجێن. لێ وێڕای ئەمەش، ئاڵوگۆڕی لە نێوان ئەزموونی ڕۆشنبیریە جیاوازەکان هەمیشە بڕەویان هەیە. ئەمەش ئەوەمان بۆ جەختدەکاتەوە کە ئەزموونی ڕۆشنبیری جڤاکە جیاوازەکان ناتوانن دابڕاو لە یەکتر بفراژێن. کەواتە سەیرکردنی ڕۆشنبیری جیهانی وەک ئەزموونگەلێک لە مرۆڤایەتی، واتای ئامادەبوونمانە لەو جیهانە مرۆڤایەتییەدا.

لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر نووسەری کورد بە بیانۆی نەگونجان و جیاوازی ڕۆشنبیری ئەوانیتر لەگەڵ ڕۆشنبیری خۆی یان بە بیانۆی بێ توانایی زمان کوردیی لە وەرگێڕانی دەقە تیۆریی و زانستییەکانەوە، هەوڵبێستی دژایەتیکردن لە هەمبەر ڕۆشنبیری ئەوانیتر و ڕۆڵی وەرگێڕان بگرێتەبەر، نەک هەر ناتوانێ ناسنامەکەی خۆیی و داهاتووی نەتەوەکەی دەوڵەمەند و ئازادتر بکات، بەڵکوو هەمیشەش لە ئاستی گۆشەگیریی و ونبووندا دەمێنێتەوە. ئەگەر وانییە، ئەدی ئێمە چۆن پەیامە سیاسیی و ڕەوایەتیی مافە نەتەوایەتییەکانمان بە جیهان بگەیەنین؟ ئەدی چۆن بێ وەرگێڕانی ئەزموونی میژوو و ڕۆشنبیریەکانمان، سەرنجی ئەوانیتر بۆ خۆمان کێش بکەین؛ هێزگەلێک لە جیهاندا بۆ پتشتگیریی کردن لە ئامانجە نیتشتمانیی و کولتوورییەکانمان سازبکەین؟ لەوەش زیاتر، بێ بوونی بزاڤێکی نەخشە بۆ کێشراوی کردەیی لە وەرگێڕان، نەک خزم خزمێنە و خەمی خۆوسیتیی، لە ئاستی سیاسەتی کولتوورییدا، چۆن ڕەهەند و بەهای چەمکگەلی وەک دێمۆکراتی، کۆمەڵگای مەدەنی،

بەهای تاکەکەس، مافی ژن و... تاد چۆن کۆئاگایەکی جڤاکیی و لە سیستەمی کوردستاندا لە ئاستێکی کارا و کردەیی نەک بانگەشە و قسەی سەرزاران، بەرجەستە بکەینەوە؟

لەوەش بترازێین، ئەمڕۆ لە ئاستی پەیوەندییە رۆژانەییەکاندا، بە هۆی کرانەوەی فرە پەیوەندیی نێوان کوردستان و جیهانی دەرەوەی خۆیەوە، وەرگێڕان بۆتە یەکێک لە گرنگترین ڕێگا بۆ تێگەیتشتن لە نێوان مرۆڤی کورد و بیانییدا. لێرەوە ئەمڕۆ بێ بوونی وەرگێڕ نە مرۆی کورد و نە مرۆی بیانیش ناتوانن، پەیام و ئەرکە سیاسیی، ئابووریی، رۆژانەیی و ئامانجە ستراتیژییەکانیان ڕابەڕێنن.

لێ وێڕای ئەو ڕاستییانەی ئاماژەمان پێکردن، کەچی لە ڕوانگەی تیۆرییەکانی وەرگێڕانەوە هێتشتا گرفتی سەرچاوە، جیاوازیی و تایبەتمەندی زمانەکان، ڕەهەندی ناوکۆیی (کۆنتێکست) و پاشاخانە کولتوورییەکان نەبڕاونەتەوە. ئەو گرفتانەش لەوەدایە، کە مرۆ لە وەرگێڕانی دەقێکدا چۆن ئاماژە و هێماکانی ئەو زمانەی کە دەیگوازێتەوە، بێ ئەوەی پاشخان و مەبەست یان ناوکۆیی ئەو ئاماژانە فەرامۆش بکات، وەربگێڕێت. دیارە هەموو زمانێک هەڵگری هێماگەل و ئاماژەگەلێکی جیاوازن و هەر یەک لەو هێماگەل ئاماژانەش هەڵگری ڕەهەندگەلی کولتوورییین. لێرەوە ئەرکی وەرگێڕی کوردیی ئەوەیە کە هەوڵبدا بە شێوەیەکی ئاگایانە، دوور لە شێواندن یان لە بیرکردنی ڕەهەندگەلی ئەو هێما و ئاماژانە، مامەڵە لەگەڵ ئەو دەقە بکات، لە ناو زمانی کوردییدا بیانخەملێنێ، بیانکوردێنێ. چونکە خوێنەری کوردیی بێ بوونی ئەو هێماگەل، ئاماژەگەلە و ناوکۆییەی کە ئەو دەقەیان بەرهەمهێناوە، ناتوانێ لە نێوەڕۆک و ئامانجی ئەو دەقەوە تێبگا. بۆیە، بە گشتی، یەکێک لە کێشەکانی وەرگێڕیی کوردیی، گرفتی بە دەستکورت و ڕووکەش مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو هێماگەل و ئاماژەگەل و ناوکۆییەی کە لە دەقی بیانییدا ڕۆڵی گرنگیان هەن. ئەمەش، بە ڕای من، یەکێکە لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی دەقە وەرگێڕدراوەکانی کوردیی.

لەو ڕوانگەیەوە، بۆ نموونە، دەکرێ دەقێکی شیعریی تەنیا هەڵگری تاکە واتایەک نەبێ، بەڵکوو لەگەڵ وەرگێڕانی بۆ زمانێکی دیکەوە، واتاکەشی بگۆڕێت. ڕەنگە یەکێک لەو هۆکردانەی کە ئەزموونە ئەدەبیی و هزرییە رۆژئاواییەکان نەیانتوانی بێ کایەی وەرچەرخێنەریان لە ئەزموونی ئەدەبیی و ڕۆشنبیری کوردییدا هەبێ، بۆ

ئەو تێگەیتشتنە رووکەشە لە بەهای ئەو هێماگەل و ئاماژەگەل، ناوکۆیی و رەهەندی واتاکانی ئەو دەقە وەرگێڕدراوانە یان خوێنراوانەوە بگەڕێتەوە. لە ئاکامی ئەوە ئەو تێگەیتشتنە ڕووکەشانەشەوەیە کە ئەزموونە ڕۆشنبیریەکانی ڕۆژئاوا لە بنەماوە کاریگەری خراپیان لە خەملاندنی پێکهاتەی پێناسەی ڕۆشنبیری کوردییدا دانا بێ، هەر بۆیە ئەو ئەزموونە ڕۆشنبریی و ئەدەبیانەی ڕۆژئاوا بۆ ماوەیەکی کورت لە ئاستێکی رووکەشدا وزەی بە ڕۆشنبیری کوردیی بەخشیوە و دواجاریش ئەو وزەیە کۆتایی هاتووە. بەمجۆرە ئەو بزاڤە ڕۆشنبیری و سیاسییانەی کوردیی نەیانتوانیوە دابڕانێک لەو جیهانبینییە نەریتخواز و باوەی جڤاکیی کوردیی بسازێنن. هاوکاتیش دەکرێ یەکێک لە هۆکردەکانی لە دایک نەبوونی تاکەسگەلی ئازاد، خاوەن پرۆژەی ڕۆشنبیری بـەردەوام، نوێخواز، بزاڤێکی ئەدەبی یان سیاسیی خاوەن ئامانجێکی ستراتیژیی، پەیوەندی بە گرفتی ئەو گواستنەوە و تێگەیتشتنە رووکەشـە، کاڵ تێگەیتشتنە لە رەهەندی ئەو ئاماژەگەل و ناوکۆییەی ئەزموونی ڕۆشنبیریەکانی ڕۆژئاوا لە لایەن وەرگێڕ و نووسەر و سیاسیی کوردەوە هەبێ. بۆیە وەک دەبینین، نووسەر و سیاسەتوانی کورد ماوەیەک بە هۆی کاریگەریی ئەزموونێکی ڕۆشنبیری ڕۆژئاواییەوە خۆیان وەک کەسگەل یان هێزی نوێخواز و شۆڕگێڕ، دژ بە نەریتە باوەکانی جڤاکی کوردییەوە نیشاندەدەن، کەچی دوای ماوەیەکی کورت دەگەڕێنەوە ژێر باڵی هەمان ئەو نەریتە باوانە و دەبنەوە هاوپەیمانی کەس و لایەنگرانی نەریتە کۆنخوازەکانی کورد.

لێرەوە جیاوازی لە تێگەیتشتن یان کایەی ئاستی وەرگێڕاندا دێتە کایەوە.

هەر چۆنێک بێ، دەکرێ وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبیی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، واتایەکی دیکەی نوێ ببەخشێ یان رەهەندێکی دیکە لە واتا بەرهەمبهێنێتەوە. هەر بۆیە دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی تیۆریی ئاسانترە. چونکە دەقی تیۆریی هەڵگری ئەو فرە واتایە نییە یان ناکرێ وەک دەقێکی ئەدەبی، ڕاڤەی جیاوازی لێ بکەین. هاوکاتیش ئەوە بەو مانایە نییە، کە دەقێکی ئەدەبی ڕۆژئاوایی بە دەر بێ لە ئاماژەگەل و ناوکۆیی ئەزموونە ڕۆشنبیریەکانی ڕۆژئاوا یان زمانەکەی. بەمجۆرە ئەگەر دەقێکی ئەدەبی هەڵگری فرە مانایی بێ، کەچی دەقێکی تیۆریی فرە چەمکییە. ئەو چەمکانەش مانای لۆژیکیی، دیاریکرا و پێناسەکراوی خۆیان هەیە، بۆیە وەرگێڕ، ئەگەر لەو بوارە

شارەزا بێ، دەبێ هەمان مانای ئەو چەمکانە بگوازێتەوە ناو زمانەکەی خۆیەوە. لێرەوە دیسان گرفتی ئەو وەرگێڕە باوەی کوردیی قووتدەبێەوە. زۆرینەی وەرگێڕیی ئێمە، بۆ نموونە، بابەتی کتشتوکاڵ یان ئامادەیی تەواو نەکردووە، کەچی دەقێکی فەلسەفی یان تیۆریی سەخت وەردەگێڕێت. بە هەمان شێوەش، وەرگێڕمان هەیە، بۆ نموونە، بە وردی دوو کتێبی هێگل یان کانت یان هابرماسی نەخوێندۆتەوە، کەچی هەڵدەستێ بە وەرگێڕانی وتارێک لەسەر یەکێک لەو فیلەسووفانە. لەوەش زیاتر، وەرگێڕمان هەیە کە خۆی هیچ پەیوەندییەک یان ڕۆشنبیریەکی وردی، بۆ نموونە، لەمەڕ سوریالیزم، سیمبولیزم، پۆستمۆدێرنیزم و... تاد نییە، کەچی هەڵدەستێ بە وەرگێڕانی وتارێک سەبارەت بەو ڕێبازە ئەدەبییانە یان دەقێک لە شیعری شاعیرانی سەر بەو ڕێبازانە دەکوردێنێ. وەرگێڕمان هەیە فڕی بە ڕەهەندی فەلسەفیی ئێتیکەوە نییە، کەچی وتارێک لەسەر ئێتیک لای پلاتۆ و ئەریستۆ دەکوردێنێ... تاد. ڕاستە لە سەدەی ڕابردوودا وەرگێڕی وامان هەبوو کە ڕەنگە ئاست و بواری خوێندنی لە بابەتی تیۆریی، مێژوویی و فەلسەفییەوە نزیک نەبوو بێ، بەڵام ئەوان بە دڵسۆزیی و شەونخوونییەوە دەستیان بۆ ئەو کارە دەبرد. لێرەوە وێدەچێ یەکێک لە سەرچاوەکانی ئەو پاشەگەرانییە لە وەرگێڕاندا، بۆ نەگبەتی زانستگاکانی کوردستان بگەڕێتەوە.

لێرەوە جیاوازی لە ئاستی وەرگێڕاندا سەرهەڵدەدا، کە بەهای خۆی هەیە. دیارە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی وەرگێڕی کورد، پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری و مەبەست و خواستی لە پیشەی وەرگێڕاندا هەیە. وەرگێڕانێکی کارامە یان لاواز، بە شێوەیەکی گشتی، بۆ ئاستی ڕۆشنبیری و مەبەستی وەرگێڕ دەگەڕێتەوە. ئەگەر خودی وەرگێڕ لە وەرگێڕانی دەقێکی بواری ئەدەبی یان تیۆریی یانیش فەلسەفییدا دەسترەنگین نەبوو، نەتوانێ بە شێوەیەکی کارا و خەملێوو ئەو هێماگەل و ئاماژەگەلەی لەو دەقە ئەدەبییە یان مانایە هزرییانەی کە لەو دەقە هزریی و فەلسەفییەدا هەیە بگوازێتەوە ناو زمانەکەی. ئەو جۆرە وەرگێڕەش زۆرینەی وەرگێڕی کوردیی پێکدەهێنن. هەر بۆیە خوێنەر پتشت بە دەقەکانیان نابەستێ و ئەو هەموو کتێبە وەرگێڕدراوانەش هەم زیانی ئابووریان هەیە و هەمیش ڕۆشنبیری. لێرەدا دەبێ ئاماژەو بەوە بکەین، کە ئەمڕۆ ئەو خاوەن چاپخانە و یانە ئەدەبییانەی

کە گوایە خۆیان وەرگێڕن و بڕیار لەسەر دەقە وەرگێڕدراوەکانی تر دەدەن، هۆکردی سەرەکیی ئەو پاشاگەردانییەن کە ئاماژەمان پێکرد. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە کاریگەریی بزاڤە ئەدەبیی و هزرییەکان بە درەنگەوە یان بە نیوەچڵیوە بێنە ناو زمانی کوردییەوە.

بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، ئەگەر وەرگێڕێک خۆی لە بواری ئەدەبی یان تیۆریی لێهاتوو بێ، هەوڵدەدا رەسەنایەتی، ئاماژەگەل و ناوکۆیی ئەو دەقەی کە وەریدەگێڕێت، بۆ ناو زمانەکەی خۆی بگوازێتەوە و لە زمانە کوردییەکەیدا بیانخەملێنێت. دیارە ئێمە وەرگێڕ و بگرە نووسەری لەو تەرزەمان دەگمەنن، بۆیە کاریگەریان بەسەر ئاراستەی ڕۆشنبیری کوردییەوە نییە. بەمجۆرە هەمیشە گومانمان لە وەرگێڕە باو و ڕەخنەگرە ڕووکەشەکانی کوردییەوە هەیە.

بەڵام یەکێک لەو ئاستەنگانەی کە ڕێگەی لە گەشەکردنی ڕەهەندی وەرگێڕان و ئەو وەرگێڕە چاوەڕوانکراوە گرتووە، کە ئەمڕۆ یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیری کوردیی، کردنی کردەی وەرگێڕانە بە کاسبی، پارە کۆکردنەوە و کاری جەڵەبیی. لەوەش بەدتر، مۆدەی دروستکردنی وەرگێڕگەلێکی پارەخواز و جەڵەبیی لە لایەن نووسەرانی خاوەن دەسەڵاتی ئابووریی، ئەمەش تاکوو، بە هەر چەشن و نرخێک بێ، بەرهەمەکانی خۆیان و هاوڕییەکانیان بکەن بە زمانی فارسیی یان عەرەبیی و دواجاریش زمانە ڕۆژئاواییەکان. خوێنەری وریا بە سەرنجدان لە هەوڵەکانی ئەو نووسەرگەلە بەرتیلخۆر و پێڕگرەی کە ئەمڕۆ بە هۆی تاڵانکردنی سامانی خەڵکەوە، خۆیان کردۆتە دەمڕاستی ڕۆشنبیری کوردیی، دەتوانێ لە هەوەسەکانی ئەمدیو ئەو وەرگێڕە سازێنراوانە تێبگا. ئەوەتا هەر ڕۆژە دەبیسین، کتێبێکی شاعیری "گەورە"، تاکە ڕۆماننووسی "ناوداری گەلەکەمان" و گەوەرە و ناوداڕەکانی تری کورد دەکرێنە عەرەبیی و فارسیی و ئینگلیزیی، هەروەک کورد بەوەندە دەقەی ئەو شاعیر یان ئەو ڕۆماننووسە "گەورە" و "ناودار"نەوە لە جیهانی دەرەوەی خۆیدا خوێن شیرین دەبێ و دەبێە دەوڵەت. ئاگاتان لەو هەموو فیستیڤالانەیە کە چۆن لەوێدا هەوڵدەدرێ تەنیا شیعر و ڕۆمانی چەند ئەدیبی "گەورە" و "ناوداری گەلەکەمان" بکرێنە عەرەبیی یان فارسیی؟

لێرەوە ئەو نووسەرە خاوەن ئابوورییە بەرتیلساز و پێڕگرە هێندەی لە خەونی بەرژەوەندیی تایبەتیی و مەیلی پاڵەواندنی خۆیی و پێڕەکەیەتی، ئەوەندە لە خەونی ئامادەبوون و بەشداریکردنی ناسنامەی زمانەکەی، ئامادەبوون و پایەی زمان، ناسنامەی نیتشتمانەکەیدا نییە. هەر بۆیە وەرگێڕان بۆتە کارێک بۆ تاڵانکردنی بواری ئابووریی و ڕۆشنبیریمان. لەوەش خەمینتر ئەو تەرزە جیهانبینییە، وەک چۆن ئاوەز و روحی کوردی گۆجکردووە، بە هەمان شێوەش بەردەوام وەچەکانی خۆی بەو زمانە وابەستە و پیرۆزاندنەی نووسەر گۆشدەکاتەوە.

زمانی لاریی و لارستانی:
خزمه زمانێکی لای ئێمه کەمناسراو

شاسوار هەرشەمی

له کەنالێکی کوردیی (وا بزانم ڕووداو- بەڵام دڵنیا نیم)، پێش چەند مانگێک، هەرایەکی گەورەیان سازکرد، گوایە:- گوندێکیان دۆزیوەتەوە بە ناوی (کۆمزار) لە وڵاتی عومان، کە خەڵکەکەی بە کوردیی قسە دەکەن. خەڵکانێکی زۆری نەشارەزا قسەیان لەسەر کرد، کەچی کەنالەکە، بێ ئەوەی بابەتەکە پێش بڵاوکردنەوە بە شارەزایەک پیشانبدەن، خەڵکیان پێ فریو دا. خەڵکی گوندەکە، بە زمانی (لاریی) قسەیان دەکرد، کە تا ڕادەیەک ناسراوە و چەندان لێکۆڵینەوەشی لەبارەوە چاپکراوە.

لاریی زمانی باوی دانیشتوانی لارستانە. لارستان ناوچەیەکە، دەکەوێتە خواروی ئوستانی پارس و بەشێکی بوشەهر، لە نزیک کەنارەکانی کەنداوی پارس، بەرامبەر ئیمارات و عومان.

ناوچەکە بە گشتی دەکەوێتە نێوان ناوچە لور زمانەکانی ڕۆژئاوا و ئینجا بەلوچیی زمانەکانی باشوری ڕۆژئاوا. خەڵکەکەی، بەخۆیان دەڵێن (خودموونی) بە واتای (خۆمانە). لای هاوسێکانیان، بە زمانەکەیان دەگوترێت (ئەچمیی)، کە گوایا لە بوونی فراوانی هەمان کرداری زمانی کوردیی (ئەچم، دەچم)لەسەر زاریان هاتووە، وەک چۆن هەندێک کەس بە هەورامییەکانیان دەگوت (ماچۆ!).

لاریی یەکێکە لە زمانەکانی سەر بە لکی باشوری ڕۆژئاوای ئێرانیی. واتا لە پەهلەویی ڕا هاتووە. لەگەڵ فارسیی جیاوازی زۆری هەیە، بەڵام بەهۆی سەپاندنی زمانی فارسیی لە خوێندن و کاروباری دەوڵەتیی، زۆر واژەی فارسیی تێکەڵ بە زمانیان بووە.

بە هۆی ئەوەی کە لارەکان، وەک دانیشتوانی (بەندەر لەنگە)ی سەر کەنداوی فارس، سوننە مەزهبن، جۆرێک سۆزی تایبەتیان بۆ کوردانی سوننە مەزهب و بەلوچییان هەیە. هەروەک ژمارەیەکی زۆریشیان، بۆ میرنشینی عومان کۆچیان کردووە و لەوێ دەژین.

لە سەدەی نۆزدەوە، ڕۆژهەڵاتناسان، کەوتوونەتە لێکۆڵینەوە، لەسەر شێوەی تایبەتی زمان و دوانی لاریی. ئۆسکارمانی ئەڵمانیی، یەکێک بووە لەو لێکۆڵەرەوانە، کە هاوکات لەسەر زمانی کوردییش، کاری باشی کردووە. زانایانی ڕووسییش، لە زووەوە و وەک پێشەنگی ئەم بوارە، لێکۆڵینەوەی زۆریان لەسەر لاریی نووسیوە. بۆ یەکەمینجار Ramaskevic، ڕاماسکۆڤیچی ڕووسیی، کاری لەسەر ڕێزمانی لاریی کرد. هەروەک خانمە لێکۆڵەری ڕووسیی malcanova، مالچانۆڤە لێکۆڵینەوەی

باشی لەسەر لاریی کردووە. مالچانۆڤە، یەکەمین کەس بووە، کە ناوی لە لاریی نا زمان، نەک زار، وەک نووسەرانی فارس پێیانخۆشە وا بگوترێت!.

بەمدواییەش، لێکۆڵەری ژاپۆنیی koji kamioka، کۆجی کامیۆکا، لەسەر زمانی لاریی خەریکی لێکۆڵینەوە بووە. ئەو لە ساڵی ١٩٧٩ز، کتێبێکی لەسەر ئەو زمانە بڵاوکردۆتەوە.

لاریی لە دەرەوەی لارستان و تا ناوچەکانی هورمزگانییش، ئاخاوتنی پێدەکرێت. نزیکەی سێ ملیۆن و نیو ئاخێوەری لاریی هەن.

دیارە گوند و شارستانییە لار زمانەکان، بە هۆی نەخوێندنی زمانەکە و مانەوەی وەک زمانی ناومااڵ، بەسەر گەلێک شێوە و زاری وێکچوو دابەش بوون.

بەم دواییانە، هەندێک نووسەری لاریی، خەریکی هۆنینەوەی شیعرن بە لاریی. هەروەک هەندێک دەقی فۆلکلۆریشیان کۆکردۆتەوە. بە فارسییش، چەندان لێکۆڵینەوە لەسەر لاریی چاپ کراون.

زۆر جارانیش، چالاکانی ئەو زمانە، بە ناوی زاری هورمزگانیی، وشە و ڕستە و دەق و دەربڕینی ئەو زمانە، لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت دادەنێن.

ئەوەی من تێبینیم کردووە، لێکچوونی زۆری زمانەکەیە، لەگەڵ لوڕیی و زاری کەڵهوڕیی کوردانی ناوچەی کرماشان.

هەندێک نمونە لە وشەی لاریی:

ئەشکەت= ئەشکەوت

پرسا= پرسە

سوت= سۆت، سوتان

دۆت= دۆت، کچ

کاکا= کاکە. برا گەورە.

نابۆ= نابێ

گۆتە= گوتن

لەندەهور= لەندەهۆر. کەسێکی کەتە و لاشە زل.

شەل=شەل

تۆو= تاو، هەتاو

قول= قوڵ
بەراوردی ئەم ڕستەیە بکە:
چو ئاکرداش= چی ئەکەیت

ڕێزمان:

شێوەکانی گەردانی کردار لە لاریی، شێوەی کۆنی خۆی پاراستووە.

کردار لە باری ئێستا و ڕانەبردوودا، لەجیاتی پێشگری فارسیی (می)، بە شێوەی کوردی، (ئە)ی دەچێتە سەر. وەک

ئەخورەم=ئەخۆم. لە فارسیی می خورەم

نموونەی دی لەسەر گەردان بوونی کردار لە لاریی، کە شێوەی کۆنی خۆی پاراستووە.

وەک لە کرداری چێدە= چوون. ئەچم=بچین. ئەچش=ئەچی

چیدۆم= چووم

چێدێش=چووی

چوو= چوو

چێدێم= چووین

چێدی= "ئێوە" چوون

چێدیت= "ئەوان" چوون

تێبینی:-

ئەم بابەتە زۆر کورت و پوختە و زانیاری تەواو لەسەر زمانی لاریی، بەدەستەوە نادات.

سەرچاوە:

1."Larestan, Iran". 20 May 2014. Archived from the original on 2024-02-01. Retrieved 2024-02-28.

2.Larestani at Ethnologue (26th ed., 2023)

3.Talei, Maryam; Rovshan, Belghis (2024-10-24). "Semantic Network in Lari Language". Persian Language and Iranian Dialects. doi:10.22124/plid.2024.27553.1673. ISSN 2476-6585. Archived from the original on 2024-11-28. This descriptive-analytical research examines sense relations between the lexemes of the Lari language, the continuation of the Middle Persian and one of the endangered Iranian languages spoken in Lar, Fars province

4."Western Iranian languages History". Destination Iran. 2024-06-16. Archived from the original on 2024-11-28. Retrieved 2024-11-28. Achomi or Khodmooni (Larestani) is a southwestern Iranian language spoken in southern Fars province and the Ajam (non-arab) population in Persian Gulf countries such as UAE, Bahrain, and Kuwait. It is a descendant of Middle Persian and has several dialects including Lari, Evazi, Khoni, Bastaki, and more.

5. Achomi language at Ethnologue (27th ed., 2024)

6.Halkias, Daphne; Adendorff, Christian (2016-04-22). Governance in Immigrant Family Businesses: Enterprise, Ethnicity and Family Dynamics. Routledge. p. 10. ISBN 9781317125952.

7."Endangered Languages Project – Lari – larestani". endangeredlanguages.com. Retrieved 2024-02-28.

8.Taherkhani, Neda; Ourang, Muhammed (2013). "A Study of Derivational Morphemes in Lari & Tati as Two Endangered Iranian Languages: An Analytical Contrastive Examination with Persian"(PDF).

9.Larestani, Lari in Iran". Archived from the original on 2019-10-10. Retrieved 2017-07-12.

10.Larestani". Archived from the original on 2013-10-14. While most people in Iran are Shi'ite Muslims, the Larestani are Sunnis.

11.Van Donzel, E. J., ed. (January 1994). Islamic Desk Reference. Brill. p. 225. ISBN 9004097384. Archived from the original on 2024-11-27.
12.Information of the people of Bushehr province". Archived from the original on 2021-05-01. Retrieved 2020-12-17.
13.Bushehr Governor's Website". Archived from the original on 2021-04-29. Retrieved 2020-12-17.
14.Bushehr Province Justice Website".[permanent dead link]
15.Cyrus The Great International Open Academy".[permanent dead link]
16.ICEHM: International Centre of Economics, Humanities and Management" (PDF). icehm.org. doi:10.15242/icehm.ed0115115. Archived from the original (PDF) on 2021-04-29. Retrieved 2020-12-10.
17. گویش مردم اوز. نسرین انصاف پور و محمد رفیع ضیایی 1396
18.Wikipedia, Source (2013). Southwestern Iranian Languages: Persian Dialects and Varieties, Persian Language, Tajik Language, Dari, Persianate Society, Tajik Alphabet, Old Persia. General Books. ISBN 9781230641287.
19.Moridi, Behzad (2009). "The Dialects of Lar (The State of Research)". Iran & the Caucasus. 13(2): 335–340. doi:10.1163/157338410X12625876281389.

وەرگرتنی ئاوەڵناو لە توخمەکرداریيەکان و ڕۆڵی سینتاکسییان

ئەحمەد هاشم محەمەد

پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناوی (وەرگرتنی ئاوەڵناو لە توخمەکردارییەکان و ڕۆڵی سینتاکسییان)وەیە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی چۆنییەتیی وەرگرتنی ئاوەڵناوەکان و ڕۆڵبینیان لە ڕستەدا.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکیی و لیستی سەرچاوەکان لە دوو تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باس لە ئاوەڵناو و کردار کراوە، لە تەوەری دووەمدا باس لە وەرگرتنی ئاوەڵناو لە توخمە کرداریەکان و ڕۆڵە سینتاکسییەکەیان لەناو ڕستەدا کراوە.

تەوەری یەکەم:

١,١: چەند پێناسەیەک بۆ ئاوەڵناو:

-ئیسمێکە حال و شانی ئیسمەکەی پێش خۆی بەیان دەکا بەو ئیسمە دەڵێن موصوف بە هەردووکیان دەڵین (ترکیب توصیفی)".(سعید صدقی کابان،١٩٢٨،ل٢٥).

-سیفەت کەلیمەیەکە، بۆ تەواوکردنی مەعنای ناو یان بۆ ناو بەکاردێت. (تەوفیق وەهبی،١٩٢٩،ل٦١).

-واژەیەکە یا بۆ وەسفی ناوێک یا ڕاناوێک یا فرمانێکی بێ هێز بەکاردەهێنرێت. (نووری عەلی ئەمین،١٩٥٧،ل١٤).

-ئاوەڵناو شتێکە تاریفی ناو، یان ڕاناو دەکات.(محەمەد ئەمین هەورامانی،١٩٧٣. ل٦٣)

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانە دەگەینە ئەوەی کە ئاوەڵناو وشەیەکە کە وەسفی ناو یان جێناوێک دەکات وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە :

-چیاکە بەرزە.

-خوێندکارە زیرەکەکە بە یەکەم دەرچوو.

- نەسرین سێوێکی سووری خوارد.

- ئەوان لێهاتوون.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا وشەکانی (بەرز، زیرەک،سوور، لێهاتوو) ئاوەڵناون.

١,٢: کردار:

- ئەو بەشەیە (واژە/دەستەواژەیەیە) لە ڕستەکەدا کە پێماندەڵێ بکەر چی کردووە یا چی دەکات.(نووری عەلی ئەمین،١٩٦٠،ل٤٩).

-کار بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە ڕووداو و کاتی تێدایە مەبەست لە ڕووداوەکە ئەوەیە کە شتێک ڕوویدابێت یان ئەنجام دابێ، مەبەستیش لە کات، ئەوا کاتی ڕانەبوردوو و ڕابوردوو دەگرێتەوە.(نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو،٢٠١٥،ل٨١).

- کار زاراوەیێکە لە شیکردنەوەی زمانەوانیدا بەکاردێت، هێمایە بۆ ئەو بەشە ئاخاوتنەی کە وشەکانی چەمکی کردەوەیێکە دەگەینن.(وریا عومەر ئەمین،٢٠١٦،ل٧).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانە دەگەینە ئەوەی کە کردار ئەو وشەیە کە یەکێک لە مانەی خوارەوە دەردەبڕێت:

١-ئەنجامدان و چالاکیی: ئاکۆ وانەکەی نووسی.

٢-وەسفکردنی دۆخ: ئاوەکە ساردە.

٣-ڕووداو: خانووەکە ڕووخا.

١,٣: جۆرەکانی توخمە کرداریەکان لە زمانی کوردیدا:

١,٣,١: قەد/ڕەگی کرداری ڕابوردوو:

چاوگ بناغەی دروستکردنی کرداڕە بە لابردنی نوونی چاوگ(ن) ئەوەی کە دەمێنێتەوە پێی دەوترێت قەد/ڕەگی کرداری ڕابوردوو:

کوشتن-ن کوشت.

بردن-ن برد.

تاد...

١,٣,٢: ڕەگی کرداری ڕانەبوردوو:

ڕەگ بچووکترین پێکهاتەی کرداڕە کە ناتوانرێت زیادتر شیتەڵ بکرێت و کڕۆکی واتایی کرداڕەکەیە.

بۆ دۆزینەوەی ڕەگی کرداری ڕانەبوردوو چەند ڕێگایەکمان هەیە کە ئەم ڕێگایەی چالاکترین و چاکترین ڕێگایە:

/دە/+ڕەگ+جێناوی لکاوی کۆمەڵەی سێهەم

/دە/+خۆ(ڕەگی خواردن)+/م/جێناوی لکاو دەخۆم.

پاش لابردنی نیشانەی /دە/ و جێناوی لکاوی /م/ ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەگە، بەهەمان شێوە بۆ کردارەکانی تریش.

تەوەری دووهەم:

٢,١: شێوازەکانی وەرگرتنی ئاوەڵناو لە توخمە کرداریيەکانەوە:

٢,١,١: وەرگرتن لە ڕەگی کرداری ڕانەبوردوو:

لە زمانی کوردییدا کۆمەڵە لاگرێک(پێشگر/پاشگر) هەن کە دەچنە سەر ڕەگی کرداری ڕانەبوردوو و ئاوەڵناوی لێ دروستدەکەن، بۆ نموونە:

١-/نە/+گۆڕ (ڕەگی گۆڕین)نەگۆڕ.

٢-/لێ/+زان (ڕەگی زانین لێزان.

٣-زان(ڕەگی زانین)+/ زانا.

٤-گەڕ(ڕەگی گۆڕین)+/وک/ گەڕۆک.

٥-/دا/+هێن(ڕەگی هێنان)+/ەر/ داهێنەر.

٦-/تێک/+دە(ڕەگی دان)+/ەر/ تێکدەر.

٧-/نا/+بین(ڕەگی بینین)+/ا/ نابینا.

٨-/بە/+توان(ڕەگی توانین)+/ا/ بەتوانا.

٩-/ب/+کوژ(ڕەگی کوشتن) بکوژ.

٢,١,٢: وەرگرتن لە قەد/ڕەگی کرداری ڕابوردوو:

بە هەمان شێوەی ڕەگی کرداری ڕانەبوردوو کۆمەڵە لاگرێک(پێشگر/پاشگر)مان هەیە، دەچنە سەر قەد/ڕەگی کرداری ڕابوردوو و ئاوەڵناوی لێ دروست دەکەن، بۆ نموونە:

١-مرد+/-وو/ مردوو.

٢-خوارد+/-ە/ خواردە.

جگە لەم دووە لاگری تریش هەیە کە دەچنە سەر قەد/ڕەگی کرداری ڕابوردوو و ئاوەڵناوی لێ دروست دەکەن، بەڵام ئەوەی کە چالاک و بە بەرهەم بێت ئەم دووانەی سەرەوەن، بۆیە جۆرەکانی تری یاداشت نەکراون.

٢,٢: ڕۆڵی سینتاکسیی ئاوەڵناوی وەرگیراو لە توخمەکرداریيەکانەوە

٢,٢,١: وەکو دیارخەری ناو:

یەکێک لەو ڕۆڵانەی کە ئاوەڵناوی وەرگیراو لە توخمە کرداریيەکانەوە دەیبینێت دیارخەری ناوە کە لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەخرێتە ڕوو:

ژنە گەڕۆکەکە بە دوات دەگەڕێت.

پیاوە زاناکە قسەدەکات.

مرۆڤی مردوو زیندوو نابێتەوە.

وەک لەم ڕستانەی سەرەوەدا دیارە کە ئاوەڵناوەکانی (گەڕۆک،،زانا،مردوو) کە لە توخمە کرداریيەکانەوە وەرگیراون بوونەتە دیارخەری ناو.

٢,٢,٢: وەکو تەواوکەری کرداری ناتەواو:

یەکێکی تر لەو ڕۆڵانەی کە ئاوەڵناوی وەرگیراو لە توخمە کرداریيەکانەوە دەیبینێت تەواوکەری کرداری ناتەواوە کە لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەیخەینە ڕوو:

١-فەرهاد دانایە.

٢-یاریزانەکە لێزانە.

٣-پیاوەکە نەمرە.

٤-تاوانبارەکە بکوژە.

وەک لەم ڕستانەی سەرەوەدا دیارە کە ئاوەڵناوەکانی(دانا، لێزان، نەمر، بکوژ) کە لە توخمە کرداریيەکانەوە وەرگیراون، ڕۆڵی تەواوکەری کرداری ناتەواویان بینیوە.

ئەنجامەکان:

١-لە ژێر ڕۆشنایی پێناسەکانی ئاوەڵناودا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئاوەڵناو وشەیەکە وەسفی ناو یان جێناوێک دەکات.

٢-لە ژێر ڕۆشنایی پێناسەکانی کرداردا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کردار وشەیەکە یەکێ لەم سێ خاڵەی خوارەوە دەردەبڕێت:

ا- ئەنجامدان و چالاکیی.

ب- وەسفکردنی دۆخ.

پ- ڕوودان.

٣-ئەو لاگرانەی کە دەچنە سەر قەد/ڕەگی کرداری ڕابوردوو و ئاوەڵناوی لێ دروست دەکەن چالاکترینیان ئەم دووانەن(/-وو/،/-ە/).

٤-ئاوەڵناوی وەرگیراو لە توخمە کرداریيەکانەوە دوو ڕۆڵی سینتاکسیی دەبینێت لە ڕستەدا کە ئەوانیش:

ا:دیارخەری ناو.

ب:تەواوکەری کرداری ناتەواو.

سەرچاوەکان:

١-سعید صدقی کابان، مختصر صرف و نحوی زمانی کوردیی،١٩٢٨،بەغداد.

٢-تەوفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی،١٩٢٩،بەغداد.

٣-نووری عەلی ئەمین، قەواعدی زمانی کوردی،١٩٥٧،بەغدا.

٤-نووری عەلی ئەمین،ڕێزمانی کوردی،١٩٦٠،سلێمانی.

٥-پ.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو،ڕێزمانی کوردیی،٢٠١٥،هەولێر.

٦-د.وریا عومەر ئەمین، ڕێزمانی کاری زمانی کوردی،٢٠١٦،هەولێر.

٧-محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایێک لە فیلۆلۆژی کوردی، ١٩٧٣،بەغداد.

٨-د.وریا عومەر ئەمین،ئاسۆیەکی تری زمانەوانی،چاپی دووەم،٢٠٠٩،هەولێر.

٩-د.ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان، چاپی دووەم،١٩٨٧.

١٠-د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەشی سێیەم، ئاوەڵناو،١٩٧٩، بەغداد.

١١-د.ڕەفیق محەمەد شوانی، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، دهۆک.

١٢-م.سیروان سەمین ئەحمەد و م.ی.ئارام ڕەشید مەجید، ئاوەڵناو لە نێوان قوتابخانەی تەقلیدیی و بەرهەمهێنان و درکپێکردندا، توێژینەوەی زانستیی، گۆڤاری(بحوث اللغات)، بەرگی ٥، ژمارە ١، زانکۆی تکریت،٢٠٢١.

ئالنگارییەکانی بەردەم زمانی دایك لەسەردەمی جیهانگەریدا

(ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم وەك نموونە)

تۆێژینەوەیەکی تیۆری سۆسیۆلۆژیای پەروەردەییە

ستار باقی کەریم

پوختەی توێژینەوە

زمان کۆڵەگەیەکی سەرەکی هێشتنەوە و ناسینەوەی نەتەوە و گەلانە، هەر بۆیە و لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەماندا کە خۆی لە سێ بەش و سێ تەوەر و دواتریش شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوە دەبینێتەوە، لەوە تێبگەین کە ئاخۆ پەیوەندی چییە لە نێوان جیهانگەری و زمانی کوردی، هەروەها ئاستی ڕەنگدانەوەی سیستمی خوێندنی زمانی کوردی بەسەر زمانی دایک چەندێکە؟، لە ڕێگەی درککردنی توێژەر بەم دوو کێشەوە، ئەم توێژینەوە ئەنجامدرا، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی ڕاستی و دروستی ئەم دوو ئامانجە بسەلمێنرێت، کە خۆیان دەبینەوە لە پەیوەندی نێوان جیهانگەری و زمانی کوردی لە ئاستێکی لاوازدایە، ئاستی کاریگەری سیستەمی خوێندنی زمانی کوردی بەسەر زمانی دایک لاوازە.

بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانیشی توێژەر سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمی و داتا و زانیاری پەیوەندیداری بەکارهێناوە و پەنای بردۆتەبەر قسەکردن لەگەڵ هەندێ لایەنی پەروەردەیی پەیوەندیدار و سامپلی توێژنەوەکەشی بریتی بوو لە بەشێکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی حوکمەتی هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەکەش، توێژەر میتۆدی وەسفکاری و سەرنجدان و بەراوردکاری کردۆتە پێوەر بۆ توێژینەوەکەی.لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا و لە بەشی سێیەم و لە میانی ئەنجامی توێژینەوە و شیکردنەوەکانی، توێژەر سەرەرای دیارکردنی ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکەی، لە هەمانکاتدا، بە پێویستی زانیوە زمانی دایک یاخود زمانی کوردی کەسایەتییەکی مەعنەوی و پیرۆزی بۆ دیار بکرێت و کار لەسەر منداڵان بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانن پیرۆزی زمانی دایک بگرنە ئەستۆ وەک سەرچاوەیەک بۆ مانەوە و تێگەیشتن و پێگەیشتن بە دەستکەوتە مرۆیی و نەتەوەییەکانی گەل و نەتەوەکەیان کە کوردە.

پێشەکی

لە کاتێکدا زمان سەرەکیترین کۆڵەگەیەکی مانەوە و درێژەدانی هەر نەتەوەیەکە، بەڵام لەسەردەمی نوێی جیهانیشدا خەریکە شەڕ بەرۆکی زمانەکان بەگشتی و کوردیش بەتایبەت دەگرێت، بێگومان بۆ ئەو گەل و نەتەوانەی خاوەن سەروەری و دەوڵەتن، تا ڕادەیەک ڕەوشەکە باشترە بەراورد بە کورد کە ئەوەی تا ئێستا بوونی مانەوەی و دەرفەتی ژیانی بۆ ڕەخساندووە بریتی بووە لە خاک و زمانەکەی.

لە سۆنگەی هەستی بەرپرسیارێتی و درککردن بە مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی، ئەم توێژینەوە وەک سەرەتایەکی سادە ئامادەکراو و نووسرایەوە، کە تێیدا توێژەر چەندان پرسیار و ئالنگاری دەخاتە ڕوو و دەیانوروژێنێت بۆ ئەوەی بتوانرێت لەسەر ئاستی لایەنە پەیوەندیدارەکان خەمێک لە داهاتووی ڕەوشی زمانی کورد بخۆن و بە جۆرێک لە جۆرەکان بیکەنە سورەتێکی پیرۆز و کەسایەتی بۆ زمانی کوردی بەشێوە گرنگ و پێویستەکەی دیار بکەن.

بەشی یەکەم
تەوەری یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

یەکەم: کێشەی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوە بریتییە لەو کۆمەڵە پرسیارەی کە توێژەر بە پێویستی دەزانێت لە چوارچێوەی توێژینەوەکەیدا بیخاتە ڕوو و لە کۆتاییدا وەڵامی گونجاوی دەست بکەوێت، لەبەر ئەوە لەم کاتەدا توێژەر پێویستە درک بەوە بکات کە»ئامانجی توێژینەوەکەی چییە، بۆچی ئەم کێشە سەرنجی ڕاکێشاوە و بە پێویستی دەزانێت توێژینەوەی لەسەر بکات، ئایا هیچ ئاماژەیەک هەیە، کە ئەم توێژینەوە لە ڕووی کرداریيەوە توانای جێبەجێکردنی هەیە، دواتریش ئایا ئەم توێژینەوە دەبێتە هۆی ئەوەی تیۆر یاخود بۆچوونێکی نوێ بۆ داهاتوو بنیات بنێت» (Bobbie،١٢٤،٢٠٠٨ لەلایەکی دیکەوە، «کاتێ توێژەر کێشەی توێژینەوەکەی دیار دەکات، پێویستە درکی بە بوون و هەرەشەی ئەم کێشە کردبێت، ئەوەش بووبێتە پاڵنەر بۆی، بە شایستەی زانیوە کە بەدواداچوون و بنکۆڵی بۆ پێکهاتەی کێشەکە و سەرچاوەکەی بکات و شرۆڤە و شیکار بۆ ئێستا و داهاتووشی بکات» (التل و محمد، ٢٠٠٧،٢٠).

بەگشتی ئەم توێژینەوە تیۆرییە، هەوڵێکە لەپێناو دیاریکردنی ئەم کێشانەی کە توێژەر وەک ئالنگاری لە بەردەم زمانی دایک لەم سەردەمەی جیهانگەری دەیانبینێت، هەوڵ دەدات ڕێگەچارەی گونجاویان لە ڕێگەی ئەم توێژینەوە بۆ بدۆزێتەوە:

١-پەیوەندی چییە لەنێوان جیهانگەری و زمانی کوردی؟

٢- ئاستی ڕەنگدانەوەی سیستمی خوێندنی زمانی کوردی بەسەر زمانی دایک چەندێکە؟

دووەم: بایەخی توێژینەوە

بایەخی ئەم توێژینەوە لە لایەنە تیۆرییەکەیەوە ڕەنگدەداتەوە، بەتایبەت، کە هەوڵ دەدات بە وردی لەسەر ڕەهەندەکانی جیهانگەری و کاریگەری بەسەر زمانە لۆکاڵییەکان لەوانە زمانی کوردی بوەستێت. دواتر شیکردنەوە و گرێدانی ئەم بابەتە بە سیستەمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و چەندێتی و ئاستی کاریگەری و کارکردنی بە یەکە زمانەوانییە ڕەسەنەکانی زمانی دایک، بەتایبەت کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی کەمتر بەرهەمهێنە و لەبەردەم ڕەشەبای جیهانگەری لە لایەنی زمانەوانییەوە دەشێت ڕووبەڕووی کێشەی گەورەتر لەم لایەن و بوارە ببنەوە.

هەر لە چوارچێوەی بایەخی ئەم توێژینەوەمان، ڕەنگە بکەوینە شرۆڤەی زیاتر لەبارەی زمانی دایک بەگشتی لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، کە زمانی کوردی لە هەندێک ناوچە لەبەر زۆر هۆکار لەژێر هەڕەشەی لاوازکردن و متکردن و قڕکردندایە و تەنانەت سیستمی خوێندنیش نەیتوانیوە ساڕێژی زۆرێک لە بریندەکانی زمانی دایک لەم ناوچانە بکات.

سێیەم: ئامانجی توێژینەوە

دەکرێ ئامانجی توێژینەوەکەمان بەوجۆرە دیاری بکرێت، کە بریتیە لە» لەهەموو ئەو دەستکەوتانەی دوای دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە دەستمان دەکەوێت، ئەوەش پڕۆسەیەکە دوای دیاریکردنی کێشە و پرسیاری توێژەر لەبارەی بابەتەکەی دەیانخاتە ڕوو، وەک ئەوەی کێشەی توێژینەوە ببێتە سەرچاوەیەک بۆ دیاریکردن و گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان لە لایەن توێژەر خۆیەوە»(Richard،J،١٩٩٨،١٥).

١-پەیوەندیی نێوان جیهانگەری و زمانی کوردی لە ئاستێکی لاوازدایە.

٢- ئاستی کاریگەریی سیستەمی خوێندنی زمانی کوردی بە سەر زمانی دایک لاوازە.

چوارەم: سنووری توێژینەوە

توێژینەوەیەکی تیۆرییە، سنووری ئێستای هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

پێنجەم: سامپڵی توێژینەوە

سامپڵی توێژینەوەکەمان، خۆی دەبینێتەوە لە میتۆدەکانی سیستمی خوێندنی کوردی لە هەرێمی کوردستان.

شەشەم:

میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی ئەم توێژینەوە خۆی لە جێبەجێکردن و پیادەکردنی هەریەک لە میتۆدەکانی (وەسفکاری، سەرنجدان بە بەشداریکردن و بەراوردکاری).

میتۆدی وەسفکاری بەم میتۆدە دەوترێت کە «ڕێگایەکە بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەیەکی زانستیانەی وردی دیاردە یاخود کێشەیەک، بۆ ئەوەشیان پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاری ورد هەیە لەبارەی کێشەکە» (الخیاگ، ٢٠١٠، ١٣٥). هەرچی میتۆدی سەرنجکارییە، ئەوا بریتییە لەو میتۆدەی «لە ڕێگەی دیقەتدان لە دیاردەکان و وردبوونەوە لێی، توێژەر دەتوانێ زانیاری داتای پەیوەندیدار لە ڕێگەی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی خۆی کۆبکاتەوە» (اللوزی، وحمود،٢٠٠٨،٩٣)، ئەوەشی کە پەیوەندیارە بە میتۆدی بەراوردکاری ئەوا بریتییە لەو میتۆدەی «کە بەراورد دەکات لەنێوان تایبەتمەندییە جیاواز و لەیەکچووەکانی نێوان دیاردەکان، بۆئەوەی دڵنیا بێتەوە لە مانەوە و دووبارەبوونەوەی هەمان دیاردە لە شوێن و کۆمەڵگایەکی دیاریکراو»(عمر،١٩٩٧، ١٤٥)

بەشی دووەم
تەوەری دووەم: چەمکەکانی ئەم توێژینەوە

یەکەم: جیهانگەری

یەکێک لە چەمکە گرنگەکانی نێو ئەم توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە چەمکی جیهانگەری، کە سەرەڕای جیاوازی لە تێگەیشتن و پێناسی، بەڵام دەکرێت بوترێت جیهانگەری بریتییە لە «دیاردەیەکی جیهانییە و مەبەست لێی یەکخستنی سیاسەتی حکومەتەکان و کەلتوور و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بازاڕە جیهانییەکانە لە ڕێگەی بازاڕە جیهانییەکان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کەلتوورییەوە، و زۆرینەش پێیانوایە کە بۆ ماویەکی درێژ کاریگەرییەکانی جیهانگەری لەناو کۆمەڵگاکاندا ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە» (Tschafer،١٣٢،٢٠٠٢٤)، هەروەها بەم جۆرەش دێتە پێناسەکردن کە تۆماس فرێدمان بۆی دەچێت و دەڵێ «بە ئەمریکاییکردنی کەلتووری جیهانییە لە دوورمەودا، بە جۆرێک پەیتا پەیتا تەواوی شتەکان بگرێتەوە» (الجابری،١٩٩٨،١٢).

بەگشتی دەتوانین بڵێین جیهانگەری بریتییە لە سەپاندنی هەژموونی هێزی کەلتووریی بە هەردوو پێکهاتە مادی و ئایدیایەکەی بەسەر گەلانی بەرخۆر، و لاوازکردن و لەقاڵبدانی زمان و کەلتوور و بەرهەمیان بەگشتی لە داهاتوویەکی دوورمەودا.

دووەم: زمان

یۆرگن هابرماس وای دەبینێ کە «زمان خاڵی بەیەکگەیەنەر و تێگەیشتنە، کە بۆ مەبەستی کردەی پەیوەندی دەخرێتەکار، چونکە تەنها لە رێگەی زمانەوەیە کە دەتوانین جۆرێک لە یەکترتێگەیشتن فەراهەم بکەین»(هابرماس، ٢٠٠٩،١٥١). هەروەها زمان بەلای ئەلتۆ سۆسێرەوە «تاکە جیاکەرەوەی مرۆڤ و هەر زمانیشە وادەکات مرۆڤەکان لە رێگەی سیستمێکی سیمبولکراوی دەنگی لەیەکتر تێبگەن و بەیەکتر بگەن»(مستەفا،٢٣١،٢٠١١).

کەواتە، زمان خاڵی بەیەکگەیەنەر و کۆکەرەوەی نێوان تەواوی مرۆڤەکانە، و مەبەست لێی ئاڵوگۆڕی زانیاری و لەیەکترتێگەیشتنی نێوانیانە، هەروەها بەهێزترین هۆکارێکی کەلتووریی نەتەوە و ناسنامەکانیانە بۆ مەبەستی پاراستن و هێشتنەوە و بە دوورگرتنیانە لە قڕبوون و لاوزابوونی کەلتووری و نەتەوەیی.

بەشی سێیەم
تەوەری سێیەم: ئاڕاستە و ئاستەنگەکانی ئێستای زمانی کوردی

یەکەم: جیهانگەری و لاوازکردنی زمانە لۆکاڵییەکان

وەک پێشتر پێناسی جیهانگەریمان کرد، دەبێ لەم ڕاستییە تێبگەین، کە جیهانگەری بەو هێز و دەسەڵاتەی دەینوێنێت، ناشێ خۆی بەدوور بگرێت لە ڕووی سەپاندنی زمانێکی بەرفراوانتر بەراورد بە زمان و کەلتوورە لۆکاڵییەکان، لەوانەش زمانی کوردی. لە رێگەی جیهانگەرییەوە، خەریکە بەشێکی زۆر لە وڵاتان و گەلان بکەونە ژێر باریکی ناچاری و داسەپاوی هەژموونی زمان و کەلتووریی گەلانی باڵادەست و بەرهەمهێن و لە بەرانبەردا لاوازبوون و جێپێلەقکردنی زمانە لۆکاڵی و بەگشتی زمانگەلێکی دیکە و لەوانەش زمانی کوردی. بەگوێرەی یەکێک لە توێژینەوەکان دەرکەوتووە کە «٨٨٪ بڵاوکراوەکانی نێو ئینتەرنێت بە زمانی ئینگلیزیە و ٩٪ بە زمانی ئەڵمانی و ٢٪ بە زمانی

فەڕەنسی و ١٪ بە زمانەکانی دیکەی جیهانە، ئەوەش بوو وای لە فەڕەنسییەکان کرد بکەونە خۆ و هاواریان لێهەستێت و کەلتوورەکەیان بە جیاواز ببینن، چونکە لایان وابوو هێزی بەرهەمهێنانی کەلتووری ئەمریکی دەستی کردووە بە دروستکردنی گۆڕانکاریی پلە پلە لە شێوازی ژیانیان و ڕەفتاریان»(گالبی،٢٠٠٢،١٢). کاتێ لەم سۆنگەشەوە لە زمانی کوردی دەڕوانین، ناشێت خۆمان لە مەترسی بۆ سەر زمانی کوردی بەدوور بگرین، بەتایبەت کە لە دۆخی ئێستادا هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەک وەک ناوەندی گەشتیاری و بازرگانی سەیر دەکرێت، کە بێگومان دۆخێکی لەم جۆرەش وەک ئاشکرایە بۆ خزمەتی زمانی کوردی بە باش نەشکاوەتەوە. «قسەکردن و نووسین بەهەر زمانێک بێت، مانای پێشکەشکردنی خزمەتە بەم زمانە» (میران،٢٠١٠،٥٤).

هەڵبەت دەکرێ زمان و سەپاندنی زمانی زۆرینە بەهەر ڕێگە و شێوازێک بێت، مانای قڕکردنی زمانی ئەوانی دیکەی کەمینە بدات بەدەستەوە، بەتایبەت ئەگەر ئەم کۆمەڵگایەی خاوەن زمانە لۆکاڵییەکەیە بەرخۆر بێت و توانای پێشکەشکردنی خزمەتی زانستی نەبێت بە زمانی دایک. ژان لاکان، وەزیری پێشووی ڕۆشنبیریی فەڕەنسی لە حوکمەتی سۆشیالیستی فەڕەنسی گلەیی ئەوە دەکات کە «لە ئێستادا زمانی و کەلتووری باوی ئەمریکی باڵی کێشاوە بەسەر تەواوی دیمەنەکانی فەڕەنسا، سەرەڕای ڕیزبەندی زمانی ئەمریکی لەگەڵ فەڕەنسی، هەر لەبەر ئەم هۆیانەش بوو هەڵوێستێکی تووندی نواند بەرانبەر بە بازاڕکردنی فیلمە ئەمریکییەکان» (الزهج،٥٤،١٩٩٩).

دووەم: زمانی دایک (زمانی کوردی)، لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم

ڕوشدی توعمە ئەڵێ «لەسەر ئاستی مامەڵەکردن بەرانبەر لەناوبردنی لەسەرخۆی زمانی عەرەبی، وڵاتانی عەرەب بە کەمتەرخەمییەوە لەم کارە دەڕوانن، چونکە وەک ئەو دەڵێت، زمانی ئینگلیزی بووەتە سەرچاوەی سەرەکیی قسەپێکردنی ڕۆژانەی مامەڵەکانیان، دوای ئەوەش تێکەڵەیەک دێت کە بریتییە لە عەرەبی-ئینگلیزی، پاشان دیالێکتی کەنداو بە پلەی سێیەم دێت، پاشان تێکەڵەیەک لە زمانەکانی ئۆردو، هیندی و لە کۆتایشدا دیالەکتێکی میسری»(ڕوشدی،١٩٩٨،١٢٩٢). هەڵبەت، بۆ ئێمەی کورد زمان و نەتەوە، دەشێ لە کوێی ئەم پۆلێنکردنەدا بین، بەتایبەت کە هەژموونی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لەهەڵکشانن بەراورد بەم شل و خاوییەی لە پێشکەوتنی زمانی کوردی دەیبینین. لە لایەکی دیکەوە دێقید کرایستال، «پێی وایە کە

بۆئەوەی زمانێک ببێتە جێهانی پێویستە ئەم دوو تایبەتمەندییە لەخۆ بگرێت، بکرێتە زمانی فەرمی دەوڵەت یا هەرێم یا ناوچەکە و هەروەها ببێتە خاڵی پەیوەندیی نێوان حوکمەت و دامودەزگاکانی وەکو دادگاکان، ڕاگەیاندن و پەروەردە، هەروەها ئەم زمانە بکرێتە زمانێکی فەرمی بۆ فێربوونی زمانێکی بیانی بەتایبەت بۆ ئەو شوێنانەی کە کار بە ڕەسمیبوونی زمانی دایک ناکەن»(David،١٩٩٧،١١). یەکێک لەو ڕەخنانەی لە ئێستا ڕووبەڕووی زمانی کوردی دەکرێت نەتوانراوە خەڵکە غەیرە کورد ئاشنا بکرێن بە زمانەکە و ناچاری فێربوون بکرێن، هەر سەبارەت بەم خاڵە و پەیوەندار پێیەوە میشێل فۆکر دەڵێت، «ئەوەی گوتاری حوکمرانی بەدەست بێت، هەر ئەویش دەسەڵات بەدەست دەبێت»(فوکو،١٩٩٣،٦٣). کەواتە یەکێک لە سادەترین ئەو خزمەتانەی لەپێناو پێشخستنی زمانی دایک پێویستە بکرێن بریتییە لە بەکارهێنانی دەسەڵات و گوتاری یەکگرتوی زمان بۆئەوەی زمانی دایک لەناو خەڵک و نیشتیمانی خۆی لە قاڵبی نامۆیی دەربهێنرێت.

بەپێی یەکێک لە ئامارەکان، بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٣-٢٠١٤ ژمارەی ئەو قوتابخانانەی لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی مەخموور بوون بە قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی و باخچەی منداڵان و ئامادەییەکان، ژمارەیان ١٠٨ بوو، بەڵام دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ ناوچەکانی ئەوسای ژێر حوکمڕانی حوکمەتی هەرێمی کوردستان، ئەم ژمارە بە زۆر هۆکار لەوانە ترس و هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش و کەمبوونەوەی ئاو و کەمبوونەوەی ڕێژەی خستنەوەی وەچە و خراپیی خزمەتگوزاری ئەم ناوچانە بەگشتی بوونە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی ئەم خوێندنگە و قوتابخانانە بۆ ٩٥ و دواتریش بوون بە ٧٨، کە بەشێکی زۆر لەم ناوەندانەی خوێندن ژمارەی مامۆستاکان یەکسانە بە ژمارەی خوێندکاران و قوتابییان، بە جۆرێک لە هەندێ خوێندنگە ژمارەی قوتابییەکانی تەنیا بریتییە لە ٥ بۆ ٦ قوتابی. کەواتە چۆن دەتوانرێت لە جوگرافیایەکی کوردستانی و دانیشتوانگەلێکی کورد پەرە بەزمانی کوردی دایک بدرێت، لە کاتێکدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کێشە و ئاستەنگ دێنە بەردەم دانیشتوانی ئەم لادێ و گوندانەی دەرەوەی هەرێم، لەمیانی گفتوگۆ و ڕاوێژ لەگەڵ ژمارەیەک لە مامۆستایان و قوتابی و خوێندکارانی ئاست جیاوازەکانی ئەم دەڤەرە، دەرکەوت کە یەکێک لە کێشە بەربڵاوەکانی نێو سیستمی خوێندن بەگشتی و بەتایبەت زمانی کوردی خێرا و زۆر گۆڕینی پەرتووک و بابەتەکانی

نێو پەرتووکەکانە، بەتایبەت زمانی کوردی. هەندێک لەوانە پێیان ڕاگەیاندین کە زۆر وشە بۆ قوتابیانی شار و لادێکان جێگەی تێگەیشتن نین، چونکە بەشێک لەم وشانە بە حوکمی شوێنی جوگرافیان بۆ منداڵانی لادێکان تێگەیشتنیان ئاسان نییە لە هەمان کاتیشدا، لە لایەکی دیکەوە کتێبە پەروەردەییەکانی ناوەندەکانی خوێندن، لە ڕووی پراکتیکییەوە نەبوونەتە چارەسەری زۆرێک لە کێشەکانی لایەنی زمانەوانیی دایک، بەتایبەت ئەو بەشەی پەیوەندی هەیە بە (دایگلۆسیا). بەشێک لەم وشە و زاراوە و ڕستانەی لەنێو پەرتوکەکانی خوێندن ئامادە کراون دەشێ بۆ منداڵانی شار جێگەی نامۆیی و تێنەگەیشتن بێت لێیان، بە هەمان شێوەش بۆ منداڵانی دێنشین، چونکە لە ڕووی کردەییەوە ئامادەگیان نییە، بۆ نموونە وشەکانی (داس، جەنجەر، هاوڵاتی، ڕیفراندۆم...)، هەروەها بریارەکانی پەرلەمان لە شێوەی زمانی باڵادان و بەڵام زمانی نێو ئەندامەکانی خێزان لە ئاستێکی نزم دەبینرێن بەراورد بە زمانی بڕیارەکانی پەرلەمان، لە ئاستی ئەدەبیات و گۆرانی و فیلمە کارتۆنییەکانیش بە زمانی نزم دەوترێن یا دەچڕێن. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە شێوەی باڵای زمان «لە پرۆسەی پەروەردە بگوترێتەوە، چونکە ئەم شێوەیە تەنها لە بوارەکانی پەروەردە وخوێندندا بەدەست دێت، بەڵام ئەم شێوەیەی زمان پێی ناوترێت زمانی دایک و بەڵکو بریتی دەبێت لە شێوە لاوەکییەکە.» (ڕەسوڵ و احمد، ٢٠٢١،٥). دەشبێ ئەوە بڵێین کە ئەو زمانەی قوتابیان فێری دەبن لە قوتابخانەکاندا شێوە باڵاکەی زمانە کە زۆر جاریش بە زمانی کتێب و پرۆسەی خوێندن ناو دەنرێت، بەڵام ئەو زمانەی لە کۆڵان منداڵان و خەڵکی ئاسایی قسەی پێدەکەن شێوە نزمەکەی هەمان زمانە. هەڵبەت یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم ناحاڵیبوونەی منداڵانی ناوەندەکانی خوێندن، دەگەڕێتەوە بۆ نەخوێندنەوەی بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەڕەوەی هەرێم و کەمبوونەوەی کاریگەریی قسەکردن بە زمانی دایک. هەروەها پشتگوێخستنی فەرهەنگ و کەلەپووری مادی و مەعنەویی کورد بە شێوەیەکی واقیعی، چونکە پێویستە کەرەستە و کەلوپەل و ئامرازە کەلەپوورییەکانی کورد بکرێتە پەرتووکێکی تایبەتی خوێندن و بە شێوەیەکی لکێنراو لەگەڵ پەرتووکێکی دیکەی ناو سیستەمی خوێندن یا بە شێوەیەکی سەربەخۆ چاپ بکرێن و بەهەند وەربگیرێن.

بۆ نموونە تەنیا بۆ وەبیرهێنانەوە، لە ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١ ژمارەی قوتابخانەکانی ناو شاری هەولێر کە بە زمانی عەرەبی و بۆ قوتابیان و خوێندکارانی عەرەب

کرابوونەوە، بۆ خوێندنی بنەڕەتی ژمارەیان بریتی بوو لە (٧) و بۆ قۆناغەکانی ئامادەیی (٤)، کە کۆی گشتیی قوتابیان تێیدا ٦٨٤٦ بۆ هەردوو قۆناغەکە و ژمارەی مامۆستایانی هەردوو قۆناغەکەش بریتی بوو لە ٤٢٣. بەڵام لە ئێستا ئەو ژمارانە بەرز بوونەتەوە بۆ نزیکەی (١٣) قوتابخانەی بنەڕەتی و (١٠) قوتابخانەی ئامادەیی، هەروەها ژمارەی قوتابییانی هەردوو قۆناغەکەش گەیشتووەتە نزیکەی ١٣٤٩١ خوێندکار و قوتابی. دەبێ ئەوەش بڵێین کە وەزارەت خوێندنی باڵا و تویژینەوەی و حوکمەتی فیدراڵ بۆ ساڵی پار بڕیاری دابوو کار بە زمانی کوردی نەکات لە ناوچە کوردستانییەکان بەتایبەت و عێراق بەگشتی، ئەو کاتە کێشە و گرفتێکی نوێی لەگەڵ حوکمەتی هەرێم نایەوە.

دووەم: زمانی کوردی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان

دەکرێ پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین، ئایا سیستمی پەروەردە چی کردووە لە بەرژەوەندیی زمانی دایک (کوردی)، لە کاتێکدا دەشێت مرۆڤە بەتەمەنەکان خۆیان کێشەکانیان دیاری بکەن و ڕێگەچارەی گونجاویشیان بۆ بگرنەبەر، بەڵام ئەی بۆ ئەومندااڵنەی لە ئێستا لەدایک دەبن یاخود خوێندکار و قوتابی قۆناغەکانی باخچە و بنەڕەتین کە لە بواری فێربوونی زمان تازە گاگۆڵکێ دەکەن؟؟ کاتێ قسە لە بارەی ئەم ئاستەوە دەکەین دەبێ بوترێت: (تاقیکردنەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە نووسین و خوێندن بە زمانی دایک کاریگەریی زۆرترە بەسەر پڕۆسەی فێربوون بەراورد بە خوێندن بە زمانێکی دیکەی وەکو ئینگلیزی، چونکە ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی زمانە بیانییەکانەوە فێری دەبین، گەیاندنیان و تێگەیشتنی زۆرینەی کۆمەڵگا لێیان قورسترە، هەروەها سەرکەوتن لە دواڕۆژ هیچ پەیوەندییەکی نییە کارکردن بە زمانی بیانی، بۆ نموونە وڵاتانی پێشکەوتووی وەکو ئەڵمانیا، فەڕەنسا، چین، فینلەندا و یابان و ڤێتنام هەر بە زمانی دایک دەخوێنن نەوەک بە زمانی ئینگلیزی). زمان کۆڵەگەیەکی سەرەکیی دروستبوونی کەسایەتیی مەعنەویی هەر نەتەوە و گەلێکە، بۆیە ڕێزگرتن لە زمانی دایک واتە سەپاندنی ڕێزگرتن لە کەسایەتیی نەتەوەیی خۆت. دەکرێ بڵێین لەسەر ئاستی زمان، واتە زمانی دایک تێکەڵی و لە هەمان کاتیشدا پەرتەوازەییەکی گەورە بەدی دەکرێت لە لایەک لەسەر ئاستی سیستەمی پەروەردە، لە لایەکی دیکەشەوە لەسەر ئاستی کۆی گشتیی قسە و زمانی باڵا و خوار و هەروەها

لەسەر ئاستی حوکمەتیش لە لایەکی دیکەوە. کە بە کۆی گشتییان نەیانتوانیوە زمانی کورد نەک بسەپێنن بەسەر ئەو غەیرە کوردانی دێنە هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی کارکردن، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە و هەروەها مشووری زمانێکی یەکگرتووشیان نەخواردووە. بەتایبەت کە هەرێمی کوردستان کۆمەڵگە و حوکمەتێکی بەرخۆری هەیە. «گۆڕانکاری لە دابەشکردنی هێز دەبێتە هۆی دروستکردنی گۆرانکاری لە بەکارهێنانی زمانەکان. لێرەوە سەیر دەکەین، نزیک بە دوو سەدەیە هەردوو زلهێزەکەی دنیا ئەمریکا و بەریتانیا لە بواری جیاوازەکانی پیشەسازی و بازرگانی میراتێکی گەورەیان لە بوارەکانی خوێندنی باڵا و بازرگانی و تەکنەلۆژیا لە تەواوی جیهان بەجێ هێشتووە و سەپاندوویانە بەسەر گەلان و ولاتانی دنیادا. واتە نەبوون و نەگەڕان بە شوێن دروستکردنی پیشەسازی و کاری ئەفرێنەر ڕێگەیەکی دیکەیە بۆ زاڵبوونی زمانی بیانی و دوورکەوتنەوە لە زمانی دایک.

شیکردنەوەی دەرئەنجامەکانی تۆژینەوە

دوای ئەوەی تۆژەر درکی بە بوونی چەند کێشەیەکی هەنووکەیی پەیوەندیدار بە زمانی کوردی کرد، لێرەوە تۆژەر چەند پرسیارێکی لە شێوەی ئاڵنگاری و کێشە خستە ڕوو، کە یەکەمیان بریتی بوو لەوەی پەیوەندیی نێوان جیهانگەری و زمانی کوردی چییە؟، کە دواتر تۆژەر کردیە ئامانجێکی یەکەمی تۆژینەوەکەی و لای وا بوو، کە پەیوەندیی نێوان زمانی کوردی و جیهانگەری لە ئاستێکی لاوازدایە.

چونکە ئەگەر نەوەک لەسەر ئاستی جیهانی، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراقیش کە بە زمانی دووەم هاتووە، سەیرێکی بکەین، درک بە پاشەکشەکردن دەکرێت لە ڕووی کارکردن پێی و ڕێزگرتن لە کەسایەتیی مەعنەویی ئەم زمانە، کە بۆ ئەوەشیان ڕەنگە هۆکاری سیاسیی ناوخۆی و دەرەکی ڕۆڵیان هەبێت. بەڵام لەسەر ئاستی جیهانی و لە سەردەمی جیهانگەریدا کە پێویستە بۆ ناساندنی کەلتوور بەهەردوو بەشەکەی مادی و مەعنەوی کار بۆ بڕەودان و پێشخستنی هونەر و ئەدەب و ڕۆژنامەوانی بە هەموو جۆرەکانی بکرێت، کەچی بەپێچەوانەوە هەست بە ڕێگری و پاشەکشەیەکی زۆری ئەم بوارانە دەکرێت و بەم هۆیەشەوە نەتوانراوە لەم ڕێگەوە زۆرترین خزمەت بە زمانی کوردی بکرێت، هەرچەندە هەندێک هەوڵی میدیاییش لەناو

والّ و سۆشیال میدیا و ئینتەرنێت بەدیدەکرێت، کە نابێت ئەم هەوڵانە نادیدە بگیرێن، بەڵام ئەمانەش تواناکانیان یا سنووردار کراوە یاخود لەپێناو تەواوی زمانی کورد نەکەوتوونەتە خزمەت.

سەبارەت بە خوێندنەوەی توێژەر بۆ دیارکردنی پرسیار یاخود کێشەیەکی دیکەی توێژینەوەکەی و ئامانجکەشی، توێژەر دەپرسێت ئایا ئاستی ڕەنگدانەوەی سیستمی خوێندن بە زمانی کوردی بەسەر زمانی دایک چەندێکە؟ دواتریش هەرخۆی لە میانی دیاریکردنی ئامانجی دووەمی توێژینەوەکەی وەڵام دەداتەوە دەڵێت: ئاستی ئەم کاریگەرییەی سیستمی خوێندن بە زمانی کوردی بەسەر زمانی دایک لاوازە. بۆ ئەوەشیان ڕوونکردنەوە و بەڵگەکانی بریتین لەوەی کە سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆری ناوەند و سەنتەری پەیوەندیدار بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی، هەروەها زۆریی ژمارەی خوێندنگە و قوتابخانەکان، بەڵام خەریکە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا هەست بە پاشەکشە دەکرێت لەوەی زمانی کوردی زمانی دووەمە لەسەر ئاستی عێراق و یەکەمە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، هۆکارەکەشی بریتیە لەوەی نەتوانراوە کەسایەتی مەعنەوی زمانی کوردی پەرەی پێ بدرێت و کەسانی بیانی کە دێنە هەرێم بخرێنە خولی فێربوونی زمانی کوردی و بکرێتە مەرجێک بۆ پێدانی مافی مانەوە و کارکردن. هەروەها لەسەر ئاستی خوێندنی پەروەردەیش، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا زۆری و خێرایی لە گۆڕینی بابەتە پەروەردەییەکان بووەتە دێوەزمەیەک و یەخەی ئەم سیستمەی گرتووە، لە هەمان کاتدا لە ناوەندەکانی خوێندنی غەیرە کوردی یاخود زمانی کوردی ناخوێنرێت یاخود ئەگەر بخوێنرێتیش پەراوێزخراوە و بایەخی زۆر کەمە. لە هەمان کاتدا کەمبوونەوەی ژمارەی قوتابخانە کوردییەکان بەتایبەت لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و سنووری مادەی ١٤٠، لە هەمان کاتدا نەبوونی زمانێکی ستاندارد و یەکگرتووی کوردی، کە ئەوەش دەبێتە ڕێگرییەکی دیکە بۆ پیرۆزکردنی زمانی دایک کە زمانی کوردی-یە. هەروەها بەهۆی لەیەکترنزیکیی شێوە ڕێنووسی کوردی لە زمانی عەرەبی و فارسی، لە ئاستی پیرۆزیی زمانی کوردیی کەم کردووەتەوە و زمانیش هەتا پیرۆز نەکرێت بەئاسانی ناتوانرێت بپارێزرێت و وەک کۆڵەگەیەکی سەرەکیی مانەوەی هەر نەتەوەیک سەیر بکرێت.

ڕاسپاردەکان:

١- کەمکردنەوەی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە پەرتووکەکانی سیستمی خوێندنی پەروەردەیی.

٢- کارکردن بە شێوەزار و بنزاری باوی ناو کۆمەڵگای کوردی.

٣- زیندووکردنەوەی زاراوە و وشە باوەکانی سەردەمی زوو بە هەرشێوەیەک بێت چ جا لە چوارچێوەی سیستەمی پەروەردە و پڕۆگرامەکانی خوێندن بێت یاخود لە ڕێگەی بەرجەستەکردنیان بێت لە ناوەندە کەلتووری و فەرهەنگییەکانی وەکو شوێنەوارناسی.

٤- بایەخدان بە کردنەوەی قوتابخانە و خوێندگە لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و ڕێگریکردن لە کۆچ و جێهێشتنی لادێکان لە لایەن دانیشتوانە ڕەسەنەکانیانەوە.

٥- کارکردن لەسەر هزری منداڵان بەوەی زمانی کوردی پێگەیەکی هەر گەورەی هەیە لەسەر ئاستی زمانە هەرێمایەتی و جیهانییەکان، بەتایبەت سۆشیال میدیا و ئینتەرنێت.

پێشنیارەکان:

٦- گەڕان بە شوێن هۆکارەکانی خێرا و زۆر گۆڕانکاری لە پڕۆگرامەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا.

٧- ناچارکردنی هاوواڵاتییانی بیانی بۆ فێربوونی زمانی کوردی بە هەرجۆرێک بێت.

٨- فێربوونی زمانی کوردی پیرۆز بکرێت و هەروەها بکرێتە مەرجێک بۆ پێدان و وەرگرتنی کار.

٩- سەپاندنی باج و سزادانی ئەم ناوەند و شوێنانەی کار بە نووسینی تابلۆی زمانی کوردی ناکەن.

سەرچاوەکان:

١- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، بەشی ئامار.

٢- التل و محمد، وائل عبدالرحمن و عیسی محمد،٢٠٠٧، الدراسه العلمیه فی العلوم الانسانیه والاجتماعیه، دار الجامعه للعلوم والنشر.

٣- الجابری، محمد عابد، العولمه والهویه الثقافیه، مقال منشور بمجله المستقبل العربی، العدد٢٢٨، ١٢.

٤- الخیاط، ماجد محمد، اساسیات البحوث الکمیه والنوعیه فی العلوم الاجتماعیه، ٢٠١٠،ط١، دار الرایه

للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
٥- رسول و احمد، سوما و ڤيان، دايگلۆسيا له زمانى كوردى، مەخمور به نموونه، تويژينەوەيەكى ئەكاديمى زانكۆى مەخمور، كۆليژى ئاداب بەشى كوردى.
٦- گالبى، عمر گالبى، العولمه وتاپيرها على السلوكيات والاخلاق،٢٠٠٢، مجله دار السلام للاعلام بالمانيا، عدد ٢٣٦، ئ١٢.
٧- طعمه، رشدى، اللغه العربيه تعيش غربه فى وطنها، ١٩٩٨، مجله المجتمع، عدد ١٢٩، ص ٤٧.
٨- عر، معن خليل، مناهج البحث فى علم الاجتماع، ١٩٩٧، ط٢، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
٩- فوكو، ميشيل، تكنلوجيا الخگاب، تكنلوجيا السلطه، تكنلوجيا السيطره على الجسد، ١٩٩٣، ت:محمد الكبيسى، دار سيراس للنشر، ط ٦٣.
١٠- اللوزى و حمود، موسى سلامه و خير كاضم، ٢٠٠٨، اثراء للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
١١- مجله النهج، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكيه، ١٩٩٩، عدد ٥٥،ط٥٤.
١٢- ميڤى، بدرالدين، ٢٠١١، فلسفه مابعد الحداثه، دار المسيره للنشر والتوزيع، ط١، ص٢٣١.
١٣- ميران، ڕەشاد، چەند بابەتێكى ئيتنۆ-كۆمەلايەتى،٢٠١٠، دەزگاى تويژينەوە و بلاوكردنەوەى موكريان، بەرگى ١، لا٥٤.
١٤- هابرماس، يوركن، الاخلاق والتوايل، ٢٠٠٩ ترجمه: ابوالنور، حمدى ابوالنور، دار التنوير للنشر، ص ١٥١.
-١٥ Bobbie، Earl Bobbie، ٢٠٠٨، the basic of social research، ٤th edition Thomson wood's worth.
-١٦ Crystal، David. English as a global language، ١٩٩٧، Cambridge university press. P١١.
-١٧ Richard J.Gel، ١٩٩٨، an introduction of sociology، McGraw Hill.
-١٨ Schafer، S. ١٩٧٩، Introduction to criminology، Virginia، prentice hall Co.
-١٩ www.alfalsafa.com/awlama

ڕوانینەوەیەکی باینەری بۆ سیستەمی کاتی ڕێزمانیی کوردی و داهاتوویەتی لەم سیستەمەدا

سامان کۆنەپۆشی

پوختە

مەبەست لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی شیکردنەوەیەکی ماناناسانەی باینەری بۆ سیستەمی کاتی ڕێزمانییە لە کوردیدا بە چڕبوونەوە لەسەر پێناسەکردن و فۆرمالێزەکردنی نائارایەتیی دەربڕینی ڕێزمانیی داهاتوویەتی لەم سیستەمەدا. ئەم توێژینەوەیە، پشتئەستوور بە بەڵگەکانی دەربڕینی داهاتوویەتی لە ئێستا و ڕابردوودا، پێویستیی ڕوانگەیەکی باینەری بۆ شیکردنەوەی سیستەمی کاتی ڕێزمانیی کوردی دەخاتەڕوو. بۆ ئەم مەبەستە، سوود لە تیۆریی کاتی ڕێزمانیی باینەری وەردەگیرێت بۆ نیشاندانی کارابوونی کوردی لەسەر بناخەی دوو پێکدژی باینەریی بنەڕەتی لە نێوان ئێستا و ڕابـردوودا. لەم زمانەدا داهاتوو داوێنێکی کاتشووناس نییە، بەڵکو بنداوێنێکی مۆدالّشوونـاسە کە، بە هۆی مۆدالّێتییەکانی ناسینەیی و باوەڕی، تێهەڵکێشی داوێنە کاتشووناسەکانی ئێستا و ڕابردوو کراوە. کارلێکە بینراوەکانی نێوان ڕەهـەندە کاتشووناس و مۆدالّشووناسەکانی کاتی ڕێزمانی لە کوردیدا دەریدەخەن کە دەتوانرێت ئەم زمانە لە شوێنگەی بەڵگەهێنەرەوەدا ببینرێت بۆ چەمکی کاتی ڕێزمانیی باینەری.

وشە سەرەکییەکان

کوردی، سیستەمی کاتی ڕێزمانی، کاتی ڕێزمانیی باینەری، کاتێتی، مۆدالّێتی

١. پێشەکی

تێکڕای کاتە ڕێزمانییەکانی کـوردی لەوانەیە ڕووداوەکـان[١] لە داهاتوویەکی دەقتەوەردا وێنە بکەن، هەر بۆیە ناتوانرێت بۆ دەربڕینی ڕووداوەکانی هاوسات لەگەڵ یان پێشسات بە چرکەی ئاخێو[٢] سنووردار بکرێن. بۆ نموونە، ڕستەکانی خوارەوە دەتوانن دەربڕی داهاتوویەتی[٣] بن.

---

١. مەبەست لە زاراوەی «ڕووداو» لەم توێژینەوەیەدا eventualityە کە event و stateیش لەخۆدەگرێت. وشەیەکی گونجاوم لە کوردیدا نەدۆزییەوە بۆ ئەوەی وەکوو هاوتای eventuality داینێم، هەر بۆیە بە پێویستم زانی لەم فووتنۆتەدا ئاماژەی پێبدەم.

2. Speech moment (time)

3. Futurity

(١) A. ئێستای بەردەوام

ئاکۆ وانە دەخوێنێت.
وەیسی‌حەسار (١٣٩٤: ١١١)

B. ڕابردووی بەردەوام

دەچووم بۆ سەفەر.

C. ئێستای تەواو

تا فەرەیدوون دێت، من چوومە.

D. ڕابردووی تەواو

تا فەرەیدوون هات، من چبووم.

E. ڕابردووی ڕەها

کاتێک هاتیت بۆت باس دەکەم.

ئەم دیاردە زمانییە، بێجگە لە نموونەی ئێستای بەردەوام، لە مەڵبەندی توێژینەوەی ڕێزمانی و زمانناسانەی کوردیدا پشتگوێ خراوە. زۆرینەی توێژەران (مەککاروس، ١٩٥٨؛ کیم، ٢٠١٠؛ وەیسی‌حەسار، ١٣٩٤) سەرنجیان لەوە داوە کە ئەم کاتە کۆدبەندیی داهاتووش ئەنجام دەدات. توێژینەوەی بەردەست پێشنیازدەکات کە ناتوانرێت ئەم نەرمکێشییە بۆ ئێستای بەردەوام سنووردار بکرێت، چونکە ئەمە دیاردەیەکی گشتگیرە کە لە تێکڕای فۆرمەکانی کاتی ڕێزمانیی کوردیدا بەدی دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە، کوردی بەڵگەی جێسەرنج بۆ پاڵپشتی لە چەمکی[1] کاتی ڕێزمانیی باینەری[2] دەخاتەڕوو. ئەم زمانە داهاتوو وەکوو داوێنێکی ئاخێوەربەند[3] پێناسە دەکات کە بە هۆی مۆدالێتیەکانی ناسینەیی و باوەڕی[4] جیا دەکرێتەوە و نکۆڵی لە خستنەڕووی وەکوو داوێنێکی کاتشووناس[5] دەکات.

لە دارشتنی ئەم بەڵگاندنەدا، ئەم توێژینەوەیە تیۆریی کاتی ڕێزمانیی باینەریی[6] فێرکۆیل[7] (٢٠٠٨، ٢٠٢١) بەکار دەهێنێت. ئەم چوارچێوە تیۆرییە، بە هۆی کردەگەرەکانی خوارەوە، ڕوانگەیەکی ڕۆنانگەر[8] و کردەگەرتەوەر بۆ شیکردنەوەی کات لە زماندا دەخاتەڕوو.

1. Concept
2. Binary tense
3. Speaker-bound
4. Epistemic and doxastic modalities
5. Temporal domain
6. Binary tense theory
7. Verkuyl
8. Compositional

* ئێستا («Present «PRES) بەرامبەر بە ڕابردوو («Past «PAST)
* هاوکاتێتی («Synchronous «SYN) بەرامبەر بە پاشکاتێتی (Posterior POST)
* بەردەوامێتی (Imperfect(ive)) بەرامبەر بە تەواوێتی (Perfect(ive PERF)

لەم چوارچێوەیەدا داهاتوو، کە لە دووانەی پێکدژی دووەمدا جێگیر دەبێت، بەسەر دوو داوێنی کاتشووناسی ئێستا و ڕابردوودا دابەش کراوە: داهاتوو بووە بە بەشێک لە ئێستا و خوێندنەوەیەکی مۆدالّشووناس[1] هەڵدەگرێت؛ بە هەمان مۆدالّیتیشەوە تێهەڵکێشی ڕابردوو بووە. ئەم ئەندازیارییەی کاتی ڕێزمانی یاریدەدەرێکی کاریگەرە بۆ پێناسەکردن و فۆرمالّیزەکردنی کاتی ڕێزمانیی کوردی بە شێوەیەکی سیستەماتیک و ڕۆنانگەر.

توێژینەوەی بەردەست بەم شێوەیە ڕێکخراوە: لە بەشی دووەمدا چوارچێوەی تیۆریی باینەری ڕوون دەکرێتەوە و جیاوازییە سەرەکییەکانی لەگەڵ سیستەمی تێرنەریی ڕایشنباخ و دارشتنەوەکانیدا دەسنیشان دەکرێن. بەشی سێیەم شیکردنەوەیەکی تایبەتی باینەری بۆ کاتی ڕێزمانیی کوردی دەخاتەڕوو. سەرئەنجام، بەشی چوارەم تایبەتە بە خستنەڕووی ئەنجامەکان.

٢. ڕوانگەی باینەری بۆ کاتی ڕێزمانی

٢.١. ئێستا و هەنووکە[2]

کێشەی سەرەتایی لە ئەندازیاریی تێرنەریدا، بۆ نموونە لە سیستەمی (نوێ) ڕایشنباخیدا، بەیەکسانزانینی ئێستا و هەنووکەیە، کە دەبێتە هۆی بەبەستووکردنی هەنووکە بە شێوەیەک کە ناتوانرێت لە ئێستا جیا بکرێتەوە. ئەم بەشە هەڵوەستە لەسەر ئەوە دەکات کە پێناسەی باینەری بۆ ئێستا و هەنووکە چۆن ئەم چەمکانە لەباری پێکهاتە و ماناوە لێکجیا دەکاتەوە بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکات و ژمارەی فاکتەرەکان لە پێناسەکردنی کاتی ڕێزمانیشدا بەرزبکاتەوە.

١.١.٢. ئێستای ئاخێوەر/بەرئاخێو i و خاڵی داینامیکی هەنووکە n

وەک لە نەخشەی ١دا دەبینرێت، ئەم تیۆرییە باینەرییە لە واتاسازیی ئێستادا وەکوو خاڵ (یان مەودا لە کاتدا)، کە هاوساتە لەگەڵ چرکەی ئاخێودا، لادەدات و

1. Modal

٢. لەم توێژینەوەیەدا present بە ئێستا و now بە هەنووکە وەرگێڕدراوە.

ئێستا وەکوو داوێنێکی کاتشووناس پێناسە دەکات کە هەنووکە n لەخۆ دەگرێت. بەم مانایە، هەنووکە n ، کە نوێنەرایەتیی خاڵێکی گۆڕاو دەکات، ئەو چرکەیەیە کە تاک بیری تێدا دەکاتەوە، لە کاتێکدا کە ئێستا i ئەو داوێنەیە کە ئەم چرکەیەی تێدا جێگیر دەبێت (فێرکۆیل، ۲۰۰۸). ئەم پێشنیازە پەیوەندیی مانایی ئێستا و هەنووکە دەپچڕێنێت.



نەخشەی۱ داوێنی ئێستا

نەخشەی ۲ نیشان دەدات کە گریمانەکردنی چرکەیەک کە تاک بیری تێدا دەکاتەوە ئاماژە بە بوونی چرکەیەکی هاوتەریب دەدات کە تاک لەبارەی ڕابردووەوە بیر دەکاتەوە. لای فێرکۆیل (۲۰۰۸، ۲۰۲۱) ئێستایەکی پێشین[1] i بوونی هەیە کە هەنووکەیەکی مەجازی n (بە هەموو تایبەتمەندییەکانی n ەوە) لەخۆ دەگرێت، کەواتە i لەگەڵ دا هاوتەریبە تا ئاستی لەخۆگرتنی هەنووکەیەکی پێشین n. بە ئاوایەکی دیکە، ئێستا پێناسەی داوێنێکە کە n لەخۆ دەگرێت و دەتوانرێت بە شێوەی هاوتەریب لە ڕابردووش پەیوەند بدرێت.



1. Then-present

نەخشەی ۲ داوێنی ڕابردوو

پێویستە بگوترێت کە n لەم پێناسەیەدا هەمان مانای سروشتیی خۆی لە زەینی مرۆڤدا هەیە، واتە خاڵێکی هـەردەم گـۆڕاو کە هیچکات ناوەستێت و سەرەتا و بنەتایەکی نییە. ئەم پێناسەیە، کە سروشەکەی لە یەسپێرسن[1] (١٩٢٤) وەرگیراوە، گرنگیی n لە سیستەمەکەدا دەهێڵێتەوە؛ خاڵی n توخمێکی دیاریکەری ئێستایە کە ڕێگە بە پێناسەکردنی داوێنی ئێستای پێشین i دەدات.

بەم شێوەیە، nی باینەری جیاوازە لە واتای (نوێ)ڕایشنباخیی چرکەی ئاخێو کە ڕۆڵێکی داینامیکی نییە. هەرچەند کە چرکەی ئاخێو لە پێناسەی ئەوانیشدا بەرەوپێشەوە دەڕوات، بەڵام خاڵێکی گۆڕاو نییە.

٢.١.٢ داوێنی ئێستای ڕووداو

فێرکۆیل (٢٠٠٨، ٢٠٢١) ئیندێکسێکی دیکەش (j) پێناسە دەکات کە نوێنەرایەتیی ئێستای ڕووداو (k) دەکات. ، کە لە دووانەی پێکدژی دووەمدا (هاوکاتێتی/پاشکاتێتی) جێگیر دەکرێت، دوو ئەرک بەجێ دەگەیەنێت: ١) نەبوونی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئیندێکسی ڕووداو (k) و ئێستای ئاخێوەر/بەرئاخێودا (j)، وەک ڕەنگدانەوەی دەرایەتیی[2] ڕووداو؛ ٢) داماڵینی کاتێتی لە داهاتوو.

سەرەڕای ئەوەش، جیاکردنەوەی j لە i دەبێتە هۆی تواناکردنی فراوانکردنەوەی ناسنووریاری j. سیناریۆیەک وێنا بکەن کە تێیدا بانگهێشت کراوین بۆ میوانییەک لەم ئێوارەیەدا. لەم سیناریۆیەدا jی k دەتوانێت ئەو مەودایە لە کاتدا بێت کە ڕووداوەکەی تێدا ڕووەدات، بەڵام دەکرێت j بۆ ئەم ئێوارەیە یان بۆ ئەمڕۆش فراوان بکرێتەوە، بە شێوەیەک کە ی میوانییەکە x= ماوەی میوانییەکە لەم ئێوارەیەدا یان x= ئەم ئێوارەیە یان x= ئەمڕۆ. لێرەدا پەیوەندیی نێوان ئێستای ئاخێوەر/بەرئاخێو و ئێستای ڕووداو جەوهەری کاتی ڕێزمانی دەخاتەڕوو.

٢.٢. سێ دووانەی پێکدژی باینەری

کارلێکی نێوان i، j، k و n سیستەمێکی ٢×٢×٢ پێکدێنێت کە دەکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی کارلێکی فۆرمەکانی کاتی ڕێزمانیی کوردی بەکار بهێنرێت. فێرکۆیل (٢٠٠٨، ٢٠٢١) بە شێوەی خشتەی ١ کاتەکانی ئینگلیزی ڕێکخستووە.

1. Jespersen
2. Externality

خشتەی ١ هەشت کاتی ڕێزمانیی ئینگلیزی

		PRES	***PAST***
SYN	***IMP***	1. *Simple Present* (o.t.t) Maria sings $PRES(SYN(IMP(\varphi)))$	2. *Simple Past* (o.v.t) Maria sang $PAST(SYN(IMP(\varphi)))$
	PERF	3. *Present Perfect* (v.t.t) Maria has sung $PRES(SYN(PERF(\varphi)))$	4. *Past Perfect* (v.v.t) Maria has sung $PAST(SYN(PERF(\varphi)))$
POST	***IMP***	5. *Simple Future* (O.t.t.t) Maria will sing $PRES(POST(IMP(\varphi)))$	6. *Future in the Past* (o.v.t.t) Maria would sing $PAST(POST(IMP(\varphi)))$
	PERF	7. *Future Perfect* (v.t.t.t) Maria will have sung $PRES(POST(PERF(\varphi)))$	8. *Future Perfect in the Past* (v.v.t.t) Maria would have sung $PAST(POST(PERF(\varphi)))$

بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکانی خشتەی ١ دەبێت سەرەتا ڕۆڵی IMP و PERF لە پەیوەندیی لەگەڵ گوزارەی بێکاتی[1] (S_0=φ)دا ڕوون بکرێتەوە و پاشان تیشک بخرێتەسەر ڕۆڵی SYN POST و . خشتەی ١ ڕەنگدانەوەی پێکهاتەیەکی سینتاکتیکە کە لە نەخشەی ٣دا خراوەتەڕوو و لە خوارەوە بۆ سەرەوە بنیاتنراوە.



نەخشەی ٣ پێکهاتەی کاتی ڕێزمانی

1. Tenseless predication (proposition)

دووانەی پێکدژی IMP/PERF ئیندێکسی ڕووداو (k) لەخۆ دەگرێت کە دەبێتە جێنشینی گۆڕاوی aی ئەرگیومێنتی ڕووداوەکـەی کـردار لە گـوزارەی بێکاتی S_0دا. k دەتوانێت لەگەڵ bدا هاوکات بێت ($k\preceq\beta$) یان پێشکات بە b بەدی هاتبێت ($k\preceq\beta$). ئامرازی $\preceq$ نیشاندەری نادیاریکراوێتیی خاڵی تەواوبوونی کردارە، واتە دەربڕی بەردەوامبوونی ڕووداوە (imperfect(ive))، لە کاتێکدا کە $\preceq$ دەرخەری کۆتاییهاتنی تەواوەتیی ڕووداوە پێش n (یانn)، واتە دەربڕی ڕووداوە تەواوبووەکانە (perfect(ive)).

دووانەی پێکدژی SYN/POST ئیندێکسی j وەبەر دێنێت، کە یان هاوکاتە لەگەڵ jدا ($i\approx j$) یان پاشکاتی بەشی بەدیهاتوویەتی ($i_a<j$). لێرەدا j داوێنی ئێستای ڕووداو (k) کۆدبەندی دەکات و دەبێتە جێنشینی گۆڕاوی b . هەروەها، ئەم ئیندێکسە ڕووداو لە داوێنی ئێستا i یان ئێستای پێشین i پەیوەند دەدات. کەواتە، j ئیندێکسێکی ناوبەستە کە بە شێوەی سیستەماتیک ڕووداو پێکبەستی داوێنی ئێستا دەکات.

سەرئەنجام، دووانـەی پێکدژی PRES/PAST دوو داوێنە کاتشوورناسەکە دەسنیشان دەکـات. بە ئاوایەکی دیکە PRES و PAST تەنیا کردەگەڕێکن کە گوزارەیەکی بێکات دەگۆڕن بۆ ڕستەیەکی کاتدار[1]. کەواتە، نموونەی (۲) تەنیا دوای بەکارهێنانی PAST وەبەر دێت.

(۲) هێدیکا چێشتی ئێوارەی لێنا.

لێرەدا نوێنەرایەتیی گوزارەیەکی بێکات دەکات و S^› ڕستەیەکی کاتدار، کەواتە S)=PRES(S^›) یان S)=PAST(S^›) . بەم پێیە،

(2):=PAST(hedika tʃeʃti ewaraj lenan)

دەبێت بگوترێت کە ئەنجامێکی بەرچاوی جیاکردنەوەی کۆتاییهاتنی تەواوەتی $\prec$ و پێشینبوون ئەوەیە $\prec$ کە ئیتر ناکرێت پێکدژییەک لە نێوان کاتە ڕێزمانییەکانی ئێستا و ڕابردوودا گریمانە بکرێت.

۳.۲. داهاتوو وەک بنداوێنێکی مۆدالشووناس

نەخشەکانی ۱ و ۲ نیشان دەدەن کە دابەشکەری داوێنی ئێستاشە. لە ڕاستیدا، n (یـان n^›) داوێنی i (یـان i^›) لە ناوخۆیدا بەسەر دوو بەشی بەدیهاتوو و

1. Tensed sentence

بەدینەهاتوودا دابەش دەکات. ئەم دابەشینە دوو ڕاستی ئاشکرا دەکات: یەکەم، وەک فێرکۆیل (۲۰۱۲) ڕوونی دەکاتەوە، ڕووداوەکانی داهاتوو تەنیا لە پەیوەندیی لەگەڵ چرکەی ئاخێودا نابینرێن، بەڵکو دەتوانرێت پاشکاتێتی لە ڕابردووشەوە پێوانە بکرێت. بەم پێیە، ئێستا و ڕابردوو بنداوێنی داهاتووی خۆیان هەیە، بۆ نموونە: They will read the book (داهاتوو لە ئێستادا) و They would read the book (داهاتوو لە ڕابردوودا). دووەم، پێویستە کاتێتی لە i_۰ و ⟦i^‹⟧_۰ بستێندرێتەوە و POST بۆ خوێندنەوەیەکی مۆدالّشووناس لە داوێنی PRES و PASTدا سنووردار بکرێت.

ئاشکرایە کە پێشنیازی دووەم مشتومڕئەفرێنە، چونکە ئەم پرسیارە دێنێتەئارا کە چۆن دەتوانرێت چەمکی داهاتوو نزم بکرێتەوە بۆ پەیوەندیی تایبەتی نێوان ئاخێوەر/ بەرئاخێو. لەو زمانانەدا کە داهاتوو بەڕێزمانی بووە، داهاتوو بە کاتشووناس دەزانرێت یان کاتێتیی داهاتوو بە کارکردی سەرەکیی دەژمێردرێت. هەروەها، پەیوەندیی نێوان داوێنەکانی مۆدالّشووناس و کاتشووناس پێویستی بە فۆرمالّیزەکردنێکی وردبینانە هەیە.

فێرکۆیل (۲۰۲۱) شیتالّی دەکاتەوە کە پێویست بە دەربواردنی وتەزای داهاتوو ناکات، بەڵکو پێویستە پێکهاتە هێڵییە ناکاتشووناسەکانی ناو i_۰ و ⟦i^‹⟧_۰ لە دەرەوەی تەوەری کاتێتی ڕاوەستن هەتا بەکارهێنانی PRES یان PAST مەپینگی بەکاتێتیبوونیان چالاک دەکات. وەک لە نەخشەی ٤دا دەبینرێت، چرکەی ئاخێو، کە دابەشکەری داوێنەکەیە، لێکدانەوەی مۆدالّشووناس لەم سیستەمە باینەرییەدا ئاسان دەکاتەوە. لێرەدا n خاڵی بنەڕەتیی دابەشکردنی جیهانە لواوەکانە .



نەخشەی ٤ دابەشینی دوای

ئەم تیۆرییە پێی وایە کە ئاخێوەر داوێنی پەیوەندیدار بە لێکدانەوەی ڕووداو – ئێستا یان ڕابردوو – هەڵدەبژێرێت و ئەو گۆشەنیگایە دیاری دەکات کە دەبێت شوێنی ڕووداوی بەرباسی تێدا دەستنیشان بکرێت. بە دەربڕینێکی ڕوونتر، داهاتوو بنداوێنێکی ئاخێوەربەستە. فێرکۆیل (٢٠٢١) دەنووسێت کە مۆدالێتییەکانی ناسینەیی و باوەڕی واتای واقعیەتی میتافیزیکیی بابەتیان بە هۆی سیستەمە زانیاری و باوەڕییەکانی پێکئاخێوەکان[1] بەڕێژەیی کردووە. ئەمەش دەرخەری ئەو پلەی دڵنیاییەیە کە تاک بە گوزارەی دەبەخشێت. هەر لە ڕوونکردنەوەی POSTدا، کە گرێدراوی کارلێکی ئاخێوەر/بەرئاخێوە، ئەم فۆرمانەی مۆدالێتی بەکار دەهێنرێن.

هەروەک لە بەشەکانی دواتردا دەخرێتەڕوو، ئەم مۆدێلە باینەرییە دوو چەندینوێنی هەبوونەکی[2] بەکار دەهێنێت: ∃k، کە لە ئاستی IMP/PERFدا دەناسێندرێت و ∃j، کە لە ئاستی SYN/POSTدا دەناسێندرێت. فێرکۆیل (٢٠٢١) ڕوونی دەکاتەوە کە نزمکردنەوەی فۆرمالّی داهاتوو سنووردارە بە داوێنی POST. ئاشکرایە کە کارلێکی نەرێنیکردن و ئەم دارشتەیە پێکهاتەکانی وەک ∃k¬∃j¬، ∃k¬∃j∃k و j¬∃k¬ بەرهەم دەهێنێت کە پێناسەکردنی j وەکوو کردەگەرێکی مۆدالّشووناس تواناتر دەکات. ئەم چەندینوێنە هەبوونەکیانە، کە لە بنەمای زانیاریی پێکئاخێوەکان لە مانای ناسینەییدا گرێ دەدرێن، ڕێگە بە هیچ چەشنە لێکدانەوەیەکی میتافیزیکی نادەن.

لەم سۆنگەیەوە، ڕیزبەندی پێکهاتەیی (٣) دەتوانێت وەکوو بنەڕەتی دابەشینی i بەسەر i_a و i_٥دا ڕەچاو بکرێت

$$(3)\ l(i_a)=l(i)\wedge r(i_a)=l(i_٥)\wedge r(i_٥)=r(i)$$

لەم پێکهاتەیەدا، n ئەو خاڵە ڕاگوێزەرەیە کە دواخاڵی بەدیهاتووی i_a لە یەکەم خاڵی بەدینەهاتووی i_٥ پەیوەند دەدات.

دەبێت بگوترێت کە بە پێی برۆخویس و فێرکۆیل (٢٠١٤) و فێرکۆیل (٢٠٢١)، هەر چەشنە خوێندنەوەیەکی داهاتوو باریکی مۆدالّشووناسی هەیە، ئیتر گرنگ نییە کە بەڕێزمانی بووە یاخود نا. پێویستە ئەوەش زیاد بکرێت کە ئەم پێناسەکردنەوەیەی هەنووکە، ئێستا و داهاتوو ڕوانگەیەکی سیستەماتیکی باینەری بۆ کاتی ڕێزمانی پێکدێنێت کە پێویستی بە کردەگەری وەک PROSpective بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ

1. Interlocutors (speaker/hearer)
2. Existential quantifier

داهاتوویەتیدا نییە. بەپێچەوانەی لێکدانەوەی (نوێ)ڕایشنباخی، دەقی دیاریکراو و زانیاریی هاوبەشی نێوان پێکئاخێوەکان، کە بە هۆی Maxim of Quantity principle پێوانە دەکرێت، وەڵامدەرە.

٣. لێکدانەوەیەکی باینەری بۆ سیستەمی کاتی ڕێزمانیی کوردی

١.٣. کاتەکانی ئێستا

لێرەدا کاتەکانی ئێستای کوردی، کە لێکدانەوەی فۆرمالّی داهاتووش دەگرێتەوە، پێناسە و فۆرمالّیزە دەکرێن. هەردوو کاتی ئێستای بەردەوام و ئێستای تەواو لە کوردیدا دەتوانن دەربڕی ئەو ڕووداوانە بن کە لەوانەیە لە پاشکاتی nدا ڕوو بدەن. هەر بۆیە، داهاتوو وەکوو بنداوێنێکی مۆدالّشووناسی ئێستا دەناسێنن.

١.١.٣. ئێستای بەردەوام

ئەگەر کاتێکی ڕێزمانیی ئێستا دەربڕی ڕووداوێک بێت کە هاوکات لەگەڵ چرکەی ئاخێودا ڕوو دەدات، هەمیشە بە بەردەوام پێناسە دەکرێت، ئیتر گرنگ نییە کە ڕووداوەکە کۆتادار[1] بێت یان نا (فێرکۆیل، ٢٠٢١). ئەم تایبەتمەندییە لە کوردیدا بەدی دەکرێت، کە بەپێچەوانەی زمانەکانی وەکوو ئینگلیزی، ئێستای سادەی نییە. ئاخێوەرانی کوردی ئێستای بەردەوام بۆ دەربڕینی هەردوو ڕووداوەکانی کۆتادار +T (ی دووپاتبوو) و ناکۆتادار -T بەکار دەهێنن.

نموونەی (٤) ڕووداوێک دەردەبڕێت کە پێشکات بە یان هاوکات لەگەڵ چرکەی هەردەم گۆڕاویn دا دەستی پێکردووە و ڕەنگە دوای ئەویش بەردەوام بێت. تەواوبوونی ڕووداوەکە بە دیارینەکراوی دەمێنێتەوە، چونکە زانیارییەک لەبارەیەوە بوونی نییە.

(٤) هەردەوان نامەکە دەنووسێت.

دەزانین کە (٤) لە چوارچێوەی دایەلۆگێکی تایبەتدا بێژە دەکرێت، کەواتە پێویستە بە هۆی مۆدالّیتییەکانی ناسینەیی و باوەڕی بخوێندرێتەوە کە دەق و زانیاریی هاوبەشی نێوان پێکئاخێوەکان ڕەچاو دەکەن. بۆ نموونە، ئەگەر (٤) لە وەڵامی پرسیارێکی داهاتوومەبەستدا[2] بێژە بکرێت (سبەی کێ نامەکە دەنووسێت؟)، ئیتر هەردەوان بکەری ڕووداوێکی بەردەوامە لە داهاتوودا.

فێرکۆیل (٢٠٠٨، ٢٠٢١) و برۆخویس و فێرکۆیل (٢٠١٤) سێ کردەگەری IMP،

1. Terminative
2. Future-oriented

SYN و PRES بۆ لێکدانەوەی پێکهاتەکانی وەک (٤) دەخەنەڕوو. نەخشەی ٥ کارلێکی ئەم کردەگەرانە دەنوێنێتەوە. ئیندێکسی k، کە سەرەتا و بنەتاکەی بە دوو و سێ هێڵی کورت نیشاندار کراوە بە سیمبۆلیزەکەری نادیاریکراوێتیی دەسپێک و نەبوونی زانیاری لەسەر بەدیهاتوویی تەواوی k دەزانرێت. هەر بۆیە، دەبێت ڕووداوی k بەردەوام بێت. لە بنەڕەتدا، IMP گوزارەیەکی بێکات وەردەگرێت، kی بۆ دەسنیشان دەکات و دەڵێت کە تەواوبوونی k لە داوێنی jدا دیاری نەکراوە.



نەخشەی ٥ ئێستای بەردەوامی کوردی

پێویستە کردەگەرەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەڕێوە بچن، کەواتە لە هەنگاوی یەکەمدا،

(5) $\mathrm{IMP} := \lambda\phi\lambda\alpha\exists k[\phi[k] \wedge k \leq \alpha]$

گۆڕاوی ڕووداوی کردار لە ϕ (بەتاڵ)دا بە گۆڕاوی بەستراوەی k پڕ دەکاتەوە کە مانای نەبوونی زانیاری لەسەر دۆخی تەواوبوونی ڕووداوەکە و گەڕان بە دوای داوێنی αدا بەدەستەوە دەدات.

هەروەک لە نەخشەی ٥دا دەبینرێت، j، ئیندێکسێکی ناوبەست کە ڕووداوی k پێکبەستی داوێنی i دەکات، هاوکاتە لەگەڵ داوێنی چرکەی ئاخێوی ئاخێوەر/بەرئاخێو iدا. سەرەڕای ئەمەش، ئێستای بەردەوام لە کوردیدا ڕەنگدانەوەی ڕووگەی ئاخێوەرە بۆ ڕووداوێکی ئێستایی لە گۆشەنیگای هاوکاتییەوە. هەر بۆیە، پێویستە لە هەنگاوی دووەمدا SYN هەڵبژێردرێت کە گوزارەی بێکاتی φ)IMP) وەردەگرێت و لە ئیندێکسی iی پەیوەند دەدات.

(6) SYN:=λϕλα›∃j[ϕ[j]∧α^›≈j]

گۆڕاوی هەبوونەکیی بەستراوەی j دەکاتە جێنشینی α، هەر بۆیە هاوکاتێتیی α و j نیشان دەدات و بۆ داوێنی α^› دەگەڕێت.

ئەم دوو هەنگاوە تا ئێستاش گوزارەیەکی بێکات وەبەر دێنن. کەواتە، PRES پێویستە بۆ گۆڕینی گوزارەی بێکاتی(φ)SYN(IMP)) بە ڕستەیەکی کاتدار.

(7) PRES:=λϕ∃!i[ϕ[i]∧i∘n]

داوێنێکی تایبەتی i لە ϕدا وەک داوێنی ئێستا دەناسێنێت و کاتی ئێستای ڕستەکە پێناسە دەکات.

بەم پێیە، سینتاکسی ڕستەکانی وەک (٤) لە کوردیدا بریتییە لە:

(8) PRES(SYN(IMP(S hardawɑn nɑmaka nu:sin)))

لە ڕاستیدا، ئێستای بەردەوام بە قۆناخەکانی خوارەوەدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە پێناسەی ماناناسانەی (٩).

Step 1: IMP(ϕ) ~>λα∃k[ϕ[k]∧k≤α]

Step 2: SYN(IMP)(ϕ) ~> λϕλα^›∃j[ϕ[j]∧α^›≈j##]##)(λα∃k[ϕ[k]∧k≤α])

...

=λα^›∃j∃k[ϕ[j]∧k≤j ∧ α^›≈j]

Step 3: PRES(...) ~>λϕ∃!i[ϕ[i]∧i∘n](λα^›∃j∃k[ϕ[j]∧k≤j ∧ α^›≈j])

=∃!i∃j∃k[ϕ[j]∧k≤j ∧ i≈j ∧i∘n]

(9) ∃!i∃j∃k[ϕ[k]∧k≤j∧j≈i∧i∘n]

ئەوەی کە ئێستای بەردەوام ڕووداوێکی ئێستایی دەردەبڕێت کە خاڵی کۆتاییەکەی دیاری نەکراوە بە هۆی k≤j سیمبۆلیزە کراوە. ئەمەش پێمان دەڵێت کە لەوانەیە k پێشکات بە یان هاوکات لەگەڵ j دەستی پێکردبێت و ڕەنگە هێشتا بەردەوام بێت یان نەبێت. j کەموزۆر هاوکاتە لەگەڵ iەکی تایبەتدا i≈j، کە هەڵگری هەنووکەیە i∘n، هەر بۆیە هاوکاتێتیی ڕووداوەکە و چرکەی ئاخێو دەسنیشان دەکات. ئەم پێناسە فۆرماڵە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی لێکدانەوەی ئەم کاتەیە لە کوردیدا.

ئەم ڕوانگە باینەرییە داهاتوو وەک بنداوێنێکی مۆدالّشووناس پێناسە دەکات کە دەربڕی ڕێژەیەکە لە دلّنیایی. وەک لە نەخشەی ٥دا نیشان دراوە و بە هۆی ∃!i، کە نیشاندەری سروشتی دەقتەوەری ∂ە، سیمبۆلیزە کراوە، پێویست ناکات پاشکاتێتی بە هۆی کردەگەرێکی دیکەوە شی بکرێتەوە. کردەگەری PRES، پشتئەستوور بە دەق و زانیاریی هاوبەشی نێوان پێکئاخێوەکان بۆپێشەوە دەجوولّێت و k لە بنداو□نیi_٥ دا جێگیر دەکات.

زۆرینەی ڕێزمانناووسان و زمانناسان (مەککاروس، ١٩٥٨؛ کیم، ٢٠١٠؛ وەیسیحەسار، ١٣٩٤) زانیویانە کە ئێستای بەردەوام بۆ دەربڕینی داهاتووش بەکار دەهێنرێت. بۆ وێنە، وەیسیحەسار (١٣٩٤: ١١٠) نموونەی (١٠)ی هێناوەتەوە.

(١٠) ئاکۆ تابلۆکە دەبینێت.

ئەو ڕوونی دەکاتەوە کە ئێستایەتی، لە هەلومەرجی یەکساندا، خوێندنەوەی سەرەکییە. وەیسیحەسار (١٣٩٤: ١١١) نموونەیەکی دیکە (١١) بەدەستەوە دەدات کە ئاوەلّکرداری سبەی تێدا بەکار هاتووە بۆ ئەوەی کرداری دەڕوات ئاماژە بە داهاتوو بدات.

(١١) ئاکۆ سبەی دەڕوات بۆ قوتابخانە.

بەلّام وەیسیحەسار (١٣٩٤)، کە سوودی لە وتەزای تێرنەریی ئێستا وەکوو خاڵ وەرگرتووە، تیشکی نەخستووەتەسەر ئەوەی کە چۆن نموونەی (١٠) دەتوانێت دەربڕی داهاتوویەتی بێت. تیۆریی باینەری بۆ دیاریکردنی خوێندنەوەی هاوکاتێتی یان پاشکاتێتیی ڕستە کەلّک لە Gricean Maxim of Quantity principle وەردەگرێت. وەکوو لە نموونەی (١٢)دا نیشان دەدرێت، ئەم ڕێسایەی گریس بۆ ژماردنی گەیشتنی زانیاریی پێویست بە بەرئاخێو بەکار دەهێنرێت و ڕوونی دەکاتەوە کە ئایا ئاکۆ ئێستا خەریکە تابلۆکە دەبینێت یان لە داهاتوودا دەیبینێت.

ڕەنگە باش بێت لێرەدا ئەوەش زیاد بکرێت کە یەکێک لە شێوەکانی لێکدانەوەی کوردی بە کەلّکوەرگرتن لە ڕوانگەی (نوێ)ڕایشنباخی بریتییە لە گۆڕینی پێشنیازەکەی کلاین (١٩٩٢، ١٩٩٤) بۆ فۆرمێکی باینەری. ئەم هەوڵە بوو بە هۆی کێشانی خشتەی ٢ لەم توێژینەوەیەدا.

خشتەی ٢ بەبایەنەریکردنی پێشنیازە تێرنەرییەکەی کلاین

		Past		Present	
		Synchronous	*Posterior*	*Synchronous*	*Posterior*
Perfect	En:	had gone	would have gone	have gone	will have gone
	Ku:	rojiʃtəbu:jt		rojiʃtu:jta	
		Synchronous	*Posterior*	*Synchronous*	*Posterior*
Perfective	En:	went	would go	go	will go
	Ku:	rojiʃtit		–	rojiʃtit
		Synchronous	*Posterior*	*Synchronous*	*Posterior*
Imperfective	En:	were going	would be going	are going	will be going
	Ku:	darojiʃtit		Darojt	

لە خشتەی ٢شدا دەبینرێت کە داهاتوو لە کوردیدا بەڕێزمانی نەبووە، هەر بۆیە هەر چەشنە لێکدانەوەیەکی تێرنەری هەندێک کێشەی تایبەتی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە لەباری ڕۆنانگەری، زێدەبوونی سیستەم و سیستەماتیکبوونی لێکدانەوەوە.

لە نموونەیەکی دیکەدا سەربەست وێنا بکەن کە لەگەڵ دایکی دەژی، بەڵام پێشنیازی کارێکی لە شارێکی دیکە وەرگرتووە. پێش چوونی، سەربەست لەگەڵ بەرادەرێکی ڕاوێژ دەکات و بەرادەرەکەی ئەگەری نەخۆشکەوتنی دایکی دێنێتەئارا. سەربەست لە وەڵامدا دەڵێت شارەکە نزیکە، کەواتە:

(١٢) دەگەڕێمەوە و دەیبەم بۆ دکتۆر.

لەم پێکهاتەیەدا، Maxim of Quantity principle نیشان دەدات کە زانیاریی پێویست لەسەر ئەوەی کە k لە i_٥دا جێگیر دەبێت، بە بەرئاخێو گەیشتووە. پێویستە سەرنج بدرێت کە پێشگری دە-، ئەگەر بە مۆدالّشووناس بزانرێت، مۆدالّێکی ناکاتشوونەسە کە بەشداری لە گواستنەوەی مانای کاتێتیدا ناکات. پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە کاتێک ڕستەیەک دەربڕی بەکارهێنانی داهاتوومەبەستی ئەم کاتە ڕێزمانییەیە، دەربڕینی ماناناسانەی (٩) دەگۆڕێت بۆ ∃i∃j∃k[ϕ[k]∧k≤j∧i_!∃ [a<j∧i∘n] کە گوزارشت لە ڕۆڵی مۆدالّشووناسی POST دەکات. ئەم ڕۆڵە لە هەندێک زماندا بەڕێزمانی بووە، وەکوو ئینگلیزی (will/would) و لە هەندێکی دیکەدا،

وەکوو کوردی، بە پێی دەق و زانیاریی هاوبەشی نێوان پێکئاخێوەکان دیاری دەکرێت. وەک ئاشکرا کرا، کاتی ئێستای بەردەوامی کوردی دەتوانێت ڕووداوەکانی داهاتوو کۆدبەندی بکات، بۆ ئەم کارەش پێویستی بە کۆمپۆنێنتێکی یاریدەدەر یان مۆرفیمێکی دیکە نییە. ئەم تایبەتمەندییە داهاتوو لە کوردیدا وەک بنداوێنێکی ئاخێوەربەست پێناسە دەکات کە لە چوارچێوەی داوێنی دایە و دەتوانرێت بە هۆی مۆدالێتییەکانی ناسینەیی و باوەڕی شی بکرێتەوە. بەشەکانی داهاتوو داتای زیاتر بۆ پتەوکردنەوەی لێکدانەوەی داهاتووی کوردی وەکوو ڕاگوێزەری مانای مۆدالشوورناس دەخەنەڕوو.

٢.١.٣ ئێستای تەواو

هەر کردەیەک یان تەواو بووە یان ناتەواوە (IMP بەرامبەر بە PERF)، کەواتە کردار ڕووداوەکە یان لە قۆناخەکانی بەرەو تەواوبوونداً دەردەبڕێت یان لە خاڵی تەواوبوونداً (فێرکۆیل، ٢٠٠٨). ئێستای تەواوی کوردی پێکهاتووە لە فۆرمی Past Participleی کردار، کە دەربڕی پێشکاتێتییە و کرداری یاریدەدەری بوون (ە)، کە بەکۆدکەری پەیوەندیداریی بە ئێستاوە.

(١٣) ژیوار ڕۆیشتووە بۆ بازاڕ.

ڕستەی (١٣) ڕووداوێک دەگوازێتەوە کە پێش هەنووکە n بەتەواوی بەدی هاتووە و ڕەنگە پەیوەندی بە چرکەی ئاخێوەوە هەبێت یان خاوەن دواهات بێت.

نەخشەی ٦ وێنەسازییەکی پەیوەندیدار بە خوێندنەوەی (١٣) نیشان دەدات. وەک فێرکۆیل (٢٠٢١) نووسیویەتی، دەبێت سەرنج لە دوو توخمی سەرەکیی ئەم نەخشەیە بدرێت:

A. نەبوونی هێڵەکانی لای ڕاستی k.

B. ئەم ڕاستییەی کە پێویست ناکات k لە a_iدا بە nەوە نووسابێت.

خاڵی یەکەم جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئێستای تەواو دەربڕی ڕووداوێکی تەواو بەدیهاتووە کە بە هۆی پێناسە دەکرێت و بە ئامرازی سیمبۆلیزە دەکرێت. خاڵی دووەم نیشاندەری نەرمکێشیی لە هەڵبژاردنی شوێنگەی خۆی لە دایە کە سیستەمەکە بۆ جیاکردنەوەی ئێستای تەواوی ئەزموو[1] و ئەنجامدار[2] توانا دەکات.

1. Experiential
2. Resultative

نەخشەی ٦ ئێستای تەواوی کوردی



ڕستەکانی (١٤) نیشان دەدەن کە هەردووکی ئەم کارکردانەی ئێستای تەواو لە نێوان ئاخێوەرانی کوردیدا دەبینرێت.

(١٤) A. ئێستای تەواوی ئەزموو
میران سەفەری زۆری کردووە.
B. ئێستای تەواوی ئەنجامدار
دووکانەکەم داخستووە.

نموونەی (١٤A) ئاشکرای ناکات کە ئایا ئێستا میران لەسەفەردایە یان نا، بەڵام ئاشکراکەری ئەوەیە کە ئەزموونێکی زۆری سەفەرکردنی هەیە. ڕستەی (١٤B) دەربڕی ئەوەیە کە دووکانەکە ئێستا داخراوە، کەواتە دەتوانێت ئەنجامی لەسەر ئەو کەسانە هەبێت کە دەیانەوێت شمەک لە دووکانەکە بکڕن.

بە پێی تایبەتمەندییە پێکهاتەیی و مانایییەکانی ئێستای تەواوی کوردی، سێ کردەگەر (PERF، SYN، PRES) پێویستن بۆ پێناسەکردنی ئەم کاتە ڕێزمانییە. بەم پێیە، (١٥) دەربڕی سینتاکسی نموونەکانی (١٣) و (١٤)یە.(١٥)

(15) PRES(SYN(PERF(S ʒiwar rojiʃtən bo bazar)))

لەم پێکهاتەیەدا،

(16) PERF:=λϕλα∃k[ϕ[k]∧k≺α]

گۆڕاوی ڕووداوی کردار لە ϕ دەکاتە جێنشینی گۆڕاوی k بۆ ئاماژەدان بە تەواوبوونی کردارەکە و گەڕان بۆ داوێنی α.

دوای PERF نۆرەی SYN دێت کە گوزارەی بێکاتی (SYN(PERF(φ)) وەبەر

دێنێت. لە هەنگاوی سێیەمیشدا PRES ڕستەیەکی کاتداری ئێستا چێ دەکات. کەواتە، ئێستای تەواوی کوردی لەباری ماناییەوە یەکسانە بە (١٧).

(17) ∃!i∃j∃k[ϕ[k]∧k≺j∧j≈i∧i∘n]

بەڵام ناکرێت ئێستای تەواوی کوردیش سنووردار بکرێت بۆ دەربڕینی ڕووداوەکانی ئێستا. بۆ نموونە، بەهار دەتوانێت ڕستەی (١٣) لە کاتژمێری ٩ی بەیانیدا بێژە بکات و ئاماژە بەوە بدات کە ژیوار کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆ چووە بۆ بازاڕ (و ئەگەر ڕامان کاتژمێر ٣٠:٤ بگاتە مااڵیان، چاوی بە ژیوار ناکەوێت). لەم خوێندنەوەیەدا، (١٣)k لە i_٥دا جێگیر دەکات. دەبێت جەخت بکرێتەوە کە ئەوە تایبەتمەندیی PRESە کە ڕووداوەکە بۆپێشەوە دەبات نەک PERF.

لە نموونەیەکی دیکەدا هێدیکا، بازرگانێکی کورد وێنا بکەن کە دەیەوێت کۆچ بۆ ئەمەریکا بکات. ئەو پێشتر کۆمپانیایەکی لەوێ دامەزراندووە و ئەمشەو بە فڕۆکە دەڕوات. ئاکام، کە دەیەوێت پێش چوونی هێدیکا ببینێت، بۆ دیاریکردنی کات پەیوەندی بە بەهارەوە دەکات. بەهار وەاڵم دەداتەوە کە ئەگەر دەتەوێت هێدیکا ببینێت، دەبێت ئەمڕۆت بۆ دابنێم، ئەگینا سبەی (١٨).

(١٨) هێدیکا لێرە ڕۆیشتووە.

ئاشکرایە کە (١٨) بەکارهێنانێکی داهاتوومەبەستی ئێستای تەواوە و maxim of quantity principle خوێندنەوەی داهاتوومەبەستی ئەم ڕستەیە ڕوون دەکاتەوە.

وەک پێشتر باس کرا، ئەم تیۆرییە باینەرییە بەڕێزمانیبوونی کاتی داهاتوو بەپێویست نازانێت، بەڵکو میکانیزمەکانی خوێندنەوەی داهاتوومەبەست لە کردەگەرەکانی PRES و PASTدا بنەجێ دەکات و دەربڕینە ماناناسانەکەی بەو پێیە دەگۆڕێت. ئاشکرایە کە ئەگەر ئێستای تەواو لە مانا داهاتوومەبەستەکەیدا بەکار بهێنرێت، دەربڕینی ماناناسانەی (١٧)، بە هۆی ڕۆڵی مۆدااڵشووناسی کردەگەری POST دەگۆڕێت بۆ ∃!i∃j∃k[ϕ[k]∧k≺j∧i_a≺j∧i∘n]، کە لە هەندێک زمانی وەک ئینگلیزیدا بەڕێزمانی بووە.

٢.٣. کاتەکانی ڕابردوو

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ڕابردووی ڕەها ئەسپێکتی perfective لە داوێنی ڕابردوودا کۆدبەندی دەکات، دەتوانرێت بگوترێت کە هاوتەریبەتیی پێکهاتەمەندی

بەرمەبەستی ئەم سیستەمە باینەرییە لە کوردیدا بەدی دەکرێت. ئێستای بەردەوام کاتێکی هاوتەریبی لە ڕابردوودا هەیە و ئێستای تەواویش هاوتەریبە لەگەڵ هاوتاکەی لە ڕابردوودا. هەر بۆیە پەیوەندیی ڕێگە بە پێناسەکردنی کاتەکانی ڕابردوو بە هاوشێوەی کاتەکانی ئێستا دەدات.

١.٢.٣. ڕابردووی بەردەوام

لە ڕوانینەوەی یەکەمدا وادەردەکەوێت کە جیاوازیی نێوان کوردی و ئینگلیزی لە ئێستادا ڕەنگدانەوەی لە ڕابردوودا نییە، چونکە بێجگە لە ڕابردووی تەواو، هەردوو زمانەکە دوو کاتی ڕێزمانیی دیکەیان لە ڕابردوودا هەیە. بەڵام کاتەکانی ڕابردووی کوردی جیاوازیی بنەڕەتیان لەگەڵ هاوتا ئینگلیزییەکانیاندا هەیە.

(١٩) A. ڕابردووی بەردەوام

ئاکام کتێبەکەی دەخوێندەوە.

B. ڕابردووی ڕەها

ئاکام کتێبەکەی خوێندەوە.

کوردی فۆرمێکی بەردەوامی هەیە (١٩A) کە بۆ دەربڕینی ڕووداوە ناتەواوەکان بەکار دەبرێت. هەبوونی ئەم فۆرمە دڵنیایی دەدات کە دەبێت (١٩B) بە پێرفێکتیڤ بزانرێت. ئەم بەشە هەڵوەستە لەسەر نموونەی (١٩A) دەکات.

توێژەرانی کورد هەندێکجار پێشگری دە- لە ڕابردوودا بە هاوتای فۆرمی جەرێندی ئینگلیزی دەزانن. بۆ نموونە، وەیسیحەسار (١٣٩٤: ١١٣) دەنووسێت کە ئەم پێشگرە لە ڕابردوودا "هاوشێوەی فۆرمی -ing لە ئینگلیزیدا تەنیا مانای بەردەوامێتی دەگەیەنێت". ئەوەی لە لایەن توێژەرانی وەک وەیسیحەسارەوە بینراوە ئەمەیە کە کوردی، وەکوو ئینگلیزی، دوو فۆرمی سادە و بەردەوامی لە ڕابردوودا هەیە، لە کاتێکدا کە نەبوونی ئێستای سادە لەم زمانەدا بەئاشکرا بەدی دەکرێت. هەر بۆیە، بەم ئەنجامە گەیشتوون کە لێکدانەوەی پێشگری دە- لە ئێستادا کارێکی یەکجار ئاڵۆزە، بەڵام لە ڕابردوودا زۆر سانایە. ئاشکرایە کە ئەم کاتە ڕێزمانییە، ئەگەرچی دەتوانێت دەربڕی ئەو مانایەش بێت کە لە ئینگلیزیدا بە فۆرمی جەرێند بێژە دەکرێت، بەڵام ناتوانرێت لەگەڵیدا بەیەکسان بزانرێت.

ئەم توێژینەوەیە پێی وایە کە ڕابردووی بەردەوامی کوردی هاوتەریبە لەگەڵ هاوتاکەی لە ئێستادا، چونکە هاوشێوەی ئێستای بەردەوام دەربڕی ڕووداوە هاوکات و خووکردەکان[1] و هەروەها داهاتوو لە ڕابردوودایە. ئاڵۆزبوونی ئەم پێشگرە لەوەدایە کە مۆرفیمێکی پۆرتمانتۆیە کە هاوکات بەردەوامێتی، خووکردێتی، دووپاتبوونەوە و مۆدالێتی کۆدبەندی دەکات. نموونەکانی (۲۰)، بە مەبەستی پێداگری لەسەر هاوتەریبەتیی نێوان بەردەوامەکانی کوردی، ئەم کارکردانە لە ئێستا و ڕابردوودا بەرجەستە دەکەنەوە.

(۲۰) A. تا ئێستاش وانە دەخوێنین.
B. تا ئەوساش وانەمان دەخوێند.
C. هێدیکا هەفتەی سێجار وەرزش دەکات.
D. هێدیکا هەفتەی سێجار وەرزشی دەکرد.
E. ساڵی داهاتوو دکتۆراکەم دەستپێدەکات.
F. ساڵی دواتر دکتۆراکەم دەستپێدەکرد.

(۲۰A) و (۲۰B) بەکارهێنانێکی بەردەوامەکان بۆ دەربڕینی ڕووداوە هاوکاتەکان لە ئێستا و ڕابردووداڵ. (۲۰C) و (۲۰D) بەکارهێنانی ئەم کاتانە بۆ دەربڕینی خووکردێتی کۆدبەندی دەکەن. سەرئەنجام، (۲۰E) و (۲۰F) دوو نموونەی بەکارهێنانی داهاتوومەبەستی بەردەوامەکانن. دەبێت سەرنج بدرێت کە دەتوانرێت ڕستەکانی (۲۰) بە شێوەی (۲۰›) بنووسرێنەوە بێ ئەوەی کێشەیەک لە گواستنەوەی مانادا بێتەپێش.

(۲۰) A. وانە دەخوێنین.
B. وانەمان دەخوێند.
C. هێدیکا وەرزش دەکات.
D. هێدیکا وەرزشی دەکرد.
E. دکتۆراکەم دەستپێدەکات.
F. دکتۆراکەم دەستپێدەکرد.

ئەوەی زانیاریی هاوبەشی نێوان پێکهاتەکان پێوانە دەکات بریتییە لە Maxim of quantity principle.

لە سیستەمی باینەریدا گۆشەنیگای ڕوانینەوە بۆ کاتەکانی ڕابردوو دەگوازرێتەوە

1. Habitual

بۆi^› . ئەم کارەش بە جوولّاندنی n بۆ خالّی کاتشووناسی مەجازیی n^› ئەنجام دەدرێت. نەخشەی ٨ ڕابردووی بەردەوام دەنوێنێتەوە.



نەخشەی ٨ ڕابردووی بەردەوامی کوردی

IMP نیشاندەری k لە i^›دایە وەکوو ئیندێکسێکی هەڵگری ڕووداوی خوێندنەوەی کتێبەکە لە نموونەی (١٩A)دا. ئەم ڕووداوە، کە بە هاوتەریب لەگەڵ هاوتاکەی لە ئێستادا دەزانرێت، پێشکات بە یان هاوکات لەگەڵ خالّی n^›دا دەستی پێکردووە و لەوانەیە لەو خالّەشدا و دوای ئەویش بەردەوام بێت. سەرەڕای ئەوەش، SYN پێویستە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە i^› هاوکاتە لەگەڵ jدا. کەواتە، پێویستە (٥) و (٦) بەکار بهێنرێنەوە. سەرئەنجام، PAST ڕابردووی بەردەوام لە هاوتا ئێستاییەکەی جیا دەکاتەوە. ئەمە بەو مانایەیە کە k نەک لە پەیوەندیی لەگەڵ nدا بەڵکو لە پەیوەندیی لەگەڵ n^›دا دەخوێندرێتەوە. هەر بۆیە دوای IMP و SYN، (٢١) دەبێتە هەنگاوی کۆتایی بۆ وەبەرهێنانی ڕستەیەکی کاتدار.

(21) PAST:=λϕ∃i^› [ϕ[i^›]∧i^›<i∧i∘n]

لەم سۆنگەیەوە، (٢٢) نیشاندەری سینتاکسی ڕابردووی بەردەوامە لە کوردیدا.

(22) PAST(SYN(IMP (sʔɑkɑm kətebakaj xwendənawa)))

بە لێکدانەوەی کردەگەرەکانی (٢٢) بە شێوەی لە خوارەوە بۆ سەرەوە، (٢٣) دەبێتە دەربڕینی ماناناسانەی ڕابردووی بەردەوام.

(23) ∃!i∃j∃k[ϕ[k]∧k≤j∧j≈i∧i<n]

بەم پێیە، تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی ڕابردووی بەردەوام بریتییە لە پەیوەندیی

پێشینبوون < کە داوێنی دەقتەوەری ∃!i لە پێشتر لە هەنووکەدا جێگیر دەکات.

ئەم کاتە ڕێزمانییە هەروەها بۆ دەربڕینی ڕووداوەکانی داهاتوو (لە ڕابردوودا) بەکار دەهێنرێت، کە هاوتەریبەتیی نێوان بەردەوامەکان زیاتر بەرجەستە دەکاتەوە. بۆ نواندنی ئەم بەکارهێنانە، لێرەدا نموونەی (١٢) دەگوێزرێتەوە بۆ دەقێک لە ڕابردوودا (بۆ نموونە ٢ ساڵ لەمەوبەر). کاتێک هەلومەرجەکە لە ئێستای چرکەی ئاخێو پەیوەند دەدرێت، سەربەست بە شێوەی (٢٤) وەڵامی بەرادەرەکەی دەداتەوە.

(٢٤) دەگەڕامەوە و دەمبرد بۆ دکتۆر.

لە نموونەیەکی دیکەدا، ئەلەند وێنابکەن کە مانگی پێشوو سەفەرێکی بۆ ئامەد ئەنجام نەدا، چونکە ڕاپۆرتەکانی کەشوهەوا نیشانیان دەدا کە، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکرا، لە سەرانسەری ئەو هەفتەیەدا باران دەبارێت. ئەو لە وەڵامی بەرادەرێکیدا لەبارەی هۆکاری نەچوونەکەی (٢٥) بێژە دەکات.

(٢٥) هەموو هەفتەکە باران دەباری.

کاتێک k، بە هۆی زانیاریی هاوبەشی نێوان پێکئاخێوەکان، بۆ ناو ‹i_∧٥› بۆپێشەوە دەجوولێت، ڕستەکان هێشتا ڕووداوێکی بەردەوام لە بنداوێنی ‹i_∧٥› دەردەبڕن. ئەم نموونانە زیاتر نیشان دەدەن کە داهاتوویەتی لە کوردیدا بە تایبەتمەندییەکی PRES و PAST دەژمێردرێت کە دەبێت بە ڕێگای مۆدالێتییەکانی ناسینەیی و باوەڕی لێکبدرێتەوە. هاوشێوەی کاتە ڕێزمانییەکانی دیکە، لەگەڵ بەکارهێنانی داهاتوومەبەستی ڕابـردووی بـەردەوامـدا، POST دەربڕینی ماناناسانەی (٢٣) دەگۆڕێت بۆ [i∃j∃k[ϕ[k]∧k≤j∧i_a<j∧i<n!∃] کە لە زمانی کوردیدا بە هۆی زانیاریی هاوبەشی پێکئاخێوەکان پێوانە دەکرێت.

٢.٢.٣. ڕابردووی تەواو

ڕستەی (٢٦) دەڵێت کە ژیوار، پێش گەیشتنی بەرئاخێوەکە، چبوو بۆ بازاڕ، هەر بۆیە نەیانتوانی لە ڕابردووی بەرمەبەستدا یەکدی ببینن.

(٢٦) ژیوار چبوو بۆ بازاڕ.

نەخشەی ٩ ڕابردووی تەواو دەنوێنێتەوە و وەک داوێنێکی هاوتەریبی هاوتاکەی لە ئێستادا نیشانی دەدات – جیاوازییەکەیان لە ئێستابوون یان ڕابردووبوونداوێنە کراوە.



نەخشەی ٩ ڕابردووی تەواوی کوردی

هەندێک نموونەی کوردی هەن کە ئەم هاوتەریبەتییە زیاتر بەرجەستە دەکەنەوە. بۆ نموونە دەتوانرێت ئاماژە بە ڕستەکانی (٢٧) بدرێت.

(٢٧) A. هەر وانەمان خوێندووە.

B. هەر وانەمان خوێندبوو.

C. تا تۆ دەست پێدەکەیت، من تەواوم کردووە.

D. تا تۆ دەستت پێکرد، من تەواوم کردبوو.

لەبەر تیشکی ئەم پەیوەندییە ئاوێنەئاسایەدا دوو توخمە سەرەکییەکەی نەخشەی ٦ لە نەخشەی ٩شدا جێگایان دەبێتەوە. هەروەک چاوەڕوانیش دەکرێت، لێکدانەوەی ڕستەکان دەبێت بەم شێوەیە بێت: سەرەتا PERF، پاشان SYN، سەرئەنجامیش PAST. هەر بۆیە (٢٨) دەربڕی سینتاکسی ڕابردووی تەواوە لە کوردیدا.

(28) PAST(SYN(PERF(S ʒiwar rojiʃtən bo bazar)))

کە (٢٩) دەبێتە دەربڕینە ماناناسانەکەی.

(29) ∃!i∃j∃k[ϕ[k]∧k<j∧j≈i∧i<n]

نەخشەی ٩ نیشان دەدات کە ئەم کاتە ڕێزمانییەش دەتوانێت دەربڕی داهاتوویەتی بێت. بەڵام ئایا ڕابردووی تەواوی کوردیش ئەم تایبەتمەندییەی هەیە؟

(٣٠) سبەیەکەی هێدیکا لێرە ڕۆیشتبوو.

سیناریۆیەکی هاوشێوەی (١٨) وێنا بکەن بەڵام لە دەقی ڕابـردوودا. کاتێک بارودۆخەکە لە هەنووکەی پێکئاخێوەکان پەیوەند دەدرێت، بەهار ڕستەی (٣٠) بێژە

دەکات. هەروەها، سەرنج لە (٣١) بدەن کە دەربڕی پەشیمانیی هەردەوانە کە بۆچی زیاتر کاری نەکردووە.

(٣١) ئەگەر زیاتر کارم کردبووایەت، ئۆتۆمبێکی تازەم کڕیبوو.

هەردوو ڕستە پێکهێنەرەکەی (٣١) ڕابردووی تەواون، یەکەمیان باسی کارنەکردنی زیاتری هەردەوان لە ڕابردوودا دەکات، دووەمیان دەربڕی ئەگەرێکە لە داهاتووی ڕستەی یەکەمدا.

بەم پێیە، کوردیش کەڵک لە تایبەتمەندیی PAST بۆ دەربڕینی داهاتوویەتی بە هۆی پێکهاتەی ڕابردووی تەواو وەردەگرێت و وەکوو پێشبینیش دەکرێت، ڕۆڵی مۆدالّی POST دەربڕینی ماناناسانەی (٢٩) دەگۆڕێت بۆ $\exists i \exists j \exists k[\phi[k] \wedge k<j \wedge i _ !]$ $[a<j \wedge i<n]$. ئەمەش داتای زمانیی زیاتر بۆ پاڵپشتیی بیرۆکەی کاتی ڕێزمانیی باینەری دەخاتەڕوو.

٣.٢.٣. ڕابردووی ڕەها

بۆ لێکدانەوەی دروستی ڕابردووی ڕەها، پێویستە لە نزیکترەوە چاو لە دووانەی پێکدژی IMP/PERF بکرێت و بەوردی هەڵوەستە لەسەر زانیارییەکانی ئەسپێکت لە S_0 بکرێت. فێرکۆیل (١٩٩٣، ٢٠٢١) لێڕوانینێکی بیرکاریتەوەری باینەری بۆ لێکدانەوەی ئەسپێکت پێشنیاز دەکات کە لێرەدا بۆ شیکردنەوەی دووانەی پێکدژی /perfective imperfective بەکار دەهێنرێت.

ڕابردووی ڕەها لە کوردیدا ڕووداوێک کۆدبەندی دەکات کە بەتەواوی بەدی هاتووە و وەک گشتێکی یەکانەی تەواوبوو دەبینرێت لە ڕابردوویەکی دیاریکراوی چ نزیک چ دووردا. یەکێک لە ڕێگاکانی وێنەکردنی ئەم کاتە ڕێزمانییە بریتییە لە ڕۆڵەکەی لە بەروپێشبردنی ڕووداوەکان لە گێڕانەوەدا.

خەسرەو بە خۆشەویستیی نێوان شیرین و فەرهادی <u>زانی</u> و داوای لە فەرهاد <u>کرد</u> کێوی بێستوونی بۆ کون بکات. فەرهاد <u>بڕیاری دا</u> فەرمانەکەی جێبەجێ بکات بەو مەرجەی شیرینی پێبدات. خەسرەو بەمە <u>قایل بوو</u>، چونکە <u>دڵنیا بوو</u> لەوەی کە فەرهاد ناتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات.

نموونەی (٣٢) نیشان دەدات کە فەرهاد کارەکەی بە سەرکەوتوویی ئەنجام داوە.

(٣٢) فەرهاد کێوەکەی کون کرد.

ئەم ڕستەیە ڕووداوی کونکردنی کێوەکە وەکوو ڕووداوێکی تایبەت و گشتێکی تەواوبوو لە ڕابردوودا وێنە دەکات. هەر بۆیە دەتوانرێت ئەم ڕستە کۆتاداراە بە پێکدژی ئیمپێرفێکتیڤ بزانرێت.

(٣٣) فەرهاد کێوەکەی کون دەکرد.

ئاساییە کە چاوەڕوان بکرێت کە پێشگری دە- ڕستە کۆتاداراەکان بگۆڕێت بۆ ناکۆتادار. لێرەشدا بەئیمپێرفێکتیڤکردن بە هۆی ئەم پێشگرە ڕوو دەدات و ڕستەی (٣٢) لە [[+S_T]]ەوە دەگۆڕێت بۆ (٣٣) کە [[-S_T]]ە. بەپێچەوانەی فۆرمی ناپێشگرداری (٣٢)، پێشگری ئیمپێرفێکتیڤ، لە (٣٣)دا، درێژەداریی ڕووداوەکە سنووردار ناکات. بەڵام لەم نموونەیەوە ناتوانرێت بەم شێوەیە ئەنجامگیری بکرێت کە [IPF=[-T+] و PF=[+T+]]. فێرکۆیل (٢٠٢١) دەڵێت کە سەرچەشنسازی[1]، بە هۆی گشتاندنی کردارێکی تایبەت و ڕەچاونەکردنی ئەو ئەرگیومێنتە فراوانانەی کە لەگەڵ کردارێکی بێکاتدا دێن، ناتوانێت وەڵامدەری پێویستییەکانی لێکدانەوەیەکی وردبینانە بێت. بۆ نموونە، (٣٤) بەڕوونی جیاوازییەکی ئەسپێکتی لە کوردیدا نیشان دەدات کە ڕەنگە لە ئینگلیزیدا ئەوەندە بەرچاو نەبێت.

(٣٤) A. کاتێک سەربازەکان هاتنە ناو شارۆچکەکە، کچەکان لە ماڵەوە مانەوە.

B. (هەر)کاتێک سەربازەکان دەهاتنە ناو شارۆچکەکە، کچەکان لە ماڵەوە دەمانەوە[2].

دەتوانرێت تاکایەتی (تاکبوون) یان تایبەتبوونی ڕووداو بە تایبەتمەندیی دیاریکەری ڕابردووی ڕەها لە کوردیدا بزانرێت – وەکوو لە (٣٤A)دا ڕووداوەکە وەک شتێکی تایبەتی یەکانە وێنە کراوە، واتە سەربازەکان یەکجار لە دۆخێکی تایبەتدا هاتنە ناو شارۆچکەکە و کچەکان لە ماڵەوە مانەوە. ئەم ڕستەیە دەربڕی کۆتادارییە و ڕووداوەکە وەکوو گشتێکی تەواوبووی یەکانە بەرجەستە دەکاتەوە. بەپێچەوانەوە، ڕستە هەکە (٣٤B) دەربڕی ئەوەیە کە سەربازەکان لە چەند هەلومەرجدا هاتوونەتە ناو شارۆچکەکە و کچەکان لە هەموو نموونەکاندا لە ماڵەوە ماونەتەوە – کەواتە دەربڕی دووپاتبوونەوەیە.

---

1. Prototyping
2. When the soldiers came into the town, girls stayed at home./whenever the soldiers came into the town, girls stayed at home.

پێویستە سەرنج بدرێت کە کرداری درێژەداری[1] مانەوەش بە هۆی پێشگری دە- بەئیمپێرفێکتیڤ بووە. ئەمە پەیوەندی بە تایبەتمەندیی ئەم پێشگرەوە وەکوو مۆرفیمێکی پۆرتمانتۆ هەیە کە هاوکات بۆ کۆدبەندیی دووپاتبوونەوەش بەکار دەبرێت.

فێرکۆیل (۲۰۲۱) شی دەکاتەوە کە بێ ئەوەی خەدشەیەک لە تێگەیشتنی گشتی لە بەردەوامەتیاندا پێکبێت، دەتوانرێت مەودا بەردەوامەکان بەسەر بنمەودای بچووکتر و بەردەوامدا دابەش بکرێت. ئەم شیکردنەوەیە، وەک لە نەخشەی ۱۰دا نیشان دراوە، دەکرێت بە رێگای فۆرمی بێکاتی کرداری ئینگلیزییەکانی sing یان burn لە دەقە خەیاڵپەروەرانەکاندا ڕوون بکرێتەوە. بۆ نموونە، ئەگەر گروپێکی ئاوازخوێن ناچار بکرێن بۆ تاهەتایە ئاواز بخوێنن یان تاکێک بۆ هەمیشە لە ئاگری دۆزەخدا بسووتێت. فێرکۆیل ڕوونی کردووەتەوە کە تەنانەت وێناکردنی ئەم سیناریۆ خەیاڵیانەش بەبێ خولی بەدینەهاتوو (پشوو) ئەستەمە.



نەخشەی ۱۰ بەدیهاتوویی خولەندی ڕووداو

نەخشەی ۱۰ ئەم لێڕوانینە بە هۆی نیشاندانی شیاوبوونی مەودا ناسنووردارەکان و کۆی بنمەوداکانی مەودا ناسنووردارەکان لە ژمارەی ڕیێلدا R+ ڕوون دەکاتەوە. لێرەدا مەوداکانی a′ نیشانەدانەرن. . بەم پێیە، دوو جۆر کۆبەند[2] لەئارادایە:

A. کۆبەندی A_cی مەوداکانی a لە R^+دا بۆ دەربڕینی ئارایەتیی بەدیهاتوویی (هێڵە پانەکان).

B. کۆبەندی A_c′ی مەوداکانی a′ بۆ دەربڕینی نائارایەتیی بەدیهاتوویی لە نێوان مەوداکانی aدا (هێڵە ناسکەکان).

کەواتە، A_c={a_1,a_2,...} و A_c^′={a_1^′,a_2^′,...}. ڕستەکانی IPF، وەکوو (٣٤B)، لەگەڵ ئەم شیکردنەوەیدا دەگونجێن. بەڵام لەوانەیە، A_c^′=Ø. ئەوکات A_c={a_1}.

بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتە، پێویستە کەڵک لە کرداری ئینگلیزییەکانی blink یان die وەربگیرێت کە ڕێگە بە ئارایەتیی هەرچەشنە مەودایەکی بەدینەهاتوو نادەن.

1. Stative verb
2. Set

هەرچەند کە بچووک دێتەبەرچاو، بەڵام بە هۆی ئەم جیاوازییە «پێویست دەکات بۆ هەر a_iیەک a_i′^?ک بەدوایدا بوونی هەبێت. دەکرێت ئەم پێویستداریيە لە چوارچێوەی مەپینگێک لە R^+ەوە بۆ N بخوێندرێتەوە کە کۆبەندێکی A_d چێ دەکات» (فێرکۆیل، ۲۰۲۱:۱۲۸).



نەخشەی ۱۱ بەتاککردن: مەپینگ بۆ

بەم شێوەیە، بەدیهاتنی مەودا لە داوێنی بەردەوامی R^+دا ڕوو نادات، بەڵکو لە کۆبەندی ژمارە سروشتییەکاندا ڕوو دەدات کە بە a_i نیشان دراوە و دەڵێت کە هەرکام لە a_iەکان بە هۆی مەپینگی باسکراو بەتاککراون. ئەمە ڕستە PFەکان ڕوون دەکاتەوە چونکە بەتاککردن[1] پەیوەند دراوە لە پێرفێکتیڤیتی.

دووانەی پێکدژی perfective/imperfective ئاماژە بەوە دەدات کە جیاوازیی سەرەکیی نێوان ئەم ئەسپێکتانە لە چۆنیەتیی کۆدبەندیی ڕووداوەکاندایە. ڕابردووی ڕەها (ڕابردووی پێرفێکتیڤ) دەربڕی ڕووداوە کۆتادارەکانە [+T] وەکوو گشتێکی تایبەت و A_d دادەشکێنێت بۆ یەکانەیەکی تایبەت a_1 بۆ ئەوەی تاکایەتیی ڕووداو بەرجەستە بکاتەوە. بەپێچەوانەوە، ئیمپێرفێکتیڤ یان ڕووداوێکی ناکۆتادار [-T] دەردەبڕێت یان کۆی چەند ڕووداوی کۆتادار [+T]. ئەمەش تێگەیشتنی +T-]=IPF[و +T+]=PF[ڕەت دەکاتەوە.

کاتێک داهاتوویەتی دێتەئارا، ڕابـردووی ڕەهـا دوو جۆر ڕووداوی داهاتوو کۆدبەندی دەکات. یەکەم، داهاتوو لە ڕابردوودا، هاوشێوەی کاتە ڕابرووەکانی دیکە.

1. Discretization

(٣٥) سبەیەکەی ویرا چوو بۆ قوتابخانە.

دووەم، داهاتوو لە ئێستادا. وەک لە نموونەی (E١)دا دەبینرێت و مەککاروسیش (١٩٥٨) دەڵێت، ئاخێوەرانی کوردی ئەگەر دڵنیا بن لە ڕووداوێک لە داهاتوودا، دەتوانن بە ڕابردووی ڕەها دەربیبڕن. وەکوو نموونەیەکی دیکەش دەکرێت (٣٦) بهێنرێتەوە. بەهار لە کافتریایەکدا چاوەڕوانی ئاکام دەکات و بۆ پرسین لە هۆکاری دواکەوتنەکەی پەیوەندی پێوە دەکات.

(٣٦) ئەوە گەیشتم.

لێرەدا ئاکام هێشتا کاتی پێویستە بۆ گەیشتن بە کافتریاکە (بۆ نموونە، ٥ خولەک)، بەڵام ڕابردووی ڕەها بەکار دەهێنێت چونکە دڵنیایە لەوەی کە بەزوویی دەگات.

وەک لەم توێژینەوەیەدا نیشان درا، تێکڕای کاتە ڕێزمانییەکانی کوردی دەتوانن داهاتوویەتی دەربڕن. هەر بۆیە دەکرێت داهاتوو، لە چوارچێوەی مۆدالێتییەکانی ناسینەیی و باوەڕیدا، وەکوو بنداوێنێکی ئاخێوەربەست و مۆدالشووناس پێناسە و فۆرمالیزە بکرێت.

٤. ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا کاتی ڕێزمانیی کوردی بە سوودوەرگرتن لە تیۆریەی باینەریی فێرکۆیل شی کرایەوە. ئەم سیستەمە باینەرییە بۆ ئەم توێژینەوەیە هەڵبژێردرا چونکە بە جیاکردنەوەی ئێستا لە هەنووکە فاکتەرەکانی لێکدانەوەی کاتی ڕێزمانی فراوانتر دەکات. سەرەڕای ئەمەش، ڕوانگەی سیستەماتیکی کاتی ڕێزمانیی باینەری داهاتوویەتی وەکوو بنداوێنێکی مۆدالشووناسی داوێنە سەرەکییەکانی ئێستا و ڕابردوو پێناسە دەکات، لەم ڕێگەیەشەوە پێویستی بە هیچ چەشنە کردەگەرێکی دیکە بۆ شیکردنەوەی ئەم داوێنە نییە.

دۆزراوەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریانخست کە تیۆرییە فۆرمالیزەکراوەکەی فێرکۆیل چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ خوێندنەوەی کاتی ڕێزمانیی کوردی دەخاتەڕوو. لە کوردیدا داهاتوو بەڕێزمانی نەبووە، کە نیشان دەدات داهاتوویەتی بنداوێنێکی ئاخێوەربەستە و دەبێت بە هۆی زانیاریی هاوبەشی نێوان ئاخێوەر/بەرئاخێو شی بکرێتەوە. لەم ڕوانگەیەدا، هەموو جۆرە کاتێتییەک لە داهاتوو دادەمالڕێت و لە جیاتیی لە ڕێگەی مۆدالێتییەکانی ناسینەیی و باوەڕی دەخوێندرێتەوە.

هەروەها، نیشان درا کە ڕوانگەی باینەری بۆ لێکدانەوەی ڕۆنانگەری کوردی پێویستە. لە ڕاستیدا، ئەم زمانە چەند تایبەتمەندی نیشان دا کە هەر چەشنە لێکدانەوەیەکی تێرنەری، بەتایبەتی بە هۆی ناڕۆنانگەڕێتیی ڕوانگەکە، زێدەبوونی سیستەمەکە و سیستەماتیکبوونی لێکدانەوەکەوە ڕەت دەکاتەوە.

سەرئەنجام، بەم دۆزراوەیە گەیشت کە لێکدانەوەی باینەری ڕوانگەیەکی نوێ، ڕۆنانگەر و سیستەماتیک بۆ کوردی دەخاتەڕوو. ڕووگەیەکی لەم شێوەیە چارەسەرێکی کرداری بۆ کێشەی تا ئێستا چارەسەرنەکراوی ماناناسیی داهاتوویەتی لە کوردیدا پێشنیاز دەکات. سەرەڕای ئەمەش، ئەوەی کە داهاتوو لە کوردیدا بەڕێزمانی نەبووە بەڵگەی جێسەرنج بۆ پاڵپشتی لە بیرۆکەی کاتی ڕێزمانیی باینەری بەرهەم دێنێت.

سەرچاوەکان

A. ئینگلیزی

Abusch, D., 1985. On verbs and time. PhD dissertation. The University of Massachusetts, Amherst..

Amouzadeh, M., 2006. Pragmatic perspectives on the preterite in Persian. Journal of Social and Humanities of Shiraz University. VOL, 23. NO.1. SER. 46. Retrieved from.

Amouzadeh, M., and Tavangat, M., 2008. Subjective modality and tense in Persian. Language Sciences.

Borik, O., 2006. Aspect and Reference Time. Oxford Studies in Theoretical Linguistics, Volume 13. Oxford

University Press.

Broekhuis, Hans, and Verkuyl, Henk, J., 2014. Binary Tense and Modality. Natural Language & Linguistic Theory, 32, 9731009–.

Comrie, Bernard, 1985. Tense. Cambridge University Press.

Dowty, D., 1979. Word Meaning and Montague Grammar, The Semantics of Verbs and Times in Generative Semantics and in Montague's PTQ. Synthese Language Library, Volume 7. D. Reidel Publishing Company.

Jespersen, Otto, 1924. The Philosophy of Grammar. London: George Allen and Unwin LTD. 10th Impression [1968].

Kenny, Anthony, 1963. Action, Emotion and Will. Routledge & Kegan Paul.

Kim, H. Danielle, 2010. A Basic Guide to Kurdish Grammar. Retrieved from CLIK (Culture and Language Institute of Kurdi and Kori) website:
Klein, Wolfgang, 1992. The present perfect puzzle.
Klein, Wolfgang, 1994. Time in Language. Routledge.
McCarus, Ernest, N., 1958. A Kurdish Grammar: Descriptive Analysis of the Kurdish of Sulaimaniya, Iraq. American Council of Learned Societies, New York. Retrived from https://files.eric.ed.gov/fulltext/ED089545.pdf.
Reichenbach, Hans, 1947. Elements of Symbolic Logic. The Mcmillan Company.
Vendler, Zeno, 1957. Verbs and times. The philosophical review. Also in: Zeno, Vendler. Linguistics
and Philosophy. Cornell University Press: 1966, ch. 4, 97121-.
Vendler, Zeno, 1967. Linguistics in Philosophy. Cornell University Press.
Verkuyl, Henk, J., 1993. A Theory of Aspectuality. The Interaction between Temporal and Atemporal Structures. Cambridge studies in linguistics, volume 64. Cambridge University Press.
Verkuyl, Henk, J., 2008. Binary Tense. Centre for the study of language and information. Stanford University, Stanford.
Verkuyl, Henk, J., 2012. Compositionality. In: Binnick, Robert, (ed.), The Oxford Handbook of Tense and Aspect. Oxford University Press.
Verkuyl, Henk, J., 2021. The Compositional Nature of Tense, Mood and Aspect. Cambridge University Press.

B. فارسی

دیانتی، م. عموزاده، م. عظیم‌دخت، ذ، ۱۳۹۶. ابعاد معناشناختی فرافکنی اشاری ماضی نقلی در زبان فارسی. نشریه پژوهش‌های زبانی. سال ۸، شماره ۱، بهار و تابستان ۱۳۹۶. https://doi.org/۱۰,۲۲۰۵۹/jolr.۲۰۱۷,۶۳۱۳۷.

ویسی‌حصار، ر، ۱۳۹٤. زمان و نمود در کردی موکریانی. فصلنامه مطالعات زبان‌ها و گویش‌های غرب ایران. دانشگاه رازی کرمانشاه. سال ۲، شماره ۸، بهار ۱۳۹٤. https://jlw.razi.ac.ir/article_۰۹۷.html?lang=en.

کۆدە پڕاگماتیکییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن

- بەرهەم جەزا عومەر

لیستی زاراوەکان

پراگماتیک	scitamgarP
دەوروبەر	txetnoC
پراگماتیکی گشتیی	scitamgarP lareneG
پراگماتیکی تایبەتیی	scitamgarP etavirP
گوتاری هەڵبژاردن	esruocsiD lacitiloP
زمانی سیاسیی	egaugnaL lacitiloP
کۆد	edoC

پێشەکی:

ناونیشان و بواری توێژینەوەکە تەرخانکراوە بە (کۆدە پراگماتیکییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن) کەرەستەی ئەم توێژینەوەیە بە زمانی کوردی ناوەڕاستە، هەوڵدراوە سەرەتایەک بچێنرێت بۆ چوونە ناو بابەتەکە، کۆدە پراگماتیکییەکان دەرخەری ئەو بەرەو پێشچوونە بەردەوامەن، کە بەسەر زمان و لایەنی مەعریفی تاک و کۆمەڵدا هاتووە، ئەم دەرفەتە بە باش زانرا بۆ ئەوەی کار لەسەر کۆدە پراگماتیکییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بکرێت، چونکە خودی ناونیشانەکە توێژینەوەی زانستیی لەسەر ئەنجام نەدراوە، بۆیە ئەم دەرفەتەم بە باشزانی بۆ توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە. ئەو کۆدانەی لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون ئەو کۆدانەن کە لەلایەن کەسە سیاسییەکانەوە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بە کاریان هێناوە و ئاڕاستەی یەکتریان کردووە وەرگیراون. سنووری توێژینەوەکە سنووردارکراوە بە لێکدانەوەی کۆدەکانی دوابانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی (٥١/٠١/٤٢٠٢)، لە شیکردنەوەی کۆدەکاندا سوود لە ئاستی واتاسازیی (زانستی پراگماتیک) وەرگیراوە.

ڕێبازی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی (پەسنیی شیکاریی). توێژینەوەکە لە پێشەکیی و دووبەش و ئەنجامەکان پێکهاتووە. هەوڵدراوە بە ناساندنی پراگماتیک و سەرهەڵدان و پێگەو کاریگەرییەکانی لە گەیاندنی واتای مەبەست و لێکدانەوەی واتاکان لە نێوان قسەکەر و گوێگردا بۆ گەیشتن بە پەیوەندیگرتنێکی سەرکەوتووانە و لە هەمانکاتدا ڕەنگدانەوەی پراگماتیک لە زانستە جیاوازەکانی تردا، هەوڵدراوە بە پێناسە و نموونەی گونجاو بخرێتەڕوو. هەروەها بایەخدراوە بە جیاوازی زمانی

ئاسایی و سیاسیی و چۆنییەتی بە کۆدکردنی واتای مەبەست و لێکدانەوەی بە پێی ئەو بارودۆخەی کە تیایدا بەکاردێت، هەروەها کاریگەریی دەربڕاوە پڕاگماتیکییەکان لەسەر بیرو بۆ چوونی تاک و کۆمەڵ، کە لە ڕێگەی بە کۆدکردن مەبەستە واتاییەکانیان دەردەبڕن و ئەم کۆدانەش بە هاوبەشی واتاو مەبەست لە نێوان قسەکەر و گوێگردا لێکدەدرێنەوە، هەوڵدراوە بە پێناسە و نموونەی گونجاو بخرێنەڕوو.

زاراوەی پڕاگماتییکی گشتیی

ناساندنی پڕاگماتییک وەک زانستێکی تایبەتیی و جیاواز لەئاستەکانی تری واتادا، پڕاگماتییک کارکردنە لەسەر واتای دەربڕاوەکان، کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە ژیانی مرۆڤدا هەیە.

هەربۆیە وەک زانستێکی سەربەخۆ ناسێنراوە و کاری لێکدانەوەی ئەو واتایانەیە، کە پێویستی بەهەڵهێنجانە، چونکە بوونییەتی مرۆڤ وایە، کە هەندێک لە دەربڕاوەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا دەرنابڕدرێت، لەهەمانکاتدا بە کەمترییەن وزە زۆرترییەن زانیاریی دەگەیەنێتە کەسی بەرامبەر، بۆیە پڕاگماتییک کارکردنە لەسەر واتای دەربڕاوەکان پەیوەست بەمەوە، پڕاگماتییک((لەوشەی پڕاگما((pragmaی یۆنانییەوە هاتووە، کە لە ڕەسەندا بە واتای کارکردن، یان پڕاکتیک دێ.))(فتاح، ١١٠٢: ٢٨١)،

واتە کارکردنە لەسەر واتای ئەو دەربڕاوانەی، کە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا ڕووەدات و ئەو واتایانە لێکدەداتەوە، ئەم واتایانە بۆ ئەوەی تێگەیشتن لە نێوانیاندا بە سەرکەوتوویی دەستەبەر دەبێت و بگەنە واتای مەبەست، چونکە مەرج نییە هەموو دەربڕاوێک واتاکەی ئاشکراو بە ڕاستەوخۆیی بە کەسی بەرامبەر بوترێت، بەڵکو واتای دەربڕاوی وەها هەیە، کە پێویستی بەهەڵهێنجانە.

پەیوەست بەمەوە، ((مەبەست لە چەمکی پڕاگماتییکی هەموو ئەوشتانەیە، کە لە گوتەوە هەڵدەهێنجرێت، سەرباری ئەو مەسەلە دەرەکیانەی، کە ئاماژەی بۆ دەکەن))(خۆشناو، ١٠٢٠: ٧٥)، ئەو واتایانەیە، کە لەنێوان قسەکەر و گوێگردا بۆ گەیشتن بەواتای مەبەست پێویستی بە هەڵهێنجانە، چونکە هەندێک لە دەربڕاوەکان بەبێ لێکدانەوەی واتایی، ناتوانرێت لە واتاکەی بگەین، بۆیە پڕاگماتییک ڕۆڵێکی کارای لە ژیانی مرۆڤدا هەیە بۆ گەیشتن بە مەبەستی واتاکان،

هەر ئەو گرنگییەشییەتی وایکردووە، کە وەک زانستێکی سەربەخۆ لێی بڕوانرێت وبەکاربهێنرێت، چونکە ڕاستە دەرکەوتنی وەک زانستێک هێندە کۆن نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە کۆنەوە لەلایەن مرۆڤەکانەوە بەکارهێنراوە بۆ گەیشتن بەواتای دەربڕاوەکان.

لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەدەبی فۆلکلۆر ومیلییمان و قسەی نەستەق و پەندەکانمان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مرۆڤ زۆر لەمێژەوە پڕاگماتییکی بەکارهێناوە بەتایبەتیی لەکاتی داگیرکاریی وڵاتیدا، نەهامەتییەکانی، کە بەسەریدا هاتووە، بە شیعر یان وتەکانی گوزارشتی لە ناخی خۆی کردووە، کە لە دەربڕینەکانیدا واتایەکی شاراوەی تێدا بەکارهێناوە و گەیاندوویەتییە کەسی مەبەست، یاخود میللەتەکەی، بۆ ئەم مەبەستەش هەر لە چوارینەکانی بابەتاهیریی هەمەدانییەوە تا دەگاتە شاعیرانی ئێستامان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت و لە شیعرەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین پڕاگماتییک یاریکردنە

بە زمان و لێکدانەوەی واتای قوواڵ و شاراوەی دەربڕاوەکانە لەنێوان قسەکەر وگوێگردا بەکاردێت، چونکە ئێمە ناتوانین لە هەموو دەربڕاوەکان تێبگەین لە ڕێگەی واتا فەرهەنگییەکانەوە. هەر ئەوپێویستییەی مرۆڤ بوو وایکرد، کە پڕاگماتییک وەک زانستێک بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی واتایی نێوان واتای فەرهەنگیی و واتای مەبەست بێتە ئاراوە.

١/١) سەرهەڵدانی پڕاگماتییک

پڕاگماتییک، کە زانستێکی زمانییە و دەرکەوتن و سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان((ئەم زاراوەیە (پڕاگماتییک)، بۆ یەکەمجار لە ساڵی٨٣٩١ دا لەلایەن چارلز مۆلیس بەکارهاتووە))(فتاح، ١١٠٢: ٢٨١)،

دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئەم زانستە لە زمانی کوردییدا مێژوویەکی کۆنی نییە، بەڵام توانیویەتی لە ماوەیەکی کورتدا ڕۆڵێکی کارا ببینێ لە لێکدانەوەی واتاکاندا لە نێوان قسەکەر وگوێگردا، بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێستاماندا، چونکە بەکارهێنانی پڕاگماتییک لەلایەن تاکەکانی وە بە هاوبەشیی بەکاردەهێنرێت بەبێ بوونی جیاوازیی لەنێوان هەردوو چینی بەئاگا و بێئاگا لە زانستی پڕاگماتییک، کە ئەم دوو ئاستەی بەبێ جیاوازیی و بوونی بەربەست بەکاری دەهێنن، چونکە پێش ئەوەی زانستەکە سەرهەڵبدات پڕاگماتییک هەبووەو بەکارهێنراوە. بۆ نموونە باپیرانمان بەبێ ئاگاداربوون لە زانستی پڕاگماتییک ئەم گفتوگۆیەیان بەکارهێناوە.

یەکەم:

پرسیار: آ- کەی هەستای؟ وەڵام: ب- خۆر تازە دەرکەوت.

ئەگەر بڕوانینە وەڵامدانەوەی (ب)، دەبینین کە زانییاریی داوە بە وەڵامی (آ)، لەسەر ئەوەی کە من زوو هەستاوم لەخەو هێشتا بەتەواوەتی خۆر دەرنەکەوتووە وکاتەکەی زۆر زوو بووە، پێوەستە لەسەر قسەکەر، کە کاتی خۆرهەڵهاتن بزانێت، کە کاتژمێر چەند خۆر هەڵدێت، چونکە گوێگر وەڵامی کاتەکەی بە نزییککراوەیی داوەتەوە.

بۆیە لە نموونەی (١)دا، ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەبێتەوە، کە پڕاگماتییک لەنێوان تاکەکانی کۆمەلگەدا بەکارهێنراوە بەبێ ئاگاداربوون لە زانستی پڕاگماتییک وبەستنەوەی بەودەوروبەرەی، کە قسەکەر و گوێگری تیدایە، بۆیە دەتوانین بڵێین پڕاگماتییک تێکەڵدەبێت لەگەڵ زانستەکانی تردا و ڕۆڵێکی گرنگ وکارای لە پەیوەندیی کردن وتێگەیشتنی نێوان تاکەکانی دا هەیە، پەیوەستە بەپەیوەندیی نێوان(قسەکەر و گوێگر)ەوە.

((مۆریس دەڵێت: پڕاگماتییک پەیوەندیی نێوان هێماو بەکارهێنەرەکەی واتە (قسەکەر وگوێگر)ە)).(فتاح، ١١٠٢: ٢٨١)، لەم لێکدانەوەی مۆریسدا ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە، کە پڕاگماتییک پەیوەندیی قسەکەر و گوێگر ڕوونەدەکاتەوە بۆئەوەی بگەنە واتای مەبەست وفەراهەمبوونی تێگەیشتن لەنێوان قسەکەر وگوێگردا بەسەرکەوتووانە ڕووبدات.

واتە قسەکەر پەیوەست بەو مەبەستە واتاییەی، کە دەیەوێت بیگەیەنێتە گوێگر گوێگریش بەپێی ئەزموون ودونیابینیی خۆی و کۆزانیارییەکانی لەو واتایەی دەگات و شیکردنەوەی واتایی بۆ دەکات بەپێی ئەزموونی خۆی و ئەو دەوروبەرەی، کە دەربڕاوەکانی تێدا بەکارهاتووە.

٢/١) پەیوەندیی پڕاگماتییک بە دەوروبەرەوە

دەوروبەر بنەمایەکی گرنگ و پێویستی لێکدانەوەی واتای پراگماتیکیی و تێگەیشتنی پراگماتیکییە. واتای پشتی واتا بە دەوربەرەکانەوە دەبێتە واتایەکی پراگماتیکیی، بڕوانە نموونەکەی خوارەوە!

دووەم:

پرسیار: آ- چۆنە بەلاتەوە؟ وەڵام: ب- ئیشی خۆتە.

ئەگەر بڕوانین لە وەڵامی (آ) بۆ (ب)دا، ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە، کە قسەکەر کارێکی بۆ کردووە وگوێگریش وەک ستایش وەڵامی دەداتەوە، کە بەپێی ئەو دەوروبەرەی، کە قسەکەر وگوێگری تێدایە لە یەکترگەیشتن فەراهەم دەبێت.

هاوپێچ بەم بۆچوونەوە (لیڤسن)دەڵێت، ((پراگماتییک بریتییە لە پەیوەندیی نێوان زمان ودەوروبەر، کە گرنگن بۆ تێگەیشتن)).(دزەیی، ٢٠١٠: ٤١)، لەم پێناسەیەی لڤیسندا، کە بۆ پراگماتییکی کردووە بۆ لێکدانەوەی دەربڕاو دەبێت بە دەوروبەرەکەیەوە پەیوەستی بکەین تا لە واتای دەربڕاوەکە تێبگەین، بەپێی ئەوبارودۆخ و دەوروبەرەی، کە واتاکای تێدا بەکارهاتووە.

سێیەم:

پرسیار: آ/ سەیارەکەت پێچۆنە؟ وەڵام: ب/ خەوتووە.

لە نموونەی (٣)دا، وەڵامی (ب) بۆ (آ)، بەپێی ئەو دەوروبەرەی، کە قسەکەر وگوێگری تێدان واتاکای دەگەیەنێ، کە وەڵامی(ب)، بۆ قسەکەر واتە سەیارەکە زۆرجوانە یان زۆر تووندوتۆڵە یان مەبەستەکەی پەیوەندیی بە دەوروبەرەکەوە هەیە، کە تیایدا بەکارهاتووە.

هۆکاری لێکدانەوەی ئەمجۆرە دەربڕاوانە بوونە هۆی سەرهەڵدانی زانستی پراگماتییک، چونکە نەدەتوانرا تەنها بە زانستی سیمانتییک لێکدانەوەی واتایی دروست بۆ هەموو دەربڕاوەکان بکرێت.

پەیوەست بەمەوە ((سیمانتییک یارمەتییمان نادات بۆ هەموو تێگەیشتنێک، لەوانەیە وشەیەک لە هەر ڕستەیەک واتایەکی هەبێت)).(فتاح، ١١٠٢: ٦٨١).

(واتای سیمانتییکی هەمووکات نامانگەیەنێتە واتای مەبەست، چونکە پەیوەستە بە واتای وشە و کاریگەریی ڕێزمانیی، کە لە توانایدا نییە واتا قوول و شاراوەکان، کە دەکەوێتە دەرەوەی ئەم یاساوڕێسایانە، کە دەبێت بەدەوروبەرەوە ببەسترێتەوە بۆ لێکدانەوەی واتاکەی، ئەوا سیمانتییک ناتوانێت لەم جۆرە دەربڕینانەدا لەو وشە و ڕێسایانەدا بگاتە واتای مەبەست، بۆیە زانستێکی تر وەک پێویستییەک بۆ لێکدانەوەی ئەم جۆرە دەربڕینانە هاتە ئاراوە، کە (پراگماتییک)ە.

واتا بە دەوروبەر و واتای سینتاکسییەوە لێکدەداتەوە، چونکە بەشێک لە وتەو وشەکان بەپێی دەوروبەری دەربڕاوەکە نەبێت لەلایەن گوێگرەوە واتاکای لێکنادرێتەوە، دەبیت گوێگر بیبەستێتەوە بە دەوروبەرەوە)(دزەیی، ٩٠٠٢: ٤٣).

پەیوەست بەمەوە بڕوانە نموونەی (٤)،

چوارەم: زۆرت پێیەوکەمی دەردەخەیت.

لە نموونەی (٤)دا، سیمانتییک لەتوانایدا نییە لێکانەوەی دروست بۆ ئەم دەربڕاوە بکات، چونکە بەپێی بەکارهێنانی دەوروبەر واتاکەی دەگەیەنێت، کە بە چی مەبەستێک دەربڕاوە ئەمەش کاری پراگماتییکە.

پراگماتییک لە توانایدا هەیە هەتا ڕادەیەک هێماکانی جەستەش لێکبداتەوە، کە لەنێوان کەسەکاندا بەکاردەهێنرێت.

پەیوەست بەم بیرۆرایەوە((لەپراگماتییکدا ئەوپێڕەو و هێمایانەش لێکدەدرێنەوە، کە شتێک لەبارەی قسەکەر دەردەخات وەک(لێوقووچاندن، چاوتروکاندن)، لە چی باربکی دەروونییدا دەژی و هەروەها باری دەموچاوی چۆنە؟....هتد))(دزەیی، ٩٠٠٢: ٧٢)، بۆ نموونە ئەگەر بەچاوداگرتن بە ئامادەبوونی کەسی دووەم بە کەسی سێیەم بوترێت:

پێنجەم: من لەگەڵ ئەو ناچم بۆ بازاڕ.

ئەوە لەوکاتەدا بەپێی ئەو دەوروبەرەی تیایدا هاتۆتە ئاراوە واتاکەی لەلایەن کەسی مەبەستەوە لێکدەدرێتەوە، کە ئاماژەی بۆ کراوە، بەوەی، کە من لەگەڵ تۆ دێم بۆ بازاڕ.

هەربۆیە زانستی پراگماتییکیی لە زۆربەی زۆری زانستەکانی تری زماندا ڕەنگدەداتەوە و بەپێی ئەوزانستەی، کە تیایدا بەکاردێت ڕۆڵی کارای تیایاندا هەیە.

٣/١) پراگماتییک خاڵی بەیەکگەیشتنی زانستەکانە

((چارلس مۆریس لێرەدا پراگماتییکی بە واتایەکی فراوان بەکارهێناوە و هەموو شتێک لەخۆدەگرێ، وەکو زانستەکۆمەڵایەتییەکان و زانستە بایۆلۆجییەکان و دەروونناسیی، ...هتد، بەکارهێنانێکی فراوانە و هەموو دەچێتە ناو پراگماتییکەوە)). (فتاح، ١١٠٢: ٢٨١).

نموونە لەسەر چەندزانستێک، کەپراگماتییک ڕۆڵی تێدا دەبینێت،

شەشەم: هاوسەر زمانی لووسە.

لە نموونەی(٦)دا، زمانلووسی بەواتای ئەوە نایەت، کە ئەو پارچەگۆشتەی ناو دەمی هاوسەر، وەک سابوون لووس بێت، بەڵکو بە واتای ئەوەدێت، کە کەسێکی بەتوانایە لە ڕازیکردنی کەسی بەرامبەردا بەقسەی بریقەدار و شیرین دەتوانێت کەسەکە ڕازی بکات. بۆیە لە نموونەی(٦)دا، هاوسەر لە پێگە کۆمەڵایەتییەکەیدا خاوەن توانایەکی باشە لە ڕازییکردنی کەسی بەرامبەردا، کە ئەمجۆرە لێکدانەوەی واتایانە کاری پراگماتییکە نەک توانستی سیمانتییکیی.

حەوتەم: شکارم کرد بە بەرد لە شوێنی خۆیدا.

لە نموونەی(٧)دا، مەبەست لەوە نییە، کە بەڕاستیی شکار لە شوێنی خۆیدا بووبێت بە بەرد، مەبەست لە بەردی ڕاستەقینە نییە، واتە لە ڕووی بایۆلۆجییەکەوە نییە، بەڵکو مەبەست لەوەیە، کە ڕەنگە بە قسەیەک، کە قسەکەر پێیگووتووە شکار لە قسەکردن و لە جوڵە وەستابێت بەهۆی کاریگەریی کەسی قسەکەرەوە، یان بە ڕەفتارێک، کە قسەکەر کردوویەتی بەرامبەری. لە نموونەی(٧)دا، ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە، کە پراگماتییک تۆکڵە واتایە، کە واتایەکی لاوەکییە و دەچێتە سەر واتا ڕەسەنەکە و واتایەکی تری پێدەدات بەدەر لە واتا ڕەسەنەکەی خۆی، بەمەش جیاوازییەکی بەرچاو دیارە لە نێوان زانستی پراگماتییک و زانستی سیمانتییک، کە جگە لەوەی ئەم دوو زانستە تەواوکەری یەکدیین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەیەکدی جیاوازن.

٤/١) چەمکی پراگماتییک

هەموو ئەودەربڕاو و گوتراوانەیە، کە پێویستی بە هەڵهێنجانە، چونکە هەندێک لە دەربڕاوەکان بەئاسانی لە واتاکەی ناگەین بۆ ئەم مەبەستەش لە هەردوو چەمکی پراگماتییکی گشتیی و چەمکی پراگماتییکی تایبەتیی دەدوێین، پراگماتییک چەمکی تایبەتیی و گشتیی هەیە واتە پەیوەست بەمەوە ((چەمکی پراگماتییکی گشتیی و چەمکی پراگماتییکی تایبەتیی ئەوەیە، کە یەکەم بە بێ دەوروبەر هەڵدەهێنجرێت، کەچی دووەمیان تەنها بەهۆی دەوروبەرەوە هەڵدەهێنجرێت))

(خۆشناو، ٢٠١٠: ٠٦)،

هەشتەم: نەسرین ئەمڕۆ بانگێشتی نیوەڕۆخوانێک کراوە.

لەم دەربڕاوەدا، کە چەمکی پراگماتییکی گشتییە بەوەی، کە کەسی گوێگر دەزانێت

ئەوشوێنە مالّی نەسرین نییە و دیارە، کە یان لەلایەن کەسێکی تایبەتەوە بانگێشتکراوە، یان لەلایەن خاوەن کارەکەیەوە، یان لە کۆبۆنەوەیەکدا بانگهێشتکراوە.

نۆیەم: شلێر ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا.

ئەم دەربڕاوە چەمکی پڕاگماتییکی تایبەتییە، کە پێویستی بە هەڵهێنجان و دەوروبەرە بۆ لێکدانەوەی مەبەستەکە دەربڕاوە بەوەی، کە ئایە ئەو شوێنە کوێ بووە، کە شلێر ئاگرەکەی تێدا لە جەستەی خۆی بەرداوە، یان هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

بۆیە پێویستی بە هەڵهێنجاندن و بەستنەوەی بە دەوروبەرەوە هەیە.

هەربۆیە، کە پڕاگماتییک هەڵهێنجانی واتایی دەربڕاوەکانە بۆ گەیشتن بە واتای بەخشکەیی دەربڕین.

٥/١) گریمانەی واتایی بەخشکەیی دەربڕین

((واتای بەخشکەیی دەربڕین یەکێکە لە بیرۆکە گرنگەکانی پڕاگماتییک، کە خەسڵەتی بە کورتبڕیی تیایدا کۆ دەبێتەوە (ئەوەی مەبەستە)، زیاتر(لەوەی گوتراوە)، لەودیو فۆرمەزمانییەکەوە هەڵوێستەی لەسەر دەکریت))(ئەحمەد، ۲۰۰۸: ۲۷)، بۆ نموونە:

دەیەم:

پرسیار: آ- ئەحمەد چەندی مانگە؟ وەڵام: ب- نەسرین: سێشەمە ڕۆژی جیهانیی منداڵانە.

لەم دەربڕینەی نموونەی(۰۱)دا، کە لەنێوان قسەکەر وگوێگردا ڕوویداوە، قسەکەر توانیوییەتی بە نزیککراوەیی وەڵامی پرسیارەکەی دەستکەوتبێت لەلایەن گوێگرەوە، چونکە پێدەچێت گوێگر ڕۆژژمێری پێنەبێت، بەڵام بە نزیککراوەیی توانیویەتی وەڵامی دروستی قسەکەر بداتەوە، کە پێویستە قسەکەر زانیاریی لەسەر کات و مانگ و ڕۆژی جیهانیی منداڵان بە نزیککراوەیی بزانێت بۆ ئەوەی لە وەڵامی گوێگر تێبگات و بە نزیککراوەیی واتایەکی دروستی دەستبکەوێت، کە ئەوێش ڕۆژی جیهانیی منداڵانە، کە دەکەوێتە(۱ی حوزەیران)، بۆیە پڕاگماتییک پەیوەندیی بە لایەنی مەعریفیی و کۆزانیاریی و دنیابینیی و کەسەکانەوە هەیە بۆ گەیشتن بە مەبەستیی واتایی دەربڕاوەکان.

٦/١) پەیوەندیی پڕاگماتییک بە زانستی مەعریفییەوە

سەبارەت بە پەیوەندیی پڕاگماتییک بە زانستی مەعریفییەوە ((پڕاگماتییک لە خاڵێکدا لەگەڵ زانستی ماعریفییدا یەکدەگرێتەوە، ئەوێش بریتییە لە کارکردنی مێشک (آشغال

الدماغ)، کاری سەرەکیی هەریەکەیان کارکردنە لەسەر مێشک))(ئیبراهیم، ٣٢٠٢: ٤٧)، واتە کە چۆن مێشک کاردەکات و کار بۆ لێکدانەوەی واتای دەربڕاودەکات، کە لە نێوان قسەکەروگوێگردا ڕوویداوە، هەر بۆیە هەڵهێنجانی ئەو واتا پڕاگماتیکییە، کە گوێگر بیبەستێتەوە بە دەوروبەرەوە بەپێی شوێن و کات و ئەوجێگەیەی، کە تیایدا بەکارهاتووە، داربڕاوەکە و ڕۆڵی قسەکەریش لەوەدایە، کە لە ڕێگەی لایەنی مەعریفییەوە چۆن و بە چی شێوازێک مەبەستەکەی دەردەبڕێت.

یازدەیەم: زۆر گەرمە.

گوێگر ئەم دەربڕاوەی قسەکەر لە ئاوەزیدا لێکدەداتەوە بۆ گەیشتن بە واتای مەبەست، کە لە کاتێکدا قسەکەر بە گوێگری نەگوتووە، کە فێنککەرەوەکە داگیرسێنە یان پەنجەرەکە بکەرەوە، بەڵکو گوێگر بە لێکدانەوەی دەربڕاوەکەی قسەکەر لەمێشکیدا، هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی داواکارییەکەی قسەکەر، بۆیە دەرکەوتنی ئەم دوو زانستە بەیەکەوە و سەرهەڵدانیان و ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەیە.

((موشلار، ئاماژە بە مێژووی سەرهەڵدانی ئەو دوو تیۆرییە پێکەوە دەکات و دەڵێت، ڕێکەوتی سەرهەڵدانی زانستی مەعریفیی هاوکاتە لەگەڵ ڕێکەوتی سەرهەڵدانی پڕاگماتییک)).(ئیبراهیم، ٣٢٠٢: ٤٧).

(موشلار وای دەبینێت بۆچوونەکانی گرایس و سیرل، پراگماتییک وەک تیۆرێک وەسف دەکات گرنگیی بە لێگدانەوەی قسەکردنەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر دەدات، ئەم لێکدانەوەیە پڕۆسەیەکی ئاوەزییە لەناو مێشکدا ڕوودەدات، کە لێکدانەوەکان پێویستی بە هەڵهێنجانە، کە لەبەر ئەم هۆیەیە لەگەڵ زانستە مەعریفییەکاندا دەردەکەوێت، چونکە کاری پڕاگماتییکیش هەڵهێنجانی واتای دەربڕاوەکانە لە ئاوەزدا). (ئیبراهیم، ٣٢٠٢: ٤٧-٥٧).

گرنگیی زانستی پڕاگماتییکە وایکردووە، کە مرۆڤەکان بە کەمتریین دەربڕین زۆرترییین مەبەستە واتاییەکان دەربڕن و وایکردووە، کە ئەم زانستە لەناو زانستەکانی تردا جێگەی بەرچاوی خۆی بکاتەوە.

پڕاگماتییک لەگەڵ گەشەکردنی زمان و پێداویستییەکانی مرۆڤدا گەشەدەکات و بەدەرنییە لەم گەشەکردنە، وەک ڕۆڵی دەربڕاوە پڕاگماتییکییەکان لە (گوتاری هەڵبژاردن)دا.

٢) چەمکی گوتاری هەڵبژاردن

(بانگەشەی هەڵبژاردن ئەو چالاکییەیە، کە کەسەکان هاندەدرێن لەلایەن کەسانی ترەوە تا ئەو ڕێڕەوە بگرنەبەر، کە ئەوان دەیانەوێت، کە ئەم هەوڵانە هەوڵێکی بە مەبەستە تا لە ڕێگەیەوە کاریگەریی لەسەر بیرو بۆچوونی تاک یان گروپەکان دروست بکەن، یاخود هاندانێک بێت بۆ مەبەستەکانی خۆیان، کە ئەم هەوڵانە لە بانگەشەکاندا دەبینرێت، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا پێشکەوتنی مرۆڤ لە ڕووی تەکنەلۆجیاوە بەشداری کرد لە بانگەشەی هەڵبژاردن، کە دەربڕاوە پراگماتیکییەکان ڕۆڵی کارایان هەیە تێیدا)(ئیبراهیم، ٣٢٠٢: ٥٠١-٦٠١)، پەیوەست بەمەوە ((لەساڵی ٠٦٩١ بۆیەکەم جار(جۆن ئیف کینێدی)، لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا تەکنیکە پێشکەوتووەکانی شیکاری کۆمەڵایەتی. سیاسی بەکارهێنا بۆ زانینی ئاراستەکانی ڕای گشتی))(ئیبراهیم، ٣٢٠٢: ٦٠١)، بۆ ئەوەی بزانرێت ڕای گشتی لەسەر لایەنەکان چییە و چۆن بتوانن بەپێی ئاستەکانی کۆمەڵ و گروپەکان کار لەسەر بیرو دەروونیان بکەن. بۆ ئەمەش جگە لە ڕۆڵی تەکنەلۆجیا، پراگماتییکیش ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەم نێوەندەدا، کە لایەنەکان چۆن دەربڕاوە پراگماتییکییەکان بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی هەم ڕای گشتی خەڵک بزانن و هەم چۆن کار لە بیرو ڕایان بکەن و بەو ئاراستەیەی کە خۆیان دەیانەوێت تاک و گروپەکان بەرن، هەڵبەتە ئەم بانگەشەی هەڵبژاردنە، بە بەڕێوەچوونێکی هێمنانەو لەسەرخۆ دەکرێت و هەر یەکە لەو کاندیدانەی، کە سەر بەو لایەنەی خۆیانن، مافی خۆیانە، کە هەوڵ بۆ سەرکەوتنی خۆیان و لایەنەکەیان بدەن. بە ڕەچاوکردنی (پێگەی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، تەمەن، لایەنی دەروونی و زانستی...هتد)هەوڵی خۆیان دەدەن، کە بەپێی ئەم ئاستە دەربڕاوە زمانییەکان بەکاربهێنن، کە ئەمەش یەکێکە لە سیاسەتەکانی دەربڕینی پراگماتییکیانە، کە زمان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار دەهێنێت، قسەکەروگوێگر.

دوازدەیەم:

أ – شێرزاد: دووركەوە لێم. ب- لێتناگەم.

بەپێی ئەو بارە دەروونییەی، کە تێیدایە (أ)، لە وەڵامی(ب)، تێدەگات و تێگەیشتن لە نێوان قسەکەرو گوێگردا بەسەرکەوتووی فەراهەم دەبێت، کە پێدەچێت ئەم

گفتوگۆیەی نێوان قسەکەرو گوێگر لە دەوروبەرێکی ئەنجامی ڕاگەیاندنی هەڵبژاردندا بێت یاخود لە دەوروبەرێکی شکست خواردوو و بارودۆخێکی دەروونی هەڵچوونداو بێت. هەربۆیە زمانی سیاسیی جیاوازە لە زمانی ئاسایی لە ڕووی چۆنییەتی گەیاندنی مەبەستەوە.

١/٢) جیاوازیی زمانی سیاسیی و زمانی ئاسایی

((بانگەشەی هەڵبژاردن دەچێتە بازنەی زمانی سیاسیی لە ڕووی مەبەست و ئامانجەوە بەرزترە لە زمانی ئاسایی، چونکە هەڵگری ئایدۆلۆژییەکی تایبەتە)). (ئیبراهیم، ٢٠٢٢: ٦٠١).

سیازدەیەم: خەمی خەڵک خەمی ئێمەیە.

لەم نموونەیەدا ئەو بیرو ڕایانەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا دەردەبڕدرێت، کە لە زاراوەی سیاسیدا کردە و بیر بە یەک ئەندازە گرنگییان هەیە، کە هەندێکجار مانای پوخت دەبەخشێت، هەندێکجاریش مانای ناپوخت، کە لە نموونەی(٣١)دا، لە ڕێگەی دەربڕینە مەبەستەکانەوە کاریگەریی لەسەر گوێگر دروست دەکات، کە ئێمە لە خەم و ئازارەکانی خەڵک تێدەگەین و لەگەڵ خەمەکانی ئەواندا و ناخۆشییەکانی خەڵک بە هیمەتی ئێمە بەرەو باشترو چارەسەریی دەبەین.

بۆیە ئەم بیرو ڕایانەی، کە لە زمانی سیاسییدا بەکاردێت لە ڕووی مەبەست و گەیاندنی واتاوە بەرزترە و لەگەڵ گەشەو بەرەو پێشچوونەکاندا و هاتنەکایەی تەکنەلۆجیاو زۆربەی میدیاکان و ڕاگەیاندنەکان، کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر گەیاندنی پەیام و دەربڕاوەکان بە زووییی، کە ئەم دەربڕاوانەش بەپێی سەردەمەکە بەرەو پێش چووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کە لەکۆندا بۆ بانگەشەو کێشمە کێشمەکانی لایەنی سیاسیی هەڵبژاردن و دەربڕاواکانیان تاڕادەیەک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان لایەنەکاندا بەرانبەر بەیەکدی و هەوڵدان بۆ سەرکەوتنی لایەنەکانی خۆیان بەکاردەهێنران، بەڵام لە ئێستادا ئەم دەربڕاوانەش ئاقارو ڕێچکەیەکی نوێ و جیاوازیان گرتۆتەبەر، کە ئەویش گەیاندنی واتایی مەبەستە لە ڕێگەی (کۆد)ەکانەوە، لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا و لە نێوان دەربڕاوە زمانییەکاندا دەبینرێت و بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو بە بەراورد بە کاتەکانی ڕابردوو، کە ئەم کۆدانە پەلیان هاویشتۆتە سیاسەتیشەوە، کە لە ڕێگەی بیرەکانیان و مەبەستە واتاییەکانیان بەکاردەهێنرێن لە

نێوان قسەکەر و گوێگردا، کە ئەم کۆدانەش بە هاوبەشی واتاو مەبەست لە نێوان قسەکەرو گوێگردا لێکدەدرێنەوە.

٢/٢) کۆد

((کۆد هەڵگرو گوێزەرەوەی زانیارییەکانی پەیامی قسەکەرە، کە وەکو سیستەمێکی زمانیی کاردەکات بە مەبەستی لەیەکگەیشتن، چونکە ئەگەر قسەکەرو گوێگر هەمان کۆد/جفرە بەکار نەهێنن، ئەگەرچی کردەی پەیوەندیکردن لە نێوانیاندا ڕووبدات، بەڵام لەیەکگەیشتن لە مەبەستی قسەکردن و گوتراوی نێوانیاندا بەشێوە تەواو پڕاوپڕ دروست نابێت)).(سەعید، ٢٠١٣: ٧١).

چواردەیەم: ڕادیۆیە.

لە نموونەی (٤١)دا، ئەو دەربڕاوە، کە لایەن قسەکەرەوە ئاڕاستەی گوێگر دەکرێت ئەم بیرە لە ڕێگەی کۆدەوە/جفرە ئەگەر گوێگریش ئەم کۆدەی بەکارنەهێنابێت و زانیاری لەسەری نەبێت ناگاتە واتای مەبەستی قسەکەر، کە ئەو دەربڕاوە بە واتای پراگماتییکی دێت، کە بۆ پەشیمان بوونەوە لە کردەیەک یان قسەیەک بەکاردێت لە ماوەی بەکارهێنانی ئەم کۆدە بەپێی دەوروبەرەکەی، کە تێیدا بەکار هێنراوە، کە لەم دواییانەدا بۆتە کۆدێک لە نێوان قسەکەرانی زمانێکی وەک لە کوردیدا کە هەندێک جاریش وەک گاڵتەو توانج لێدان ئەم کۆدە بەکاردێت، کە دەبێت قسەکەرو گوێگر لەم کۆدە/جفرە ئاگادارو ئاشنابن بۆ ئەوەی، لە یەکتر گەیشتنێکی سەرکەوتووانە لە نێوانیاندا فراهەم بێت.

١-٢/٢) بەکۆدکرن و کۆدشیکردنەوە

مرۆڤ زۆرجار بیرو مەبەستەکانی بە ئاشکراو بە ڕوونی دەرنابڕێت، بەڵکو لە ڕێگەی بە کۆدکردنەوە دەری دەبڕێت، کە ئەمەش لێهاتووی قسەکەر و گوێگر دەردەخات لە چۆنییەتی بە کۆدکردنی بیرەکانیان و شیکردنەوە و لێکدانەوەیان، کە مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات بە کەمترین وزە زۆرترین واتاو مەبەست بگەیەنێتە بەرامبەرەکەی (ئەو بیرو مەبەستە واتاییەی، کە لە مێشکی قسەکەردایە هاوشێوەی شریتێکی دەنگی ڕێکدەخات و بەوجۆرەی، کە قسەکەر دەیەوێت ئەو بیرە دەکات بە کۆد و لەڕێگەی دەنگەوە دەیگەیەنێتە گوێگر، کە پەیاموەرگریش واتا گوێگر ئەو کۆدەی، کە لە قسە پەیامدەرەکەوە وەریگرتووە شیکردنەوەی بۆ دەکات بۆ ئەوەی

بگاته واتای مەبەستی دەربڕاوەکەن واتە بەرهەمداریی پەیوەندیکردن پەیوەستە بە بوونی کۆدەوە).(سەعید، ٢٠١٣: ٧١-٨١).

پازدەیەم: ڕێوییەکە هات.

لەم نموونەیەدا کە قسەکەر ئەم کۆدە ئاراستەی گوێگر دەکات وەرگر دوای شیکردنەوەی واتایی و دەوروبەری دەربڕاوەکە لە مەبەستی واتای قسەکەر تێدەگات، کە بە پێی دەوروبەرەکە ڕەنگە مەبەستی لە ڕێوی نەبێت لە لایەنی فیزیکییەوە، بەڵکو مەبەستی لە هاتنی کەسێکی فێڵباز بێت و لە ڕێگەی ئەوەی کە بیرو واتای مەبەستی خۆی قسەکەر لە ڕێگەی کۆد/جفرە وەرگر ئاگادار دەکاتەوە لە یەکترگەیشتن فەراهەم دەببێت لە نێوان وەرگر و نێردراودا. بۆیە بیری کۆد ڕۆڵێکی گرنگ و کارای هەیە لە پەیوەندی کردندا.

٢/٢-٢) کۆد لە هێمای لۆجیکییدا

(کاتێک لە زمان دەدوێین، چەندان ڕێگاو ڕێباز بۆ شیکردنەوەی لایەنە ئاڵۆزەکانی زمان بەکار هێندراون یەکێک لەوانە بیری (کۆد)ە، کە بۆئەوەی هێماکان بەهای کۆمەڵایەتی و زمانی پەیدابکەن، دەبێت بکرێنە(کۆد)، چونکە گەیاندنی واتای هەر هێما و ئاماژەیەک، کە لە نێوان پەیامدەر و پەیاموەرگردا ڕووەدات پشت بە (بەکۆدکردن) دەبەستێت. بەشێوەیەکی وەها ڕێکیان دەخات، کە لە پەیوەندی نێوان (هێما و هێمابۆکراو)دا نەبڕێت، کە وێنەیەکی هۆشەکی لەلای پەیامدەر و پەیاموەرگردا دروست بکات).(عەبدوڵا، ٢٠١٦: ٠٥- ٤٥).

شازدەیەم: شەکر هات.

لەم نموونەیەدا ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی لەسەر کراوە کەسێکی ورد و شیرینە، کە ڕێکەوتوون لەسەری و ناویان ناوە شەکر، کە ئەم هێماو هێمابۆکراوە وەک کۆدێک بەکاردەهێنن لە نێوان خۆیاندا و بۆ کەسێک بە کاری دەهێنن، کە زمانی باش و قسەخۆش بێت قسەکانی وەک شەکربن هێماو هێمابۆکراو بەکاردەهێنن وەک (کۆد).

(٢/٢-٣) کۆدە لێکدانەوەییەکان

((هاڵ llaH، پێشنیازی دووجۆر کۆدی کردووە، کە دەکەونە ژێر ئەم ناوەوە، ئەوانیش (کۆدە درکپێکردنییەکان) و (کۆدە ئایدۆلۆژییەکان)). (عەبدوللا، ٢٠١٦: ٢٦).

(٢/٢-٣-١) کۆدە درکپێکردنییەکان

کۆدە درکپێکردنییەکان: ئەوکۆدانەن، کە لە ڕێگەی هەستەوەرەکانمانەوە هەستیان پێدەکەین ئەوانیش هەستی(بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، بەرکەوتن) مەرج نییە هەندێ لە کۆدەکان لەڕێگای گفتوگۆوە درکی پێبکەین. بڕوانە نموونەی (٧١).

حەڤدەیەم: چای شیرین

لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت لە کۆندا لە ڕێگەی هەستی تامکردنەوە درکیان بە خۆشەویستی کەسی بەرانبەر کردووە، کە ئەویش بە هۆی ئەوەی چای شیرینی تێکردووە مەبەستی بووە تا چاکە شیرینتر بێت خۆشتری دەوێت، بۆیە کەسی بەرانبەریش لە ڕێگەی هەستکردن بە شیرینی چاکە وە بۆی دەرکەوتووە کە خۆشی دەوێت، نموونەش بۆ ئەمە چیرۆکی (چای شیرین)ی، حسێن عارفە.

((فریدیک جەیمسۆن، دەڵێت: هەموو پێڕەوە درکپێکردنەکان لە خۆیاندا زمانن، بەڵام مەرج نییە هەمیشە بۆ پەیوەندیکردنی مەبەستدار بگونجێت)).(عەبدوڵا، ٦١٠٢: ٢٦).

هەروەک لە نموونەی (٧١)دا، ڕوونمان کردەوە مەرج نییە هەمیشە لە ڕێگەی گفتوگۆوە لەگەڵ یەکتری، درکپێکردنمان بۆ کردە قسەییەکان و دەربڕاوەکان هەبێت، بەڵکو لە کردەی کۆدە درکپێکردنییەکانیشەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت، کە لە ڕێگەی هەستەوەرەکانمانەوە درکیان پێدەکەین.

(٢/٢-٣-٢) کۆدە ئایدۆلۆژییەکان

((ئەم جۆرە کۆدانەش تایبەتن بە گروپی کۆمەڵایەتیی جیاواز، وەک گروپە سیاسیی و شۆڕشگێڕیی و ئاینیی و ئابووریی و زانستیی و ڕۆشنگەرانییەکان.

هەموو شت و کەرەستەیەکی ئایدۆلۆژی ئاماژەن و دەکرێن بە هێما و کۆد)). (عەبدوللا، ٦١٠٢ : ٣٦).

هەژدەیەم: پەیکەری ئازادی.

لەم نموونەیەدا وێنەی پەیکەرێکە و زنجیری دەستی، کە بەندکراوە پێی پساندویەتی، کە ئەمە یەکێکە لەو کۆدە ئایدۆلۆژیانەی، کە مانای ئازادی دەگەیەنێت، وەک (پەیکەری ئازادی) لە شاری سنە.

نۆزدەیەم: هەڵکردنی ئاڵای سپی.

ئاڵای سپی: هەڵکردنی لەکاتی جەنگدا لەلایەن هەر لایەنێکیانەوە بێت بەواتای خۆ بەدەستەوەدان دێت، هەروەها هێما و کۆدێکە بۆ ڕاگرتنی جەنگ و دان بەوەدا دەنێن، کە توشی شکست بوون بەرانبەر بەوەی، کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە لە لایەن بەرانبەرەوە بە بینینی ئاڵای سپی لە کۆدەکە تێدەگەن، کە ئەمە هێمایە بۆ خۆبەدەستەوەدانی لایەنی بەرانبەر و کۆتایی پێهاتنی جەنگ. دەشکرێت وەک ئاماژەیەک و هێما و کۆدێک بەکار بهێنرێت، ئەم جۆرە کۆدە ئایدۆلۆژییانە زیاتر تایبەتن بە گروپی سیاسی و شۆڕشگێڕی.

٣/٢) لێکدانەوەی بەشێک لە کۆدە پراگماتییکییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن

لەگەڵ گەشەکردنی زمان و بەرەوپێش چوونی مرۆڤ، ئەوا گۆڕان بەسەر بیرو شێوازی دەربڕینی مرۆڤدا هاتووە.

لەبارەی ئەوەی کە بەشێکی زۆری وتەو دەربڕینەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە کەسی بەرانبەری نالێت، بەڵکو لە ڕێگەی کردنی بە (کۆد) ئەو دەربڕاوەی کە مەبەستیەتی دەیگەیەنێت بە گوێگر. گوێگریش بە هۆی هاوبەشی ئەو (کۆد)ە، کە لەنێوان قسەکەر و گوێگردایە لە واتای مەبەست تێدەگات. هەڵبەتە لێکدانەوەی کۆدەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگۆڕێت بە پێی ئەزموون و دنیابینینی کەسەکەو لایەنی هۆشیاری.ئەم جۆرە کۆدانە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەدی دەکرێت بە تایبەتی لە دوا بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٥١/ ٠١/ ٤٢٠٢ دا بەدی دەکرێت، کە پراگماتیک توانیویوتی ڕۆڵێکی کاراو بەرچاوی هەبێت، لە لێکدانەوەی ئەو کۆدانەدا کە لەلایەن گرووپە جیاوازەکانەوە بەکارهاتووە.

ئەم جۆرە کێشمە کێشمەی هەڵبژاردن و بانگەشەکردن بۆ سەرخستنی لایەنی مەبەستی خۆیان لە هەموو هەڵبژاردنێکی وڵاتاندا بوونی هەیە. لایەنەکان هەوڵی تەواوی خۆیان دەدەن لەگەڵ کاندیدەکانیاندا تا بتوانن پێکەوە زۆرترین دەنگدەر بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. هەر ئەو هۆکارەشە کە وای کردووە زمانی سیاسیی جیاوازبێت لە زمانی ئاسایی.ئێمە لێرەدا چەند کۆدێک لەو کۆدانەی، کە لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەکار هاتوون دەیخەنە بەرچاو لێکدانەوەی بۆ دەکەن، کە هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا لێکدانەوەی کۆدەکان بەپێی ئاستی (دونیابینیی و ڕۆشنبیریی و سیاسیی...هتد)، کەسەکان دەگۆڕێ و جیاوازە لە یەکدی.

بیست: زاب خودێ.

ئەم دەربڕاوە بەکاردێ بۆ گاڵتەکردن بەو زمانەی کە ئێوە موقەدەسە بەلاتانەوە، هەروەها بەو دەربڕاوەی کە ئێوە بەلاتانەوە گرنگە تێتانەگەیەنین و زمان و بیرکردنەوەی ئێمە زۆر جیاوازن لە یەکدی، واتە بیرکردنەوەو بڕیارمان هاوشێوەی دەربڕین و زمانەکەمان وەک یەکدی نییە و بەبێ بڕیاری ئێمە هیچتان پێناکرێت. ئەو جۆرە سوێندخواردنە ئەگەر وتت دەبێت ئەوکارە ئەنجام بدەیت. بە کرمانجی و بە زاری خۆتان تێتان دەگەیەنین.

بیست و یەک: باتڵ.

ئەم جۆرە دەربـڕاوە، کە بەرانبەر بە کەسی مەبەست دەوتـرێ واتـە کەسێکی بێ سـودی لە دا و بڕیارەکانت جێگای ڕەزامـەند نین، بیرکردنەوەو قسەکانت شکستخواردوون و کردارت نییە و کەسێکی بەتاڵی لە سیاسەت و بیرکردنەوەدا.

بیست و دوو: بەمن دەکرێت.

واتە ئەوەی، کە چەند وەختە نەیان کردووە من دەیکەم، کاری منە نەک کەسی بەرانبەر، چونکە ئەوەی خەڵک دەیەوێت بە ئێوە ناکرێت من دەزانم، کە چۆن سیاسەت دەکرێت و کەسێک نییە، جگە لە من بتوانێت بارودۆخەکە چاک بکات، چونکە من بە کردار ئەنجامی دەدەم نەک گوتار، بۆیە کەسی تر بە شایستەی ئەوە نازانم بیکات جگە لە خۆم، ئەمەش بۆ ڕاکێشانی تاکەکان و گروپەکانی ناو کۆمەڵگا بەلای خۆیدا و پیشاندانی متمانە بەخۆبوونێکی زۆر بۆ ئەو کارەی کە دەیەوێت جێبەجێی بکات و خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێز و پۆڵاینە.

بیست و سێ: ئێرە وڵاتی جمهوریە ئیسلامی نییە برۆن بۆ ئێران.

واتە: سەپاندنی یاسا بەزۆر نییە و دژی توند و تیژییە، بۆیە ژن و پیاو وەک یەک خاوەن مافن بێ جیاوازی، لە هەمان کاتدا توانج لێدانە لە ئافرەتی لەچک بەسەر، چونکە غەریزەی ڕق لێبوونەوەی بەرامبەر بە ئیسلام وای کردووە، کە بیرکردنەوەیەکی تا ڕادەیـەک کۆمۆنیستانەی هەبێت و حەز نەکردن بە بینینی ئافرەتی بالاپۆش. واتە ئێرە لە ژێر دەسـەڵاتی ئیسلامیدا نییە و حوکمڕانیەکی هاوشێوەی ئێران نییە و ئەو خراپەکاری و کارە نەشیاوانەی، کە لەوێ دەکرێت بەرامبەر ئافرەت لێرە ئەوە ناکرێت.

بیست و چوار: من ڕەقەمم.

واتـە: کەسێکی نـاسـراوم لـە نـاو کۆمـەڵدا کەسایەتییەکی چـالاکـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانم، خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە بینەرو بیسەرم دەتوانم کاریگەری لەسەر کەسەکان دروست بکەم، چونکە خاوەن پێگەیەکی بەرزم لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژیم. بۆیە دەتوانم ڕۆڵێکی کارام هەبێت لە بانگەشەکردن بۆ ئەو لایەنەی کە دەمەوێت، ڕێگەیەکە بۆ خۆبەناوبانگکردنی زیاتری کەسەکە، من لە ناو هەموو چینە جیاوازەکانم دام و بەهۆی کارەکەمەوە دەتوانم زۆرترین کەس بخەمە ژێر گاریگەریی بیرکردنەوە کانمەوە.

بیست و پێنج: مایکشکاندن.

واتـە: جگە لـەوەی قسەکەم جێبەجێ دەکـەم من هاوشێوەی سەرۆکەکانی جیهانم، ئەگەر بەهێزیش بێت قسەکەم جێبەجێ دەکەم، چونکە کەسێکی ڕۆشنبیر و بە ئاگام لە هەڵوێست و کارە سیاسییەکانمدا، بۆیە پاشگەز نابمەوە لە قسەکانم و بە هۆشیارییەوە بڕیار دەدەم و هیچ کەس ناتوانێ ببێتە بەربەست لە بڕیاردانم ئەمەش دەرخستنی کەسایەتییەکی تـوڕە و دەمارگیر دەردەخـات، واتـە ئەو قسەیەی دەیکات قابیلی موناقەشە و هەڵوێستە لەسەر کردن نییە جێ بەجێ دەکرێت. یەکەم سەرۆکە لە دوای ئۆباما لە عێراق و دەوروبەری ئەو کارەی کردبێت.

بیست و شەش: هەر هەمان شتە دووبـارە دەبێتەوە هەموو جارێک لەبەری کردووە.

واتە: دووبارەکردنەوەی هەمان بەڵێن و گوتە کە نەتوانراوە بهێنرێتە دی و هەمیشە هەمان بەڵێن و قسە دووبارە دەکاتەوە، چونکە ناتوانێت ڕێکخستنی گونجاو بۆ دەربڕاوەکانی و سیاسەتەکانی بکات، لەبەر ئەوەی ئەو قسانەی، کە ئەو دەیکات بۆی نوسراوە و خۆی توانای قسەکردنی نوێی نییە، توانج لێدانە لە بەڵێنەکانی کە هەمیشە دەیدات و جێبەجێشی ناکات، ئەوەندە ئەو قسانەی کردووە لەبەری کردووە و کەسێکە، کە بیر و بەرنامەی نوێی پێنییە بۆ داهاتوویەکی گەشتر بۆ بونیادنانی ژیانێکی ئاسوودە و شایستە بۆ کۆمەڵگە.

بیست و حەوت: کۆتایی پێدێنین.

واتە: تووشی شکستتان دەکەین و دەتانڕوخینین و کۆتایی بەستەم و زۆرداریی دەهێنین، کۆتایی بە بڕیارە نادروستە و ناپەسەندەکانتان دەهێنین، ئەو بیرکردنەوە کۆنە دەگۆڕین و ئەوەی چەندان ساڵە کردوتانە کۆتایی پێدێنین و دەسەڵات و هێزتان لەناودەبەین بە ناکۆکییەکانی نێوانمان هەرشتێک بۆ بەرژەوەندیی میللەت نەبێ کۆتایی پێدەهێنین، ئەو دەسەڵاتەی، کە چەندان ساڵە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆتان و بۆ خۆشگوزەرانیی خۆتان بەکاریدێنن و بێئاگان لە میللەتی خۆتان، چونکە هیچ کاتێک لەگەڵ بەرژەوەندیی و خەمی گەل و وڵاتتان نەبوون، هەر بۆیە کاتی ئەوە هاتووە، کە ئەم شێوازی بەکارهێنانی دەسەڵات و بێخەمییەی ئێوە بەرانبەر بە گەل و نیشتمان نەمێنێت.

بیست و هەشت: موستەشارەکانت ئامادەن.

واتە: ئەوانەی، کە لەگەڵ تۆدان مۆستەشارەکانی کۆنن و بە زەبری هێز کاردەکەن بە کەسەکان و ئێوە، ئێوە کەسەکانی خۆتان کردووە بە کۆیلە و بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆتان بەکاریان دەهێنن، کە ئێوە خاوەنی کەسانی فێڵباز و زاڵمن، هاوشێوەی دیکتاتۆرەکانی سەردەمی بەعس ئێوەش مستەشارتان هەیە، هەروەها وەک توانجلێدان، کە ئێوە هەر خۆفرۆشبوون و لەڕێگەی ئەوانەوە وەک کاری هەمیشەییتان دەست دەکەن بەزۆرکردن لە خەلک بۆ بوون بەلایەنگری خۆتان و لەڕێگەی چاوسوورکردنەوە و بەزەبری هێز فشاری دەروونییان بۆ دروست دەکەن هاوشێوەی موستەشارە کۆنەکان کەسەکانی خۆتان ئامادەکردووە بۆ ئەو کارانە.

بیست و نۆ: هەڵتانئەواسین.

واتە: دەرهەق بەوخراپەکارییەی کردووتانە، هەموویتان لێوەردەگرینەوە، وەک تووڕەبوون وهەڵچوون لە بەرانبەر ئەو کارە ناپەسەندانەی، کە کردوویانە، هەروەها تۆڵەتان لێدەکەینەوە ڕۆژی دەنگدان ئەوەی کردووتانە هەمووی دەگێڕینەوە، کە چۆن دەسەڵاتتان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆتان و خۆشگوزەرانی خۆتان بەکارهێناوە، بۆ هەرکارێک کە کردووتانە دەبێت سزاکەی وەربگرن، چونکە بەشێوازێک ڕافتارتان کردووە، کە هەرگیز بیرتان لەوە نەکردۆتەوە، کە ڕۆژێک دێت لەسەر ئەوکارانەی، کە کردووتانە سزابدرێن.

سی: میللەتی خۆم دەناسم.

واتە: ئاشنای بڕیار و دونیابینیی کۆمەڵگەی خۆمم، کە چۆن کۆیرانە بڕیاردەدەن و هەرگیز نەیانتوانیوە یەکگرتووبن، هەروەک چۆن کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا نییە، لەبەر ئەوەی، کە خوێندەوار و زانا پشتگوێخراوە لەناو میللەتی منداە، حەزناکەن لەم ناڕەحەتیی و ناخۆشییە ڕزگاریان ببێت، وەک توانج لێدانە لە کۆمەڵگەکەی خۆی، کە هاوشێوەی باڵندەیەک ئاواتی فڕینە و کەچی هەوڵیشی بۆ نادەن.

سی و یەک: لۆ ماریۆ.

واتە: وەک توانجلێدان و گاڵتەکردن بەشێوازی دەربڕینە، لەهەمانکاتدا بەکەم زانینی کەسی بەرانبەر، بەهۆی ئەوەی، کە هیچ نازانن و بڕۆن لەماڵەوە دانیشن، هەروەها ئاگادارکردنەوەیە، کە ئێوە ناتوانن ڕکابەرایەتیی ئێمە بکەن و هیچتان پێناکرێت، جگە لەدانیشتن و سەیرکردن، هەروەها وەرگرتنی دەسەڵات و هێزتان و ناردنەوەتان بۆ ماڵەوە لەلایەن ئێمەوە دەبێت، ئێمەش ڕووبەڕوو پێتان دەڵێین ئێوە شکست پێدێنین، قسەو ڕەفتارەکانتان شیاوی ئەوەیە لەماڵەوە بیکەن و بەرانبەر بە کەسێکی نەشارەزا لە سیاسەت، چونکە ئەو ناردنەوەیەتان زۆر لەمێژە کارم لەسەر کردووە، بەڵام ئێوە تێناگەن، بەشێوەی دەربڕینی خۆتان پێتان دەڵێین بەو زمانەی، کە ئێوە قسەی پێدەکەن.

سی و دوو: ئەیکەینە گوڵەخانە.

واتە: ئەو شوێنەی، کە ئێوە بەلاتانەوە گرنگە و ناتانەوێ بیدەنە دەستکەس، ئێمە دەیکەینە شوێنی خۆمان، هەروەها کۆتایی بە دەسەڵات و سیاسەتی ئێوە دەهێنین، لەبەر ئەوەی بەسەرتاندا سەردەکەوین لە هەڵبژاردندا و دێینە زێدی باو و باپیرانتانەوە، دەیخەینە ژێر دەسەڵاتی خۆمانەوە، بەئاڵای دروشمی لایەنەکەی خۆمان شارەکەت دەڕازێنینەوە، دەدیکەین بەو جێگەیەی، کە ئێمە دەمانەوێت و تۆ هەرگیز لەوبڕوایەدا نەبووبت ئەوە بەسەر دەسەڵاتەکەتدا ڕووبدات.

سی و سێ: ناوهێنانی(دین)، بە لایەنی پراگماتییکیی.

واتە: بۆ جووڵاندنی لایەنە ئیسلامییەکان بۆ بەرژەوەندییەکانی لایەنی مەبەست، هەروەها جووڵاندنی لایەنی ڕووحیی و سۆز و هەستی جەماوەر بەلای خۆیاندا،

چونکە میللەتەکەی دینیان بەلاوە گرنگە، وەک هاندانی خەڵک بۆ دژی لایەنەکەی تر بەکاردێت، وەک ڕێگەیەک بۆ سەرکەوتن بەکاردەهێنرێت و بۆ زیاتر پێدانی جۆشوخرۆش بە لایەنگرانی، کە سووربن لەسەر گۆڕینی دەسەڵاتی بەرامبەر، بۆ دەرخستن و دڵنیاکردنەوە بۆ لایەنگرانی، کە ئێمە دینمان بەلاوە گرنگە و لە هەموو بارودۆخێکدا لەگەڵ بیروڕای ئایندەین و دژی هەموو بۆچوون و دەسەڵاتێک دەوەستینەوە، کە بیری ئایینی تێدا ڕەچاونەکرابێت.

سی و چوار: داربەڕوو.

ئەم بەکارهێنانی دەربڕاوە، کە وشەی(داربەڕوو)ی، وەک پڕاگماتییک بەکاریهێناوە بەرانبەر بەوڵایەنەی، کە مەبەستییەتی، کە بەواتای ئەوەی ئێمە هاوشێوەی پشکۆی داربەڕوو بە گڕوتینیین، هەروەها خۆڕاگر و وزەبەرزین، تەمەنی مانەوەو دەسەڵاتمان هاوشێوەی ئەودارەیە، وەک ئەوداره واین بۆ وڵاتمان، هەربەر ئەوەیە ئێمە توانای ئەوەمان هەیە، کە بەردەوام گەشەبکەین وسوود بە هەموو لایەک بگەیەنین و لەگەڵ ئەوەشدا بەرەنگاری هەموو هەڵوێستێک دەبینەوە و دەتوانین لە هەموو بارێکدا هەر بەگەشاوەیی بمێنینەوە و تەمەنی مانەوەمان وەک داربەڕووە، بۆیە هیچ کاتێک چۆک دانادەین بەرانبەر بە کەس و واتای ڕەمزی کوردیی ڕەسەن و بەهێزییە.

سی و پێنج: کاک شامسار.

ئەم شێوازی ناوهێنانەی بەرانبەر بە شێوەیەکی هەڵە لەلایەنی بەرانبەرەوە پێدەچێت بە واتای گاڵتەکردن بە کەسایەتیی بەرانبەر و بەکەمزانینی بێت و بە شایستەی ئەوەی نازانێ، کە ناوی بێنێ، چونکە ئەو خۆی لە پلەیەکی بەرزتر لەو دەبینیت و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دروست نەکردووە و بە ڕکابەری خۆمی نازانم، چونکە من ناوەکەشت وەک خۆی نالێم جا چی بگات بەوەی، کە ببێتە هۆی مەترسیی بۆم، تۆ ناتوانیت هیچ فشارێکی دەروونیی و سیاسیی دروستبکەیت لەسەرمان، بەنەناسراویی و بەسووکایەتیی ناوی دێنێ.

سی و شەش: مونا قاوەچییان لە من خۆشتر دەوێت.

واتە: کەسێکی هاوزمانی خۆیان خۆشناوێت خەڵک، لەبەر ئەوەی قەدری کەسی خۆیان نازانن، کە هەوڵ بۆ خۆشگوزەرانی ئەوان دەدات، واتە هەمیشە بێگانە

پەرستبووینە لەناو خۆماندا، کەسانی ترمان لەخۆمان پێباشتر بووە، درکپێنەکردنی کۆمەڵگە بەو کارە باشانەی، کە من دەمەوێ بیکەم بۆیان ئەوەیە، کە من دەزانم بێگانەکەیان لەلا خۆشەویستر و باشترە لەمن، چونکە بیروڕای ئەویان پێپەسەند ترە لەوکەسەی، کە هاوخەم ودڵسۆزبیت بۆیان.

سی و حەوت: لە سفرەوە دەستپێدەکەمەوە و بەخۆمدا چوومەتەوە.

واتە: ئەو هەڵانەی، کە لە پێشوودا کردوومە چاکیدەکەمەوە، لەهەمان کاتدا من پێشتر لەژێر کاریگەریی کەسانی ترداببووم، بۆیە لەسەرەتاوە دەستپێدەکەمەوە، چونکە هەر ئەو لایەن و کەسانەی، کە لەگەڵیان بووم چیدی لەگەڵ ئەو ڕاوبۆچوونانەی ئەواندا نیم و دان بە هەڵەی خۆمدا دەنێم، چیتر کەسەکەی جاران نیم وئیستا بیرکردنەوە و ئایدیایەکی جیاوازم هەیە، لەبەر ئەمە بە کەسایەتییەکی جیاوازەوە لە ڕابردووەوە گەڕاومەتەوە، ئەمەش جوڵاندنی هەستوسۆزی کەسەکانە بەلای خۆیدا بەوەی، کە من بەخۆمدا چوومەتەوە، بۆ بەدەستهێنانی متمانەی خەڵک بەرانبەر خۆی.

سی وهەشت: پاییزمان بۆ بکەن بە بەهار.

واتە: دووبارە سەرکەوتن تۆماربکەنەوە، بۆ ئەوەی لە کەسە شکستخواردووەکان و بێئەزموونەکان بەدەربین، لەهەمان کاتدا بەکارهێنانی ڕەنگی گەڵاکان و ڕەنگی وەرزەکان، کە هی ڕەمز و دروشمی خۆیانە، شکست پێبردنی بەرانبەرە، کە هاوشێوەی گەڵای درەخت دەتانوەرێنینینە سەر زەوی، چونکە سەردەمی ئێوە وەک وەرزەکان و گەڵاکان پێویستی بە گۆڕینە، واتە دووبارە بەرەو گەشانەوەی سەرتاسەری هەڵمەت دەبەین.

سی و نۆ: تۆ ناینناسی من دەیناسم.

واتە: ئەوەی من لەبارەی سیاسەتەکانی دەیزانم ئێوە نایزانن، کە چۆن بڕیاردەدات و بیرکردنەوەی چۆنە، بۆیە بەس من دەتوانم پەی بە هەنگاوەکانی ببەم، چونکە تۆ تەنها لەدوورەوە دەیناسی و لەبارەی هەڵسوکەوتەکانییەوە هیچ نازانی، بۆیە ئەوە بە من دەکرێت، کە چۆن بتوانم بەسەریدا سەرکەوتووبم و سەردەمێکە ئاشنای هەڵسوکەوتەکانیم چی لە ڕوانگەی کارەکانیەوە بێت یان بیرکردنەوەکانی.

چل: دەتوانم وا بکەم بە عەرەبیی قسە بکات، کە خۆی بە حونجە قسەدەکات.

واتە: هێندە کاریگەرییمان لەسەرتان هەیە، کە زمان نازانن و ئێمە فێرتان دەکەین، وەک توانجلێدان و گاڵتەپێکردنە بە بەرانبەر، کە تۆ ناتوانیت بەدەر لە زمانی خۆت گفتوگۆ بکەیت، ئیتر چۆن دەتوانی سیاسەتێکی سەرکەوتووانە جێبەجێ بکەیت، واتە تۆ پێویستت بە پەرەپێدانە لە شێوازی چۆنییەتی قسەکردن و ئێمە فێرت دەکەین، کە چۆن قسەبکەیت، لەهەمان کاتدا ئێوە کەسانێکی ساختەکارن و شتی بێبنەما دروستدەکەن و کاری ئێوە چەواشەکاریی و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاستە.

چل و یەک: ئیتر بەسە.

واتە: وەستان لە سنوورێکدا و دەستهەڵگرتن لە بڕیاری نادروست و ناپەسەند، چونکە هیچ بارودۆخێکی باش و خۆشگوزەرانییتان دەستەبەر نەکردووە، بۆیە کاتی ئەوەیە، کە کەسانی تر بێن و ئێوە چیتر بەردەوام نەبن لەم بڕیار و بیرکردنەوانە، کۆتاییهێنان بەو شێوازی بەکارهێنانی دەسەڵاتەی، کە هەمیشە بۆ بەرژەوەندییەکان و گەیشتن بە مەرامەکانی خۆتان بەکارتان هێناوە و چیدی جێگای ڕازیبوون نییە، کە هیچ بەهایەک بۆ کۆمەڵگاکەتان دانانێن.

چل و دوو: تەقاندنی میزەڵدان.

واتە: شکستپێبردنی ئێوە هێندەی تەقاندنی میزەڵدانێک دەخایەنێت بۆ ئیمە، ئێوە تەنها بوونێکی بەرجەستەن و بەدەرن لە پێگە و ئەزموون و ناوەڕۆکێکی شایستە، بۆیە کۆتایتان پێدێنین و دەسەڵاتتان لێوەردەگرین، لەهەمان کاتدا بەکەم بینینی لایەنی بەرانبەر و پێچوێنراو بەو میزەڵدانە، کە بەس قسەن و کردارتان نییە، چونکە بەس شوێنێکتان داگیرکردووە بەبێ بوونی هیچ سوودێک، بۆیە هیچ کات ناتوانن ببنە ڕێگر لەبەردەم سەرکەوتنەکانماندا.

چل و سێ: نەمدی، بەسەری تۆ هەرگوێشم لێنەگرتن، وتیان خۆشبووە.

واتە: هیچ بەلامەوە گرنگ نییە، کەچی گوتووە، لەبەر ئەوەی کاتی خۆم بەفیڕۆنادەم بەو شتەی، کە لەلام گرنگ نەبێت، توانجلێدان و گاڵتەپێکردنە بە بیرکردنەوەی بەرانبەر، واتە قسەکانی جێگەی پێکەنین و خۆشی لێبینینە،

بڕیارنەدان بەناهۆشیاریی و بەنادروستیی لەسەر بابەتەکان و گرنگییەدان بە بڕیار و شێوازی بیرکردنەوەی بەرانبەر، واتە قسەو دەربڕاوەکانی لەکەسانی ترەوە دەبیستم، کە باسیدەکەن.

چل و چوار: وەڵامی ئێمە یەک وشەیە ناتوانن.

واتە: ئێمە وەڵامی هەموو دەربڕاوەکان و بڕیارەکانتان بە یەک وشە دەدەینەوە، چونکە هیچ بڕیار و قسەکردنێکی ئێوەمان بەلاوە گرنگ نییە، سوورین لەسەر ئەوەی، کە دەیڵێین، بە ئێوە ئاشناین و خۆشمان باش دەناسین، کە هیچتان پێناکرێت بەرانبەرمان، چونکە قسەی گەورە و هەڕەشەکانتان بێئەنجام دەبێت، لەبەر ئەوەی پاشکۆی کەس نیین، ئێمە بە چەندان ئاستەنگییدا گەیشتووینەتە ئەم کاتەی ئێستامان و بە چەندتن ئەزموونی لەمە خراپتردا تێپەڕیوین و توانیومانە بە سەربکەوین.

چل و پێنج: ناوەکەمان سامی هەیە.

واتە: بە ناوهێنانمان ترستان لەلا دروست دەکەین، چونکە دەزانن، کە ئێمە دەتوانین ببینە ڕکابەر و شوێنگرەوەتان، هەروەها خاوەنی لایەنگری زۆربین، کە ئەمە بۆتە هۆی ترساندنی ئێمە بەناوهێنانمان، بەترسەوە ناومان دێنن، دەزانن، کە ئێمە خاوەنی بڕیار و قسەی خۆمانین و تۆشی شکستان دەکەین.

لەهەمانکاتدا گالتەپێکردن و توانجلێدانە بە بەرانبەر، بەوەی کە نەک لەدەسەڵاتمان بگرە لە ناوهێنانەکەشمان تۆشی سەرلێشێواویی و تۆقادن دەبن، بەهۆی ئەوەی کە ناوەکەشمان وەک خۆمان خاوەنی ئەوهێز و توانایەیە، کە ئێوە لێی دەترسن، ناوهێنانی کەسی گەورە و بە سیاسەت سامی هەیە.

چل و شەش: من سکسپاکم هەیە، ئەوان سکس غەبغەبە.

واتە: توانجلێدان و گاڵتەپێکردنە بە لایەنی بەرانبەر، کە تۆ تەنیا خەیاڵت لای پارەوە دەسەڵاتە، ئاگات لە تەندروستیی خۆت نییە، جا چی بگات بە سیاسەت، من یاریزانم و وەرزشەوانم، کە مێشکی کەسی وەرزشەوان. باشتر و فراوانترە لەکەسی هەمیشە دانیشتووی بێئاگا لە تەندروستیی خۆی.

من گرنگیی بە تواناکانم دەدەم و تۆش گرنگیی بە خواردن دەدەیت، وەرە من

خاوەنی گیانێکی وەرزشییم وڕاجیاوازەکان بە خۆشحاڵییەوە وەردەگرم، بەڵام تۆ لەوە تێناگەیت، من جگە لەوەی بەتوانام و خاوەن بیریکی سیاسییم، لە هەمانکاتدا لە ڕووی جەستەییشەوە بەهێزم.

چل و حەوت: ئەو ئاڵایە بشارەوە لە ماڵەوە هەڵیبدە.

واتە: بە شێوازێک تووشی شکستتان دەکەین، کە لە ڕووتان نەیەت ئاڵاکەتان بەدەستتانەوە بگرن، وەک توانجلیدانە لە کەسی بەرانبەربوەوی، کە جەماوەرو لایەنگری ئێمە ئەوەندە زۆرن، کە درووشمی ئێوەی شاردووەتەوە بەهۆی بینینی ئاڵای لایەنی بەرانبەرەوە تووشی هەڵچوونی دەروونی بووبێت، واتە تەنها درووشمی ئێمە شایەنی بەرزکردنەوەیە، ئێوە ئارەزووی شتی شاراوەتان هەیە بۆیە هەربەشاراوەیی ئاڵاکەتان دەربخەن، لایەنگرتان نەماوە تا بەدرووشم و لایەنەکەتانەوە خۆتان دەربخەن.

چل و هەشت: وەریدەگرینەوە.

واتە: ئەوەی کە مافی خۆمانە لێتان دەستەنینەوە، چونکە ئێوە خاوەنی شتانێکن، کە هی خۆتان نییە.

ئاگادارکردنەوەیە بۆ لایەنی بەرانبەر، کە هەرکاتێک بێت دەسەڵاتتان لێوەردەگرینەوە، ئەو دەسەڵات و شتانەی، کە ئێوە ئێستا خاوەندارییی دەکەن، هی ئێمەیە، تۆ نەبوویتە هۆکاری ئەوشتانەی، کە ئێستا خاوەندارییی دەکەیت، بەڵکو خاوەنەکەی ئێمەین و دەبێت بیگێڕینەوە، تۆ کەسێکی داگیرکاریت و مافی خۆمان دەگێڕینەوە، وەک چۆن لەپێشوودا هیخۆمان بووە، هەربۆیە لەداهاتووشدا دەبێت ببێتەوە بە هی خۆمان، شایستە نەبوونی کەسی بەرانبەر و وەرگرتنەوەی دەسەڵاتەکەی.

چل و نۆ: قووەت بدەن بە ئێمە.

واتە: متمانەی خۆتان بدەن بە ئێمە بۆ ئەوەی، کە بتوانین مافەکانتان و خۆشگوزەرانیتان بۆ دەستەبەر بکەین، ئێوە پشتیوانمان بن بۆئەوەی بتوانین مافە ڕەواکانتان جێبەجێبکەین، پشتگیرییکردن لە ئیوە و داواکردنی مافەکانتان و هەوڵدان بۆ سەرکەوتن لە ئیمە، چونکە ئێمە بەبێ پاڵپشتییکردنی ئێوە ناتوانین سەرکەوتن تۆماربکەین، واتە متمانە لە ئێوە و بەگژداچوونەوەی لایەنی بەرانبەر لە ئێمە،

چونکه قووەت و بەهێزیی لە یەکگرتندایە، هەمیشە بە بەهێزیی دەمێنینەوە بە متمانە بەدەستهێنانی ئێوە.

پەنجا: زا بخودێ بەبێ ئۆکەی ئێمە نابێتە مودیرعام.

واتە: ئێمە لایەنێکی سیاسیی بەهێزین، لایەنی بەرانبەر بەبێ ئێمە هیچی پێناکرێت، هەمیشە دەبێت ڕاوبۆچوونی ئێمە وەربگرن لە بڕیار و هەنگاوەکانیاندا، ئەوە ئێمەین بڕیاردەدەین، کە لایەنی بەرانبەر چی پۆستێکی سیاسیی وەردەگرێت، بەبێ بوونی ئێمە ناتوانن لە سیاسەتدا هەنگاوێکی سادەش بنێن، لە پشتی ئێمەوە ناتوانن هیچ بکەن، چونکە خاوەنی دەسەڵات و واتە بەو دەربڕاوەی، کە خۆیان سوێندی پێدەخۆن و موقەدەسە، پێیاندەڵێین بەبێ ئێمە هیچ پۆستێکی سیاسیی وەرناگرن، بۆ ئەوەی پەیامەکەی زووبگات بە شێوەزاری خۆیان پەیامەکە دەنێرێت.

پەنجا و یەک: ئەگەر بلدۆزەرتان نییە، من هەمە بۆتان دەنێرم.

واتە: وەک توانجلیدانە بە بەرانبەر بەوەی، کە ئێمە هەموو ئەو جێگاو شوینانەی، کە ڕێگای بڵاوبوونەوەی خراپەکاریی و بەدڕەوشتیی بوو دامانخستن، بەڵام ئێوە بە ئاشکرا ئەو شوێنانەتان هەیە و هیچ کاردانەوەیەکی ناڕەزاییتان نییە بەرانبەری، ئێمە هەمیشە ئاگامان لە کۆمەڵگەی خۆمانە، کە دووربن لە پەروەردەکردنێکی خراپ، هەروەها هەرجێگەیەک لەگەل کلتوور و دابونەریتی کۆمەڵگەکەماندا نەبێت، ڕێگای پێنادەین هەبێت، لایاندەبەین، بەڵام ئێوە ئەو هەستەتان نییە، ئەگەر خۆتان ناتوانن لایانببەن، ئەوا بە من بڵێن من بۆتان لادەبەم، واتە ئەگەر هێزی ئەوەتان نییە ڕووبەڕووی کاری خراپەکاریی و بەدڕەوشتیی ببنەوە لە کۆمەڵگەکەتاندا و لە سنووری دەسەلاتتاندا، ئەوە من دەتوانم بۆتان ئەنجام بدەم.

پەنجا و دوو: با وا لە خۆیان نەکەن، کە ئیتر هەمووشتێک تەواو ببێت.

واتە: ئاگادارکردنەوەی ئەو لایەنەیە، کە مەبەستی لە هۆشیارکردنەوەیەتی.

لەوەی، کە چیتر درێژە بەو جۆرە سیاسەت و بیرکردنەوە و بڕیاردانەی ڕابردووت مەدە، ئەگەر لەسەر ئەم ڕێباز و ڕێگایانەی ئێستاتان بڕۆن، هەمووشتێک لە دەست دەدەن، چونکە چیتر خەڵک ڕازیی نابێت و لایەنی تر هاتۆتە ئاراوە بۆ شوێنگرتنەوەتان، هەربۆیە دەبێت زیاتر لە جاران ئاگاداربین لەهەر هەنگاوێک، کە دەینێن.

پەنجا و سێ: من دەزانم ئەو شەڕە چۆن چارەسەر دەکرێت.

واتـە: ئـەوەی، کە دەتوانێت ئەم ناکۆکییە یەکلایی بکاتەوە منم، لەهەمانکاتدا ئاگادارکرنەوەیەکە بۆ بەرانبەر، کە بەپێی سنووری خۆت پێڕاکێشە، واتە ئەوەی بییەوێت لەگەڵمان بجەنگیت، ئێمە زۆربـاش دەزانین چۆن بەرانبەری بجەنگین، لەبەرئەوەی کەسی بەرانبەر باشدەناسم و دەشزانم، کە چۆن بەرەنگاری ببمەوە، ئەگەر بمەوێ زۆربەئاسانی دەتوانم ئەوشەڕە یەکلایی بکەمەوە، ئەو ئـارەزووی ئەوەی هەیە، کە بەدەستەکانی خۆم تەمبێی بکەم و دەرسێکی باشی دابدەم، ئەوشەڕە دەزانم بە توانای جەستەیی و هێزوبازوو چارەسەردەکرێت.

پەنجا و چوار: پێویستی بە شەحنە پاتری.

واتە: توانجلێدان و گاڵتەپێکردنە بە دەسەڵاتی بەرانبەر و هۆشیارکردنەوەیەتی بەوەی، کە پێویستە بیریبهێنرێتەوە، کە لەڕووی سیاسییەوە بەرانبەر کێ وەستاوە، ئەو هەڵسوکەوتانەی ئێوە دەیکەن و ئەو بڕیار و بیرکردنەوەیەتان، کە هەتانە ئەوە دەردەخات، کە ڕەنگە لەبیرتان چووبێتەوە ئێمە کێین.

بۆیە پێویستە بەهۆش خۆتان بێنەوە، کە بەرانبەر کێ ڕکابەرایەتیی دەکەن، لە هەمان کاتدا واتە بەجۆرێک سەرکەوتنەکانمان باڵدەکێشێت بەسەرتاندا، کە تووشی شۆکتان دەکەین، هاوشێوەی خێرایی و بەهێزیی کارەبا وەها ڕاتاندەچڵەکێنین، کە هەرگیز خەیاڵی ئەوەتان نەکردبێت.

پەنجا و پێنج: لە ئێستاوە سەرۆکە، چونکە لە مودیرعام گەورەترە.

واتە: توانجلێدانە لە قسەی بەرانبەر لەبەرئەوەی ئەو کەسەی، کە تۆ ڕکابەرایەتیی و ململانێی لەگەڵدا دەکەیت لە پێگەیەکی بەرزدایە و توانای ئەوەی هەیە، کە پێگەیەکی بەرز بۆ خۆی بەرێت، چونکە ئەویش کەسێکی بێئەزموون نییە لە بواروودەسەڵاتی خۆیدا و لەهەمانکاتدا وەڵامدانەوەیەکی ناڕاستە و خۆی کەسی بەرانبەرە بەوەی، کە تۆ زۆربەکەمیی سەیریی ڕکابەرەکەت مەکە، چونکە ئەویش خاوەن دەسەڵات و پێگەیەکی بەرزە لەو سنووردی، کە تیایدا بڕیاردەدات.

پەنجا و شەش: پێماندەکرێت.

واتە: ئەوەی، کە ئێوە پێتانوایە ناکرێت ئێمە دەیکەین.

لەهەمانکاتدا ئێمە خاوەنی هێزودەسەڵاتین لەو شوێنوناوچەیەی، کە ئێوەی تێدان، وە لەخۆمان دڵنیاین ئەو بڕیارەی، کە دەیدەین دەتوانین جێبەجێبکەین، گڕوتینی زیاتر بە لایەنگرانی دەدات، چونکە کار لەسەر دەروونی لایەنگرانیان دەکەن، بۆ ئەوەی، کە زیاتر متمانەیان پێبکەن و ئەوەی، کە دەمانەوێت دەتوانین بیکەین و کەس ناتوانێت ببێتە بەربەست لەبەردەم بڕیارەکانماندا.

پەنجا و حەوت: چەکی دەکەین.

واتە: بەکارهێنانی ئەم دەربڕاوە پڕاکماتییکییە بە دوو واتای پرمەبەست دەربڕدراوە، کە ڕانگە بە مەبەستی باشکردنی ئەو بارودۆخە ناهەموار و ئاڵۆزەی ئەوان هێناویانەتە کایەوە، یان بە مەبەستێکی تر بەکاریهێناوە، کە ئێمە دەتوانین چەکیان بکەین و هێزودەسەڵاتیان بە جۆرێکی وەها لێدەستێنین، کە چۆن تاوانبارێک، چەکدەکرێت، بەهەمان شێوە ئێمەش وایان لێدەکەین، ئەم جۆرە کۆدە، کە جگە لەوەی پێویستی بە لێکدانەوەیەکی قوواڵی پڕاگماتییکیی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا قسەکەر بە مەبەست ئەم جۆرە دەربڕاوەی بەکارهێناوە، کە یاریکردنە بە زمان و لیکدانەوەی واتا بەجۆرێک، کە لە یەکدەربڕیندا چەند واتایەکی قووڵ و شاراوەی لەخۆیدا حەشارداوە.

پەنجا و هەشت: ئەوەی، کە دەیڵێم، جێبەجێیدەکەم.

واتە: ئەگادارکردنەوەی لایەن و کەسی بەرانبەرە، کە من هەرقسەیەک بکەم بە کردار جێبەجێیدەکەم، من خاوەنی قسەی خۆمم، کە هەرشتێکم گوت، پاشگەزبوونەوەی تێدا نییە.

بریارەکانم بەگرنگببینن، چونکە بە هەرشێوازێک بێت ئەوەی، کە بیڵێم و بڕیاری لەسەربدەم، وەکخۆی جێبەجێیدەکەم.

بیرهێنانەوەی بەرانبەرە بەوەی، کە من کەسێکی سیاسیی و دەمارگیرم و هاوشێوەی ئێوە و لایەنەکانی تر نیم، بڕیاربدەم و جێبەجێینەکەم.

پەنجا و نۆ: خۆم بەتەنیا دەچم.

واتە: توانجلیدانە بە لایەنی بەرانبەر و لەهەمانکاتدا پیشاندانی هێز و دەسەڵاتی خۆیەتی، هەروەها خۆدەرخستنێکە بۆ لایەنگرانی بەشێوەیەک، کە من دەتوانم بەتەنها ڕووبەڕوویان ببمەوە، کە ئەمەش کاریگەریی دەروونیی لەسەر لایەنگرەکانی دروستدەکات و متمانەبەخۆبوونیان زیاتر دەکات، لەهەمانکاتدا پەیامێکە بۆ لایەنی بەرانبەر، کە چیتر ئێوە دەسەڵاتتان نەماوە، واتە بەتەنیاشبم دەتوانم دەسەڵاتتان لێوەربگرمەوە.

ئەم دەربڕاوە بە مەبەست گوتراوە، وەک هاندانێکە بۆ بۆ تێکدانی بەرانبەر و هەڵچوونی دەروونییان بەکاریهێناوە، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی وەهای لەسەر دروستبکات، کە بیخاتە بارودۆخی هەڵچوونەوە و دواتر بیکاتە هۆکارێک بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی خۆی.

خشتەی (کۆدە بەکارهاتووەکان بەپێی لایەنەکان)

ژمارە	کۆد	لایەنی بەکارهێنەر
١	زا بخودێ	سەرۆکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٢	باتڵ	نەوەی نوێ
٣	بەمن دەکرێت.	بەرەی گەل
٤	ئێرە وڵاتی جمهووریی ئیسلامی نییە بڕۆن بۆ ئێران.	یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
٥	من ڕەقەمم	کەسایەتیی سەربەخۆ
٦	مایکشکاندن	سەرۆکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٧	هەر عەینەن شتە دووبارە دەبێتەوە لەبەری کردووە.	بەرەی گەل
٨	کۆتایی پێدێنین.	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٩	موستەشارەکانت ئامادەن.	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
١٠	هەڵتان دەواسین.	نەوەی نوێ
١١	میللەتی خۆم دەناسم.	لیستی سەربەخۆ، د.فەرهادپیرباڵ
١٢	لۆ ماریۆ.	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
١٣	ئەیکەینە گوڵەخانە.	حیزبی سۆسیالیست
١٤	ناوهێنانی دین بەلایەنی پراگماتیکیی	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

١٥	داربەڕوو	پارتی دیموکراتیی کوردستان
١٦	کاک شامسار	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
١٧	مونا قاوەچیبان لەمن خۆشتر دەوێت.	لیستی سەربەخۆ، د.فەرهادپیربااڵ
١٨	لەسفرەوە دەستپێدەکەمەوە، بەخۆمدا چوومەتەوە.	بەرەی گەل
١٩	پاییزمان بۆ بکەن بە بەهار.	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٢٠	تۆ ناپناسی من دەیناسم.	بەرەی گەل
٢١	ئەتوانم وابکەم بە عەرەبیی قسە بکات، کە خۆی بە حونجە قسەدەکات.	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٢٢	ئیتر بەسە.	یەکگرتووی ئیسلامیی
٢٣	تەقاندنی میزەاڵدان	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٢٤	نەمدی، بەسەری تۆ هەر گوێشم لێنەگرت، وتیان خۆشبووە.	کەسایەتیی، ئاراسی شێخجەنگیی
٢٥	وەاڵمی ئێمە یەکوشەیە، ناتوانن.	پارتی دیموکراتیی کوردستان
٢٦	ناوەکەمان سامی هەیە.	نەوەی نوێ
٢٧	من سکسپاکم هەیە، ئەو سکس غەبغەبە.	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٢٨	ئەو ئاڵایە بشارەوە لەماڵەوە هەاڵیبدە.	بەرەی گەل
٢٩	وەریدەگرینەوە.	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٣٠	قووەت بدەن بە ئێمە.	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٣١	زا بخودێ بەبێ ئۆکەی ئێمە، نابێتە مودیرعامیش.	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٣٢	ئەگەر بلدۆزەرتان نییە، من هەمە بۆتانی دەنێرم.	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٣٣	با وا لەخۆیان نەکەن، کە ئیتر هاموشتێک تەواو ببێت.	کەسایەتیی، ئاراسی شێخجەنگیی
٣٤	من ئەژانم ئەوشەرە چۆن حلدەکرێت.	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٣٥	پێویستی بە شەحنە، پاتریی	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٣٦	لە ئێستاوە سەرۆکە، چونکە لە مودیرعام گەورەترە.	کەسایەتیی، ئاراسی شێخجەنگیی

٣٧	پێمان دەکرێت.	بەرەی گەل
٣٨	چەکی دەکەین.	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٣٩	ئەوەی، کە دیلێم جێبەجێیدەکەم.	یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٤٠	خۆم بەتەنیا دەچم.	فەرماندە، لە بەرەی گەل

ئەنجام:

١- کۆدەپڕاگماتییکییەکان، بەهۆی ئەو زانیارییانەی، کە لەنێوان نێرەر و وەرگردا هەیە دێتە ئاراوە، کە بیر و واتای مەبەستەکانیان دەکەن بە(کۆد)و، بە کەمترین وزە زۆرترین واتا ئاڕاستەی یەکدی دەکەن، کە بە پێی ئەو دەوروبەرەی، کە کۆدەکانی تێدا ئاڕاستەکراوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و واتای مەبەست دەگەیەنێت.

٢- هۆکاری بەکارهێنانی ئەم کۆدانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە کەسەکان پەیام و مەبەستەکانیان لەڕێگەی کۆدەکانەوە دەگەیەنن، نەک بەئاشکرا و بەڕوونی دەربببڕن، چونکە کۆد هەیە، کە چەندین پەیامی شاراوەی لەخۆیدا هەڵگرتووە و هەڵگری زیاتر لە واتاو مەبەستێکە و لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، لە هەمان کاتیشدا بەکارهێنانی کۆدەکان لەلایەن کەسانی سیاسییەوە، ئاماژەیە بۆ ئەگەری پاشگەزبوونەوە.

٣- بەکارهێنانی کۆدە پڕاگماتییکییەکان پەیوەستە بە شێوازی بیرکردنەوە و مەبەستی کەسی بەکارهێنەر، کە دەتوانێت بەلایەنی(ئەرێنیی و نەرێنیی)، بەکاریبهێنێت و ئاڕاستەی کەس و لایەنی دیاریکراوی بکات، کە بەتایبەتیی ئەم جۆرە دەربڕینە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا و لە ململانێ سیاسییەکاندا بەزۆری بەدیدەکرێت، بۆ ئەوەی بە شێوازێکی نەرێنی بەرانبەر لایەنی بەرانبەریان بەکاریبهێنن و لەهەمانکاتیشدا،

هەڵگری پەیامی ئەرێنیی یە بۆ لایەنگرانی خۆیان، کە وەک هاندان و زیاتر پێدانی گڕوتینە بۆ سەرکەوتن.

٤- کۆدەپڕاگماتییکییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن، دەرخەری ئەو گۆڕانکارییە بەردەوامەن، کە بەسەر زمان و لایەنی مەعریفیی ئەو کۆمەڵەدا هاتوون، بەوەی، کە لە کۆندا دەربڕاوەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان لایەنەکاندا بەرانبەر بەیاکدی بەکاردەهێنرا، بەڵام لە ئێستادا ئەم دەربڕاوانەش ئاقارێک و ڕێچکەیەکی نوێ و جیاوازیان گرتۆتەبەر، کە ئەویش گەیاندنی واتای مەبەستە لەڕێگای(کۆد)ەکانەوە،

